# لەبارەی کۆمەڵگەی کورد

## ئیسماعیل بێشکچی



وەرگێڕانی: سەردار عەزیز

# لەبارەی کۆمەڵگەی کورد

ئیسماعیل بێشکچی

İSMAİL
BEŞİKCİ
VAKFI

# لەبارەی کۆمەڵگەی کورد

ئیسماعیل بێشکچی

و: سەردار عەزیز

2023

İSMAİL
BEŞİKCİ
VAKFI

■ چاپی یەکەم
2723 ـی کوردی - 2023 ـی زایینی
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان
چاپی یەکەم :  ئایاری 2023

■ هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ وەقفی
ئیسماعیل بێشکچی، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو
بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی
کوردستان (503)ی 2023 بۆ تەرخانکراوە.

# نێوەڕۆک


پێشەکیی چاپی دووەم 13

پێشەکیی چاپی یەکەم 15

**بەشی 1** **18**

کێشە و کاری لەپێشین لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا لە تورکیا 18

کێشە و کاری لەپێشین 19

**دەستپێك**

1. دۆخی راستەقینەی چینی کۆمەڵایەتی لە تورکیا 23

ا. بۆچی دۆخی راستەقینەی چینی کۆمەڵایەتی شاردراوەتەوە؟ 24

ب. هەندێك لەو ئایدیۆلۆژیا و چەمکانەی کە دۆخی راستەقینەی چینی کۆمەڵایەتییان شاردووەتەوە 27

ج. بێلایەنی واتای خزمەتکردنی چینە سەردەستەکانە 30

د. ئیدی دۆخی چینی کۆمەڵایەتی ناشاردرێتەوە 31

2. ئەو بابەتە سەرەکییەی کە پێویستە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت 32

ئەو کێشە و بەربەستانەی هاتوونەتە رێ 34

3. پرسی رۆژهەڵات لە روانگەی چینایەتییەوە 36

ا. پاشکەوتوویی و هەژاریی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ پرسێکی چینایەتییە 36

ب. هۆکارە چینایەتییەکان تایبەتمەندیی پرسی رۆژهەڵات نین 37

1. چەمکی "ئیمپریالیزم کەڵك وەردەگرێت" 39

2. نەتەوەکان لێکەوتەی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی نین بەڵکو لێکەوتەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارین 39

ج. رەوتی مێژوویی 40

د. دەستوور و دەستووری 1961 49

پێکهاتەی دژبەیەك 49
ـ - نەتەوە و نەتەوەگەرایی رێك و راست دەرئەنجامی دەربەگایەتییە 57
ف. نابێ بەهیچ کلۆجێك روانگەی چینایەتی لە پرسی نەتەوەییدا
پشتگوێ بخرێت 65
4. رۆڵی زانکۆکان لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی لێکۆڵینەوە
کۆمەڵایەتییەکان 70
پاشکۆ 75
هاوکاریی پۆلیس و زانکۆ لە بەرامبەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی 75

**بەشی 2** **88**
بەیاننامەی 13 88
ئەو کێشە و بابەتانەی کە پێویستە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت 88
پرسی رۆژهەڵات 89

**بەشی 3** **94**
کێشە و کاری لەپێشین لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا لە تورکیا 94
ب. ئاگادارکردنەوەی بێشکچی 94

**بەشی 4** **100**
ئەو دانامیکانەی کاریگەری لەسەر گۆڕانە سیاسی و
کۆمەڵایەتییەکانی رۆژهەڵات دادەنێن 100
**دەستپێك** **100**
1. پەیوەندییەکانی دانیشتووان، خاك و بەرهەمهێنان 105
ا. زیادبوونی دانیشتووان و هەوڵەکانی شاردنەوەی ئاژاوە
بنەڕەتییەکان 105
ب. لە دەربەگایەتییەوە بۆ دەرەبەگایەتی 107
ج. دانامیکە چینایەتییەکانی کۆبوونەوەکانی رۆژهەڵات 109
2. ئەو هۆکارانەی رێگە لە دەربازبوون بۆ پەیوەندییەکانی

بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەگرن 115
3. ڕەوتی مێژوویی 119
ا. قۆناخی ئیمپراتۆریی عوسمانی 119
ب. قۆناخی کۆمار 122
1. پێکدادانی چینە سەردەستەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ دەسەڵاتی
ناوەندی 122
2. دوورخستنەوەکان و شکستی نوێنەرایەتیی چینە سەردەستەکانی
ڕۆژهەڵات لە پەرلەمان 125
3. سیستمی دیموکراتیی فرەحیزبی لە 1945 و بەدامەزراوەبوونی
شێخایەتی و ئاغایەتی 127
4. پێکهاتەی خێڵ 131
ا. سەرۆکی خێڵ ـ خێڵ، سەرۆکی هۆز- یەکێتیی هۆز 132
ب. کارەکتەری سیاسی ڕێکخستنی خێڵ 133
ج. پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتە دەرەبەگییەکانی
پشتبەستوو بە خاك و خێڵ 134
د. لێکترازاندن و ناوەندیکردنەوەی پێکهاتە دەرەبەگییەکان 136
ئـ. ئەو گرووپانەی لە دەرەوەی سیستمی خێڵن 138
ڤ. پەیوەندیی کادیر و ڕۆشنبیری بەڕێوەبەر لەگەڵ خەڵک لە
ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ 139
6. ئەنجام 145
ا. ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ 145
ب. پێویستیی وەرگۆڕانی ناکۆکییەکان بۆ شۆڕش 147
ج. نیگەرانییە سیاسییەکان نابەجێن 149
د. پێویستە ئاژاوە بنەڕەتییەکە ئاشکرا بکرێت 152

**بەشی 5** **155**
پاشکەوتووهێشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ 155
1. پەیوەندییەکانی دانیشتووان- خاك و بەرهەمهێنان 157

2. فرەڕەهەندیی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و دامەزراوە
دەرەبەگییەکان 162
3. دواکەوتوویی پێکهاتەیەکی مێژووییە 167
4. حکومەت و سنجاقە کوردییەکان لە سەردەمی
ئیمپراتۆریی عوسمانیدا 170
ا. هەڵوێستی مستەفا کەمال و ئیمپریالیزم
لە بەرامبەر پێکهاتەی خێڵ 177
ب. برایەتی کورد و تورک و برایەتی هەموو گەلان 179
6. هەڵوەشانەوەی خەلافەت و دەرئەنجامەکانی 181
7. دوو مستەفا کەمال 182
8. نەتەوەگەرایی تورکی لە شوێنی خەلافەت و سەڵتەنەت 183
9. گەلی کورد و بیرۆکراسی 185
10. راپەڕینەکانی رۆژهەڵات 187
11. ئەنجامی راپەڕینەکانی رۆژهەڵات 191
12. تێپەڕبوون بۆ رژێمی فرەحیزبی 193
13. نەتەوە و نەتەوەگەرایی ئەنجامی حاشاهەڵنەگری کاپیتالیزەبوونە 195
14. ئەنجام 199

**بەشی 6** **203**

پێکهاتەی سۆسیۆئیکۆنۆمیی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و لێکۆڵینەوەی
فۆلکلۆری کوردی 203
1. رەوتی مێژوویی 203
2. گەشەی پێکهاتەی سۆسیۆئیکۆنۆمی 209
ئاراستەی گەشەکردنی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی 209
3. نەتەوە و نەتەوەگەرایی ئەنجامی حاشاهەڵنەگری کاپیتالیزەبوونە 204
4. لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری کوردی 216
5. ئەنجام 220

**بەشی 7** 223

رەخنەیەك لە کتێبی مێژووی دواکەوتوویی لە تورکیا 223
دواکەوتوویی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ 224
1. دواکەوتوویی بە دیمەنەکان روون ناکرێتەوە 225
2. دواکەوتوویی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ 227
3. رەوتی مێژوویی 229
4. ئایدیۆلۆژیای شەڕی رزگاری 234
ا. هەڵوێستی مستەفا کەمال و ئیمپریالیزم
لە هەمبەر پێکهاتەی خێڵ 237
ب. برایەتیی کورد و تورک و برایەتیی هەموو گەلان 239
5. واتای سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەلافەت 240
6. هەڵوەشانەوەی خەلافەت و دەرئەنجامەکانی 243
7. دوو مستەفا کەمال 244
8. نەتەوەگەرایی تورکی لە شوێنی خەلافەت و سەڵتەنەت 245
9. گەلی کورد و بیرۆکراسی 246
10. راپەڕینەکانی ڕۆژهەڵات 249
11. دەستوەردانی دەرەکی لە دەربەگایەتی دا 250
12. ئەنجامی راپەڕینەکانی ڕۆژهەڵات 252
13. "رێککەوتنی نەنووسراو" 254
14. قۆناخی سیستمی دیموکراتیی فرەحیزبی لە 1945 و
بەدامەزراوەبوونی ئاغایەتی و شکستی بیرۆکراسی 255
15. داینامیکی گۆڕان 257
16. ئەنجام 259

## ئیسماعیل بێشکچی

ئیسـماعیل بێشـکچی لـە 7ی کانوونـی دووەمـی 1939 لـە قـەزای ئیسـکیلیپ لـە چـۆروم لەدایکبـووە و سـاڵی 1958 لـە فاکەڵتـی زانسـتە سیاسـییەکانی ئەنقـەرە خـۆی تۆمـار کـردووە و سـاڵی 1962 لـەوێ خوێندنـی تـەواو کـردووە. لـە کۆتایـی سـاڵی 1964دا وەک یاریـدەدەر لـە بەشـی کۆمەڵناسـیی زانکـۆی ئەتاتـورک لـە ئـەرزرۆم دەسـتی بـە کارکـرد. سـاڵی 1965 تێـزی دکتۆراکـەی بەنـاوی (لەبـارەی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـی هـۆزی کۆچەریـی ئالیـکان) ئامادەکـرد و تێزەکـەی پەسـەند کـرا.

لـە 20ی تەممـووزی 1970 لـە زانکـۆی ئەتاتـورک دوورخرایـەوە. لـە 19ی حوزەیرانـی 1971 لـە ئامـەد دەسـتگیرکرا و بەوشـێوەیە، پرۆسـەکانی دادگایـی و زیندانیکردنـی دەسـتیپێکرد کـە سـاڵانێکی زۆریـان خایانـد.

بەگشـتی 17 سـاڵ و دوو مانـگ لـە گرتووخانـە و بنکـە جیاوازەکانـی دەسەسـەڵاتی بـاری نائاسـاییدا مایـەوە. بێشـکچی کـە بەرهەمەکانـی زۆرتـر لەسـەر پێکهاتـەی کۆمەڵگـەی کورئاییـن، لەڕێـی میتـۆدی زانسـتییەوە رەخنـەی لـە کاری پڕۆپاگەندەیـی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی سـەبارەت بـە زانسـت و بـە تایبەتیـش کۆمەڵگـەی کـورد گرتـووە. رەخنـەی لـەو لایەنـە ئەکادیمییانـە گرتـووە کـە بـە زمانـی هێـزە سەردەسـتەکان قسـە دەکـەن و ملکەچـی ئایدیۆلۆژیای فەرمیـن و بەرامبـەر پرسـی کـورد کەمتەرخەمـن. سـەرەڕای ئـەو هەمـوو گوشـار و زیندانیکردنـە، وازی لـە رەخنەگرتـن لـە

سیاسەتی نکۆڵیکردن لە پرسی کورد نەهێنا. لە هەر دەرفەتیکدا جەختی لە بوونی کورد و زمانی کوردی و هەبوونی کوردستان کردووەتەوە و بەرگریی لێکردووە.

ئیسماعیل بێشکچی لە ماوەی ژیانی خۆیدا وەك ئەوەی کە شیاوی زانایەك بێت، هەڵوێستی نواند و لە بەرامبەر گوشارەکاندا ملی کەچ نەکرد و هیچ کات وازی لە پرەنسیپەکانی خۆی نەهێنا.

ئەو کە تاوەکو ئەمڕۆش وازی لە هەڵوێستەکانی خۆی نەهێناوە، نزیکەی 37 بەرهەمی سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردی و کێشەکانی نووسیوە و چەندین وتاری سەبارەت بابەتی جۆراوجۆر بڵاوکردووەتەوە. لەپای ئەو هەڵوێستانەشی، هەرێمی کوردستان مەدالیای مەلا مستەفا بارزانی بە ئیسماعیل بێشکچی بەخشی. ساڵی 2012 لەلایەن وەقفی هرانت ئایینك، خەڵاتی ئازادیی بیروڕای پێدرا و زانکۆی بۆغازیچیش لە 150یەمین ساڵیادی دامەزراندنی خۆیدا، دکتۆرای شانازی بەخشییە ئەو. بێشکچی کە هێشتاش نووسین و بەرهەمەکانی خۆی لە ئینتەرنێت و رێگەی جیاوازەوە بڵاودەکاتەوە، سەرۆکی شانازیی وەقفی ئیسماعیل بێشکچییە کە ساڵی 2012 دامەزرا.

# پێشەکیی چاپی دووەم

کتێبـی لەبـارەی کۆمەڵگـەی کـورد (نووسـینەکانی پێـش 1971) بـۆ یەکـەم جـار لـە مانگـی نیسـانی سـاڵی 1993 لەلایـەن خانـەی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی یـورت چاپکـراوە. وەقفـی ئیسـماعیل بێشـکچیش کتێبەکـەی دیسـان بڵاوکردووەتـەوە. لـەڕووی نێـوەڕۆك و بۆچوونـەوە، جیاوازییەکـی زۆر هەیـە لەنێـوان ئـەو کتێـب و وتارانـەی پێش سـاڵی 1971 نووسـراون و ئەوانـەی دوای سـاڵی 1974 بڵاوکراونەتـەوە.

دادگاییەکـەی لـە دادگـەی سـەربازی فەرماندەیـی بـاری نائاسـایی سـیرت و ئامـەد لـە سایەی رژێمـی 12ی ئادار خاڵێکـی وەرچەرخانـی زۆر گرنگـە. تێگەیشـتن و رەخنەگرتـن لـە ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی بـۆ مەسـەلەی هێنانـە بەرباسـی پرسـی کـورد و کوردسـتان هۆکارێکـی زۆر کاریگـەر بـوو. بڵاوکراوەکانـی دوای 1975-1974یـش لـەو چوارچێوەیـەدا هاتـن. بێگومـان ئەوانـەش زیاتـر راسـت بـوون. ئـەوەش لـە پێشـەکیی چاپـی 1992ی کتێبـی (پرسـە پێکهاتەییـەکان و گـۆڕان لـە رۆژهـەڵات، هـۆزی کۆچەریـی ئالیـکان)دا باسـکراوە.

پێویسـتە لـەو چوارچێوەیەشـدا بگەڕێینـەوە بـۆ کتێـب و بڵاوکراوەکانـی وەك: پرسـە پێکهاتەییـەکان و گـۆڕان لـە رۆژهـەڵات، هـۆزی کۆچەریـی ئالیـکان، بنەمـا ئەتنـی و سۆسـیۆئیکۆنۆمییەکانی سیسـتمی رۆژهەڵاتـی

ئەنـادۆڵ، شـیکردنەوەی کۆبوونەوەکانـی ڕۆژهــەڵات (1967)، هــۆزە کۆچەرەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ و لەبـارەی کۆمەڵگـەی کـورد کـە پێـش 1971 بڵاوکراونەتـەوە.

جیاوازییەکـی گـەورە لـە بۆچوونەکانـی نێـو کتـێب و بڵاوکراوەکانی پێش 1971 و ئەوانـەدا هەیـە کـە دوای 1975 و پاش 1990 بڵاوکراونەتـەوە. لەوانەیـە خوێنـەر حـەز بـکات ئـاگای لـەو گۆڕانـە بێـت کـە لـە هـزر و هەڵوێسـتەکانی نووسـەردا ڕوویانـداوە. بیرکردنـەوە و پرسـیاری خوێنـەر لـەو گۆڕانکارییانـە و، نرخاندنێکــی لــەو شــێوەیەش بــۆ دیــاردە و ڕاسـتییەکان، دەبێتـە داینامیکێکـی گـەورە بـۆ دەوڵەمەندکردنـی زانیـن و ئاگاییەکانمــان.

ئەحمـەد ئوینـاڵ بەڕێوەبـەری خانـەی کتێـب و بڵاوکردنـەوەی ڕۆنـی و عەلـی ئیمـرەن، بـۆ ئامادەکردنـی کتــێبی لەبـارەی کۆمەڵکـەی کــورد (نووسـراوەکانی پێـش 1971) ئەرکــی زۆریــان کێشــاوە. ســوپاس بــۆ هەمـوو ئەوانـەی کـە بـۆ ئـەو بابەتـە ڕەنجیـان کێشـا.

نێچیرڤـان بارزانـی سـەرۆکوەزیرانی هەرێمـی کوردسـتان، پێشـوازییەکی گــەرم و هاوکارییەکــی زۆری بــۆ چاپکردنــەوەی ئــەو کــتێبانە کــرد. پشـتگیرییەکی وەهـاش لـەو کــتێبانە، شـتیکی بایەخـدارە.

ئیسماعیل بێشکچی

ئاداری 2014

# پێشەکیی چاپی یەکەم

لەم کتێبەدا هەندێك لەو وتارانە هەن کەساڵی 1970 و بەر لەوە نووسراون. سێ وتاری یەکەم پەیوەندییان بە بەیاننامەیەکەوە هەیە لەبارەی" سەمیناری گەشەکردنی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە تورکیا". لە پەراوێزی وتاری یەکەمدا زانیاریی گرنگ سەبارەت ئەو بەیاننامانە هەیە.
دوای ئەو سێ وتارەش، وتارەکانی(دواکەوتوو هێشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ) و (ئەو دینامیکانەی کاریگەرییان لەسەر گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵات دادەنێن) دێن کە لەو ساڵانەدا بڵاوکراونەتەوە. لەسەر وتاری دووەم، سەرەتا لە دادگەی بنەڕەتی-گشتی بڵاوکردنەوە لە ئیستەنبووڵ سکاڵام لەسەر تۆمارکرا و دواتر، لەلایەن دادگەی سەربازیی بەڕێوەبەرایەتی باری نائاسایی لە سێرت و دیاربەکر داواکراوە و لەگەڵ دۆسییە گشتییەکەی ئەوێدا یەکخراوە. دوو وتاری کۆتایی بڵاونەکراونەتەوە. لە پەراوێزەکانی سەرەتای ئەو بابەتانەدا ڕوونکردنەوەی کورت لەبارەیانەوە هەیە. یەکێك لەو بابەتانە کە لەو وتارانەدا باسکراوە (دواکەوتوویی ڕۆژهەڵات) و (دواکەوتووهێشتنەوەی ڕۆژهەڵاتە). ئەمە لەنێو هەموو بابەتەکاندا بەدی دەکرێت. بێگومان ئەو وێنایەی کە لە ڕۆژهەڵات دروستکراوە، دواکەوتووهێشتنەوەیەتی. کوردستان بە دەستی ئەنقەست لەلایەن دەوڵەتەوە بە دواکەوتوویی هێڵدراوەتەوە. لە ئەنجامی

ئـەو سیاسەتەشـدا، پیشەسـازی لـە کوردسـتان نابینیـن، دەرفەتـی کار نییە. بەوجـۆرەش ڕێگـە بـۆ کـۆچ بـەرەو ڕۆژئـاوا خۆشـکرا و کۆچیـش بـۆ تواندنـەوەی نەتەوەیـی بەکارهێنـراوە.

جیاوازییەکـی زۆر لەنێـوان بیرکردنەوەمـان لـە قۆناخـی سـاڵانی شەسـتەکان و بۆچوونەکانـی ئـەم ڕۆژانەمانـدا هەیـە. ڕوونکردنـەوەی ئـەو جیاوازییـەش زانیـاری و ئاگاییمـان زەنگیـن دەکات. گرنگتریـن جیاوازیـش پەیوەنـدی بـە تێگەیشـتنمان لـە پێوەرەکانـی تـاوان و سـزا هەیـە.

لـە کۆتایـی شەسـتەکان و سـەرەتای حەفتاکانـدا بـە "پڕوپاگەنـدە بـۆ لاوازکردنـی هەسـتی نەتەوەیـی" و "پڕوپاگەنـدە بـۆ جیاخـوازی" تاوانبـار دەکرایـن. لەدیـدی فەرمییـەوە شـتێك بەنـاوی گەلـی کـورد و زمانـی کـوردی نەبـوو، هەندێـك کەسـی ناحـەزی گەلـی تـورك شـتی لەوجـۆرە دەورووژێنـن. ئێمـەش لـە کاتـی بەرگـری لـە خۆمانـدا دەمانگـوت کـورد و زمانـی کـوردی ڕاسـتییەکی حاشـاهەڵنەگرن، ئێمـە پڕوپاگەنـدە ناکەیـن بەڵکـو کارێکـی زانسـتی دەکەیـن. ئەمـەش واتـای ئـەوەی دەدا کـە پێوەرەکانـی تـاوان و سـزامان، لانیکـەم ئـەوەی پەیوەنـدی بـە پڕوپاگەنـدەوە هەیـە، قەبـووڵ کـردووە. هەوڵمـان دەدا ئـەوە بسـەلمێنین کـە ئێمـە ئـەو پێوەرانەمـان پێشـێل نەکـردووە.

لـە ڕۆژگاری ئەمـڕۆدا جەخـت لـەوە دەکەینـەوە کـە هەرجـۆرە سیسـتمێکی یاسـایی، نەتـەوەی کـورد، زمانـی کـوردی و کوردسـتان ڕەتبکاتـەوە، لای ئێمـە ناڕەوایـە. لەلایەکـی دیکەشـەوە، پڕوپاگەنـدە جۆرێکـی گوزراشـتکردن و دەربڕینـە و تـاوان نییـە. جیاوازییەکـی گـەورە لەنێـوان تێگەیشـتنی ئێمـە و سیسـتەم سـەبارەت بـە تـاوان و سـزا هەیە. بـۆ نموونـە نکۆڵیکـردن لـە زمـان و مێـژووی گەلێـك تاوانـە. تاوانێکـی مرۆڤایەتییـە. ئـەو پێوەرانـەی تـاوان و سـزا کە 70 سـاڵە بوونـی نەتەوەی کـورد ڕەتدەکەنـەوە، ڕەوا نیـن. ئەمـە ڕەفتارێکـی ناسـەردەمیانەیە و بـە پێچەوانـەوە، باسـکردنی کـورد و مافـە نەتەوەیـی و دیموکراتییەکانـی

کـورد یەکێـک لـە پێداویسـتییەکانی ڕەفتـاری سـەردەمیانەیە. هەمـوو ئەوانـەش لـە قۆناخـی دوای سـاڵانی شەسـتەکانەوە تاوەکـو ئەمـڕۆ، گوزارشـت لـە گۆڕانێکـی ریشـەیی زەینـی دەکـەن. خانـەی کتێبـی یـورت هـەوڵ و ماندووبوونێکـی زۆری بـۆ ڕێکخسـتن و ئامادەکردنـی ئـەم وتارانـە داوە. بـە خۆشەویسـتییەوە باسـیان دەکـەم.

ئیسماعیل بێشکچی

شوباتی 1991

ئەنقەرە

بەشی یەکەم

# کێشە و کاری لەپێشین لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا لە تورکیا

# کێشە و کاری لەپێشین *

## دەستپێك

رۆژبەرۆژ لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە پرسە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە تورکیا زیاتر دەبن و بایەخیان زۆرتر دەبێت. ئەو لێکۆڵینەوە و بڵاوکراوانەش لەلایەن دامەزراوەکانی دەرەوەی زانکۆکانەوە

---

* ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەیاننامەیەك بوو بۆ سەمیناری "گەشەکردنی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە تورکیا" ئامادە کراوە کە لە نێوان 25-23ی شوباتی 1970 بە هاوکاریی ئینستتیوتی گفتوگۆکانی دانیشتووان لە زانکۆی حاجەتەپە و کۆمەڵەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تورکیا، لە زانکۆی حاجەتەپە لە ئەنقەرە رێکخرابوو.

1 - دەقی بەیاننامەکە سەرەتا بۆ لیژنەی رێکخستنی سەمینارەکە نێردراوە و هاوشێوەی بەیاننامەکانی دیکە کۆپی زیاتری لێ وەرگیراوە.

2 - لە سەمینارەکەدا، کەسانی وەك پ.د. موجەبەل کرای، د. چیدەم کاغتچی باشی، د. دۆغان جوجەلئۆغلو، پ.د. نوورەدین شازی کوێسە میهال، پ.د. کەمال کارپات، د. ئەحمەد تانەر کشلالی، پ.د. شەریف ماردین، پ.د. بۆزکورت گویڤەنچ، پ.د.نەپهان ساران، پ.د.ئۆغوز ئاری، د. شەفیق ئویساڵ، د.سەریم تیمور، د.نابی دینچەر، پ.د. جەواد گەرای، پ.د. تارق زەفەر تونایا، د. تەوفیق چاڤدار، پ.د.عارف پایاسلی ئوغڵو، د.نەجات ئەردەر، د. ئەمرە کۆنگار بەیاننامەیان پێشکێش کرد.

3 - بەیانیی رۆژی 23ی شوباتی 1970، پرۆفیسۆرێکی رێزدار منی کێشایە لایەك و گوتی: "بەیاننامەکەمان خوێندەوە. لیژنەی رێکخەری سەمینارەکەش خوێندییەوە. گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئەوە کێشەی زۆرە. منیش پێموایە کێشەی لێدەکەوێتەوە. ئەگەر بەیاننامەکە بەوجۆرە لە سەمینارەکەدا بخوێندرێتەوە و گفتوگۆی لەسەر بکرێت، کێشەی گەورە دروست دەبن. لەوانەیە پۆلیس بدا بەسەر سەمینارەکەدا و رێگەی لێ بگرێت. لەوانەیە شتی ناخۆشی وا رووبدەن کە بیریشمان لێ نەکردووەتەوە..." ئەو پرۆفیسۆرە بەرێزە بە دەنگێکی نزم بەڵام بە کەلەجانێکەوە ئەم شتانەی بۆ باسدەکردم. منیش یەکەمجارم بوو بەشداریی کۆبوونەوەیەکی وەها جیددی بکەم و بەیاننامەیەك پێشکێش بکەم. ئەو سۆسیۆلۆگانەی بەشدارییان لە سەمینارەکەدا کردبوو، گوێیان دەگرت و دواتر رای خۆیان لەسەری دەگوت. لەو روانگەیەوە لە کەلەجاندا بووم. بەڵام کاتێ ئەو قسانەم بیست، تۆزێ شۆك بووم. سەرم سوڕما. ئایا ئەو دەستەواژانە لە

ڕێگـە بـۆ ئـەوە خـۆش دەکات کـە لەلایـەن بەشـێکی زۆر لـە ڕۆشـنبیرانەوە چاودێـری بکرێـن و هەڵبسـەنگێندرێن. خاڵـی گرنـگ لـەم پرۆسەیەشـدا ئەوەیـە کـە پرسـەکانی تورکیـا بایەخـی زیاتـر پەیـدا دەکـەن، یـان لـە پلانـی یەکەمـدا جێدەگـرن.

لەڕاسـتیدا ئـەو ڕووداوانـە کـە بـۆ گەشـەکردنی زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان لـە تورکیـا زۆر گرنگـن، ڕێنیسانسـێکن. بـۆ ماوەیەکـی درێـژ تەنیـا لاسـایی ڕۆژئـاوا کراوەتـەوە و بـڕوا بـەوە هەبـووە کـە گەشـەکردنی ئابـووری، کۆمەڵایەتـی و کولتـووری تەنیـا بـەو ڕێگەیـەوە مەیسـەر دەبێـت، بـەڵام بـە سەرسـوڕمانەوە بۆمـان دەرکـەوت، ئـەو هەوڵانە بچووکترین کارئاسـانییان بـۆ ڕزگاریـی گەلانـی ئەنـادۆڵ و هەوڵەکانی کۆمەڵگەکان بۆ گەشەسـەندن نەکـردووە.

ئـەو پەیوەندییـەی کۆمەڵگەکەمـان لەگـەڵ ڕۆژئـاوا، بەتایبەتـی لەنێـو نـەوەی گەنـج و لێکۆڵینڤانـە گەنجەکانـدا خەمۆکییەکـی گـەورەی دروسـت کـرد. ئـەوەش ڕێـی کردووەتـەوە بـۆ ئـەوەی خاڵـە بنەڕەتییەکانـی ئـەو پرسـە ببینرێـن و لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر بکرێـت. ئەمـەش بـۆ خـۆی ڕێنیسانسـێکە. هەروەهـا بزاڤێکـی ڕۆشـنبیرانە هەیـە کـە تێگەیشـتوون لـەوەی لاسـاییکردنەوەی ڕۆژئـاوا بـۆ ماوەیەکی درێژ، کێشـەکانی چارەسـەر

---

بیروبۆچوونـی مـن کارێکـی ڕاسـتە؟

ئـەو پڕۆفیسـۆرە بەڕێـزە بـۆ خـۆی گەلێکجـار گوشـاری لەسـەر بـووە. زۆرجاریـش تووشـی لێپرسـینەوە هاتبـوو. ئەگـەر ئـەو پڕۆفیسـۆرە لـە بیروبۆچـوون و هەڵوێسـت و ڕەفتارەکانـی ئێمـە تێنـەگات، ئێمـە چـۆن دەمانتوانـی باسـی کێشـەکان بکەیـن؟

بەیانیـی ئـەو ڕۆژەی کـە سـەمینارەکە دەکـرا، لـە سـاڵۆنی زانکۆی حاجەتەپـە قەرەباڵخییەکـی زۆر هەبـوو. زۆربەی بەشـداربووانی کۆبوونەوەکـەم دەناسـین. زۆرکـەس هەبـوون کە لەڕێی نووسـین، کـتێبەکانیانەوە نـاوم دەزانین و دەمویسـت بیانناسـم. ئەوکاتانـە لـە زانکـۆی ئەتاتـورك لـە ئـەرزڕووم کارم دەکـرد و بـۆ سـەمینارەکە هاتبـووم بۆ ئەنقـەرە.

ئـەو پڕۆفیسـۆرە کـە ڕێزێکـی زۆرم بـۆی هەبـوو، لـە شـوێنێکی دوور لـە جەنجاڵییەکـە دەیگـوت:"... زۆر گەنجـی. ناکـرێ هـەر لـە یەکـەم قۆناخەکانـی کارەکەتـدا خـۆت بکەیتـە قوربانیـی هەندێـك ڕووداوی نەخـوازراو. وەکـوو بەیاننامەکانـی دیکـە، ئـەوەی تـۆش کۆپـی کـراوە، بـەڵام لەسـەر ئاگادارکردنـەوەی هاوڕێیـەك، لیژنەکـە لـە بەیاننامەکـەی تـۆی کۆڵییـەوە. لـە ئەنجامـی ئەوەشـدا بڕیارمانـدا بـڵاوی نەکەینـەوە. بـەڕای منیـش بـاش نییـە بـڵاوی بکەینـەوە. لەبـەر چاکـەی خـۆت پێویسـتە وا بێـت. بـاش نییە لەسـەر بەیاننامەیەك گوشـارت بخرێتەسـەر و پۆلیـس بتبـات. لەسـەر بابەتێکـی تـر قسـە بکـە. بـاش بیـری لێبکـەرەوە. مرۆڤـەکان ئەگـەر لـە گەنجێتـی خۆیانـدا گورزێـك بخـۆن، ئیـدی بـە ئاسـانی ناتوانـن خۆیـان کۆبکەنـەوە... هەوڵبـدە گـورزت بەرنەکـەوێ. ئـەم قسـانەی منیـش وەك دەسـتێوەردان تێمەگـە. ئاسـایی وەریبگـرە... کاری هەڵـە مەکـە. بیـر لـە پێشـکەوتن لـە پیشـەی

نەکردووە و پێویستە بە هەموو توانای خۆیان روو لە پرسەکانی نێو کۆمەڵگەکەی خۆیان بکەن. هەڵەیە ئەگەر وا تەماشا بکرێت ئەو رەوتە هەر لەخۆوە هاتووە. ئەوە رەوتێکی بەهێزە و لە ئەنجامی ئاشکرابوونی ئەو گوشارانە دەرکەوتووە کە ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی تورکیا دروستیکردوون. بەواتایەکی دیکە، دایانمیکە جیاوازەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، کاریگەری لەسەرهێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دادەنێت و ئەو بابەتانەی لە ژێرخانەوە دێن، رەنگدانەوەیان لەسەر کاروچالاکییە زانستییەکانیش دەبێت و بەهۆی ئەوەش، پێویستیی شیکردنەوەی نوێ دەرکەوتووە. لەو روانگەیەوە، ئەوەی لەم وتارەدا باسی دەکەین، پەیوەندی بەو لێکۆڵینەوانەوە هەیە کە تائێستا کراون.

لەو قۆناخەدا هەست بە کەموکوڕییەکی گرنگ سەبارەت ستراتیژی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان و سوودی لێکۆڵینەوەکان دەکرێت. لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەمەیە: بۆچی ئەو لێکۆڵینەوانەی تائێستا کراون، تیشکیان نەخستووەتەسەر چارەسەرکردنی پرسەکانی تورکیا؟ بۆئەوەی لەمەودوا لێکۆڵینڤانەکان ئەو ئەرکە بەجێبێنن، پێویستە لێکۆڵینەوەکانیان چۆن و بە چ ئاراستەیەکدا پێشبخەن؟

---

ئەکادیمیی خۆت بکەرەوە... لە قۆناخی پێشکەوتندا دەتوانی بە ئاسانی خۆت بەوجۆرە بابەتانەوە سەرقاڵ بکەی..."

کاتی پێشکێشکردنی بابەتەکەی من دەکەوتە رۆژی سێیەمی سەمینارەکە. داوایان دەکرد تا ئەو کاتە بیری لێبکەمەوە. دەیانگوت: "هەر کەس چاوی لەسەر تۆ دەبێ". لەو کاتانەشدا سەبارەت بەو بابەت و پرسیارانەی لە وانە و تاقیکردنەوەکاندا کردبووم، لێکۆڵینەوەیەکی کارگێڕیی زانکۆی ئەتاتورکم لەسەر بوو. بەهۆی ئەوەشەوە گوشارێکی زۆرم لەسەر بوو. ئەم پرۆفیسۆرە و لیژنەی سەمینارەکەش ئاگایان لەوە بوو.

دەبێ بڵێم بەهۆی قسەکانیانەوە خەیاڵم تێکشکا. دەیانگوت ئازادیی زانست و ئازادیی بیروڕا لە بەرامبەر" واقیعی تورکیا" زۆر گرنگ نین. هەست و بیربۆچوونەکانم ژێراوژوور بوون. بەسەرهاتەکەم بۆ چەند هاوڕێیەکم گێرایەوە. ئەوانیش کاری لیژنەی سەمینارەکەیان رەتکردەوە.

4 - ئەو بەیاننامەیەی کە لێرەدا بڵاونەکرێتەوە، بەیاننامەیەکە کە نایانەوێ پێشکێش بکرێت.

رۆژی سێیەم کاتی بابەتەکەی من هات. باسی ئەوەم نەکرد کە رێیان لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەم گرتووە، بەڵام پوختەیەکی ئەو بەیاننامەیەم باسکرد. پرۆفیسۆرێك کاردانەوەی پیشاندا و گوتی دەستەواژەی "پرسی رۆژهەڵات" کوردەکان بە بیری مرۆڤ دەهێنێتەوە و ئەوەش" خەفڵەتە". ئەو پرۆفیسۆرە زانستە سیاسییەکانی دەگوتەوە. نووسراوی دوای ئەمە، دەقی ئەو گوتانەی منن." بەیاننامەی 13. ئەو بابەت و پرسانەی کە پێویستە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت".

هەرلـە چوارچێـوەی ئـەو خاڵـەدا، دەتوانیـن چەنـد پرسـیارێکی پلـە دووش بکەیـن: لێکۆڵینـەوەکان بۆچـی دەکرێن؟ ئایا بۆ چارەسـەرکردنی پرسـەکانە؟ یـان لـە چارەسـەرکردنی کام لـەم پرسـانە یارمەتیـدەر بوونـە؟ ئـەو پرسـەی لێکۆڵینەوەکـە کاری لەسـەر دەکات، لـە چوارچێـوەی پرسـە گشـتییەکاندا چ بایەخێکـی هەیـە؟ پێویسـتە هەمـوو ئەوانـە لـە چوارچێـوەی سـتراتیژی لێکۆڵینـەوە کۆمەڵایەتییەکانـدا بێـت و هەڵسـەنگاندنی لێکۆڵینەوەکانیـش لەبـەر رۆشـنایی ئـەو سـتراتیژەدا بکرێـت.

تائێسـتا ئـەو لێکۆڵینەوانـەی لـە تورکیا کـراون، زۆر شـپرزە بـوون و بەڕوونی ئـەوە دەرنەکەوتـووە کـە بۆچـی کـراون و خزمەتـی چ ئامانجێـك دەکـەن. بۆنموونـە لەسـەر زۆر گونـد لێکۆڵینـەوە کـراوە، بـەڵام لەبەرئـەوەی ئـەو گوندانـە لـە چوارچێـوەی هەمـوو تورکیـادا سـەیرنەکراون و بـە شـێوەیەکی دابـڕاو لـە گشـت تورکیـا کاریـان لەسـەر کـراوە، نەیانتوانیـوە یارمەتیـی چارەسـەرکردنی کێشـەی گوندەکانیـش بـدەن. کەوابـوو ئـەو رەوتـە رێنیسانسـییەی کـە لـەو چەنـد سـاڵەدا دەرکەوتـووە و رۆژبـەڕۆژ بەهێزتـر دەبێـت، بـەر لـە هەمـوو شـتێك لاسـاییکردنەوە و کۆپیکردنـی رۆژئـاوای رەتکردووەتـەوە و، ئـەوەش کارێکـی سـەخت و دژوارە، بـەڵام بنچینـەی بـۆ گفتوگۆ و تاوتوێکردنی پرسـەکانی تورکیا دروسـتکردووە و دەستپێکردووە.

ئێمـە لـەم وتـارەدا دەمانـەوێ لـە چوارچێـوەی ئـەو رەوتـەی کـە رووی لـە گەشـەیە، باسـی ئـەوە بکەیـن کـە پێویسـتە چـۆن سـەیری لێکۆڵینـەوە کۆمەڵایەتییـەکان بکرێـت و دەبـێ کام پـرس بخرێتـە پێشـەوە و لەکاتـی لێکۆڵینــەوە لــەو پرســانەش، لەوانەیــە چ جــۆرە ئاســتەنگێك بێتــەرێ. هەروەهـا هەوڵدەدەیـن باسـی ئـەوەش بکەیـن کـە لـەو پرۆسەیەشـدا

---

5 - بەیاننامەکانی ئـەو سـەمینارە لـە سـاڵی 1971دا لەلایـەن زانکـۆی حاجەتەپـەوە بڵاوکرانـەوە. لـە کتێبەکـەدا، قسـەکانی مـن کـە لـە پەرەگرافـی ژمـارە (3) ئامـاژەم پێـدا، بڵاوکرانـەوە بـەڵام قـەت باسـی بەیاننامـەی ژمـارە یەکیـان نەکردبـوو.

6 - ئـەو بەیاننامەیـەی کـە لـە پەرەگرافـی (1) باسـی لێکـرا و دواتـر رێ لـە بڵاوبوونـەوەی گیـرا، لەلایـەن د. ئەمـرە کۆنـگارەوە رەخنـەی لێگیـرا. ئـەو لـە بەیاننامەکـەی خۆیـدا رەخنـەی لـە دوو بەیاننامـەی دیکـە گـرت و بەیاننامەکەیشی لـەو کـتیبەدا کـە لـە پەرەگرافـی (5)دا باسـمکرد چاپکرابـوو. بـەڵام باسـی ئـەوە نەکرابـوو کـە رێ لـە بەیاننامەکـەی مـن گیـراوە. هەروەهـا ئـەو بەشـەی رەخنەکانـی د. ئەمـرە کۆنـگار لـە بەیاننامەکەی منیش لابرابـوو. ئـەوەش بەنـاوی "ب. ئاگادارکردنـەوەی بێشـکچی" لـەم کتێبـەدا هەیـە.

ڕۆڵی ئەرێنی و نەرێنیی زانکۆ و دەستکەوتەکانی بۆ خەڵکی وڵاتەکەمان چی دەبێت.

## 1.دۆخی ڕاستەقینەی چینی کۆمەڵایەتی لە تورکیا

وەك لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد، ئەم وتارە پەیوەندی بەو لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و ئەنجامانەوە هەیە کە تائێستا کراون و دەرکەوتوون. بەڕای ئێمە، ئەو ڕاستییە گرنگەی کە تائێستا لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە، کەتواری (واقعی) چینی کۆمەڵایەتییە. نابێ هیچ کات سەرمان لەوە سوڕبمێنێ کە تائێستا زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانە لەلایەن کەسانێکی دەرەوەی دەستەی فێرکاریی زانکۆکانەوە کراون و نزیکەی هەمووشیان لەلایەن دامەزراوە و خانەکانی بڵاوکردنەوەی کتێبەوە چاپکراون و گەیێنراونەتە رای گشتی. وەك دواتریش باسی دەکەین، ئەمە پەیوەندی بە هەڵوێستی دەستەی فێرکاریی زانکۆ و ڕۆڵی نێگەتیڤی زانکۆ لە بەرامبەر پرسەکانی کۆمەڵگەکەمان هەیە. دوو خشتەی بچووکی خوارەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنن.

### خشتەی 1: دابەشبوونی زەوی بەگوێرەی ئەو زەوییانەی کە هەیانە

| پانتایی شوێنی کار | ڕێژەی خێزانە جووتیارەکان لە کۆی گشتی | ئەو زەوییەی کە هەیانە |
|---|---|---|
| کەمتر لە 20 دەکار | 41 | 11 |
| زیاتر لە 1000 دەکار | 0.2 | 8 |

سەرچاوە: پەیمانگەی ئاماری دەوڵەتی تورکیا، ئەنجامەکانی ژماردنی کشتوکاڵی 1963

خشتەی 2: دابەشبوونی داهات لەنێوان خێزانەکانی تورکیادا

| | خێزانەکان | بەشەکەی لە کۆی گشتیی داهات |
|---|---|---|
| **کەمترین داهات** | ٪20 | ٪4.2 |
| **دوای ئەوە** | ٪20 | ٪6.4 |
| **دوای ئەوە** | ٪20 | ٪10.7 |
| **دوای ئەوە** | ٪20 | ٪17.7 |
| **زۆرترین داهات** | ٪20 | ٪61.0 |

سەرچاوە: کورکوت بۆراتاڤ، دابەشبوونی داهات لە سەت پرسیاردا، خانەی بڵاوکردنەوەی گەرچەك، ئیستەنبووڵ 1969. ل 200

لەو روانگەیەوە، ئامانجی ئەم وتارە ئەوە نییە کە ئایا لە تورکیا چین هەیە یان نا؟ بوونی چینی کۆمەڵایەتی بەڕوونی دیارە، بەڵکو دەیەوێ هەندێك شت لەوبارەیەوە روونبکاتەوە. لەڕاستیدا بێجگە لە کۆمەڵگەی کۆمۆنە سەرەتاییەکان، هەموو کۆمەڵگەکانی دیکە چیندارن. ئەوە ماریفەت نییە ئەگەر بڵێین لە تورکیا جیاوازیی چینایەتی هەیە، تەنیا ئەوە نەبێ کە راستییەکی گرنگمان خستووەتەڕوو، بەڵام لە چەند ساڵی رابردوودا، ئەو راستییە بەشێوەیەکی لێزانانە شاردراوەتەوە و هێشتاش دەشاردرێتەوە. ئەمەش ئەو بابەتە سەرەکییەیە کە ئێمە دەمانەوێ لەسەری راوەستین.

## I. بۆچی دۆخی راستەقینەی چینی کۆمەڵایەتی شاردراوەتەوە؟

گەلانی تورکیا لەنێوان 1919-1922 دژی ئیمپریالیزم شەڕی سەربەخۆیی نەتەوەییان کردووە و سەرئەنجام، سیستمی دەوڵەتی عوسمانی کە پشتی بە خەلافەت بەستبوو، رووخا و لە شوێنی ئەو سیستمی کۆماری پشتبەستوو بە جەماوەر دامەزرا. کەوابوو شەڕی رزگاریی نەتەوەیی بە یارمەتیی دەربەگەکان و بوورژوازی سەرکەوت کە لە دژی ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوەکەی (کۆشکی عوسمانی) راوەستابوون. سەرەڕای ئەوەی کە زۆر لەوانەی لە بەرەی جیاجیاوە گورزی کوشندەیان لە دووژمن

دەدا گەلانی ئەنادۆل بوون، شەڕەکە لە بنەڕەتەوە پشتی بە دەربەگ و چینە بوورژوازییەکان و توێژی رۆشنبیرانی سیڤیل و سەرباز بەستبوو. لەبەرئەوەش، دەسەڵاتی سیاسی لە دوای 1923ەوە بە دوو ئاراستەدا دەیڕوانی: ئاراستەیەك رووی لە دەربەگ و بوورژوازییەکان بوو کە رۆڵی گەورەیان لە بردنەوەی شەڕەکەدا هەبوو. لەوکاتەشدا بڕبڕەی پشتی دەسەڵاتیان پێکدەهێنا. ئاراستەیەکی دیکەش رووی لەو خەڵکە بوو کە بە کردەوە لە دژی دووژمن شەڕیان کردبوو. هەموو کاتێکیش یەکێك لەو دووە بەسەر ئەویدیکەدا زاڵ بووە. گەورەترین بێشانسیی کاربەدەستانی دەوڵەت لە دوای 1923، بەواتایەکی دیکە ئەتاتورك، ئەمە بوو: پشتبەستن بە چینە سەردەستەکانی وەك دەربەگ و بوورژوازەکان و خزمەتکردنی خەڵکی چەوساوە [2]

لێرەدا هەرچەندە ئەگەر لەبەر هۆکاری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسیش باس نەکرێت بە ئاشکرا [3]، چینە دەربەگ و بوورژوازی هەڵبژێردران و، کاری چینی بیرۆکراسیش بووە جێبەجێکردنی ئایدیۆلۆژیای ئەو چینانە و بەوجۆرەش خەڵك وەلانرا. سەرەڕای رۆحی شۆڕشگێڕانە و بیری پێشکەوتووی ئەتاتورکیش، ئەمە هەر روویدا و چاکسازییەکان بۆ خوارەوە شۆڕنەبوونەوە و هەمیشە لە ئاستێکی رووکەش و لە دەرەوەی خەڵك دا مانەوە. کاتێک دەسەڵاتی سیاسی پشتی بە چینە سەردەستەکانی دەرەبەگی و بوورژوازی و ئەو بیرۆکراسییە بەست

---

2 - ئەوکاتەی کۆماری تورکیا لە 1923 راگەیەنرا، چینێکی بورژوازیی بەهێز و پرۆلیتاریای ئەنتی تێزی ئەویش لە ئارادا نەبوون. وا دیارە هێزی باڵادەست، دەربەگەکان بوون. بۆ نموونە بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 1913، %39ی زەوییەکانی ئەنادۆڵ لەژێر دەستی چینی دەرەبەگدا بووە کە رێژەکەیان تەنیا 1% بووە. لەڕاستیدا پێویست بوو کە بورژوازی دەربەگایەتی لەناوبەرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر لاواز بووە و لەدوای کۆماریش گەشەی نەکرد، بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی ئەوروپا، ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەی خۆی لەدەستدا و بەوجۆرەش فیودالی و بورژوازی لە تەنیشت یەك راوەستان. لەڕاستیدا بە گوێرەی رەوتی مێژوویی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، دەبوو ئەو دوو چینە دژی یەك بن، بەڵام لەبەر ئەوەی لە تورکیا بورژوازی تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانەی خۆی لەدەستداوە، وەك ئەوەی لە تورکیاش روویدا، لەگەڵ وڵاتە گەشەنەکردووەکانی جیهانی سێ بوونە هاوپەیمان و پێکەوە چەوسێنراوەکان دەچەوسێننەوە.

3 - نەبوونی دینامیکی جیاجیای کۆمەڵایەتی و ئابووری کە رێ بۆ ناکۆکیی چینایەتی دەکەنەوە (دانیشتووان زۆر کەمن، ئەرمەنەکان زەویوزاری فراوانیان جێهێشت و ناچار بوون لە تورکیا بڕۆن، بارکردنی گوندییەکان بۆ شار، بێکاری و...تاد.) لەبەرئەوەی کۆماریش زۆر تازە و گەنج بوو، ناچار بوو لەگەڵ فیودالەکاندا بە باشی هەڵبکات.

کە رۆڵی گوتەبێژی ئەوانی دەبینی، ئیدی هەموو کات بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی ئەوان جوڵایەوە و بەرژەوەندیی ئەوانی وەك بەرژەوەندیی خەڵك پیشاندا. گوتە و دروشمەکانی وەك "کۆمەڵگەیەکی بێ هەڵاواردن، بێ چین و بێ دەستەگەری"، "گوندییەکان خاوەنی ئەم وڵاتەن" لەگەڵ بنەمای جەماوەریبوون کە بنەمایەکی پارتی گەلی کۆماریCHPیە، تەنیا بۆ شاردنەوەی بەرژەوەندیی چینە سەردەستەکانە و لەوە زیاتر واتایەکی نییە [4]، لە ساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا، رووخساری ئیمپریالیزم گۆڕا. ئەو رۆڵەی لەلایەن ئیمپریالیزمی فەرەنسی، بەریتانی و رووسیای قەیسەرییەوە دەگێڕدرا، ئیدی بە تەنیا لەلایەن ئەمریکاوە دەگێڕدرا [5]. لە ساڵی 1945ەوە کە سیستەمی فرەحیزبی هات، بەرژەوەندیی چینەکان بەشێوەیەکی قووڵ و ئاگایانە پارێزرا و نوێنەرایەتی کرا. لە رێگەی ئامرازی جیاجیای گوشارەوە هەوڵی شاردنەوەی جیاوازییە چینایەتییەکان درا و ئەو دیدگا و بۆچوونانەش قەدەخەکران کە ئاگایی چینایەتییان بڵاودەکردەوە.

تورکیا لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا، هاوشێوەی ساڵانی سەرەتای کۆمار لەژێر گوشاری چینێکی باڵادەستدایە کە لە دەربەگ و بوورژوازەکان پێکهاتووە. بەڵام جیاواز لە ساڵی 1923، ئەو چینە سەردەستە پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ ئیمپریالیزم دروستکردووە. ئیمپریالیزم لە ساڵانی نێوان 1919-1920 لە ئەنجامی تێکۆشانێکی چەکداری لە ئەنادۆڵ دەرکرا، بەڵام لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و لە سایەی ئەو تەکتیکانەی پێشیخستوون، جارێکی دیکە گەڕایەوە و چینێکی دواکەتووی لە دەرەبەگی خاوەن موڵك و بوورژوازی دۆزییەوە کە هاوکارییان دەکرد. کەوابوو ئەمڕۆ گەلانی تورکیا لەژێر ستەمی پێکهاتەیەکی سێقۆڵیی ئیمپریالیزم و دەربەگ و بوورژوازەکاندایە و دەچەوسێنرێنەوە. گەورەترین

---

4 - ئەمە دیدگایەك نییە بۆ بچووککردنەوەی ئەتاتورك و چاکسازییەکانی. ئەمە خواستێکە بۆ ئەوەی ئەو رۆحە شۆڕشگێڕییە لەگەڵ بیرکردنەوە هاوچەرخەکانی دنیای ئەمڕۆدا بەیەك بگەیەنێت.

5 - Doğan Avcıoğlu, Türkiyenin Düzeni(Dün-Bügün-Yarın), Bilgi Yayınevi, Ankara1968, s. 256 vd.

ئەرکـی ئـەم هاوپەیمانییە دواکەتووە لـە تورکیا، شـاردنەوەی بەرژەوەندییە چینایەتییـەکان و پیشـاندانی بەرژەوەندیـی چینـە سەردەسـتەکانە وەك بەرژەوەندیـی جەمـاوەرە تاوەکـو لـەو ڕێگەیـەوە درێـژە بە چەوساندنەوەی خەڵـك بـدەن.

## ب.هەندێك لەو ئایدیۆلۆژیا و چەمکانەی کە دۆخی ڕاستەقینەی چینی کۆمەڵایەتییان شاردووەتەوە

یەکێـك لـە گرنگتریـن ئـەو هۆکارانـەی کـە کەتـواری چینایەتییـان شـاردووەتەوە، ئـەو واتایانەیـە کـە بـە "پێشـڤەڕۆیی" و" پاشـڤەڕۆیی" دەدرێت. لـە مـاوەی سـاڵانێکی درێـژدا بـە تایبـەت لـە سـەردەمی تاکحیزبی، لـە تورکیـا پێشـڤەڕۆیی و پاشـڤەڕۆیی بـە بابەتەکانـی وەك پەسـەندکردن یـان ڕەتکردنـەوەی بیـری لائیـك (عەلمانی)ـەوە بەسـترابووەوە. کەسـێك بیگوتبایـە موسـڵمانم، ئایینـدارم، سـەردانی مزگـەوت دەکـەم و...تـاد، وەك پاشـڤەڕۆ سـەیردەکرا و بـە پێچەوانـەوە، هەمـوو ئەوانـەش کـە خەتیـان بەسـەر ئـەو شـتانەدا دەهێنـا، وەك پێشـڤەڕۆ دەناسـران. ئەمـە لەکاتێکدایـە پاشـڤەڕۆیی و پێشـڤەڕۆیی پەیوەنـدی بـە قەبوڵکـردن یـان ڕەتکردنـەوەی بیـری لائیکـەوە نییـە. بۆنموونـە ئـەو کـەس و دەزگایانـەی بیانـەوێ دەزگا دەرەبەگییـەکان و شـێوازی بەرهەمهێنانـی دەرەبەگـی لـە تورکیـا لەنێوببـەن کـە پاشـماوەیەکی چاخـی نێوەڕاسـتە، پێشـڤەڕۆن.

بـەڵام ئـەو کـەس و دەزگایانـەی کـە دەیانـەوێ دامـەزراوە دەرەبەگییەکان لەسـەرپێ بهێڵنـەوە و پەیوەندییەکـی توونددوتۆڵیـان لەگـەڵ ئیمپریالیزمـدا هەیـە، پاشـڤەڕۆن تەنانـەت ئەگـەر ماسـۆنیش بن. لائیکبوونی ڕاسـتیەقینە نـەك لـە کۆمەڵگـە دەرەبەگـی یـان نیمچـە دەرەبەگییـەکان، بەڵکـو دەرکەوتەیەکـی کۆمەڵگـەی پیشەسـازییە. لەکاتێکـدا ئەمـە دروسـتترین واتـای پاشـڤەڕۆیی و پێشـڤەڕۆییە، پارتـی گەلـی کۆمـاری بـۆ مـاوەی سـاڵانێکی درێـژ واتایەکـی هەڵـەی بەوانـە داوە و وایزانیـوە ئەگـەر کەسـێك

بۆینباخ ببەستێ و بڵێ "ئایین و دەوڵەت دوو شتی لێك جیاوازن" ئیدی دەبێتە پێشڤەڕۆ. بەوجۆرەش پارتی گەلی کۆماری، رۆحی شۆڕشگێڕی و پێشڤەڕۆیی ئەتاتورکی بەلاڕێدا بردووە و بەوەش، بەشێوەیەکی لێزانانە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی شاردووەتەوە. لەڕێی گوتنی "ئێمە پێشڤەڕۆین و ئەتاتورکیش وای گوتبوو" بەرژەوەندیی چینایەتی خۆیان وەك بەرژەوەندی چینە ژێردەستەکان پیشاندەدا.

هەرچەندە هێشتا لە هەندێك جێگەدا هەر ئەو واتایانە بەو چەمکانە دەدرێن، بەڵام بەگشتی زۆر گۆڕاوە [6]، لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئەوەی کەتواری چینایەتی دەشارێتەوە، ئایدیۆلۆژیای ئایینی، واتە بەکارهێنانی پاشڤەڕۆییە. بوورژوازیی بەکرێگیراو کە پەیوەندییەکی تووندوتۆڵی لەگەڵ ئیمپریالیزم هەیە، لەگەڵ دەرەبەگی سەردەست، لەڕێی بەکارهێنانی ئایدیۆلۆژیای ئایینییەوە بەشێوەیەکی فراوان، رێ لە هۆشیاریی خەڵك سەبارەت بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی خۆیان دەگرن و بەوجۆرەش درێژە بە چەوساندنەوە دەدەن. پشتگیریکردنی راگەیاندنی بابی عالی، ئەوانەی خواستی جێبەجێکردنی شەریعەتیان هەیە و ئارەزووی دەوڵەتی سعودییەیان لەسەردایە و حیزبولتەحریری ئیخوان موسلیمین و...تاد، لەلایەن ئەمریکا و کۆمپانیای نەوتی ئارامکۆ کە گەورەترین کۆمپانیای نەوتی سعودیەیە، دەریدەخات کە ئایدیۆلۆژیی ئایینی و پاشڤەڕۆیی چەندە بۆ شاردنەوەی کەتواری چینایەتی و پاراستنی بەرژەوەندییە چینایەتییەکان گرنگە [7]. ئیمپریالیزم و بوورژوازیی بەکرێگیراو، سەنگەریان لەهەموو ئەو بۆچوونانە گرتووە کە دەیانەوێ شێوازی بەرهەمهێنانی دەرەبەگی لەنێوبچێت و بۆئەوەش پەنا بۆ هەموو رێگەیەك دەبەن. راگەیاندنی بابی عالی کە لە ژێردەستی ئیمپریالیزم و بوورژوازیی کۆمپرادۆردایە، رۆژ و شەو لەعنەت لەو بۆچوون و کەس و دامەزراوە

---

6 - بۆنموونە بولەنت ئەجەوید سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری گوتوویەتی، هەڵەیە پاشڤەڕۆیی و پێشڤەڕۆیی بە فاکتەرە دینییەکانەوە گرێ بدرێت و دەشێ ئەوانە بە رەهەندە ئابوورییەکانەوە ببەسترێنەوە.
7 - Mehöet Emin Bozarslan,Hilafet ve Ümmetçilik Sorunu, And Yayınları, İstanbul 1969, s.253-262

چەپانە دەکەن کە دەیانەوێ هۆشیاریی چینایەتی بڵاوبکەنەوە. جەماوەری بێئاگای خەوێنراو لە دژی ئەوان دەورووژێنن و لە مزگەوتەکاندا سەبارەت خەونی گەڕاندنەوەی دەوڵەتی خەلافەتەوە قسە دەکەن. لێرەدا لەبەرچاونەگرتنی ئیمپریالیزم و ئەوانەی کە هەوساری ئەو جۆرە کەسانەیان لەدەستدایە، دژایەتیکردنی کەسەکان بۆ خۆیان رەفتارێکی ناجۆرە. چونکە ئەو کەسانە لە ختوخۆڕایی ناجوڵێن و بە پشتیوانیی ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوەکانی رەفتار دەکەن. بەشێك لە راگەیاندنی بابی عالی کە لەلایەن ئیمپریالیزمەوە پشتگیری دەکرێن، وەك چۆن لەڕێی دنەدانی ئایدیۆلۆژیای ئایینی و پاشڤەڕۆیی، کەتواری چینایەتی دەشارنەوە، هەندێك جاریش بۆ بەلاڕێدابردنی بیری شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنخوازی ئەو کارە دەکەن [8].

یەکێکی دیکە لەو چەمکانەی کە کەتواری چینایەتی پێ شاردراوەتەوە، "شۆڕش"، شۆڕشگێڕ" و "شۆڕشگێڕی"یە. تاکە واتای دروستی شۆڕش پەیوەندی بە گۆڕانکاری لە شێوازی بەرهەمهێنانەوە هەیە. تێپەڕبوون لە دەربەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری شۆڕشە، هەروەها تێپەڕبوون لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزمیش شۆڕشە [9]، کاتێک لەو روانگەیەوە تەماشا بکەی، هەموو ئەو شتانەی کە ئەتاتورك لە دوای راگەیاندنی کۆمار کردوونی و وەك "شۆڕش" ناوبران، شۆڕش نین، بەڵام لەبەرئەوەی واتای تەواو بە وشەکە نەدراوە، ئەوەی بۆینباخی بەستووە و کڵاوی لەسەر ناوە و خۆی لە کاریگەرییەکانی ئایین لە ژیانی کۆمەڵایەتی رزگارکردووە و نەك لە راستەوە بۆ چەپ، بەڵکو لە چەپەوە بۆ راست

8 - بۆ نموونە رۆژنامەی تەرجومان کە لە هەر دەرفەتیکدا نەفرەت لە بیری پێشڤەرۆ و لائیك دەکات، هەموو رۆژانی 10/11، لاپەڕەیەکی تەواو بۆ وینەی ئەتاتورك تەرخان دەکات و شین دەگێڕێ. ئەمەش بۆ ئەوەیە لە ریزی پێشڤەڕۆکان و لایەنگرانی ئەتاتورکدا دیاربن و بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی خۆیان وەك بەرژەوەندیی خەڵك پیشانبدەن. ئەو رۆژنامەیە لەژێردەستی یەکیك لە متمانەپێکراوترین پیاوەکانی ئیمپریالیزمدایە لە تورکیا.(Devrim, s. 3,4 Kasım 1969) لەلایەکی دیکەوە زیادبوونی رۆژنامەکانی وەك ساکڵانباچ، سۆن پۆستا، سۆن، گوینایدن، لەو رووداوە گرنگانەن کە دەریدەخەن چۆن چینە سەردەستەکان دەیانەوی رێ لە هۆشیاریی چینایەتی بگرن.

9 -Mihri Belli, Türkiyede Karşı Devrim, Türk Solu, Cilt2, Sayı 64

دەنووسـێت، وایزانیـوە شۆڕشـگێڕە و ئـەوەی کـە دەیـکات شۆڕشـگێڕییە. ئەمـەش تاوەکـو ماوەیەکـی درێـژ، بێجگـە لـە شـاردنەوەی دۆخـی چینایەتـی بەکەڵکـی هیچـی دیکـە نەهاتـووە. بۆنموونـە ئەمـڕۆ ئـەو "شۆڕشـگێڕ"ە گەورانـەی کـە خۆیـان بـە ئەتاتورکـەوە هەڵواسـیوە، بیـری راسـتەقینەی شۆڕشـگێڕی وەك "زۆڵـە کۆمۆنیسـت" ناودەبـەن کـە دەیانـەوێ بیـری شۆڕشـگێڕی بگەیێننـە جەمـاوەر. هەڵبـەت خۆیشـیان شـەو و رۆژ لافـی ئـەوە لێـدەدەن کـە "بەبـێ ئەمریـکا ناکـرێ" و بـەوەش دووزەلـە بـۆ ئیمپریالیـزم لێدەدەن. ئەمـەش بەڕوونـی دەریدەخـات کـە ئـەو واتایـەی بـە وشـەی شـۆڕش دراوە چەنـدە بـە لاڕێـدا بـراوە.

## ج. بێلایەنی، واتە خزمەتکردنی چینە سەردەستەکان

یەکێکـی دیکـە لـەو هۆکارانـەی کـە وایکـردووە کەتـواری چینایەتـی بشـاردرێتەوە، دەسـتەواژەکانی وەك "بابەتیبوون" و"بێلایەنی" ن کە لەلایەن خـودی زانکۆکانـەوە بەکاردەبرێـن و لەڕاستیشـدا پەیوەندییەکـی ئەوتۆیـان لەگـەڵ زانسـت نییـە. لـە وڵاتێکـدا کـە هێشـتا رەگەزەکانـی دەرەبەگـی و نیمچـە دەرەبەگـی هـەن و جیاوازیـی چینایەتـی لـە ئارادایـە، تـۆ باسـی ئـەوە بکەیـت کـە بیلایەنـی و لەگـەڵ هیـچ کـەس و چینێکـدا نیـت، واتـای ئەوەیـە کـە لایەنگـری چینـە سەردەسـتەکانی. ئەمـە دەسـتەواژەیەکی زۆر سیاسـییە. بێلایەنـی و بابەتیبـوون ئـەوە نییـە پشـتیوانی لە چینـی دەربەگ و بـوورژوازی بکـەی کـە ٪7ی خەڵـک پێکدێنـن، یـان لـە پاڵ چینـی کرێـکار و بـێ موڵـك نەبـی کـە ٪90ی دانیشـتووانن، بەپێچەوانـەوە پێویسـتە لـە پاڵ چینی کرێـکار و گوندنشـینی بـێ زەوی بیـت کـە زۆرینـەی دانیشـتووان پێکدێنـن. کاتێـک زانایـەك بـە لێکۆڵینـەوە ئـەوە دەربخـات کـە ٪8ی زەوییەکانـی وڵات لەلایـەن ٪0.2ی دانیشـتووانەوە بەکاردەبرێـن و ٪11ی لەلایـەن ٪41ی خەڵکـەوە بەکاردەهێنرێـن و سـەرەڕای ئـەوەش بڵـێ "من بێلایـەن و بابەتیم و تەنیـا راسـتییەکەم نیشـانداوە، لێـرە بـەدواوە کاری سیاسـییەکانە" ئـەوە

بێلایەنـی و بابەتیبوونـی خـۆی دەرناخـات. بـە پێچەوانـەوە دەریدەخـات کـە لەپـاڵ چینـە سەردەسـتەکانە و هـاوکاری ئـەوان دەکات. چونکـە ئـەو زانایـەی کـە بەرپرسـیارێتی ئـەم سـەردەمەی لەئەسـتۆیە، ناتوانـێ تەنیـا بـە دۆزراوەیەکـی بەوشـێوەیە کۆتایـی بـە ئەرکەکـەی بهێنێـت. پێویسـتە بەوشـێوەیە شـرۆڤە بـکات کـە رێگـە بـۆ لابردنـی لاسـەنگیی موڵکـداری بـە قازانجـی جەمـاوەر خـۆش بـکات. تەنیـا ئـەوەش بـەس نییـە کـە بڵێـی لاسـەنگی لـە داهـات دا هەیـە. دەبـێ بەوشـێوەیە شـرۆڤە بـکات کـە رێگـە بـۆ گـۆڕانـی جەمسـەربەندییەکان بـە قازانجـی جەمـاوەر بکاتـەوە، بـەڵام تائێسـتا بەنـاوی بیلایەنـی و بابەتیبوونـەوە شـیکاری بەوشـێوەیە نەکـراوە و ئەمـەش بـە سـوودی شـاردنەوەی جیاوازیـی چینایەتـی بـووە.

## د. ئیدی دۆخی چینی کۆمەڵایەتی ناشاردرێتەوە

سـەرەڕای گوشـار و توونـدوتیژییەکانـی چینـە سەردەسـتەکان و دەسـەڵات کـە پشـت بـەوان دەبەسـتێت، جیاوازیـی چینایەتـی لە تورکیـا ناشـاردرێتەوە. وەك لـە خشـتەی ژمـارەی (1) دا بینـرا، ٪41ی خێزانـە جووتیارەکانـی وڵات کەمتـر لـە 20 دۆنـم زەوی بەکاردەهێنـن و هەمـوو ئـەو زەوییانـەش کـە ئـەوان بەکاریدەهێنـن ٪11ی کـۆی گشـتیی زەوییەکانـە، بـەڵام ٪0.2ی دانیشـتووان ٪8ی زەوییـەکان بەکاردەهێنـن. ئـەو لاسـەنگییەی کـە لـە بەکارهێنانـی زەویـدا هەیـە، لـە داهاتیشـدا رەنگیداوەتـەوە. ٪20ی خەڵـک کـە بـە کشـتوکاڵەوە سـەرقاڵن، ٪3.4ی داهـات دەبـەن و ٪20ی ئەوانـەش کـە زۆرتریـن داهاتیـان هەیـە، ٪63.6ی کـۆی گشـتیی داهـات دەبـەن [10]، پێویسـت نـاکات ئـەو جەمسـەربەندییە چینایەتییـە بـە درێـژی بـاس بکرێـت، بـەڵام بەگشـتی ئەمـە لـە هەمـوو ئاسـتێکی ژیانـی کۆمەڵگـەدا دەبینرێـت. تێبینـی و لێکۆڵینـەوەی جۆراوجـۆر ئەوەیـان دەرخسـتووە کـە جیاوازییـە

10 - Korkut Boratav, a.g.e, s.201

چینایەتییـەکان رۆژبـەرۆژ زیاتـر دەبـن. زیادبوونـی ژمـارەی دانیشـتووان، کۆچ لـە گونـدەوە بـۆ شـار، نەرەخسـاندنی دەرفەتـی دامەزرانـدن، بێـکاری و... تـاد، لەگـەڵ داینامیکـە کۆمەڵایەتییەکانـدا بوونەتـە هـۆی ئـەوەی ئـەو ناکۆکییانـە دیاربـن کـە کاریگەرییەکـی زیاتـر لەسـەر جەمـاوەر دادەنێـن. بزاڤـی خوێندکاریـی نێـوان سـاڵانی 1969-1968 وانـەی هۆشـیارکەرەوەی سـەبارەت دەرکەوتنـی ئـەو ناکۆکییـە چینایەتییانـە داوە.

## 2.ئەو بابەتە سەرەکییەی کە پێویستە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت

کاتێـک دۆخـی چینایەتـی بەوجـۆرە روون دەرکەوێـت، ئیـدی پێویسـتە لێکۆڵینـەوە لـەو بابەتـە بکرێـت. بابەتـی سـەرەکی ئەوەیـە کـە قورسـایی و پەیوەنـدی نێـوان چینەکانـی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی روونبکرێتـەوە. ئێمـە تەنیـا هێڵـە زۆر سـەرەکییەکان سـەبارەت چینەکانـی کرێـکار، دەربـەگ و بـوورژوازی، پەیوەندییـە چینایەتییەکانـی بیرۆکراسـی، رۆشـنبیر، سـیڤیل-سـەرباز و پەیوەندییەکانـی ئەوانـە لەگـەڵ ئیمپریالیـزم دەزانیـن. تاوەکـو ئەمـرۆ شـیکردنەوەی ئابـووری و کۆمەڵایەتیـی زۆر سـەبارەت تورکیـا کـراون و دەکرێـن. لەڕاسـتیدا شـیکردنەوەی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی، شـرۆڤەی پەیوەندییـە چینایەتییەکانـە و ئەوانـەی کـە ئـەو پەیوەندییانـە شـرۆڤە نەکـەن، هەمیشـە بێکەڵکـن. بـە کورتـی و پووختـی دەتوانیـن بڵێیـن: پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری لـە تورکیـا، هیـچ شـتیك نییـە بێجگـە لـە شـیکردنەوەی پەیوەندییـە چینایەتییـەکان. کەوابـوو پێویسـتە دەرخسـتنی قورسـایی چینـە جیـاوازەکان لەنێـو پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی کاری لەپێشـینەی ئـەو کـەس و دامەزراوانـە بـێ کـە پەیوەندییان بە زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانـەوە هەیـە.

لێرەدا دەتوانین بە وردی باسی ئەو بابەتانە بکەین کە دەشێ لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت:

- رەوتی گەشەکردنی چینی کرێکار لە "دەرکەوتنی وەك چینێکەوە تاوەکو بوونی بە چینێك بۆ خۆی". هەروەها توێژینەوە لەسەر گەشەکردنی کاپیتالیزم لە تورکیا (بازرگانی، پیشەسازی و دارایی) و دەرفەتەکانی.
- رووخانی دەربەگایەتی، گۆڕانی ئاغا دەربەگەکان بۆ ئاغا کاپیتالیستەکان یان وەك ئەگەرەکانی لەنێوبردنی دەربەگایەتی لە لایەن سەرمایەدارییەوە.
- هاوپەیمانی دەربەگایەتی و بوورژوازی لەبەرامبەر ئیمپریالیزم دا.
- شوێنی توێژی رۆشنبیر، سەرباز- سیڤیل (بیرۆکراسی) لە پەیوەندییە چینایەتییەکاندا.
- رەنگدانەوەی بەرژەوەندییە چینایەتییەکان لەسەر پەرلەمان و پارتە سیاسییەکان.
- دابەشبوونی داهات لەنێوان چینەکان دا.
- گەشەکردنی ئایدیۆلۆژیای ئایینی و پاشڤەڕۆیی لە روانگەی چینەکانەوە (گەشەکردنی ئایدیۆلۆژیای ئایینی کە وەك هۆکارێکی پتەوکردنی بەرهەمهێنانی کاپیتالیستی رۆڵی هەیە).
- پەیوەندییەکانی بازرگان و پیشەسازەکانی ئەنادۆڵ لەگەڵ بوورژوازی گەورە کە هاوکاریی ئیمپریالیزم و سەرمایەی نێودەوڵەتی دەکات، هەروەها ناکۆکیی بەریەککەوتنەکانی ئەوان.
- گەشەکردنی بوورژوازی لە ئەنادۆڵ و بەڵێنەکانی دەوڵەت.
- رەنگدانەوەی گەشەکردن و کەڵەبوونی کاپیتالیستی لەسەر چینە چەوسێنراوەکان. بۆچی چینە چەوسێنراوەکان درك بەوە ناکەن کە گەشەکردنی سەرمایەداری لەسەر پشتی ئەوان بووە و لە کام هەلومەرجدا درکی پێدەکەن؟
- پرۆسەی یەکگرتنی چینە باڵادەستەکان لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا و

گەشەنەکردنی ئەنادۆڵ (رۆڵی یەکگرتنی چینە باڵادەستەکان لە هەژاری بەردەوام لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دا).

بەڵام لێکۆڵینەوە لە هەرکام لەو بابەتانە بکرێت، پێویستە لەڕووی میتۆدۆلۆژییەوە خاڵێکی هەرە گرنگ لەبیر نەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە نابێ بەشێوەیەکی دابڕاو لە ئیمپریالیزم لێکۆڵینەوە لە تورکیا بکرێت و دەکرێ لە دوو ئاستیشدا لەو پەیوەندییە بکۆڵرێتەوە. یەکەمیان سیاسەتی ئیمپریالیزمە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دووەمیشیان لێکۆڵینەوەیە لەوەی کە بایەخی تورکیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا چییە و چی نییە.

## ئەو کێشە و بەربەستانەی هاتوونە رێ

لەکاتی ئەو لێکۆڵینەوانەدا دوو ئاستەنگی سەرەکی دێنە پێشەوە. یەکێکیان ئەو گوشارانەیە کە لەلایەن چینە باڵادەستەکانەوە دەکرێن. بێگومان ئەوان دژی هەرجۆرە لێکۆڵینەوەیەك دەبن کە دۆخی جیاوازیی چینایەتی بخاتەڕوو، یان هەوڵبدات هەرجۆرە لاسەنگییەك بە قازانجی جەماوەر راست بکاتەوە و ئەوان لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بێبەش بکات. بۆ رێگرتن لەوجۆرە لێکۆڵینەوانە دەست بۆ هەموو شتێك دەبەن. لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەماندا نموونەیەکی زۆر سەیری ئەوە هەیە. لەوێدا ئەوە دەردەکەویت کە چۆن دەرەبەگی ناوچەیی، خانەدان،

11 - یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بیرۆکراسییە نەزانەکەی زانکۆ ئەوەیە کە یەکڕەنگ نییە. بەڕای ئێمە بیرۆکراسی بۆ خۆی چینیکی سەردەستە کەوا ئایدیۆلۆژیای چینە سەردەستەکان جێبەجێ دەکات و بەو ئاراستەیە دەجولێت. لەو نموونەیەی کە لە کۆتایی وتارەکەدا هاتووە، رەفتاری پارێزگار، قایمقام، سەرۆکی زانکۆ و راگری کۆلێژ خزمەتی کام چین دەکات؟ لە قازانجی کەسانی بێمولك و ماڵ، بێکار، کۆیلەی ئاغاکان و موریدی شێخەکاندایە کە زۆرینەی خەڵك پێکدەهێنن؟ نەخێر. لە قازانجی کەسانی وەك سەرۆکی خێڵ، ئاغای موڵکدار و شێخەکاندایە. گومانیش نییە لەوەی کاری بچووك و گەورەی بیرۆکراسی وەك پارێزگار، قایمقام، پۆلیس، ژەندرمە و داواکاری گشتی و...تاد، خزمەتی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان لەگەڵ چینە باڵادەستەکان دەکات. قاچاخچێتی ناوچەی سنووری نموونەیەکی گرنگی ئەوەیە.

زانکۆ و بیرۆکراسیی دەوڵەت رێ لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەگرن [11]. بەربەستێکی هەرە گرنگی دیکە پەیوەندی بەو تەکنیك و ئامرازانەوە هەیە کە لە لێکۆڵینەوەکاندا بەکاردەبرێن. لە تەنیشت ئەوەی کە ئەو ئامارانەی دەخرێنە بەردەستی لێکۆڵینڤانەکان جێی متمانە نین[12]، لەسەر هەندێك بابەتیش هیچ زانیارییەك نییە [13]. خاڵێکی دیکەی گرنگیش ئەوەیە ئەو ئامارانەش کە هەن، بە میتۆدی شیکردنەوەی بوورژوازی دەستکەوتوون و لەبەر شێوازی ئامادەکردنیان، بەکەڵکی شیکردنەوەی بارودۆخی چینایەتی نایێن [14]. لەو روانگەیەوە شیکردنەوەی بارودۆخی چینایەتی لەڕێی ئەو ئامارانەوە لێهاتوویيەکی زۆری دەوێت و زۆرجاریش پێویستە لێکۆڵینڤان بۆ خۆی لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەسەر بابەتەکە بکات. سەبارەت بە هەندێك لە بابەتەکان هیچ زانیارییەك نییە و هەندێکیشیان بە پاساوی سادەی سیاسی وەك "ئاسایشی نەتەوەیی" دەشاردرێنەوە و پێویستە ئەمەش وەك خاڵێکی گرنگ لەبەرچاو بگیرێت. بۆ نموونە هیچ زانیاریمان نییە سەبارەت راپەڕینەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە دوای دامەزراندنی کۆمار، ئەو خێڵانەی کە

---

12 - لە هاوینی 1968 لە ناوچە سنوورییەکانی وەك کلیس، نوسەیبین، جزیرە، شەمزینان، باشقەلە، دۆغۆبایەزیت و پۆسۆف لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری کۆمەڵایەتی- ئابووریمان کرد کە یەکێك لە پرسیارەکانی ئەمە بوو: 6-4 ساڵ بەر لە ئێستا کەس هاتووەتە ئەم گوندە و لەبارەی زەوی، ئیش، داهات و...تاد پرسیارتان لێ بکات؟ لە نێو ئەو 52 گوندەدا کە ئێمە لێکۆڵینەوەمان لەسەر کرد، 44 یان بە نەخێر وەڵامیان دایەوە. ئەو گوندانەش کە ماونەتەوە زیاتر پرسیاری شەخسییان لێکراوە. بۆیە مرۆڤ حەز دەکات بزانێت، لە هەلومەرجێکی وەهادا گفتوگۆی پێڕستی گوندەکان چۆنچۆنی کراوە، چۆن راپرسییەکان کراون و دواتر شیکردنەوەیان بۆ کراوە. کەوابوو جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو ژمارە و ئامارانەی کە گفتوگۆکان دەریانخستووە لەگەڵ ئەوانەی کە ئێمە بۆ خۆمان دەرمانخستوون.

(İsmail Beşikçi, Doğu Anadolunun Düzeni Sosyo-Ekonomik ve Etnik Temeller, E Yayınları, İstanbul 1969, s.66)

هەروەها بڕوانە Korkut Boratav, a.g.e, s.134 لە هەلومەرجێکی وەهادا، ئەو شیکردنەوانەی کە پشت بە ژمارەکان دەبەستن، نوقسانە و ناتوانن راستییەکان دەربخەن. بۆ نموونە ئەمڕۆ ئەگەر کەسێك بە تەمابێت بزانێت دەرەبەگایەتی لە تورکیا هەیە، سەیری ئاغایەك و بنەماڵەیەك و ژمارەی ئەو گوندانە دەکات کە هەیانە.(Korkut Boratav, a.g.e, s.134; Ahmet Aras, Türkiyede Feodalite varmıdır?Ant Dergisi,Sayı139,s.13) بەڵام وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، ژمارەکان جێی متمانە نین و ئەوەش گومان لەسەر شیکردنەوەکان دروست دەکات.

13 - بۆنموونە سەبارەت خێڵە کۆچەرەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ هیچ ئامارێك نییە. وەك: ژمارەی خێڵەکان، ژمارەی ئەندامانی خێڵەکان، هەوارگەی زستانە و هاوینەی خێڵەکان.

14 -Muzaffer Erdost, Türkiyede Feodalizm var mı? Türk Solu, Sayı80,27 Myıs1969,s.9

بەشـداربیان تێیـدا کـردووە یـان ئەوانـەی بەشـدار نەبـوون، شـوێنی ڕاپەڕینـەکان، قۆناخـی دەسـتپێکردن و سـەرکوتکردنیان، پەیوەندیـی چینـە سەردەسـتەکانی ڕۆژهەڵات (سـەرۆك خێڵەکان، موڵکدار و دەرەبەگەکان) لەکاتـی ڕاپەڕینەکانـدا لەگـەڵ دەسـەڵاتی ناوەنـدی، هەروەهـا لەبـارەی کاریگەریـی ئـەو ڕاپەڕینانـە لەسـەر ڕای گشـتیی کـورد و تورك و ڕای گشـتیی جیهـان هیـچ نازانیـن یـان شـتی کـەم دەزانیـن. واتـە ئـەو ڕووداوانـەی لـە مێـژووی ئێمـەدا زۆرگرنگـن، لـە تاریکیـدا ماونەتـەوە. بۆیـە ئەو کەسـەی کە لێکۆڵینـەوە لەسـەر ئـەو بابەتانـە دەکات، لەبەرئـەوەی بەڵگـەی بەسـوودی دەسـت ناکەوێـت، ناچـار ڕێگـەی دیکـە تاقیدەکاتـەوە.

## 3. پرسی ڕۆژهەڵات لە ڕوانگەی چینایەتییەوە

"پرسـی ڕۆژهـەڵات" ئـەو بابەتەیـە کـە کۆمەڵنـاس و زانایانی بواری سیاسـی، ئابووریناس و مافناسـەکانی دەسـتوور و پـەروەردە و...تـاد، بۆ لێکـۆڵینەوە هەڵیانـنەبـژاردووە. ئەوکاتـەی جیاوازیـی چینایەتـی بەڕوونی دەرکـەوت، ئیدی پرسـی ڕۆژهەڵاتیـش بـە زەقـی دەرکـەوت و گفتوگـۆی لەسـەر کرا.

### ا. پاشکەوتوویی و هەژاریی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ پرسێکی چینایەتییە

وەك دەزانرێـت ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ لـە چـاو ناوچەکانـی دیکـەی تورکیـا لـەڕووی ئابـووری، کولتـووری و کۆمەڵایەتییـەوە دواکەوتووتـرە. زانـاکان و دەزگا سیاسـییە جۆراوجـۆرەکان هەوڵـی دۆزینـەوەی هۆکارەکانـی ئـەو لاسـەنگییە و ڕێگەکانـی چارەسـەرکردنی دەدەن، بـەڵام لەبەرئـەوەی هەمیشـە لـە ڕوانگەیەکـی دابـڕاوی ئـازادی و ئایدیالیسـتییەوە تەماشـای کـراوە، ڕاسـتییەکی گـەورەی وەك چینەکانـی کۆمەڵگـە و ئایدیۆلۆژیـای چینـەکان پشـتگوێخراوە و ئەمـەش وایکـردووە کـە نەتوانرێـت هۆکارەکانی

دواکەوتوویی ڕۆژهەڵات بە تەواوی روونبکرێنەوە و ڕێوشوینی پێویست بۆ چارەسەرکردنی بدۆزرێتەوە.
بۆنموونە کاتێک باسی دواکەوتوویی ڕۆژهەڵات دەکرێت، زوو زوو ئەمە دەگوترێ: پاشکەوتوویی ڕۆژهەڵات لەبەر دوو هۆکارە: یەکیان بایەخنەدانی دەسەڵاتە سیاسییەکانە بەوێ و ئەوی دیکەش زاڵبوونی سیستمێکی خراپی پاشماوەی چاخەکانی نێوەڕاستە کە هێشتا ئاغا، شێخ و سەرۆك خێڵی تێدایە. ئەم دیدگایە بەڕوونی لە بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتی گەلی کۆماری لە 12/10/1969دا ڕەنگیداوەتەوە [15].
لەڕاستیدا ئەوانەی باسکراون هۆکاری دواکەوتوویی ڕۆژهەڵات نین، بەڵکو دواکەوتووییەکەی ئەوێ ئەنجامی کۆمەڵێك سیاسەتی دیاریکراوی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییە. بەواتایەکی دیکە، ناتوانین بڵێین بەهۆی سیستمێکی پاشماوەی چاخی نێوەڕاست و بوونی ئاغا، شێخ و سەرۆك خێڵ، ڕۆژهەڵات دواکەوتووە. لە ئەنجامی سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵاتدارانە کە ئەو دامەزراوانە هێشتا ماون. پشتگوێخستنی ڕۆژهەڵاتیش هەر ئەنجامی ئەو سیاسەتانە بووە. ئالێرەوەیە کە پرسی ڕۆژهەڵات تەنیا هۆکارێکی چینایەتی نییە و لە هەمانکاتیشدا ڕەهەندێکی نەتەوەیی هەیە.

## ب. هۆکارە چینایەتییەکان تایبەتمەندیی پرسی ڕۆژهەڵات نین

پێویستە هۆکارە چینایەتییە بنەڕەتییەکانی پرسی ڕۆژهەڵات بە وردی ببینین و شیکردنەوەیان بۆ بکەین. بەڵام ئەو هۆکارانەش بە تەنیا پرسی ڕۆژهەڵات(کوردستان- وەرگێڕ)یان نەخوڵقاندووە. چونکە دواکەوتوویی و هەژاری تەنیا پرسی ڕۆژهەڵات نییە، بەڵکو لە تەواوی تورکیا

15 - CHP, nın Düzen Değişikliği Programı, Doğu,da Yeni ve Halkçı Düzen, Bölüm 6, s.45, Ankara 1969

بەوجۆرەیە. بۆ نموونە لە ئەنادۆڵی نێوەڕاست، رۆژئاوا یان رۆژهەڵاتیش هەژاری و گوندی دواکەوتوو هەن. لەو روانگەیەوە، پێویستە بە باشی ئەوە بزانرێت کە پرسی رۆژهەڵات تەنیا پرسی گەشەنەسەندن نییە. پرسی رۆژهەڵات لە هەمانکاتدا پرسێکی نەتەوەییە و هەر ئەو رەهەندە نەتەوەییە کە پرسی رۆژهەڵاتی کاراکتەریزە کردووە. خۆی پرسی رۆژهەڵات تێکەڵاوێکە لە هۆکاری چینایەتی و نەتەوەیی. کاتێک یەکیان ڕووندەکرێتەوە، ئەوی دیکەش دیاردەبێت و کاتێکیش هۆشیارییەك سەبارەت یەکیان دەرکەوێت، سەبارەت بەوی دیکەشیان ڕوودەدات. لەو روانگەیەوە پێویستە بیر لە رێگەچارە بۆ پرسی نەتەوەیی و چینایەتی بکرێتەوە بۆ ئەوەی پرسی رۆژهەڵات چارەسەر بکرێت.
لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەکانی تایبەت بە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (کوردستان ـ وەرگێڕ) لە چوارچێوەیەکی زانستیدا سەرنجێکی ئەوتۆیان بۆ خۆیان ڕانەکێشاوە. بەشێك لە زاناکانمان تەنیا لە چوارچێوەی هۆکارە سۆزئامێزەکاندا کاریان کردووە و لە ژێر کاریگەریی ئەو سیستەمە پەروەردەییەی "نەتەوەگەرایی تورکی" دان کە مەیلی بۆ فاشیزم دەچێت، بوونی کورد رەتدەکەنەوە یان ئەگەریش هەبن بە گرێدراوی ئەو تورکەی دەزانن کە "یەك کەسی (تورك) هەموو دنیا دەهێنێ".
ڕووی دەممان لەوجۆرە کەسانە نییە. ئەو نووسەرانەش کە خاوەنی بیرۆکەی شەرەفی کۆمەڵایەتین، بەم جۆرە دژی بابەتەکە قسە دەکەن: پرسی کورد یەکێکە لەو پرسانەی کە ئیمپریالیزم گەمەی زۆری پێدەکات. بۆیە لەم کاتانەدا، جەختکردنەوە لە پرسی نەتەوەیی لە بابەتەکانی پەیوەست بە پرسە چینایەتییەکان دوورمان دەخاتەوە و بە ئاراستەیەکی پێچەوانەمان دەبات. ئەمەش وەك ئەوەیە کە رۆن بە نانی ئیمپریالیزمدا بکەی. ئەم دۆخە لە روانگەی ستراتیژی شۆڕشەوە سەرگەردانییەکی زۆری دروستکردووە. کاتیك لە تورکیا پرسی چینایەتی چارەسەر بکرێ پرسی کوردیش چارەسەر دەبێت.
لە روانگەی ستراتیژی شۆڕشەوە ئەو بیرۆکانە پشتگوێ ناخرێن، بەڵام

ئەوانە دوو هەڵەی بنەڕەتییان هەیە:

## 1. چەمکی "ئیمپریالیزم کەڵك وەردەگرێت"

ئەو دیدگایەی کە پێیوایە پرسی ڕۆژهەڵات سوودی بۆ ئیمپریالیزم هەیە و نابێ ئێستا باس بکرێت، هیچ واتایەکی نییە. چونکە ئیمپریالیزم بەشی ئەوە ژیرە بتوانێ کەڵك لە هەموو ئەو توێژینەوە زانستییانە وەربگرێ کە لە تورکیا کراون. چۆن دەتوانێ دەستی بگاتە ئەو لێکۆڵینەوە تایبەتانەی سەبارەت بە پرسی ڕۆژهەڵاتن، بەوشێوەیەش دەتوانێ دەستی بگاتە توێژینەوەکانی تایبەت بە ناوچەیەکی کەنارنشینی شارەکان، هەروەهاش دەستی بگاتە لێکۆڵینەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە پێکهاتەی چینایەتی تورکیا. ئیمپریالیزم بە ئاسانی ناتوانێ کەڵك لەو ستراتیژەی شۆڕش وەربگرێت کە بناخە چینایەتییەکەی زۆر قایمە، هەروەها ناتوانێ سوود لەو توێژینەوانەش ببینێ کە پێکهاتەی چینایەتییان لەبەرچاو گرتووە. ئیمپریالیزم ناتوانێ بە ئاسانی کەڵك لە پرسی ڕۆژهەڵات وەربگرێت و لەو ڕوانگەیەشەوە تەقەلاکانی ئیمپریالیزم درێژخایەن نابن.

## 2. نەتەوەکان لێکەوتەی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی نین بەڵکو لێکەوتەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارین

دەگوترێ "با جارێ لەسەر پرسی نەتەوەیی نەڕۆین، هەرکاتێک کێشەی چینایەتی لە تورکیا چارەسەر کرا، کوردیش مافە نەتەوەییەکانی خۆیان وەك خوێندن بە زمانی دایک، نووسین و پەروەردە وەردەگرن. چونکە سۆسیالیزم باشترین سیستەمە بۆ گەیشتنی مرۆڤ بە خواستەکانی"، دیارە هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە سۆسیالیزم باشترین سیستەمە بۆ گەیشتنی مرۆڤ بە خواستەکانی، بەڵام ئەو دیدگایەی سەرەوە

روانگەیەکـی هەڵـەی تێدایـە سـەبارەت بـەوەی کـە نەتـەوەکان تەنیـا بـە ڕێگـەی شـێوازی بەرهەمهێنانـی سۆسیالیسـتی دروسـت دەبـن و مافـە نەتەوەییەکانیـش لـەو سیسـتەمەدا دابیـن دەکرێـن. چونکـە نەتـەوەکان لە ئەنجامـی شـێوازی بەرهەمهێنانـی سـەرمایەدارییەوە دەرکەوتـوون و مافە نەتەوەییەکانیـش لەوکاتـەوە وەك پرسـێك دەرکەوتـوون. جـا بۆیـە جێـی خۆیەتـی ئەگـەر بـە کورتـی باسـی مێـژووی ئـەو بابەتـە بکەیـن.

### چ. ڕەوتی مێژوویی

مـاددەی 38ی ڕێککەوتننامـەی لـۆزان، کـە لـە 23ی تەممـووزی 1923 واژۆکـراوە، دەڵێـت: " حکومەتـی تورکیـا بەڵێـن دەدات بەبـێ جیـاکاری لـە نەتـەوە، لەدایکبـوون، زمـان، نـەژاد و ئاییـن، ژیـان و ئـازادی بـۆ هەمـوو خەڵکـی تورکیـا بەبـێ کەموکـوڕی دابیـن بـکات". لـە مـاددەی 39ی هەمـان ڕێککەوتننامـەدا هاتـووە: "بـۆ هیـچ هاووڵاتییەکـی تورکیـا، ڕێگـری نابێـت لـەوەی لـە بازرگانـی، پەیوەندیـی کەسـی، کاروبـاری ئایینـی و بڵاوکـراوە، هەروەهـا لـە کۆبوونـەوە گشـتییەکاندا چ زمانێـك بەکاردەهێنێـت. وێـڕای زمانـی فەرمـی، ئاسـانکاری دەکرێـت بـۆ ئـەوەی هاووڵاتیانـی تورکیـا لـە دادگادا بـە زمانـی خۆیـان قسـە بکـەن". هەروەهـا لـە مـاددەی 40ی هەمـان ڕێککەوتننامـەدا هاتـووە: "هاووڵاتیانـی سـەر بـە کەمینـەکان لـە تورکیـا، مافێکـی یەکسـانیان لەگـەڵ هاووڵاتیانـی دیکـەی تورکیـا دەبێـت و وەك یـەک مامەڵەیـان لەگـەڵ دەکرێـت. بەتایبەتـی ئـەوان ئـازادن لـەوەی بـە خەرجیـی خۆیـان هەمـوو دامەزراوەیەکـی ئایینـی و خێرخـوازی، یـان دامـەزراوەی پەروەردەیـی و فێـرکاری دابمەزرێنـن و بەڕێـوەی ببـەن و تێیـدا زمانـی خۆیـان بەکاربێنـن. لەو ڕووەشـەوە مافێکی یەکسـانیان دەبێـت". [16] دوای هەڵوەشـانەوەی خەلافـەت لـە 3ی ئـاداری 1924، لـە گوتەکانـی

16 - Cemil Birsel, Lozan, Cilt2, İstanbul1933, s.593-594

سـەید بـەگ، وەزیـری داد کـە نوێنـەری ئیزمیریـش بـووە لـە پەرلەمـان، ئەمانـەی خـوارەوەش گـوتـراون: "ئەفەندییـەکان! بـا خـۆمـان نەخەڵەتێنیـن. هیـچ ناتوانیـن دنیـای ئیسـلامیش بخەڵەتێنیـن. کەسـانی زۆر زانـا لەنێـو ئەوانـەدا هـەن. ئەمڕۆ هەموویان لە ئێمە زاناترن. کتـێبە ئیسـلامییەکانیان بەدەسـتەوەیە. ئایا ئـەوان نازانن خەلافەتی ئیسـلامی چییـە؟ زاناکانی هیند، میسـر، یۆنـان، نەجـد، زاناکانی کوردسـتان... زاناکانی هەموو ئەو شـوێنانەی کـە باسـمکردن، لـەڕووی ئایینییـەوە خەلافەتـی پادشـاکەی ئێمـە قبـووڵ ناکـەن. بـڕوا دەکـەن کاتێـک لـە میسـر، لـە هیندسـتان و لـە کوردسـتان باسـی خەلافـەت بکرێـت، جدییـە؟" [17]. وەك دەبینرێت لە سـاڵانی سـەرەتای کۆمـاردا کەشـوهەوایەکی بـاش سـەبارەت کـورد هەبـوو. لـە کۆبوونـەوە فەرمییەکانـدا ناوی کـورد و کوردسـتان زوو زوو بەکارهاتووە. ئەتاتورکیش لـە شـەڕی رزگاریـدا چەندیـن جـار گوتبـووی، ئـەم شـەڕە تەنیـا شـەڕی تورکـەکان نییـە، شـەڕی کـورد، چەرکـەس، لاز و هەمـوو گەلانـی ئانادۆڵـە. ئـەم گوتانـەش قسـەی ئەتاتورکن:"ئـەو سـنوورانەی کـە بەسـەری رم، شـەرەف و خوێـن کێشـراون، لـە باشـووری کەنـداوی ئەسـکەندەروونەوە، لـە ئەنتاکیـا و حەلەب و لەنێو وێسـتگەی تێکەڵـەوە دەڕوات و، لە باشـووری پـردی جەرابلوسـەوە دەگاتـە رووبـاری فـورات و لەوێشـەوە بـۆ دێـرەزوور شـۆڕدەبێتەوە. دواتـر بـۆ رۆژهـەڵات درێژدەبێتـەوەو تاوەکـو مووسـڵ و کەرکـووك و سـلێمانی دەڕوات، وەك چـۆن لەلایـەن سـوپاکەمانەوە بـە چـەك بەرگـری لێکـراوە، نیشـتمانی ئێمەیـە کـە هـەردوو نەتـەوەی تـورك و کـورد تێیـدا دەژیـن. لـە باشـووری ئـەو شـوێنانەش هاووڵاتیانـی عەرەبمـان هـەن". [18] ئەتاتـورك دیسـان لـە سـاڵی 1920دا لـە وتارێکـدا لـە پەرلەمانی گـەل وەهـای گـوتـووە: "ئەوانـەی پەرلەمانی بـاڵای ئێمەیان پێکهێنـاوە تەنیا تـورك نیـن، تەنیـا کـورد نیـن، تەنیـا چەرکـەس نیـن، تەنیـا لاز نیـن، بەڵکـو پێکهاتەیەکـی ئیسـلامیی تێکـەڵاو لـە هەموویانـە. دەسـتەیەکی نیازپاکـە.

17 -Mehmet Emin Bozarslan,  a.g.e, s.184

18 - Atatürk Söylev ve Demeçleri, Cilt 2, s.12

هەروەهـا ئـەو میللەتـەی کـە دەمانـەوێ بیپارێزیـن و بەرگـری لێبکەیـن تەنیـا یـەك نەتـەوە نییـە و لـە رەگـەزی جیـاوازی ئیسـلامی پێکهاتـووە. هـەر پێکهاتەیەکـی ئیسـلامی کـە لەلایـەن ئـەم دەسـتەیەوە نوێنەرایەتـی دەکرێـت، بـرا و هاووڵاتیمانـە و بەرژەوەندیـی هاوبەشـمان هەیـە". [19]

ئـەو هەڵوێسـتە پۆزەتیڤـە لەبەرامبـەر کـورد دوای راگەیاندنـی کۆمـار بـەردەوام نەبـوو. ئـەوەش رێـك پەیوەنـدی بـە رۆڵـی تـازەی دامـەزراوەی ئاییـن لـە ژیانـی کۆمەڵایەتیـی ئێمـە و هەڵوەشـانەوەی خەلافەتـەوە هەیە: لـە ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا هێزیـك هەیـە کـە جەمـاوەری بەرفراوانـی خەڵـك پێکـەوە دەبەسـتێتەوە؛ ئەویـش ئایینـە. ئەمـە لـە دامـەزراوەی خەلافەتـدا ناسـنامەیەکی سیاسـی وەرگرتـووە. رەئـوف ئۆربـای بـەم جـۆرە باسـی رۆڵـی یەکانگیرکەرانـەی خەلافـەت لـە رۆژانـی دامەزراندنـی کۆمـاردا دەکات: " مـن لـەڕووی سـۆز و ویژدانـەوە گرێـدراوی پایـەی خەلافـەت و سـەڵتەنەتم. چونکـە باوکـی مـن لـە گەورەکانـی دەوڵەتـی عوسـمانی بـووە کـە بـە نـان و نیعمەتـی پادشـا پێگەیشـتوون. لـە خوێنـی منـدا نمەکـی ئـەو نانـە هەیـە. لای ئێمـە راگرتنـی بارودۆخـی گشـتی کارێکـی ئاسـان نییـە و ئەمـە تەنیـا لەلایـەن پێگەیەکـەوە دابیـن دەکرێـت کـە هەرکـەس ناتوانـێ پێـی بـگات و بـە بـەرزی دەبینرێـت. ئەوەش پێگـەی خەلافەت و سـەڵتەنەتە. لابردنـی ئـەو پێگەیـە و هەڵوەشـاندنەوەی، هەروەهـا هەوڵـدان بـۆ دانانـی پێگەیەکـی دیکـە لـە شـوێنی ئـەوە، رێ بـۆ کارەسـات و ناخۆشـی دەکاتەوە. ئەمـەش رێگەپێـدراو نییـە".[20]

هەڵوەشـانەوەی خەلافـەت و قبووڵکردنـی لائیکبـوون واتـای ئـەوەی کـە ئیـدی دەبـێ ئەو تایبەتمەندییـە یەکخەرانەیەی ئایین نەمێنـێ و هەر ئەوەش روویـدا. کەوابـوو دەزگایەکـی دیکـە پێویسـت بـوو کـە هەمـان ئـەو رۆڵـەی جارانـی ئاییـن و خەلافەت لە سـەردەمی ئیمپراتۆریی عوسـمانی، لە تورکیای

---

19 - Atatürk Söylev ve Demeçleri, Cilt 1, s.12

20 -Şevket Süreyya Aydemir, Tek Adam, Cilt,3, Remzi kitabevi, İstanbul 1965, s.50-51

نوێشـدا بگێڕێـت و، بـۆ ئـەوەش "نەتەوەگەرایـی تورکـی" دەستنیشـان کـرا، بـەڵام لەبەرئـەوەی ئەوە روونەکرایەوە کە پێویسـتە چۆن لە نەتەوەگەرایی تێبگەیـن و بنەمـا کۆمەڵایەتییەکانـی ئـەو نەتەوەگەراییـەش دانەنـرا، لـە کۆمەڵێـك شـتی نەژادپەرسـتانە دوورنەخرایـەوە. دەتوانیـن کاریگەرییەکانی ئـەوەش لەسـەر ئامادەکردنـی دەسـتووری 1924 ببینیـن. لـە بەشـی "مافە گشـتییەکانی تـورك" لـەو دەسـتوورەدا، دەسـتەواژەکانی وەك "هـەر تورکێك..."(مـاددەی 68)، "تورکـەکان لـە چـاوی یاسـاوە..."(ماددەی 68)، "مـاف و ئازادییەکانـی... لـە مافـە سرووشـتییەکانی تورکەکانە"(مـاددەی 70)،" تورکـەکان چـی بـۆ تاکەکان..."(مـاددەی 82)، "خوێندنـی سـەرەتایی بـۆ هەمـوو تورکێـك ناچارییە..."(مـاددەی 87)، "هـەر تورکێـك کـە مافـی سیاسـی هەیە..."(مـاددەی 92) لـە نموونـە دیارەکانـی ئـەوەن. هەرچەنـد لـە مـاددەی 88ی هەمـان دەسـتووردا دەڵێـت: "هەمـوو هاووڵاتیانـی تورکیـا بەبـێ جیـاوازی ئاییـن و رەگـەز بـە تـورك دادەنرێـن"، بـەڵام ئەمـە تەنیا ماددەیەکـە کـە هیـچ پەیوەندییەکـی بچووکیشـی لەگـەڵ پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـدا نییـە.

لـە هەمـان دەسـتووردا، دیسـان دەسـتەواژەکانی وەك: "نەتـەوەی تورك..."(مـاددەی 4)،"... مافـی هـەر تورکێکـە." (مـاددەی 10)، "...هـەر تورکێـك دەتوانێـت بـۆ پەرلەمانتـاری هەڵبژێردرێـت..." (مـاددەی 11)" بەختەوەریـی نەتـەوەی تـورك... ئاراسـتەی دەوڵەتـی تـورك دەکرێـت..." (مـاددەی 38)، بەڕوونـی سەردەسـتیی تورکەکانیـان بەسـەر نەتەوەکانـی دیکـەدا باسـکردووە. لەبـەر ئەوانـەش و لەبـەر شـێوازی جێبەجێکردنیـان، خەڵکـی رۆژهـەڵات هەمیشـە هەسـتی بـە چەوسـانەوە کردووە و خۆیشـی وەك کۆمەڵگەیەکـی جیـاواز لـە تورکـەکان بینیـوە.

بـە تایبەتـی راپەڕینـەکان و راگواسـتنەکان کـە بەرئەنجامـی ئـەو بزاڤانـە بـوون، ئـەو سیاسـەتەی زیاتـر گەشـەپێدا. ئیـدی هیـچ باسـی کـورد و مافـە نەتەوەییەکانیـان ناکرێـت. تاوەکـو ئـەو جێگەیـەی بکرێت پڕوپاگەنـدەی ئەوە بڵاودەکرێتـەوە کـە (کـوردەکان تورکن). هەوڵی گوشـاردانان لەسـەر زمان

و ئەدەبیاتی کوردی دەدرێت. ئەمە لەکاتێکدا کە وەك لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کرد، ڕێککەوتننامەی لۆزان لە تەنیشت کەمینە ناموسڵمانەکاندا، هەمان مافی بە کورد داوە. ئێستا ڕۆم و ئەرمەن و جووی تورکیا لەو مافانە کەڵك وەردەگرن، بەڵام کورد بۆیان نییە سوودی لێوەرگرن و مافەکانی ئەوان پێشێل دەکرێن. بۆ ئەمەش پەنا بۆ هەموو ڕێگەیەکی فاشیستانە برا. زانکۆش وەك ئامرازێکی ڕەواییدان بەو سیاسەتە فاشیستییە بەکارهێنراوە. بەتایبەتی لە هەفتەی کۆنفرانسی زانکۆکاندا لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات، بە ناوی زانست و زانستیبوونەوە بەردەوام پڕوپاگەندە دەکرا و ڕەوایی بە سیاسەتی فاشیستی دەدرا. پ.باسم دارکۆت لە 30-23ی ئەیلوولی 1942 لە سێیەمین "کۆنفرانس"ی هەفتەی زانکۆدا گوتوویەتی: "ئەگەر لە دێرسیمییەك بپرسی لە کوێوە هاتووی، دەڵێ لە خۆراسان و شانازی بە ڕەچەڵەك و ڕەسەنایەتی خۆیەوە دەکات. هەر تاکێك ڕەچەڵەکی خۆی دەگەیێنێتەوە ئەحمەد یەسەڤی، ئەمەش لەکاتیکدایە لە مێژووی بڵاوبوونەوەی تورکەکانەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، خۆراسان ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبووە. ئەحمەد یەسەڤیش سۆفییەکی گەورەی تورك بووە کە لە تورکستانی ڕۆژئاوا ژیاوە [21].

ئێستا با تۆزێک باسی چەمکی کورد بکەین کە بۆ یەکەم جار لە کۆنفرانسەکەماندا قسەی لێ کرا. ئەمە بایەخی زۆرە تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەی بابەتەکەش بێت. ساڵنامەی فەرمی، بەپێی سەرژمێرییەکانی ساڵی 1935، باسی ئەوەی کردووە کە بەگوێرەی زمانی دایك، ئەوانەی بە کوردی قسە دەکەن نزیکەی 1.5 ملیۆن کەس دەبن. ئایا کوردی چییە؟ بۆچی مۆرێکی بەوشێوەیە لە 1.5 ملیۆن هاووڵاتی دەدرێت؟ (هێڵی تۆخمان بەژێریدا کێشا) ئایا بیر لەمە کراوەتەوە؟ کاتێک مۆرێکی وەها بدەین، ئەوە قبووڵ دەکەین کە کۆمەڵێکی یەکدەستی 1.5

---

21 -Besim Drkot,Tunceli Üzerinde Coğrafi Görüşler,3. Üniversite Haftasi Elazığ, Ankara1943, s.119-120

ملیۆن کەسی هەیە. (جەختمان لەسەر کردەوە) بەڵام با لەم بڕیارەی خۆماندا پەلە نەکەین. ئەوانەی تۆزێک ئاڵۆز قسە دەکەن یەکسەر کۆدەکرێنەوە. " لەڕاستیدا ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی لێکۆڵینەوەی لێکۆڵینەوەی لێکۆڵینڤانە راستەقینەکانی زمانە. با چاوەڕێی ئەو پێداچوونەوانە بکەین. خۆ ناکرێ هەر ئاماژەیەکمان بینی ئیدی یەکسەر بانگەشەی بۆ بکەین. باوەڕهێنان بەوەی کە زمانێك بەناوی کوردی و کۆمەڵێکی یەکگرتوو بەناوی کورد هەیە، تەنیا زیانی بۆ یەکێتی نەتەوەییمان نییە، بەڵکو شتێکی ناڕاست و ناحەقیشە. لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ تەنیا یەك زمانی وەها نییە، بەڵکو چەندین زاراوەی پەرشوبڵاو هەن کە چەندە نزیکی یەك بن، ئەوەندەش نزیکی زمانی تورکین. پێویستە ئەمە ببینرێت و پیشانبدرێت. ئەکادیمیای دەوڵەتی قەیسەری لە رووسیا، کتێبێکی لەسەر زمانی کوردی ئامادەکردووە کە 8000 وشەی بۆ ئەو زمانە دیاریکردووە، ئەوەش تۆمارکراوە کە ٪36ی ئەو وشانە لە زمانی تورکییەوە هاتوون. پشکی زمانی فارسی کە دوای تورکی زاڵە بەسەر ئەو زمانەدا، تەنیا ٪30 دەبێت. باقی وشەکانی دیکەش لە ئەرمەنی و عەرەبییەوە وەرگیراون. لێرەدا ئەوەی بەڕاستی زاڵترە، زمانی تورکییە. چونکە زۆربەی وشە عەرەبییەکان و بەشێك لە وشە فارسییەکانیش لە بنەڕەتدا لە زمانی تورکیدا بەکاردەبرێن. لەکۆتاییدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەرچەندە ئەو کتێبی زمانە قسەکانی ئێمە پشتڕاست دەکاتەوە،بەڵام نابێ زۆر پشتی پێ ببەستین. چونکە تەنانەت ئەوەش گومان دەخاتە سەر بوونی تاکە زمانێکی هاوبەش وەك ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد".

ئەو نووسینە کورتکراوەی بۆچوونە سیاسییەکانی شۆڕشە سەبارەت کورد. پرۆفیسۆر دارکۆت نەك تەنیا کورد وەك نەتەوەیەك قبووڵ ناکات، بەڵکو کوردبوونیش وەك شتێکی بچووك و بابەتی شەرەف تەماشا دەکات. هیچ بەو بۆچوونانە ناگوترێت، چونکە لە جدییەتی زانستی دوورن و بە تەواوی سۆزدارانەن. نازانین هێشتا پ. دارکۆت هەمان بۆچوونی جارانی هەیە یان نا، بەڵام ئەمڕۆ گەنجانی رۆژهەڵات، بە

ئەنـدازەی شـانازیی تورکێـك بـە تورکبوونـی خۆیەوە، شـانازی بـە کوردبوونی خۆیانـەوە دەکـەن و هۆشـیاریی کوردبوونیـان هەیـە. چونکـە یەکسـانیی نەتـەوەکان کـە لـە ڕێککەوتننامـەی لۆزانـی 1923 دا دانی پێدانـراوە، یەکێك لـە راسـتییە بنەڕەتییەکانە کە شـوێنی هیـچ ناڕەزاییەکی نەهێشـتووەتەوە.

دەکـرێ ئـەو هەڵوێسـتە مەیلـەو فاشیسـتییەی سـەردەمی تاکحیزبـی لـە دەسـتووری 1961 یشـدا وەك خـۆی ببینرێـت. لـە دیباجەی دەسـتوورەکەدا گوتـەی نەتەوەگەرایـی تورکـی، هەروەهـا ماددەکانـی "سـەروەری بـێ هیـچ شـەرت و مەرجێـك سـەروەری نەتـەوەی تورکـە" (مـاددەی 4)، "دەسـەڵاتی دادگا بەنـاوی نەتـەوەی تورکـەوە.." (مـاددەی 35)، "هەرهاووڵاتییەکـی تورکیـا تورکە...منداڵـی دایـك و باوکێکـی تـورك تورکـە... هیـچ تورکێـك..." (مـاددەی 54)، "هەرتورکێـك بـۆ خزمەتـی گشـتی..." (مـاددەی 58)، "بەشـداریکردن لـە بەرگـری لـە نیشـتمان مـاف و ئەرکـی هـەر تورکێکـە..." (مـاددەی 60)، "...گۆڕینـی یاسـاکانی تـورك..." (مـاددەی 5/65)، "...هێـزە چەکدارەکانـی تـورك..." (مـاددەی 66)، "هـەر تورکێکـی دەنگـدەر لـە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمـان..." (مـاددەی 71)، "...هـەر تورکێـك کـە ڕێگـری لـە خۆبەربژێرکردنـی نەبێـت..." (مـاددەی 72)، "وەك سـەرۆککۆماری دەوڵەتـی تـورك...." (مـاددەی 96)، "هیـچ حوکمێکـی ئـەم دەسـتوورە.... هاوچەرخـی کۆمەڵگـەی تـورك..." (مـاددەی 153)، "... و دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن بەنـاوی نەتـەوەی تورکـەوە..." (مـاددەی کاتـی 4/2) لـە باشـترین نموونەکانـی ئـەوەن. بەتایبەتـی کاتێـک لـە مـاددەی (2)دا باسـی نەتەوەگەرایـی دەکرێـت، ئـەوە بەڕوونـی دەبینرێـت.

نەجیـب بیلگـە ئەندامـی مەجلیسـی دامەزرێنـەر، تەنیـا لەبەرئـەوەی ئاوازەکـەی خۆشـترە، پێشـنیاز دەکات لەجیاتـی "سـەروەری بـێ هیچ شـەرت و مەرجێـك سـەروەری نەتـەوەی تورکـە"، رسـتەی" سـەروەری بـێ هیـچ شـەرت و مەرجێـك سـەروەری میللەتـە" [22] دابنرێـت، کەچـی هسـفی

22 - Kazım Öztürk, Türkiye Cumhuriyet Anayasası, Cilt 2, Ankara 1966, s.1132

ئۆغـور بەکاتا وەڵامدەداتـەوە: "... بـەڵام لێـرەدا جەخـت لـە وشـەی تـورك دەکەمــەوە. بەکارهێنانــی وشــەی تــورك لــەو ماددەیــەدا واتایەکــی زۆر پووخــت و جەوهــەری هەیــە. تــکا دەکــەم". (23)

جـا لێـرەدا حەقـی خۆیەتـی پرسـیاری مانـای ئـەو واتـا پووخـت و جەوهەرییـە بکەیــن کــە وشــەی تــورك هەیەتــی. دیســان هــەر لــە مــاددەی (2)ی دەســتوورەکەدا ســەبارەت بــەوەی کــە ئایــا دەســتەواژەی نەتەوەگەرایــی دابنرێـت یـان نـا، گفتوگۆیەکـی زۆر کراوە. ئەم قسـانەی جەمال گویرسـەل، سـەرۆکی حکومـەت و دەوڵـەت جێـی سـەرنجن: " ئەوروپـا سـەدەیەك بـەر لـە ئێسـتا مەسـەلەی نەتەوەگەرایـی چارەسـەرکردووە، بـەڵام ئێمـە وایـن؟ بچنـە گوندێکـی ئەنـادۆل و لـە هاووڵاتـی بپرسـن تـۆ کێـی؟ دەڵـێ شـوکور بـۆ خـوا موسـڵمانم، ناڵـێ تورکـم. هێشـتا ئـەو هەسـتە دەرنەکەوتـووە. بـا ئێمـە لەبـەر بۆچوونـی ئـەم و ئـەو بـە ڕێگەیەکـدا نەچیـن کـە تورکبـوون و نەتەوەگەرایـی خۆمـان لەدەسـتبدەین. بـا "نەتەوەگەرایـی" لـە دەسـتووردا دابنێیــن و ئــەوە جێبەجــێ بکەیــن. کاتێــک هەســتی تورکبــوون لــە وڵات دەرکــەوت ئەوســا لایدەیــن. دەڵێــن دواتــر پێکهاتەکانــی دیکــە بیــر لــەوە دەکەنــەوە بەپێــی ئامانجەکانــی خۆیــان جیــا ببنــەوە. ئاگاتــان لێیــە کــە ئەمــڕۆ چ تێکۆشـانێك دژی کوردایەتـی دەکەیـن. ئایـا ئەگــەر بڵێیـن ئێمــە نەتەوەگەرایـی لادەبەیـن، ئـەوان دەگەڕێنـەوە بـۆ لای ئێمـە؟ ئیمـە پشـت بەمــە دەبەســتین. تاوەکــو ئەوکاتــەی بەڕێوەبەرییەکــی پــاك لــەم وڵاتــە هەبێـت، هیـچ مەترسـییەك نییـە. پشـت بەخـوا بـا سـەرەتا میللەتەکەمـان بکەینــە نەتــەوەی تــورك. مــن هیــچ لایەنگــری لابردنــی وشــەکە نیــم لــە دەســتووردا. پێویســتە تورکیــا تــورك بێــت. دەبــێ ئــەو گوزارشــتە لــە دەسـتووردا بمێنێتـەوە. ئەگـەر ئەمـڕۆ ئـەوە لابەریـن، 50 سـاڵی دیکـە لـە تورکیـا کەسـێك نامێنـێ بڵـێ مـن تورکـم". (24)

وەك دیــارە هەمــوو نیگەرانــی جەمــال گویرســەل ئەوەیــە کــە تورکیــا

23 - Kazım Öztürk, a.g.e, s.1132

24 - Kazım Öztürk, a.g.e, s.1080

بکاتە تورك. "... با ئەوە بڵێم ئەو نەتەوە کوردییەی کە دەگوترێ لە تورکیا هەیە، لە 80-70 هەزار کەس زیاتر نییە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە لە چەمکی نەتەوەگەرایی دوورین، ئەو جەنگاوەرانەش کە لە رۆژئاواوە هێنامانن و لەوێ جێگیرمان کردن، لەوێ توانەوە" [25].
مایەی سەرسوڕمانە جەمال گویرسەل، سەرۆکی دەوڵەت و حکومەت، کۆمەڵگەیەکی پێنج ملیۆنی بە 80-70 هەزار کەس لە قەڵەم دەدات.
هەر ئەو جەمال گویرسەلە لە پێشەکیی کتێبێکدا کە ساڵی 1961 چاپی دووەمی کراوە [26]، گوتوویەتی قەومێك بەناوی کورد نییە، کوردەکان تورکن" و شتی لەو بابەتەی نووسیوە، بەڵام لە سەرەوەشدا دەڵێت "ئەو قەومەی بە کورد ناسراوە 80-70 هەزار کەس دەبن". ئەمەش لەگەڵ ئەوانەی دیکەیدا یەکناگرێتەوە.
هەر لەو گفتوگۆیانەدا، هەندێك لە رۆشنبیرەکانمان وەك هسفی ئۆغوز بەکاتا گوتوویانە "نەتەوەگەرایی تورك" بۆ جیاکاری نییە، بەڵکو بۆ یەکخستن و یەکانگیرییە.
"ئەمڕۆ لە وڵاتدا لە تەنیشت بیرۆبۆچوونە جیاوازەکان، دڵنیایی گەورە لە دژی کۆمۆنیزم کە لە نزیك سنوورەکانمان لە کەفوکوڵدایە (!) نەتەوەگەرایی ئەو خەڵکەیە کە لەسەر خاکی تورکن. ئا لەسەر ئەوەش، کاتێك بیر لە سوودەکانی ئەوە لە ماوەی درێژخایەندا دەکەینەوە، دانانی ئەو چەمکە لە دەستووردا دەردیسەریمان بۆ دروست ناکات، بەڵکو قازانجی زۆریشی بۆ یەکڕیزی رۆحی نەتەوەکەمان دەبێت" [27].
دانانی نەتەوەگەرایی تورکی لە دەستوور و نوێنەرایەتیکردنی کوردیش لەو نەتەوەگەراییەدا شتیکی زۆر بێ بنەما، بێ واتا و شۆڤینییانەیە. ئەو یەکێتی نەتەوەییەی کە باسی دەکرێت، شتێك نییە بێجگە لە تواندنەوەی نەتەوەیی. لەلایەکی دیکەشەوە هەندێك رۆشنبیری ئێمە،

---

25 - Kazım Öztürk, a.g.e, s.1086

26 -Şerif Fırat, Doğu illeri ve Varto Tarihi, Milli Eğitim bakanlığı  Yay.Ankara 1961, bk. Önsüz.

27 - Kazım Öztürk, a.g.e, s.1095

وەك ئەسـەت چاغـا بیری نەتەوەگەراییان شـرۆڤە کردووە و گەیشـتوونەتە ئـەو ئەنجامــەی کــە نەتەوەگەرایــی تورکــی"... ئــەو مافــە دەداتــە هــەر کەسـێکی سـەر ئـەم خاکـە تایبەتمەندییـە نەتەوەییەکانـی خـۆی بپارێـزێ و گەشـەی پێبـدات". بۆیـە پێیوایـە کە ئـەوە لەوانەیە تووشـی گرفتمـان بکات و باشـتر وایـە دەسـتەواژەی "دەوڵەتـی نەتەوەیـی" بەکارببرێـت. هـەر لـەو نێوانەشـدا ئیدیعـای ئـەوە دەکات کـە نەتەوەگەرایـی تورکـی، نوێنەرایەتـی کوردیـش دەکات. دیـارە ئـەم دیدگایـە جـددی و زانسـتی نییـە [28].

## د. دەستوور و دەستووری 1961

### پێکهاتەی دژبەیەك

سـەرەڕای هەمـوو ئەوانـە، نابـێ مـاددە پۆزەتیڤەکانـی دەسـتووریش پشـتگوێ بخرێـن. لـە زۆربـەی ماددەکانـی بەشـی "مـاف و ئەرکەکانـی تـاك" دا لەجیاتـی وشـەی " تورکـەکان" زیاتـر وشـەی "هەرکـەس" بەکارهاتـووە و ئـەوەش گوزارشـت لـە دیدگایەکـی ورد دەکات، بـەڵام دوو مـاددە هـەن کـە شـایەنی لێوردبوونـەوەن. مـاددەی 12ی دەسـتووری 1961 دەڵێـت: "بەبـێ جیاوازیـی زمـان، نـەژاد، رەگـەز، بیـری سیاسـی و فەلسـەفی، ئاییـن و مەزهـەب، هەمـووان لەبـەردەم یاسـا یەکسـانن. جیـاکاری لەنێـوان هیـچ کـەس و خێـزان و چینێـك ناکرێـت". هەروەهـا مـاددەی 10ی دەسـتوورەکەش بـەم جۆرەیـە: "هەرکـەس هەندێـك مـاف و ئازادیـی پەیوەسـت بـە کەسـایەتی خـۆی هەیـە کـە هیـچ کەسـێك بـۆی نییـە دەسـتی بـۆ ببـات یـان لێـی وەربگرێتـەوە. دەوڵەت هەمـوو ئەو بەربەسـتانە لادەبـات کـە لەگـەڵ بنەماکانـی مـاف و ئازادییەکانـی تـاك، ئاسایشـی تـاك و دادپەروەریـی کۆمەڵایەتـی و یاسـای دەوڵەتـدا ناگونجێـن. هەلومەرجـی

28 -Haluk Ülman, Atatürkün Milliyetçilik Anlayışı Üzerine Deneme,SBF YüzüncÜ Yıl Armağanı, Ankara 1959, s.330

پێویسـت بـۆ گەشـەکردنی مـاددی و مەعنەویـی مـرۆڤ ئامـادە دەکات". ئـەو حوکمانـەی کـە دەسـتووری 1961 سـەبارەت بـە مافەکانـی مـرۆڤ دایناون، لـە رێککەوتننامـەی لۆزانـی 24ی تەممـووزی 1923یشـدا هاتوون. گەلانـی ناموسـڵمان کەڵکیـان لەو ماددانـەی رێککەوتننامەکـە وەرگرتووە. بۆنموونـە دەتوانـن بـە زمانـی خۆیـان رۆژنامـە دەربکـەن یـان بخوێنـن، بەڵام کـورد کـە لـە گەلانـی ناموسـڵمان زیاتـرن و نزیکـەی پێنـج ملیـۆن کـەس دەبـن، لـە زۆر لـەو مافانـە و مافـە نەتەوەییەکانیـان بێبەشـن. ئەوانـەش کـە ئیشـیان لەسـەر زمـان و ئەدەبیاتـی کـوردی کـردووە، بـە تۆمەتـی کوردایەتـی دادگایـی کـراون، سـزا و ئـازار دراون [29]. ئـەو بەنـدەی دەسـتوور کـە دەڵێـت: "دەوڵـەت هەلومەرجـی پێویسـت بـۆ گەشـەکردنی مـاددی و مەعنەویـی مـرۆڤ ئامـادە دەکات" بـۆ کورد جێبەجـێ نەکـراوە. واز لەوەش بێنـە، لەڕێـی گۆشـارێکی نەتەوەگەراییـەوە رێگـە لـە گەشـەکردنی مـاددی و مەعنەوییـان گیـراوە. بـۆ نموونـە بەرهەمێکـی بەنێوبانگـی ئەدەبیاتـی کـوردی کـە مـەم و زینـە [30] هـەر لەژێـر دەزگای چاپکـردن دا کۆکرایـەوە و

---

29 - بـەڕای ئێمـە چەمکەکانـی "کوردچـی" و "کوردایەتـی" زۆر بەهەڵـە بەکاردەبرێـن. کاتـێ ویسـتیان سـووکایەتی بـە کوردێـك بکـەن پێیدەڵێـن کوردچـی. باسـی ئـەوە دەکرێـت کـە تاوانـی" کوردایەتـی" کـردووە، بـەڵام ئەوانـە دەسـتەواژەی زۆر سیاسـین و گوزارشـت لـە گۆشـارێکی نەتەوەیـی دەکـەن و هیـچ واتایەکـی زانسـتییان نییـە. چونکـە تورکایەتـی و عەرەبایەتـی هـەن، کوردایەتیش دەبێـت. لە بەرامبـەر نەتەوەگەرایی تورکـی و نەتەوەگەرایی عەرەبیـدا، رەوت و چەمکـی نەتەوەگەرایـی کوردیـش دەبێـت. بـە واتایەکـی دیکـە چەنـدەی نەتەوەگەرایـی تورکـی گونـاح و سـەواب بـێ، بـەو ئەندازەیـەش نەتەوەگەرایـی کـوردی گونـاح و سـەوابە. کەسـێك کـە فیکـری یەکسـانیی نەتەوەکانـی قبـووڵ کردبێـت، ئاسـان دەتوانێـت ئـەوە قبـوول بـکات. لێـرەدا خاڵـی گرنـگ ئەوەیـە کـە چ نەتەوەگەرایـی تورکـی و چ نەتەوەگەرایـی کـوردی، هیچیـان چارەسـەرێکیان بـۆ رزگاریـی جەمـاوەری رەنجـدەر نەهێناوە.

30 -Ehmede Xanı, Mam u Zin, Çev. Mehöet Emin Bozarslan, Gün Yayınları, İstanbul 1969.
ئەحمـەدی خانـی لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی 17 لـە ناوچـەی هـەکاری ژیـاوە و لـە بەرهەمـە بەناوبانگەکەیشـی ئەمانەمـان کۆکردووەتەوە:

گەر دێ هەبووا مە پادشاهەک
لائق بدیا خوەدی کولاهەک
تەعیین ببوا ژ بۆ وی تەختەک
زاهر ڤەدبوو ژ بۆ مە بەختەک
....
تینانە دەرێ ژ دەست لەئیمان
غالب نەدبوو ل سەر مە ئەڤ رۆم
نەدبوونە خەرابەئێ د دەست بۆم

ڕێگە لە فرۆشتنی گیرا. لەبەرامبەر ئەوەشدا زمان و ئەدەبیاتی تورکی فێری منداڵانی کورد دەکرێت. فێربوونی زمان و ئەدەبیاتی مرۆڤێك قەدەخە دەکرێت و زمان و ئەدەبیاتی یەکێکی دیکە دەسەپێنرێت. ئەمە ڕێك پێشێلکردنی دەستوورە کە هۆکاری ناکۆکی و ناپایەداربوونی وڵاتە داخراوەکانە. بۆ داپۆشینی ئەو ناجێگیری و ناکۆکییەش بەردەوام دەگوترێ کورد کولتووری فێربوونی زمان و ئەدەبیاتی سەربەخۆیان نییە، کورد تورکن و شتی لەو بابەتە. ئەو قسە و بانگەشانە کە هیچ بنەمایەکی زانستییان نییە، جگە لە مەبەستی ڕەواییدان بە سیاسەتی فاشیستی هیچی دیکە نییە.

ئا لێرەدا پێویستە بە بوێرییەوە ئەو پرسیارە بکرێت کە ئامانجی دامەزراندنی نزیکەی 50 قوتابخانەی نێوخۆیی (ئەوانەی خوێندکار شەو و ڕۆژ لەوێ دەمێننەوە) لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات (کوردستان ـ وەرگێڕ) بۆ چییە؟ بۆچی ئێزگەی جۆراوجۆری رادیۆیی لەوێ دانراون؟ دەبێ وەڵامی ئەوە بدرێتەوە. ئەو زانایانەی کە کار لەسەر مافەکانی

---

لەڕێگای ئەوانەشەوە دەڵێت کە ئەو کاتانە کورد بە چاوی کەم سەیرکراون. ئەو بەیتانەی خوارەوەش هەر لەوەوە هێنراون:

ئەز مامە د حکمەتا خودێ دا
کورمانج د دەولەتا دنێ دا
ئایا ب چ وەجهی مانە مەحرووم
بالجملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم
....
بفکر ژ عەرەب حەتا ڤە گورجان
کورمانجییە بوویی شوبهی بورجان
ئەڤ رۆم و عەجەم ب وان حسارن
کورمانج هەمی ل چار کنارن
هەردو تەرەفان قەبیلێ کورمانج
بۆ تیرێ قەزا کرینە ئامانج
گۆیا کو ل سەرحەدان کلیدن
هەر تائفە سەددەکن سەدیدن
ئەڤ قولزومێ رۆم و بەحرێ تاجیک
هندی کو بکن خورووج و تەحریک
کورمانج دبن ب خوون مولەتتەخ
وان ژێکڤە دکن مسالێ بەرزەخ
....
ئەحمەدی خانی پێچەوانەی هاوسەردەمەکانی خۆی، بەرهەمەکەی بە کوردی نووسی (چونکە ئەوکاتە

مـرۆڤ و ئازادییەکانـی دەکـەن، بـۆ بیرکردنـەوە لەمە زۆر درەنـگ کەوتوون. هـۆکاری دانانـی قوتابخانـەی نێوخـۆیـی بـۆ زیادکردنـی ژمـارەی خوێنـدەواران نییـە. چونکـە لـە پارێزگاکانــی رۆژئـاواش ناوچــەی وا هــەن کــە رێــژەی خوێندەواریـان کەمـن و بیریـش لـەوە ناکرێتـەوە لـەو شـوێنانە قوتابخانـەی بەوشـێوەیە بکرێنـەوە. نابـێ بیـر لەوەش بکرێتـەوە کە ئەوە بۆ یەکخسـتنی شــوێنە بچووکــە دوورەدەســتەکانە. چونکــە ئــەو قوتابخانانــەی کــە لــەو گوندانـە دەکرێنـەوە، لـە هەندێـك شـوێنی دیاریکـراون و رۆڵـی کەمپێکـی ناوەنـدی بـۆ کۆکردنەوەی خەڵك دەگێڕن. (لەلایەکی دیکەوە، قوتابخانەکان هــەر لــەو گونــدە دوورەدەســتانەش نیــن، بەڵکــو لــە قەزاکانیــش هــەن)، کاتێـک بارودۆخەکـە بەوشـێوەیەبێت، ئـەوە دەردەکەوێـت کـە دەسـەڵات سیاسـەتێکی داگیـرکاری ورد لـە رۆژهـەڵات و باشـووری رۆژهەڵات جێبەجێ دەکات. پێویســت بــەوە نــاکات زمــان و کولتــووری گەلێــك لەناوببەیــت و درێـژە بـە سیاسـەتی تواندنـەوەی نەتەوەیـی بدەیـت. یەکێتـی و یەکڕیزیـی گــەلان لەنێــو وڵات پشــت بــە رێــز و خۆشەویســتیی نێوانیــان دەبەســتێت. ئــەو رێــزەش بــەو بەهایانــەوە دیــار دەبــن کــە خەڵــك دەیانخوڵقێنــن. وەك ئەنجــام دەتوانیــن بێژیــن بوونــی ئــەو قوتابخانانــە لەبەرئەوەیــە کــە هاووڵاتیانـی کوردمـان لەوێـن. ئامانجەکـە ئەوەیـە کـە خەڵکەکـەی ئـەوێ

---

نووسـین بـە فارسـی و عەرەبـی بـاو بـوو) و پێشکێشـی منداڵانـی کوردی کـرد. ئەو سـەبارەت هۆکاری نووسـینی بەرهەمەکـەی بـە زمانـی کـوردی گوتوویەتـی:

ساڤی شەمراند ڤەخوار دوردی
مانەندی دەری لسانێ کوردی
ئینایە نزام و ئنتزامێ
کێشایە جەفا ژ بۆ وی عامێ
دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد
بێ مەعرفەتن بێ ئەسل و بنیاد
ئەنواعێ ملەل خودان کتێبن
کورمانج تەنێ د بێ حسێبن
هەم ئەهلێ نەزەر نەبێن کو کورمانج
عشقێ نەکرن ژ بۆ خوە ئامانج
تێکدا نە د تالبن نە مەتلووب
ڤێکڕا نە موحببن و نە مەحبووب
بێ بەهرەنە ئەو ژ عشقبازی
فارغ ژ حەقیقی و مەجازی

لەڕووی نەتەوەییەوە بتوێنەوە. لە ڕواڵەتدا هەرچۆنێك دەبێ با ببێت، بەڵام ئامانجی ئەو دامەزراوانە تواندنەوەی نەتەوەییە [31].

هیچ شتیك نییە بۆ ئەو قسانەی سەرەوە زیادبکرێ سەبارەت بە ئامانجی ئەو قوتابخانانە. ئەو بیرۆکانە لەئەنجامی هەندێك هەست و بیرۆکەی قووڵەوە هاتوون. هەمان ئەو بۆچوونانە سەبارەت بەو ئێزگانەی رادیۆش راستن کە لە پارێزگاکانی وەك دیاربەکر، وان، ئەرزڕووم، قارس، گازی عەنتاب (دیلۆک - وەرگێڕ) و مەڵاتی دانراون. بۆ نموونە رادیۆیەکی وەکو kw 300ی تورکی بۆ شوێنێکی وەك دیاربەکر کە ٪100ی خەڵکەکەی بە کوردی قسە دەکەن، چ واتایەکی هەیە؟ ئایا ئەو رادیۆیە هەلومەرجی پێویست بۆ گەشەکردنی ماددی و مەعنەویی هاووڵاتیانی کورد دەڕەخسێنن؟ ئەوانەی سەری خۆیان بە بابەتەکانی وەك یەکسانی و ماف و ئازادییەکانەوە دێشێنن، دەبێ بیر لەمە بکەنەوە. ئەو هەوڵانەی کە لەڕێی رادیۆ و قوتابخانە ناوخۆییەکانەوە بۆ تواندنەوەی خەڵکی ناوچەکە دەدرێن، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو سیاسەتەی تواندنەوەی نەتەوەیی نییە کە لە سەردەمی تاکحیزبیدا پەیڕەو دەکرا. بۆ نموونە تاکە ئامانجی یاسای نیشتەجێکردن، یاسای ژمارە 2510ی ساڵی 1934، تەنیا بۆ بە تورككردنی ناوچەکە بووە. بۆ ئەمەش خەڵکی ستەملێکراوی رۆژهەڵات بە کۆمەڵ بۆ رۆژئاوا گواستراونەتەوە و جەنگاوەرە ئازاکانی رۆژئاواش لە شوێنە چۆڵکراوەکانی رۆژهەڵات نیشتەجێکراون.

لە ئەنجامی راپەڕینەکانی 1926، 1932-1930، 1937، هەندێك ناوچەی رۆژهەڵات چۆڵ بوون، خەڵکی کوردیش بەچوارلای ئەنادۆڵدا بڵاوەیان پێکرا. لە یاسای ژمارە 2510دا ماددەی واهەیە کە دەڵێت ئەوانەی لە نەژادی تورك نین و خەڵکی ناوچەی ژمارە (3) ن، بە هۆکاری شوێن، تەندروستی، کولتووری، ئابووری و سیاسی، سەربازی و ئەمنی

31 -Osman Aydın, Yatılı Bölge Okulları ve Asimilasyon, Karakoçan, Nisan 1969, İstanbul, s.12-17.

چۆڵدەکرێـن و نیشـتەجێبوونیان تێـدا قەدەخـە دەکرێـت، هەروەهـا ئـەو خێڵانـەی پابەنـدی کولتـووری تورکـی نیـن، پەرتـەوازە دەکرێـن و لـە شـوێنی دیکـە نیشـتەجێ دەکرێـن. ئەوانـەش کـە هەسـتدەکرێ سـیخوڕ بـن، لـە سـنوورەکان دووردەخرێنـەوە [32].

یەکێـك لـە رێوشـوێنەکانی تواندنـەوەی نەتەوەیـی لەوکاتـە (ئەمـڕۆش) نیشـتەجێکردنی کۆچەرەکانـی بولگاریـا و یۆگوسـلاڤیا لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ بـوو. لەکاتێکـدا هێشـتا خێزانـی بـێ زەوی و زار و خێڵـی کۆچـەر لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ زۆرن، هێنانـی تورکـە کۆچەرەکانـی بولگاریـا و یۆگوسـلاڤیا و دابینکردنـی زەوی و زار بۆیـان و دروسـتکردنی گونـد، رێـی بـۆ ناکۆکـی و ململانێـی کۆمەڵایەتیـش کردووەتـەوە [33]. دوای ماوەیەکـی کـورت لە جێبەجێکردنی ئەو سیاسـەتە، لـە رووداوی دوورخسـتنەوەی (55) ئاغـا لە 27ی مایسـدا هەمان شـت دەبینینـەوە. لـەو رووداوە مێژووییانەوە دەمـەوێ ئەوە بڵێم کە دەسـەڵاتە سیاسـییەکان لەلایەکـەوە پڕوپاگەندەی ئـەوە دەکـەن گوایـە کـورد تورکـن و بـۆ ئـەوە تەنانـەت زانکۆشـیان بەکارهێنـاوە، بـەڵام لەلایەکـی دیکـەوە بـۆ بـە تورککردنـی کـورد یاسـای وەك یاسـای ژمـارە 2510 دەردەکـەن. ئـەو ناکۆکیانـەی نـاو سیاسـەتەکانی حکومـەت لـە سیاسـەتە نافەرمییەکانـدا زیاتـر و خێراتـر رەنگیـان داوەتـەوە. لـە سیاسـەتی فەرمیـدا گوتـراوە کـورد نییە، بـەڵام بە کردەوە کەسـانێکیان بـە دواکەوتـوو زانیـوە تەنیـا لەبەرئـەوەی کـوردن. لەلایەکـی دیکـەوە هەڵوێسـتی حکومەتـەکان لـە سـەردەمی تاکحیزبییەوە تاوەکو ئێسـتا وەك خۆیەتـی و جیاوازییەکـی ئەوتـۆی نییـە. جـاران هەڵوێسـتەکانیان پشـتی بـە زۆر و زەبـری چـەك دەبەسـت و ئێسـتاش ئـەوە بـە قوتابخانـە نێوخۆییەکانی ناوچەکـە و ئێزگـە رادیۆییـەکان دەکـەن. ئـەو گۆڕانـەش پەیوەندییەکـی

---

32 -Fehmi Yavuz, Politika ve Yerleşme Sorunlarımız, 9. İskan ve Şehircilik Haftası Konferansları, SBF Yayını, Ankara 1969, s.127

33 -Fehmi Yavuz, a.g.e, s.126-144

تووندوتۆڵـی لەگـەڵ گۆڕانـی رووخسـاری ئیمپریالیـزم لـەدوای جەنگـی جیهانیـی دووەمـەوە هەیـە.
دەتوانیـن ناکۆکـی رۆشنبیرەکانیشـمان سـەبارەت بـە خەڵکـی کـورد بـەم نموونەیـە زیاتر دەربخەیـن: رۆژنامەڤان عەبدی ئیپەکچی کاتێک تێبینییەکانی خـۆی لەبـارەی سـەردانێکی بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت بڵاودەکاتـەوە، بـەم جـۆرە سـەبارەت بـە سیاسـەتی رووس لـە جۆرجیا دەنووسـێت: "تاوەکـو ئـەو جێگایـەی بینیومـە و زانیومـە، لەنێـو کۆمارەکانـی یەکێتـی سـۆڤیەتدا، جۆرجیا یەکیـك لەوانەیـە کـە زۆرتـر ناسـنامەی نەتەوەیـی خۆی پاراسـتووە. ئەلـف و بێـی تایبـەت بـە خۆیـان نەگۆڕیـوە و ئەلـف و بێی رووسـییان قبووڵ نەکـردووە. وەك کۆمارەکانـی دیکـە بایـەخ بـە فێربوونـی زمانـی رووسـی لە قوتابخانـەکان نـادەن. بۆیـە بەشـێکی زۆری جۆرجییـەکان بەباشـی رووسـی نازانـن. لـە شـانۆکانیاندا تاوەکـو بکرێـت کەمتـر شـتی رووسـی دەکرێـت و زیاتـر شـانۆ بـە زمانـی جۆرجـی دەکـەن" [34].
لێرەدا نامانەوێ باس لە گوشـاردانان یان گوشـاردانەنان لەسـەر کۆمەڵێك بکەیـن کـە زمـان و ئەدەبیاتـی خۆیـان بەکاردێنـن. ئـەوەی دەمانـەوێ باسـی بکەیـن، ئـەو هەڵوێسـتەیە کە عەبـدی ئیپەکچی لە بەرامبـەر گەلی جۆرجیا و گەلـی کـورد لە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ نواندوویەتی. عەبـدی ئیپەکچی بەزەیی بـە گەلـی جۆرجیـادا دێتـەوە کـە بـە زمانـی تایبـەت بـە خـۆی قسـە دەکات، دەخوێنێت، هەموو کات لێکۆڵینەوە لەسـەر زمان و ئەدەبیاتی خۆی دەکات و هەندێـك جاریـش دژی گوشـارەکانی دەسـەڵاتی ناوەنـدی رادەوەسـتێت، (ئیپەکچـی باسـی ئـەوە نـاکات کـە ئـەو گوشـارانە چیـن. بەپێچەوانـەی پێشـەکیی ریپۆرتاژەکـەی، بـە پێشـداوەری و بۆچوونـی پێشـوەختەوە باسـی یەکێتـی سـۆڤیەت دەکات). لەوانـەش گرنگتـر، خاوەنـی گەرەنتـی گرنگـی سیاسـی و ئابوورین (برسـێتی نییە و ئاسـتێکی دیاریکراوی خۆشـگوزەرانییان هەیـە، بێـکاری نییـە و کـەس خەمی پیربوونی نییە و لەسەتاسـەت کێشـەی

34 -1. Ekim 1969, Milliyet

نەخوێندەواری چارەسەر بووە و...تاد)، ئەو خۆڕاگریی جۆرجییەکان پیرۆز و بەرجەستە دەکات، بەڵام واز لە بەزەییهاتنەوە بە خەڵکی کورد بهێنە کە هیچ یەك لەو مافانەی جۆرجییەکانی نییە، تەنانەت ئەوەش قبووڵ ناکات کە گەلی کورد کێشەیەکی بەوشێوەیان هەبێت. واتای چییە کە ئەو دەتوانێت لە سەفەرێکی چەند رۆژەدا لە کێشەکانی جۆرجیا تێبگات، بەڵام سەرەڕای ساڵانێکی درێژ کێشەکانی گەلی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (باکووری کوردستان ـ وەرگێڕ) پشتگوێ دەخات کە لەڕووی سیاسی و جوگرافییەوە لەو نزیکترن؟ هەر کاتی خۆی کە سەبارەت گەشتەکانی بۆ رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە ساڵی 1969 بابەتی نووسیوە، بەدەستی ئەنقەست خۆی لە پرسی نەتەوەیی بواردووە و هەوڵی شاردنەوەی داوە.  ئەو دووفاقییە تەنیا عەبدی ئیپەکچی ناگرێتەوە. نزیکەی هەموو رۆشنبیرەکانمان بە گەرموگوڕی باسی ئەوە دەکەن کە پێویستە گرووپە نەتەوەییەکان لە سویسرا، بەلجیکا، یۆگوسلاڤیا و... تاد پێکەوە بژین و هەر گرووپێکی نەتەوەیی مافی ئەوەی هەبێت بە زمانی خۆی پەروەردە بکات و دەسەڵاتە ناوەندییەکانیش ئاسانکاری بۆ ئەمە بکەن، ئەوەش وەك نیشانەی شارستانیبوون و گەشەسەندوویی کولتووری تەماشا دەکەن، بەڵام کاتێک باس دێتە سەر تورکیا، دەبنە دەمڕاستی سیاسەتە فاشیستییەکان و بە ئەنقەست پرسە نەتەوەییەکان دەشارنەوە. ئەمە یەکێك لە گرنگترین دووفاقییەکانی رۆشنبیرانە لە تورکیا. هەندێك لە رۆشنبیرانمان بەشێوەیەکی رووکەشانە بەوشێوەیە باسی کێشەکە دەکەن: "کامڵبوونی نەتەوەیی تورك لەڕووی جوگرافییەوە ناهاوسەنگییەکی تێدایە. بەشی رۆژئاوای وڵات لەچاو بەشە رۆژهەڵاتییەکەی زیاتر گەشەی کردووە و زیاتر تێکەڵاوی بابەتە نەتەوەییەکان بووە. پێویستە بە وردی سەرنج بخرێتە سەر ئەو هەوڵانەی پارچەکردن کە لە ناوچەی رۆژهەڵات هەن، بەتایبەت ئەو پارێزگایانەی لە چاو تورکەکان بەشێکی زۆری دانیشتووانیان کوردن. پێویستە دەوڵەت سەرچاوەیەکی زیاتر تەرخان بکات بۆ ئەوەی ئەو

ناوچەیـەش لـەڕووی ئابـووری و کۆمەڵایەتییـەوە هاوشـێوەی ڕۆژئـاوای لێبێـت". [35]

ئەسـتەمە بتوانیـن لـەوە تێبگەیـن کە ئـەو نووسـەرە چ جۆرە چارەسـەرێکی بـۆ کێشـەکە پێیـە، بـەڵام ئـەو بۆچوونـەی کـە گەشـەکردنی ئابـووری لەبەرچـاو دەگرێـت، دەبـێ وەك چـۆن لـە داهاتـوودا باسـی دەکەیـن، ئـاگای لـەوەش بێـت کـە پرۆسـەی نەتەوەسـازی لـە پاشـهاتە سیاسـییە حاشـاهەڵنەگرەکانی دوای دەربەگایەتییـە.

## ئـ - نەتەوە و نەتەوەگەرایی ڕێك و ڕاست دەرئەنجامی دەربەگایەتییە

ئـەو ڕاسـتییەکە ئاشـکرایە کـە شـێوازی بەرهەمهێنانـی دەرەبەگـی بەسـەر ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ (بـە باشـووری ڕۆژهەڵاتیشـەوە) زاڵـە. زانکـۆ و لایەنـە جۆراوجۆرەکانـی ڕاگەیانـدن هەوڵـی شـیکردنەوە و ڕوونکردنـەوەی ئـەوە دەدەن. لێرەشـدا ئامانجەکـە ئـەوە نییـە هەوڵی سـەلماندنی پەیوەندییەکی بەرهەمهێنانـی دەرەبەگـی بدەیـن، بەڵکـو ئەوەیـە ئامـاژە بدەیـن بـەو ئەنجامانەی کە دوای لەنێوچوونی ئەو شـێوازی پەیوەندییەی بەرهەمهێنان دێتـە ئـاراوە. زاناکانـی وەك پ. موجەبـەل کـرای [36]، پ.نەرمیـن ئابـادان [37]، پ.مومتـاز سۆیسـاڵ[38] و شـارەزاکانی زانسـتی کۆمەڵایەتـی وەك میهـری بەللـی [39]، دۆغـان ئاڤجـی ئۆغڵـو، موزەفـەر ئەردۆسـت [40] و نووسـەرانی

35 -İlter Turan, Cumhuriyet Tarihimiz, Temeller, Kuruluş, Milli Devrimler, Çağlayan Kitabevi, İstanbul 1969,s.127

36 -İkinci Beş Yıllık Planda Köylü ve Köylü Sorunu, Mülkiyeler Birliği dergisi, Sayı 12, Temmuz-Eylül 1968 Ankara

37 -Parlamentolar Yerli midir? 20 Ocak 1969, Milliyet

38 -Anayasaya Giriş, İkinci Baskı,SBF Yayını, Ankara1969,s.206

39 -Türkiyede Karşı Devrim, Türk Solu,Cilt 2,Sayı 64

40 -Türkiyenin Düzeni,  Dün-Bügün-Yarın,Bilgi Yayınevi, Ankara1968,s.303: Takke Düştü, Devrim, Sayı 1,21 Ekim 1969,s.5

Ayrıca Bk. Devrim Bildirisi, Devrim, Sayı 1, s. 8 41.

وەك نـادر نـادی [41]، چەتیـن ئاڵتـان [42]، ئیلهامـی سۆیسـاڵ [43]، ئیلهـان سـەلجوق [44] و یاساناسـی وەك شـیار یاڵچن [45] زوو زوو باسی دەربەگایەتی لـە تورکیـا دەکـەن. کەسـانێکی دیکـەی وەك مەهمـەت عەلـی ئایبـار [46] بەیجـە بـۆران [47]و محەممەدئەمیـن بۆزئارسـڵان [48]، د. کۆرکـوت بۆراتـاڤ [49]، ئەحمـەد ئـاراس [50]، هەرچەنـدە وەك شـێوازی زاڵـی پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان تەماشـای دەربەگایەتـی لـە تورکیـا ناکـەن، بـەڵام دەڵێـن هێشـتا هەیـە و هیـچ نەبـێ شـوێنەوارەکانی مـاون. لـەولای هەمـوو ئەوانەشـەوە، تەنانـەت پارتێکـی وەك پارتـی گەلـی کۆمـاری کـە نزیکـەی 50 سـاڵ رۆڵـی لـە دیاریکردنـی چارەنووسـی ئـەم وڵاتـەدا هەبـووە، کاتێـک بـاس دێتـە سـەر گەشـەپێدانی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ، ئەویش قسـە لەسـەر چۆنیەتـی لەنێوبردنـی دامـەزراوە دەرەبەگییـەکان دەکات [51]. بـەڕای ئێمـە، لـەڕووی سیاسـییەوە یەکێـك لـە ئەنجامە دیارەکانـی رووخانـی دەربەگایەتی و رۆیشـتنە بـەرەو سـەرمایەداری، دەرکەوتنـی نەتـەوە و نەتەوەگەراییـە.

---

41 - Şemdinli Aşiretlerinde Üretim ilişkileri, Türk Solu, Cilt I, Sayı 22, 23, 24, 25, Türkiye'de Feodalizm Var mı? Türk Solu, Cilt, 2, Sayı 80, 81, 82

Doğu Anadolu'da Hayvancılığm Feodal Karakteri, Aydınlık, Cilt 2, Sayı 8, Haziran 1969; Türkiye Tarımındaki Hakim Üretim İlişkileri Üzerine, Aydınlık, Cilt III, s. 1, Ankara 1969

42 - Başlangıc ve Son, 14 Kasım 1969, Cumhuriyet

43 - Çetin Altan, Akşam gazetesinin aşağıdaki sayılarında yayınlanan fikralarında feodalizmden sık sık söz etmektedir. 8 Şubat 1969, 10 Mayıs 1969, 14 Mayıs 1969, 25 Mayıs 1969, 4 Haziran 1969, 18 Temmuz 1969, 6 Ağustos 1969, 8 Ağustos 1969, 25 Ağustos 1969, 28 Ağustos 1969, 29 Ağustos 1969, 30 Ağustos 1969, 11 Eylül 1969, 2 Ekim 6961

44- İlhan Selçuk, Cumhuriyet gazetesinin aşağıdaki sayılarında yayınlanan fikralarında feo- dalizmden ve feodalizmin üstyapı kurumlarından sık sık söz etmektedir. 20 Ağustos 1969, 26 Ağustos 1969, 9 Eylül 1969, 27 Eylül 1969, 2 Ekim 1969, I1 Ekim 1969, 20 Ekim 1969, 21 Ekim 1969, 17 Ekim 1969, 23 Ekim 1969, 24 Ekim 1969, 9 Kasım 1969, 11 Kasım 1969, 14 Kasım 1969, 18 Kasım 1969, 2 Aralık 1969 ayrıca Bk. Devrim, Sayı 2. (28 Ekim 1969) s. 2, Devrim, Sayı 4 (11 Kasım 1969), s. 2

45 - Toprak Sorunu, Elmalı ve Finike Olayları, Akşam gazetesi, 25 Nisan 1965 46. Bağımsızlık, Demokrasi, Sosyalizm, Gerçek Yayınevi, İstanbul 1967, s. 651

46 -Bağamsızlık,Demokrasi, Sosyalizm, Gerçek Yayınevi, İstanbul 1967, s.651

47 - Türkiye ve Sosyalizm Sorunları, Gün Yayınlar, İstanbul 1968, s. 194

48 - Doğu mun Sorunları, Toplum Yayını, Ankara 1966, s. 8, 79

49 - Yüz Soruda Gelir Dagılumı, s. 134vd

50 - Sosyalist Açıdan Doğu Sorunu, Ant dergisi, Cilt 5, Sayı 124, 125, 126, 127.

51 - CHP 12 Ekim Seçim Bildirgesi, a.ge, s. 194 vd

یەکێک لە گرنگترین ڕەهەندەکانی پەیوەندیی زاڵی دەرەبەگی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ئەوەیە کە لەلایەکەوە لەگەڵ دامەزراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خێڵ و لەلایەکەی دیکەشەوە لەگەڵ دامەزراوەی شێخایەتی پەیوەندییەکی تۆکمەی هەیە. خێڵ شێوەیەکی سیاسی بەر لە نەتەوەیە و لەنێوان خێڵەکانیشدا ئامانجی هاوبەش نییە. هەرکەس بۆخۆیی و بەرزی و نزمی لەنێو خێڵەکاندا بوونەتە ڕێگر لەوەی ناوەندێک دروست ببێت. ئەحمەدێ خانی لە شیعرەکانیدا لە سەدەی 17 بەم جۆرە باسی ئەوە دەکات [52]:

جوامێری و هیممەت و سەخاوەت

مێرینی و غیرەت و جەلادەت

ئەو خەتمە ژ بۆ قەبیلێ ئەکراد

وان دانە ب شیر و هیممەتێ داد

هندی ژ شەجاعەتێ غەیورن

ئەو چەند ژ مننەتێ نفورن

ئەڤ غیرەت و ئەڤ عولووێ هیممەت

بوو مانعێ حەملێ بارێ مننەت

لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن

دائم ب تەمەرود و شقاقن

گەر دێ هەبوا مە ئیتفاقەک

ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک

تەکمیل دکر مە دین و دەولەت

تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت

تەمییز دبوون ژ هەڤ مەقالات

مومتاز دبوون خودان کەمالات

52 - a.g.e., s. 59

بۆچوونی هاوشـێوەی ئـەوە لای کۆمەڵنـاس زیا گۆیـك ئالـپ هەبـووە[53]، بـەڵام کاتێـک پەیوەندییەکانـی شـێوازی بەرهەمهێنانـی سـەرمایەداری زیاتـر دەبێـت، ئەوسـا دیـواری پتـەوی نێـوان خێڵەکانیـش دەلەرزێـت و ناوەندیبـوون دەسـت پێـدەکات. بەتایبەتـی لەگـەڵ دروسـتبوونی شـار و بـازاڕە گەورەکانـدا ئـەو پرۆسـەیە خێراتـر دەبێـت. ئـەوە روونـە کـە پێکهاتـەی دەرەبەگایەتـی لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ کـە پشـت بـە ئاغایەتـی و موڵکـداری و سیسـتمی خێـڵ دەبەسـتێ، زۆر نامێنێتـەوە. گەشـەکردنی خێـرای ژمـارەی دانیشـتووان گۆڕانـکاری لـە بنەماکانـی رەنجکێشـان و ماشـێنیکردنی کشـتوکاڵیش گۆڕانـکاری لـە بنەمـای تەکنەلۆژیـدا دروسـت دەکات و ئـەوەش سـەرئەنجام وەك داینامیکـی گۆڕینـی پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان دەردەکەوێـت. کاریگەریـی گەشـەکردنی دانیشـتووان و ماشـێنیکردن وەك داینامیکـە بنەڕەتییەکانـی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی، ڕێ بـۆ کۆچـی لادێ بـەرەو شـار دەکاتـەوە. لەبەرئـەوەی لـە شارەکانیشـدا پیشەسـازیی پێویسـت بـۆ بەکارخسـتنی ئـەو کۆچبەرانـە نییـە، ئەوانـە بەرەو داینامیکـی وەرگۆڕانـی سیسـتم دەبات. بـەڕای ئێمە، ئەوانە تاکـە داینامیکی گۆڕینـی دەربەگایەتیـن لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ و ئیـدی لـە داینامیکـی کەڵەکەبوونـی بەرهەمـی زیـادەوە بـەرەو گۆڕینـی بـۆ پـارە کاریگەرتـرن. کەوابـوو دەربەگایەتـی لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ سیسـتمێکی پایـەدار نییـە. تەنانـەت ئـەو داینامیکانەشـی تێدایـە کـە دەتوانـن بـەرەو قۆناخێکـی دیکـە تێپەڕی بکەن. پێویسـتە بە باشـی لەو گۆڕانکارییە و پاشـهاتە سیاسییەکانی تێبگەیـن و هەڵیسـەنگێنین: لەگـەڵ رووخانـی دەربەگایەتـی، رێـك و راسـت نەتـەوە و نەتەوەگەرایـی گەشـە دەکات. ڕێ لەمـە ناگیرێـت. چونکـە خێڵەکانـی سـەردەمی دەرەبەگـی کـە هەریەکەیـان خێڵـی بەگێـك بـوون، دوای دروسـتبوونی هەندێـك ناوچـە و بـازاڕی گـەورە، یەکدەگـرن و بـەرەو ئامانجێکـی هاوبـەش دەچن. بەوجـۆرەش بەگە فیۆداڵییەکانی جـاران دەبنە

53 -İsmail Beşikçi, Doğu Anadolunun Düzeni, s.103

ئاغـای سـەرمایەدار و گوندییەکانـی وابەسـتەی زەویوزاریـش ( لـە واتایەکدا کۆیلـەی زەویـوزار) دەبنـە گوندیـی ئـازاد یـان رەنجـدەر. لێـرەدا ئـەو بابەتـە گرنگـەی کـە دەردەکەوێتـە پێـش، ئـەو لێکۆڵینەوانەیـە کـە لەسـەر زمـان، ئەدەبیـات و مێـژوو کـراون. لەبەرئـەوەش، لەگـەڵ رووخانـی دەربەگایەتـی، زمـان، ئەدەبیـات و مێـژوو لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بایەخـی زۆر پەیدا دەکات و لێکۆڵینـەوەی لەسـەر دەکرێـت. ئەوانەی باسـی پەیوەندییەکانـی دەرەبەگی و دامـەزراوە سـەرخانییەکانی دەرەبەگـی دەکـەن، دەبـێ ئـەوەش بزانـن کـە ئـەو پێکهاتەیـە دوای رووخانـی دەربەگایەتـی پەیـدا دەبێت. هەڵوێسـتی هەندێـك لـە نووسـەرە چەپەکانمـان لـە دژی ئـەو لێکۆڵینەوانـەی کـە هـەر لـە ئێسـتاوە دەسـتیانپێکراوە و هەروەهـا سـووکایەتی و تۆمەتبارکردنـی ئەوانـەی ئـەو لێکۆڵینەوانـە دەکـەن بـە " ناوچەگەرایـی" [54]، هەڵوێسـتێکی سۆسیالیسـتانە نییـە. وەك پێشـتریش باسـمانکرد، ناکۆکییەکـی گەورەیـە کـە تـۆ باسـی دەربەگایەتـی و لەنێوبردنـی ئـەو سیسـتمە دەکەیـت، بـەڵام ئامادەنیـت نەتەوەگەرایـی قبـووڵ بکەیـت کـە ئەنجامەکەیەتـی. (ئـەم قبووڵنەکردنـەش شـتیك نییـە جگـە لـە پاشـماوەکانی سیسـتمێکی پەروەردەیـی فاشیسـتانە)، ئـەو جـۆرە شـیکردنەوانەی کـە دەڵێـن "هۆکاری دواکەوتوویـی و هەژاریـی رۆژهـەڵات بوونـی دامـەزراوەی ناسـەردەمییە" لـە هـەوا دەمێننـەوە و پشـت بـە بنەمایەکـی زانسـتی نابەسـتن.

دەکـرێ بـە کورتـی بەوشـێوەیە باسـی بابەتەکـە بکەیـن: لـە 1923 بـەدواوە کـە خەلافـەت لادەبرێـت و دەسـەڵاتی سیاسـی خـۆی دەکاتـە لائیـك، دەخوازرێـت نەتەوەگەرایـی تورکـی هەمـان ئـەو رۆڵـەی هەبێـت کـە خەلافـەت لـە ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا گێڕابـووی. ئـەو هەنـگاوە کـە بنەمـا و نێوەڕۆکێکـی کۆمەڵایەتـی نەبـوو، لـە مـاوەی کورتخایەندا بـۆ بزاڤیك گۆڕا کـە پێیوابـوو تورکـەکان لەسـەرووی نەتەوەکانـی دیکـەوەن. ئاشـکرایە کـە ئـەو هەنـگاوەش لـە دژی گەلـی کـورد لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ و باشـووری

54 - Çetin Altan, Doğu yu da Bölgevilik Değil Smlsalık Kurtarr, 18 Temmuz 1969, Akşam

ڕۆژهــەڵات بــوو. بۆیــە دەبــێ لــەو ڕوانگەیــەوە تەماشــای دواکەوتوویــی ڕۆژهــەڵات و هەژارییەکــەی و ناکۆکییەکانــی جەمــاوەر- بیرۆکراســی بکرێت. لێرەشــدا بیرۆکراســی وەك کێشــەیەکی دووســەرە دەردەکەوێــت.

1. خێراکردنــی گەشــەکردنی ســەرمایەداری و لەنێوچوونــی دەربەگایەتــی لــە ناوچەکــە (لەو هەلومەرجەدا گەشــەکردنی بەنەتەوەبــوون وەك ئەنجامێك پێشــبینی دەکرا).

2. هاوکاریکــردن لەگــەڵ دەربەگــەکان و یەکخســتنی چینە باڵادەســتەکانی ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاوا بــۆ ڕێگرتــن لــە گەشــەکردنی هەرجــۆرە بزاڤێکــی نەتەوەیــی. (ئەمــەش هۆکارێکــی دواخســتن و هەژاریــی ناوچەکەیــە).

لەبــەر زیادبوونــی ناکۆکیــی جەمــاوەر و بیرۆکراســی، بیرۆکراســی هەمیشــە لقــی دووەمــی هەڵبــژاردووە و ئــەو ســەرمایەگوزارییانەی کــە پــلان وابــوو لــە ناوچەکــە بکرێــن، نەکــران و ڕێگــە لــە دەرکەوتنــی ســەرمایەداری لــەوێ گیــرا کــە ئــەوەش لەســەرپێ هێشــتنەوەی دەربەگایەتییــە. ئەمــەش بــەر لە هەمــوو شــتێك ڕێــی لــە گەشــەکردنی جوڵانــەوەی نەتەوەیــی گرتــووە.

جێــی ســەرنجە کــە ئــەو نووســەرانەی بەرگــری لــە دەربەگایەتــی دەکــەن، هیــچ خۆیــان لــە قــەرەی ئــەو بابەتانــە نــەداوە. بۆنموونــە دۆغــان ئاڤجــی ئۆغڵــو لــە کتێبەکەیــدا قــەت باســی ئــەو بابەتــەی نەکــردووە [55]، چەتیــن ئاڵتانیــش گوتوویەتــی هەرکەســێک باســی بابەتــە ئەتنیکییــەکان بــکات ئەوە "ناوچەگەرایــە" [56]، میهــری بەللــی کــە وادیــارە لــە هەموویــان باشــتربێت، باســی هەندێــك مافــی نەتەوەیــی کــردووە هەڵبــەت بەومەرجــەی لەژێــر سەرپەرشــتی تورکەکانــدا بــن [57]، ئەوانــەی بــەدەوری بڵاوکراوەکانــی وەك (تــورك ســۆڵو)، (ئایدنلــك) و (دەڤریــم) دا کۆبوونەتــەوە، بــەزۆری لــە ڕواڵەتــدا وادیارنیــن کــە دەربەگایەتــی و ئەنجامــە سیاســییەکەیان قبــووڵ

---

55 - Ismail Beşikci, Doğu Anadoluda Sosyal ve Siyasal Değişmeyi Etkileyen Dinamikler, Abadana Armağan,SBFY, Ankara 1969,s.432-433

56 - Cetin Altan, Doğu yu da Bölgecilik Değil Sinifsallik Kurtarır, 18 Temmuz 1969, Akşam

57 - Mihri Belli, Millet Gerçegi, Ayıınlık, Cilt 11, Sayı 7, Mayıs 1969

بێت. لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێین: دەربەگایەتی شتێکی یەکانگیری سیاسی و کۆمەڵایەتییە. لەنێوبردنی دەربەگایەتی لەنێوبردنی ئەو شتە گشتگیرەیە. ئەگەر مەبەستی لەنێوبردنی دەربەگایەتی، لەنێوبردنی ئەو 55 ئاغایەی کوردبێت، ئەمە ستراتیژێکی زۆر هەڵەیە و ئەوەش پرۆسەی بەنەتەوەبوونی رۆژهەڵات خێراتر دەکات و گەشەکردنی دینامیزمێکی رێگر لەو ستراتیژەش زۆر دواناکەوێت [58]، ئەو رۆشنبیرە تورکانەی کە تەحەمولی پرسە ئەتنیکییەکان ناکەن، دەتوانن تەنیا یەك شت بکەن، ئەویش ئەوەیە کە یارمەتی دەوڵەت بدەن تاوەکو لەگەڵ سەرۆك خێڵ و ئاغا و شێخەکانی رۆژهەڵاتدا یەکبگرێت، چونکە وەك لەسەرەوەش گوتمان، یەککگرتن لەگەڵ دەربەگایەتی رێ لە پرۆسەی بەنەتەوەبوون دەگرێت. ئەگەر وانەبێت، رۆشنبیرانی تورك کە باسی ستراتیژی راست لە دژی دەربەگایەتی دەکەن، ناتوانن چاوپۆشی لەو ئەنجامە سیاسییە بکەن کە لە رووخانی دەربەگایەتی دەکەوێتەوە [59].

وەك پێشتر گوتمان، پرسی رۆژهەڵات پرسێکی چینایەتی نییە. پرسی چینایەتی پرسی هەموو تورکیایە. دواکەوتوویی و هەژاریی ناوچەی رۆژهەڵات، لە ئەنجامی یەکانگیربوونی چینە سەردەستەکانی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتە و پەیوەندی بە دروستکردنی هەمان ئەو دۆخەی رۆژهەڵاتەوە لە رۆژئاوا هەیە. نەبینینی پرسی نەتەوەیی لەو پرۆسەی

58 - Ismail Beşikci, Doğu Sorunu Açısından Türkiye nin Düzeni, Akşam gazetesi, 19-20- 21

59 - لێرەدا گرنگە باس لە راستییەك بکەین. ناکرێ بڵێین زانکۆ هیچی بۆ ئاگادارکردنەوەی جەماوەری رەنجدەر لە تورکیا نەکردووە. بەشێك لە مامۆستاکانمان لەرێی نووسین و کتێبەکانیانەوە، ئەو ئەرکانە بەسەرکەوتوویی جێبەجێ دەکەن. بەڵام پەیوەندییەکانی ئیمپریالیزم لەگەڵ وڵاتەکەمان زانکۆکانیشی گرتووەتەوە و، بەوەش هەندێك لە پرۆفیسۆرەکان وەك گوتەبێژی ئیمپریالیزمیان لێهاتووە. ئەو پێکهاتەیە کە نیمچە ئاشکرا و نیمچە نهێنییە، شتێکی بچووك نییە. لەو تۆڕی پەیوەندییانەدا زانکۆ بۆ گەیاندنی بیری شۆڕشگێڕی بە خەڵك زۆر خاوە و بۆ رزگارکردنی خەڵك هیچ شتێك ناکات. خۆی لە خۆیدا ئەو نووسەرە کۆمەڵایەتییانەی کە پووچی و بۆشایی زانکۆیان بینیوە، ئەرکەکانیان خستووەتە سەرشانی خۆیان و، سەرەڕای ئاستەنگ و گوشار و سزاکان کۆڵیان نەداوە و بەردەوامن. (بۆ نموونە لەبەر 32 بابەت، لێپرسینەوە لەگەڵ چەتین ئاڵتان کراوە، 4/12/1961، ئاکشام) ئەمە ئەرکی مێژوویی نووسەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتانەیە کە بە دواکەتوویی هێڵراونەتەوە. لە کاتێکدا ئەو ئەرکە پڕ لە شەرەف و پڕ بایەخە دەکەوێتە ئەستۆی نووسەرەکانمان، جێی سەرسوڕمانە کە ناکۆکییان سەبارەت بە پرسە ئەتنیکییەکان هەیە. دەبێ واز لە هەرجۆرە مەرجدارکردن و رەفتارێکی سۆزەکی بهێنن و لەوبارەیەشەوە بیر بکەنەوە.

یەکگرتنەدا، غەفڵەتە، بەڵام سەرنجڕاکێشە کە حکومەت لەو ساڵانەی دواییدا باسی ناهاوسەنگیی نێوان ناوچەکان دەکات و وەربەهێنان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات دەکات. هاوکات لەگەڵ زیادکردنی وەبەرهێنان، دانانی قوتابخانەی نێوخۆیی و ئێزگە رادیۆییەکانیش جێی سەرنجن. ئەم هاوتەریبییەش بە ڕێکەوت نییە. یەکەمیان نەتەوەگەرایی پێشدەخات و دووەمیشیان لەڕێی وەربەهێنانی جۆراوجۆرەوە، ئەوە بەلاڕێدا دەبات و خراپی دەکات. لێرەدا لەوانەیە بیر لەمە بکرێتەوە: ساڵی 1941، پ.جەمیل بیرسەل یەکێك لە سەرۆك زانکۆکانی ئەوکاتە، سەبارەت ڕێگەی ئاسن لە دیاربەکر گوتوویەتی:"دیارە ڕێگەی ئاسن شارستانی بۆ دیاربەکر هێناوە. ئاسایش و ئارامی هێناوە. ئەگەر ڕێگەی ئاسن هەبووایە، شێخ سەعید لە 1925دا نەیدەتوانی ڕاپەڕێت و بگاتە دەروازەی شار" (60).
وەك لێرەدا دیاردەبێت، ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری و گەیاندن و زانیارییە تەکنیکییەکانی ئەوانە، نەتەوەییبوون خێرا دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیازی ڕێگرتن لەو پرۆسەیەشی لەهەناودایە، بەڵام کەس ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەوە شتێکی پتەو دەبێت. چونکە بەنەتەوەبوون دینامیزمێکی بەهێزی هەیە کە دەتوانێت ئەو بەربەستانە لابەرێت. لەوانەیە شتی زۆر پێچەوانەی خواست و ئارەزووی دەسەڵاتە سیاسییە دواکەوتووەکانیش بهێنێتە ئاراوە.
کەوابوو لەڕووی مێژووییەوە ئەو بابەتەی کە پێویستە ڕوونبکرێتەوە، ئەو ڕاپەڕینانەن کە دوای ڕاگەیاندنی کۆمار لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لەدژی دەسەڵاتی ناوەندی کراون. ڕاپەڕینەکانی 1926، 1932-1930، 1937 کە تایبەتمەندیی بەرگرییەکی بەردەوامیان لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی هەیە، تەنیا بە گوتەی "گەمەی ئیمپریالیزمن" ڕوونناکرێنەوە. ڕوونکردنەوەی ئەو بەشە تاریکەی مێژووی نزیکمان پێویستییەکی گەورەیە. دەرخستنی ڕۆڵی دەربەگە خۆجێیەکان کە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە گوشاریان

---

60 - Cemil Birsel, İkinci Üniversite Haftası, Diyarbakır(1.6.1941-7.6. 1941) İstanbul 1942, s.9, Açılış Konuşması

خراوەتـە سـەر، لەگـەڵ قورسـایی ڕۆڵـە ئیمپریالیسـتی و نەتەوەییـەکان لەو پرسـەدا بایەخـی هەیە.
کاتێـک هەمـوو ئەوانـەش لەبەرچـاو دەگیرێـن، ئـەو کەسـانەی کـە دەڵێـن "لــە تورکیــا دەربەگایەتــی هەیــە و دامــەزراوە ســەرخانییەکانی هێشــتا مــاون" و...شــتی لــەو بابەتــە بــاس دەکــەن، دەبــێ ئــەو نەتەوەییبــوون و نەتەوەگەراییـەش ببینـن کـە دوای رووخانـی دەربەگایەتـی گەشـە دەکات. بـەو بۆچوونـەوە کـە هیـچ واتایەکیشـی نییـە، خزمەتـی ئیمپریالیـزم دەکەین و بانگەشـە بـۆ سیاسـەتە فاشیسـتییەکان دەکەیـن.

## ف. نابێ بەهیچ کلۆجێك روانگەی چینایەتی لە پرسی ئەتنیکیدا پشتگوێ بخرێت

کاتێـک بەوجـۆرە باسـی پرسـی ڕۆژهـەڵات دەکرێـت، نابێ پرسـە گرنگەکـەی دیکـە پشـتگوێ بخرێـت. ئەویـش ئەوەیـە کـە دەبـێ ئـەو بابەتانـە لەسـەر بنەمـای پرسـی چینایەتـی چارەسـەر بکرێـن. دوای ڕاگواسـتنی خەڵـک لـە ئەنجامـی ڕاپەڕینەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ لـە دژی دەسـەڵاتی ناوەنـدی، چینـە سەردەسـتەکانی ئـەوێ وەك سـەرۆك خێـڵ و ئاغـا موڵکـدارەکان و شـێخەکان بوونـە دووبەش: یەکیـان ئەوانـە بـوون کـە بـەردەوام بـوون لـە ململانێ و بـەوەش کەوتنـە بەر کینی دەسـەڵاتی ناوەندی. ئەویدیکەشـیان ئەوانـە بـوون کـە خۆیـان لەگەڵـی گونجانـد و بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان لەگەڵی یەکخسـت. ئەو شـیکردنەوەیە سـەبارەت بە چینە سەردەسـتەکانی ڕۆژهـەڵات، تاوەکـو سـاڵی 1945 ڕاسـتە، بـەڵام دوای ئـەوە، واتـە لەگـەڵ دەربازبـوون بـۆ سیسـتمی فرەحیزبـی کـە ئیـدی ئاغـا و سـەرۆك خێـڵ و شـێخایەتی دووبـارە بەدامەزراوەیـی کرانـەوە، ئیـدی جیاوازیـی نێـوان ئـەو دوو دەسـتەیە نەمـا و تەنانـەت ئەوانـەش کـە ململانێیـان لەگـەڵ دەوڵەت هەبـوو، چوونـە پاڵـی. بـۆ نموونـە بنەماڵـەی عەزیزئۆغڵـو لـە سـیلڤان کـە کاتـی خـۆی ململانێی لەگـەڵ دەسـەڵاتی ناوەنـدی دەکـرد و چەندیـن

جاریـش کەسـانێکیان لـێ دوورخراونەتـەوە، سـەرەڕای هەمـوو شـتێک، بەرژەوەندییەکـی یەکانگیـر و پتـەوی لەگـەڵ دەسـەڵاتی ناوەنـدی هەیـە. پشـتگیری لـە جـەلال بایـار، یەکێـك لـە سـەرکۆمارەکانی دوای هەڵبژاردنـی 12/10/1969 لـە نیشـانە دیارەکانـی ئـەو یەکخسـتنی بەرژەوەندییەیـە [61].

ڕۆڵـی یەکگرتنـی چینـە سەردەسـتەکانی ڕۆژهـەڵات لەگـەڵ چینـە سەردەسـتەکانی ڕۆژئـاوا لـە هەژارکردنـی بـەردەوام و دواخسـتنی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ زۆر دیـارە. بـۆ نموونـە لـە ڕۆژهـەڵات بەرهەمەکانـی وەك خـوری، مـەڕ، گەنم و ڕۆن هەن و بەپێی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لـەوێ، ئەوانە لەلایـەن چینـە سەردەسـتەکانەوە کۆدەکرێنـەوە. ئەوانـەش دەنێردرێنـە ڕۆژئـاوای ئەنـادۆڵ و لەوێـش دەنرخێندرێـن. بەرهەمەکـە لـە ڕۆژهەڵاتـە، بـەڵام لـە ڕۆژئـاوا دەبێتـە پـارە. دیسـان ئاژەڵـی بچووکـی وەك مـەڕ کـە لـە ڕۆژهـەڵات بەخێودەکرێـن، لەڕێـی چینـە سەردەسـتەکانەوە بـۆ ئێـران، عێـراق، سـووریا و وڵاتانـی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت هەنـاردە دەکرێـن و ئـەو پارەیـەش کـە دێـت، نـەك لـە ڕۆژهـەڵات بەڵکـو لـە ڕۆژئـاوا وەبەرهێنانـی پێدەکرێـت.

ئـەو پارەیـەی کــە لەلایــەن دەرمانفــرۆش، دکتــۆر، پارێــزەر و کەســانی خـاوەن پیشـەی ئـازاد یـان بیرۆکراتەکانیـش کۆدەکرێتـەوە، دیسـان نـەك لـە ڕۆژهـەڵات بەڵکـو لـە ڕۆژئـاوا دەخرێتـە کارەوە. بەوجـۆرەش یەکگرتنـی چینـە سەردەسـتەکان ڕێگـە بـۆ هەژاریـی ڕۆژهـەڵات دەکاتـەوە. بڕیـاری ئەنجوومەنـی وەزیرانیـش بـۆ کەمکردنـەوەی تەعریفـەی گواسـتنەوەی ئـاژەڵ لـە ڕۆژهەڵاتـەوە بـۆ ڕۆژئـاوا هەمـان نێوەڕۆکـی هەیـە [62]. بەپێـی ئـەو بڕیـارە، ئەگەر کەسـێك لـە ڕۆژهەڵاتەوە بـە شـەمەندەفەر مەڕوماڵات بباتـە ڕۆژئـاوا، ٪30 داشـکاندنی بـۆ دەکرێـت. ئـەم داشـکاندنە بـە قازانجـی کێیـە؟ بێگومـان بـە سـوودی چەنـد کەسـێکی دەستوەشـێنە! چونکـە

---

61 -2-3.10.1969, Milliyet
62 -31Mart 1969 Tarihli Resmi Gazete

لـە رۆژهـەڵات بەهـۆی سەرماوسـۆڵە و وشکەسـاڵییەوە، گوندییـەکان دەیانـەوێ بـە نرخێکـی کەمیـش بـێ مەڕوماڵاتەکانـی خۆیـان سـاخ بکەنەوە و هەرزانفرۆشـیان دەکـەن. هەنـدێ کەسـی دەستوەشـێنیش فرسـەتی لـێ دەهێنـن و ئاژەڵـەکان دەکـڕن و حکومەتیـش بـۆ ئاسـانکردنی کاری ئـەوان، دەرفەتێکـی ئاسـان بـۆ گواسـتنەوەیان بـۆ رۆژئـاوا دەڕەخسـێنێت. یەکگرتـن و هاوبەرژەوەندیـی چینـە سەردەسـتەکانی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا بـە وەبەرهێنـان بـۆ رۆژئـاوا و هەژاریـی زیاتـر بـۆ رۆژهـەڵات تـەواو دەبێـت. یەکیـك لـە گرنگتریـن کێشـەکانی ئـەو یەکگرتنـەش پەیوەنـدی بـە گوشـاردانان لەسـەر بابەتـی نەتەوەیـی هەیـە. لـەوڕووەوە هەنگاوەکـەی باکـووری عێـراق دەتوانێـت ئـەو بابەتـە روونبکاتـەوە: وەك دەزانرێـت باکـووری عێـراق لـەڕووی جوگرافییـەوە زۆر سـەختە و لـەڕووی سـەرچاوە ئابوورییەکانیشـەوە زۆر لاوازە [63]، لاوازیـی ناوچەکـە لـەڕووی دەرفەتـە ئابووریيـەکان وادەکات کەڵەکەبوونـی بەرهەمـی زیـادەش کـەم بێـت. پێکهاتـەی ئـەوێ تەنانـەت تـەواو دەرەبەگیـش نییـە. موزەفـەر ئەردۆسـت ئـەوەی وەك "دەربەگایەتیـی بەرەبـاب" ناوبـردووە [64]. پێویسـتە بەرهەمـی زیـادە لـە باکـووری عێـراق لـە هەندێـك شـوێنی دەرەوەی ئـەو ناوچەیـە بنرخێندرێـت و بەکاربێـت، بـەڵام کەمیـی بەرهەمـی زیـادە، بـەر لـە هەمـوو شـتیك وایکـردووە، سـەرۆك خێـڵ و ئاغـا و شـێخ و موڵکدارەکانـی باکووری عێـراق (باشـووری کوردسـتان ـ وەرگێـڕ) بەرژەوەندییەکانیـان لەگـەڵ چینـە سەردەسـتەکانی بەغـدا یەکنەخـەن. بەوجـۆرە، ئـەو کەسـانەی لـە دەرەوەی سیسـتمی چەوسـاندنەوە ماونەتـەوە، کاتێـک گوشـاری نەتەوەیی زیـاد دەبێـت، دەتوانـن لـە دژی دەسـەڵاتی ناوەنـدی خۆڕاگـری بکـەن، بـەڵام لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ بارودۆخەکـە وانییـە. هەرچەنـدە ئـەم ناوچەیـە لـەڕووی جوگرافییـەوە سـەخت بێـت، لـەڕووی دەرفەتـە ئابوورییەکانـەوە

63 - Hulusi Turgut, Kürdistan Dosyası, 15 Eylül-20 Ekim 1968 tarihleri arasında Akşam gazetesinde yayınlanan röportaj

64 - Şemdinli Aşiretlerinde Üretim İlişkileri , Türk Solu , Cilt 1 , Sayı 25

زۆر دەوڵەمەنـدە. بۆیـە بەرهەمـی زیـادەی هەیـە و ئـەوەش یەکگرتنـی چینـە سەردەسـتەکانی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوای لێدەکەوێتـەوە کـە پرسـە نەتەوەییەکـە دەشـارێتەوە. بەواتایەکی دیکە، ئەوانـەی بەرژەوەندییەکانیان لەگـەل چینـە سەردەسـتەکانی رۆژئـاوا یەکدەخـەن، ئیدی نـەك هـەر وەك پرسـێك تەماشـای بابەتـی نەتەوەیـی ناکـەن، بەڵکـو وەك نوێنەرانـی ئـەو سیاسـەتە فاشیسـتییەیان لێدێت کـە پەیڕەو دەکرێت. لـە سـاڵی 1961 و لەکاتـی دانانـی دەسـتووردا کەسـێکی رۆژهـەڵات (باکـووری کوردسـتان ـ وەرگێـڕ) بەنـاوی عەبدولهـادی تۆپڵـو بـەم جـۆرە گوزارشـتی لـەو راسـتییە کـردووە: "... مـن منداڵـی ناوچەیەکـم کـە ٪80ی خەڵکەکـەی بـە کـوردی قسـە دەکـەن. خەڵکـی ئـەم ناوچەیـە شـانازی بـە تورکبوونـی خۆیانـەوە دەکـەن. ئیمـە بیـری کەمینەبـوون ناخەینـە مێشـکی خۆمانـەوە. ئێمـە بڕوامـان بـە تورکیایەکـی ئـازاد و یەکگرتـوو هەیـە کـە لـە چوارچێـوەی سـنوورەکانی لـۆزان دا بێـت. کەواتـە راسـت نییـە کەسـانێك دەرکـەون و بـە نـاوی ئێمـەوە قسـە بکـەن و دەم لـە یەکێتیـی پێکهاتـەکان بکوتـن. رەوتێکـی کۆمۆنیسـتی لـە وڵاتـدا هەیـە، ئێمـە دەمانەوێـت ئیمپریالیزمـی کۆمۆنیسـتی بڕووخێنیـن. ئەگـەر نەتەوەگەرایـی لـەو ماددەیـە دەربخـەن، ئیـدی لقێـك نامێنـێ دەسـتی پێـوە بگریـن" [65].

ئێمـە هیـچ قسـەیەکمان نییـە بـۆ ئـەو هاووڵاتییـە رۆژهەڵاتییـە کـە نکۆڵی لـە نەتەوەکـەی خـۆی دەکات، بـەڵام گەنجێکـی ئـەو ناوچەیـە بەوشـێوەیە باسـی ئـەو جـۆرە کەسـانە دەکات: "... زۆرجـار ئاهەنگـی شـەوانە بـۆ دەستخسـتنی داهـات بـۆ ئـەو کۆمەڵانە رێکدەخرێت. بەڕێوەبەرەکانیشـیان کـە بێجگـە لـە داهـات هیـچ خەمێکـی دیکەیـان نییـە، زۆرجـار پشـت لـە مەینەتییەکانـی رۆژهـەڵات دەکـەن و دەکەونـە داوی هەنـدێ کەسـی نامرۆڤـەوە کـە جزدانەکانەیـان قەبەیـە".

---

65 - Kazım Öztürk , a.g.e. , s . 1044 , Kürtlüğünü inkâr eden bu kimsenin komışmalan Prof. Tunaya'yı çok sevindirmiş , rahatlatmış olacak ki uzun uzun övgüsünü yapmıştır . ( Kazım Öztürk , a.g.e. , s . 1053 )

ئەوان دوودڵ نابن لەوەی دژی ئەو کەسانە بن کە لە رێوڕەسمەکانی شەوانەی رۆژهەڵاتدا باسی پرسەکانی ناوچەکە دەکەن، ئەوانەش کە بەناو نوێنەری رۆژهەڵاتن، لەڕێی چەوساندنەوەی خەڵکەوە بە ملیۆنان دەخەنە گیرفانی خۆیان، کەچی ئەو چەند لیرە کەمەی کە وەك خێر دەیدەنە گەنجان، وەك کارێکی مەزن پیشاندەدەن و گەنجەکان منەتبار دەکەن. بابەتێکی دیکە ئەوەیە کە هەندێك لە کۆمپرادۆرەکان بە فێڵ و تەڵەکە، چاوسوورکردنەوە و گوشاری سیاسی لە پشتی پەردەوە، هەوڵی بێدەنگکردنی ئەوانە دەدەن کە ناکەونە داویانەوە. کۆمەڵەکان لەکاتێکدا هەوڵی گەیشتنە ئامانجەکانی خۆیان دەدەن، گورزی هەرەگەورە بەدەستی ئەو کۆمپرادۆرانەی رۆژهەڵات دەخۆن.
لەژێر چەتری ئەو زیهنییەتەی کە لە رۆژهەڵاتی بێ ئاو و کارەبا، هەژار و بێ رێگەوبان و بێکاردا، بێجگە لە بنکەی ژەندرمە و رێکخستنی کۆماندۆ و زیندانی هاوچەرخ هیچی دیکە ناکات، شەوە ئاهەنگ رێکدەخەن [66].
وەك هاوڕێ گەنجەکەشمان دەڵێت، کێشەی سەرەکی لە هەناوی راستییە چینایەتییەکاندایە. وەك چۆن ئەو بەکرێگیراوانەی سەرمایەداری کە دروشمی "چەند بەختەوەرە ئەوەی دەڵێ من تورکم" بەرزدەکەنەوە، بۆ ئەوەی هیچ کات کێشەکانی چینە رەنجدەرەکانی تورك چارەسەر نەکەن و بۆ ئەوەش بە کەڵکیان هاتووە، گوتنی ئەوەش کە "چەند بەختەوەرە ئەوەی دەڵێ من کوردم" پرسەکانی گەلی کورد چارەسەر ناکات و تەنیا بە قازانجی دەربەگەکانە کە ئێستا خەڵك دەچەوسێننەوە و یارمەتییان دەدات کە ببنە ئاغای سەرمایەداری.
لەو روانگەیەوە، پێویستە بە وردی تەماشای پرسی چینایەتی بکرێت و هیچ کات پشتگوێ نەخرێت. تەنانەت ئەم هۆکارەی خوارەوەش لەبەرچاو بگیرێت:
لە سەرەوە باسی ئەوەمان کرد کە لەگەڵ چڕبوونەوەی پەیوەندییە

66 - Isa Geçit , Doğu Derneklerinin Gayeleri Ne olmalıdır , Lyamış , 4 Mayıs 1969 Ankara , Özel Sayı

سـەرمایەدارییەکاندا، لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە زمـان، ئەدەبیات و مێژووی کوردیـش زیاتـر دەبـن و رای گشـتی بـە ئەندازەیەك كە حکومەتی پاشـڤەڕۆ نیگـەران بـکات، هۆشـیار دەبێتـەوە. لـە بەرامبـەر ئـەو گوشارانەشـدا، لەوانەیـە حکومەتـە پاشـڤەڕۆکان بـۆ شـاردنەوەی راسـتییە چینایەتییەکان، هەندێـك مافـی نیوەوناچڵـی نەتەوەیـی بـدەن. وەك دەرکردنـی رۆژنامـەی کـوردی یـان پەخشـی دوو کاژێـری کـوردی لـە رادیـۆ. هەڵبـەت نابـێ هیـچ کات فریـوی ئـەو دەسـەڵاتە پاشـڤەڕۆیانە بخورێـت و دەبـێ راسـتییە چینایەتییـەکان فەرامـۆش نەکرێـن. بـۆ نموونـە لـە ئێـران، نـاوی یەکێـك لـە پارێـزگاکان کوردسـتانە و کوردیـش هەندێـك مافـی نەتەوەییـان هەیـە، بـەڵام ئـەو مافانـە تەنیـا بـۆ شـاردنەوەی گوشـارەکانی دەسـەڵاتی پاشـڤەڕۆیە لەسـەر گەلـی کـورد. بـەر لـە هـەر شـتێك، رای گشـتی دنیا بـە باشـی ئـاگای لەوەیـە چـۆن دەزگای سـاواك گوشـارێکی ترسـێنەر دەخاتـە سـەر ئـەو رۆشـنبیرانەی کـورد کـە بیـر لـە چینـە رەنجدەرەکانـی کـورد دەکەنـەوە. لـەو روانگەیـەوە نابـێ بەهیـچ کلۆجێـك گۆشـەی چینایەتـی بچـووك بکرێتـەوە و فریـوی گەمـەی چینـە سەردەسـتەکان بخورێـت. بچووکنەکردنـەوەی روانگـەی چینایەتـی واتـای ئەوەیـە لـە پلـەی یەکـەم، کێشـەکە لـە چوارچێـوەی ئـەو یارییانەبێـت کـە ئیمپریالیـزم بەگشـتی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دەیـکات. هەروەهـا لـە روانگـەی پەیوەندییەکانیـی ئیمپریالیزمـەوە لـە تورکیـا تەماشـای پرسـەکان بکرێـت.

## 4. رۆڵی زانکۆکان لە چارەسەرکردنی گرفتی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان دا

هەڵەیـە ئەگـەر بڵێیـن زانکـۆ تاوەکـو ئەمـڕۆ سـەبارەت بـە پرسـە کۆمەڵایەتییەکانـی تورکیـا هیچـی نەکـردووە. بـەڵام ئـەوەش راسـتە کـە زانکـۆ لەجیاتـی ئـەوەی نەشـتەر لـە پرسـە سـەرەکییەکانی کۆمەڵگـە بـدات و تیمـاری بـکات، خۆڵـی بەسـەردا کـردوون. لێکۆڵینـەوەی (پارتـە

سیاسـییەکانی تورکیـا و چینـە کۆمەڵایەتییـەکان) [67] کـە سـاڵی 1955 لـە کۆلێـژی زانسـتە سیاسـییەکان کـراوە، لەوبارەیـەوە شـتی زۆرمـان فێـردەکات. یەکێـك لـە بەشـە سەرنجڕاکێشـەکانی لێکۆڵینەوەکـە ئـەو پرسـیار و وەڵامانەیـە کـە سـەبارەت بوونـی چینـی کۆمەڵایەتـی لـە تورکیـا و قەبارەیـان کـراون. پرۆفیسـۆر پـاوز ئابـادان لـە وەڵامـی پرسـیارەکاندا گوتوویەتـی: "هاوڕایـی هەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە لـە تورکیـا، جـا چ لـەڕووی ئابـووری بێـت یـان یاسـایی، بەهیـچ کلۆجێـك چینـی کۆمەڵایەتـی نییـە" [68]. پرۆفیسـۆرەکان دەمیان لە دروشـمی "کۆمەڵێکی پێگەیشـتوو، یەکگرتووی بـێ جیـاوازی" کوتـاوە و هەمـوو بەشـەکانی دیکـەی کۆمەڵگەیان لـە کرێکار و پیشـەگەرەوە بگـرە تاوەکـو خوێنـدەوار و نەخوێنـدەوار، گونـدی و شـاری، فەرمانبـەر و سـەرباز و جووتیـار، بـەو چـاوە سـەیر کـردووە و ئەمـەش دەریدەخـات کـە ئـەوان چەنـدە بێئـاگان لـەو کۆمەڵگەیـەی تێیـدا دەژیـن. ئـەو بێئاگاییـەی پرۆفیسـۆرەکان، لـە دوای بزاڤـی 27ی ئایـار بەشـێوەیەکی روونتر دەرکەوت. ئەوان بۆ چارەسـەرکردنی پرسـەکانی کۆمەڵگە پێشـنیازی هەندێـك دامـەزراوەی رواڵەتـی وەك دادگای دەسـتووری، دوو پەرلەمـان و نوێنەرایەتـی رێژەییـان کردبـوو بەبـێ ئـەوەی بیـر لـە پەیوەندییەکانـی ئـەو دامەزراوانـە لەگـەڵ داینامیکـە بنەڕەتییەکانـی کۆمەڵگـە بکەنـەوە. هـەرزوو دارزاوی و گەنیویـی زانکـۆی بێئـاگا لـە کۆمەڵگـە دەرکـەوت و بزاڤـە خوێندکارییـەکان کـە هەوڵـدەدرا روویەکـی چینایەتـی وەربگـرن، بـە دروشـمی "پڵنگـی کارتۆنـی" نـاوی ئەوانیـان لەبەرچـاوی خەڵـك زڕانـدووە. ئەمـڕۆ هەوڵـدان بـۆ گەڕاندنـەوەی پێگـەی جارانـی زانکـۆ ئیـدی کارێکـی بێسـوودە. چونکـە ئیـدی پرسـەکانی کۆمەڵگەکەمـان زۆر بـە روونـی، لەلایـەن هەندێـك دامـەزراوەی دیکـەی دەرەوەی زانکـۆوە دەخرێنـەڕوو.

---

67 - لێکۆڵینەوەکـە لەلایـەن Lucienne Talloen لـە پسـپۆڕانی رێکخـراوی نەتەوەیەکگرتووەکانـەوە کـراوە و هەندێـك لـە پرۆفیسـۆر و یاریدەدەرەکانـی کۆلێـژی زانسـتە سیاسـییەکانیش یارمەتییـان داوە و بـە زمانـی فەرەنسـی بـە نـاوی" Les partis Politiques et les Classes En Turquie "  بـڵاو کراوەکراوەتـەوە.

68 - Yavuz Abadan , Türkiye'de Siyasi Partiler ve Tazyik Grupları , SBF , 100 Yıl Armağanı , Ankara 1959 , s . 93

هەڵبەت ئەگەر زانکۆ بەرپرسیارییەکانی ئەم سەردەمە بخاتە سەرشانی خۆی و هەوڵی روونکردنەوەی پرسە چینایەتییەکان بدات کە کاتی خۆی دایدەپۆشین و تیشك بخاتە سەر پرسە نەتەوەییەکان کە کاتی خۆی پەردەپۆشی دەکردن، ئەوا ئەو سەربەخۆییەی زانکۆ کە زوو زوو باسی دەکرێت، لێرەدا بەکەڵك دێت. کاتێک هەوڵی روونکردنەوەی ئەو پرسانە بدات کە دەسەڵاتی پاشڤەڕۆ هەوڵی شاردنەوەی داون و رێگەکانی چارەسەرکردنیان بخاتەڕوو، لەوکاتەدا سەربەخۆیی زانکۆ واتادار دەبێت. وەك نووسەر ئیهان سەلجوق گوتوویەتی: هیچ بابەتێك نییە نەتوانرێت دەستی بۆ ببرێت" [69].

## 5. ئەنجام

1. راستییەکی چینایەتی لە تورکیا هەیە کە هیچ کەس ناتوانێ بیشارێتەوە. هەر لێکۆڵینەوەیەکیش کە ئەو راستییە چینایەتییە لەبەرچاو نەگرێت، ناتوانێ رێگەی چارەسەرکردنی پرسەکانی کۆمەڵگە بدۆزێتەوە. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە بایەخ و لەپێشەوەبوون بەم پرسە نادەن، بێ بنەما دەمێننەوە. هەر لەبەرئەوەش پێویستە سەرەتا بایەخ بە پەیوەندیی نێوان چینەکان بدرێت.

2. لە تورکیا پرسێکی نەتەوەیی هەیە کە تاوەکو ئەمڕۆ هەوڵی شاردنەوەی دراوە. سەرەڕای ئەوەی بابەتی دواکەوتوویی و هەژاریی رۆژهەڵات پرسێکی چینایەتییە، ئەوەی پرسی رۆژهەڵات کاراکتەریزە دەکات رەهەندە نەتەوەییەکەیەتی. هەڵبەت پرسی چینایەتی و پرسی ئەتنیکی تێکەڵاوی یەکترن و پەیوەندییەکی تووندوتۆڵیان هەیە. ئەوانەی سەبارەت بابەتەکانی وەك مافە دەستوورییەکان، ئازادییە گشتییەکان، زمان، مێژوو، کولتوور و فۆلکلۆر و تاد کار دەکەن، تاوەکو ئەمڕۆ بە

---

69 - 22 Ekim 1969 , Cumhuriyet

زانایــی ئــەو پرســەیان پشــتگوێ خســتووە. ســەرەڕای ئــەوەی بەشــێوەی فەرمــی باســی ئــەوە دەکرێــت کــە "گەلێــك بــە نــاوی کــوردەوە نییــە. تورکـەکان کـوردن". پڕوپاگەنـدەی ئەمـە دەکرێـت، بـەڵام بـە کـردەوە کورد هەیـە و کوردیـش لەبەرئـەوەی کـوردن، بـە چـاوی کـەم سـەیر دەکرێـن. بیرۆکراســی تورکــی فریــوی گەمــەی چینــە سەردەســتەکانی خــواردووە کـە دەیـەوێ وا پیشـانبدات ناکۆکییـە بنەڕەتییەکـە لەنێـوان گەلـی تـورك و گەلـی کورددایـە و، بـە حـەزی خـۆی وەك گوتەبێـژی ئەوانـی لێهاتـووە. ئەمـە لـە کاتێکدایـە کـە ناکۆکـی هیـچ کات لەنێـوان گەلـی کـورد و تـورك دا نییـە، بەڵکـو لەنێـوان چینـی رەنجـدەری کـورد و تـورك لەگـەڵ چینـە سەردەسـتەکان و دواتریـش ئیمپریالیزمدایـە.

ئیــدی کاتــی ئــەوە هاتــووە کــە دوور لــە هەرجــۆرە مەرجدارکردنێکــی فاشیســتانە و ســۆزدارانە، بیــر لــەم پرســە بکرێتــەوە و چارەســەری بــۆ بدۆزرێتـەوە و ئەمـەش ئەرکـی هـەرە گرنـگ و مێژوویـی رۆشـنبیرانی تـورك و کــوردە.

3. لــە رۆژهەڵاتــی ئەنادۆڵــدا، پەیوەندییەکانــی بەرهەمهێنــان بەشــێوەی دەرەبەگی بەردەوامن و دامەزراوە سـەرخانییەکانی دەرەبەگی وەك شـێخ و مورید لەگەڵ رێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خێڵەکی ماون و هەموو ژیانـی کۆمەڵایەتـی لەژێـر کاریگەری ئەوانەدایە، بەڵام گەشـەکردنی ژمارەی دانیشــتووان و مەکینایزەیشــنی کشــتوکاڵ لــەو داینامیکــە بنەڕەتییانــەن کــە دەتوانــن هێزەکانــی بەرهەمهێنــان، پەیوەندییەکانــی بەرهەمهێنــان و شـێوازی بەرهەمهێنانیـش بگـۆڕن. ئەو پێشـهاتە کە بـەرەو سـەرمایەداری دەڕوات، لــەڕووی سیاســییەوە پرۆســەی نەتــەوە و نەتەوەگەرایــی لەگــەڵ خۆیــدا دەهێنێــت. توانســتی کڕیــن و فرۆشــتن، لــەم قۆناخــەدا بــازاڕی گــەورە دادەهێنــێ و ژمارەیــان زیاتــر دەکات. لــەڕووی سیاســییەوە، لەنێــو پرۆســەی نەتــەوە و نەتەوەگەراییــدا، بایەخــی لێکۆڵینەوەکانــی زمــان، ئەدەبیات و میـژووی کوردیـش زۆرتـر دەبـن. لـەو رووەشـەوە بابەتـی مافە نەتەوەییەکان نەك بەهۆی جەمسـەرەکانی دەسـەڵاتی سیاسـی پاشـڤەڕۆ،

بەڵکـو لەبـەر پرۆسـەی رووخانـی دەربەگایەتـی دەردەکەوێـت و خۆیشـی بەسـەر دەسـەڵاتە سیاسـییەکاندا دەسـەپێنن.

4. ئـەو گەشـەکردنەی لـە پێشـمانەوەیە، بـەرەو کاپیتالیـزم دەڕوات. بـەڵام لەبەرئـەوەی گەشـەکردنی کاپیتالیـزم لـە رۆژهـەڵات لـە ئەنجامـی بەهێزبوونـی چینی بـوورژوازی و لەناوچوونـی دەربەگایەتی نەبـووە، بەڵکو بەهـۆی بەبورژوازبوونـی دەربەگەکانـەوە بـووە (واتـا ئاغـا دەربەگـەکان تێگەیشـتوون کـە ئەگـەر ببنـە ئاغـای بـوورژوازی، باشـتر دەتوانـن پێگـەی خۆیـان بپارێـزن)، بۆئـەوەی بتوانرێـت پرسـەکە بـە قازانجـی جەمـاوەر بشـکێتەوە، سـتراتیژێکی پتـەوی تێکۆشـان پێویسـت دەبێـت. ئەم سـتراتیژە سـەرەتا لەسـەر بنەمایەکـی چینایەتـی و دواتریـش لەسـەر بناخـەی برایەتیی رەنجدەرانـی کـورد و تـورك دادەنرێـت. گۆڕانـی سـەرمایەداری بـۆ قۆناخـە پێشـکەوتووەکانی دواتـر، پەیوەنـدی بـە سـەرکەوتوویی ئـەو سـتراتیژانەوە هەیـە.

5. زانکـۆ تەنیـا ئەوکاتـەی کـە بـە ئاگایـی و بـە ئاراسـتەی یەکسـانیی نەتـەوەکان کار بـکات و لـە دژی هەرجـۆرە داگیرکارییەکـی چینایەتـی و کولتـووری و بـە قازانجـی جەمـاوەر بکەوێتـە شـەڕ، دەتوانـێ بوونـی خـۆی بسـەلمێنێ. بەپێچەوانـەوە لـە " پڵنگـی کارتۆنـی" زیاتـر نییـە کـە تەنیـا گوتەبێـژی بـۆ دەسـەڵاتە پاشـڤەڕۆکان دەکات.

## پاشکۆ

## هاوکاری پۆلیس و زانکۆ لەبەرامبەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی

لـە مانگەکانـی هاوینـی سـاڵی 1968دا پرسـیارنامەی لێکۆڵینەوەیەکـی بەراوردکاریمـان سـەبارەت بـە پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری، لـە قـەزا سـنووورییەکانی وەك کلـس، جزیـرێ، شـەمزینان، باشـقەلا، نسـێبین، بازید و قـەزای پۆسـۆف بڵاوکـردەوە.

کەڵکمـان لـە جیـاوازی کەشـوهەوای نێـوان باشـوور و باکـوور وەرگـرت (بـۆ خۆپاراسـتن لـە گەرمـا، سـەرەتا لـە کلسـەوە دەسـتمان پێکـرد و دواتـر بەڕیـز بـۆ قەزاکانـی دیکە رۆیشـتین)، بـەڵام لەکاتـی ئەنجامدانی ئـەو کارەدا، ئاسـتەنگ و هەڕەشـەی وامـان تووشـبوو کـە بـە بیـری کەسـدا نایێـن. دەتوانیـن بـە کورتـی بـەم شـێوەیە باسـی بکەیـن:

یەکـەم: بـەر لـە هەمـوو شـتێک ئـەو زانکۆیـەی مـن لـەوێ کارم دەکـرد، کۆلێـژی هونـەر و ئەدەبیاتـی زانکـۆی ئەتاتـورک، ناڕەزایـی بەرامبـەر پرۆژەکـەی مـن دەربـڕی. بەبـێ نیشـاندانی هیـچ بەڵگەیـەک و تەنیـا لەبـەر هـۆکاری کەسـیی باسـی ئـەوە کـرا کـە گوایـە لێکۆڵینەوەکـەی من زانسـتی نییـە و دژی بەرژەوەنـدی وڵاتـە. بەوشـێوەیەش، بەبـێ پیشـاندانی هیـچ پاسـاوێک پرۆژەکەیـان رەتکـردەوە. دوای تێپەڕبوونـی ماوەیـەک، هەمـان پرۆژەمـان دایـەوە بـەو دەسـتەیە و ئـەم جارەیـان قبووڵیـان کـرد (ئەمـەش لەکاتێکدایـە کـە پرۆژەکـە لەژێـر چاودێـری کۆلێـژی زانسـتە سیاسـییەکان ئامـادە کرابـوو). لەنێـو دەسـتە زانسـتییەکاندا بـەم جـۆرە باسـی ئـەو بابەتە کـرا و گوترابـوو "ئـەم پیـاوە زانیارییەکانـی تایبـەت بە پێکهاتـەی کۆمەڵایەتی و ئابووریـی تورکیـا لـە کلـس، نسـێبین، جزیـرێ، شـەمزینان، باشـقەلا، دۆغۆ بایەزیـد کۆدەکاتـەوە و لـە شـوێنێکی وەک پۆسـۆف دەیداتـە رووسـەکان.

لەبەرئەوە ڕێگرتن لە لێکۆڵینەوەیەکی بەوشێوەیە ئەرکێکی نیشتمانییە و ئاگادارکردنەوەی پۆلیسیش دەینێکە و لەملماندایە)، دیارە هیچ گومانێکی تێدا نییە کە دەستەی زانستی! هەموو ئەو شتانەی گوتبووی، جێبەجێی کرد. هەموو ئەو شتانەش کە لە خوارەوە باسیان دەکەم، پەیوەندی بەوانەوە هەیە.

ئەو لێپرسینەوەیەی لە دژی پڕۆژەکە لە کۆلێژی هونەر و ئەدەبیات کرا، بێجگە لە هەندێک ململانێی کەسی، هیچ پاساوێکی دیکەی نەبوو. هۆکارەکەش ئەوەبوو کە تاوەکو ئەوکاتە هەر لێکۆڵینەوەیەکم بڵاوکردبێتەوە، بەدڵی بەرپرسانی کۆلێژەکە و هەندێک کەس نەبوو. ئەو کەسانە لەجیاتی ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی ڕەخنە لە لێکۆڵینەوەکانم بگرن، ماددەی 120ی دەستوور و یاسای ژمارە 4936ی زانکۆکانیان پێشێلکرد و بەپێچەوانەی ئەوانە، لێپرسینەوەیان کرد و بەوجۆرەش بەنیازبوون بمسڕنەوە. لەو ڕوانگەیەشەوە بەبێ پیشاندانی هیچ پاساوێک، لێکۆڵینەوەکەی منیان ڕەتکردەوە.

دەستەی زانستی! کۆلێژی هونەر و ئەدەبیات و ڕاگری کۆلێژەکە هەڵوێستێکی نێگەتیڤیان هەبوو. ئەوە لەکاتێکدا سەرۆکی ئەوکاتەی زانکۆکە بەشێوەکی پۆزەتیڤ تەماشای لێکۆڵینەوەکەی کردبوو، نووسراوی بۆ پارێزگارەکانی ماردین، هەکاری، غازی عەنتاب، وان، ئاگری و قارس کرد و داوای لێکردن بۆ توێژینەوەکەم هاوکاریم بکەن. نووسراوەکەی سەرۆکی زانکۆ بەم شێوەیە بوو: "د.ئیسماعیل بێشکچی، یەکێک لە یاریدەدەرەکانی بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی هونەر و ئەدەبیاتی زانکۆکەمانە و سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە سەبارەت بە پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی قەزا سنوورییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. بەشی مەیدانیی لێکۆڵینەوەکە لەنێوان 13ی تەمموزی 1968 تاوەکو 17ی ئەیلوولی 1968 لە قەزاو گوندەکانی کلس، نسێبین، سلۆپی، شەمزینان، باشقەلا، دوغوبایەزید و پۆسۆڤ دەکرێت و دوو خوێندکاریش یارمەتی دەدەن. بە ڕێزێکی زۆرەوە

تکاتـان لێدەکـەم لـەڕووی مـاددی و مەعنەوییـەوە هەمـوو هاوکارییەکـی د.ئیسـماعیل بێشـکچی بکـەن بۆ ئـەو کارانەی کـە لە سـنووری پارێزگاکانتان دەیـکات".

کۆپییەکـی ئـەو نووسـراوەی سـەرۆکی زانکـۆ لای خۆشـمان هەبـوو. دەچووینـە هـەر پارێزگایـەک سـوودمان لـێ دەبینـی و لەگـەڵ پارێـزگار قسـەمان دەکـرد. نووسـراوی هاوشێوەشـمان بـۆ قایمقامـەکان وەرگـرت و دواتـر چووینـە لای قایمقامـەکان و لەوێشـەوە بـۆ لای بەڕێوەبـەری ناحیـە و موختـاری گونـدەکان. بەوجـۆرەش واماندەزانـی دەتوانیـن کەڵـک لـە یارمەتـی ئـەوان وەربگریـن، بـەڵام وەک لـە خـوارەوە باسـی دەکـەم، کارەکـە وەک ئـەوەی پلانمـان بـۆ دانابـوو بەڕێوەنەچـوو. بەرپرسـانی کۆلێـژ لـە زانکـۆ هەواڵـی ناڕاسـتیان دابـووە بەرپرسـان، بەوهۆیـەوە رووبـەڕووی تەنگوچەڵەمـەی چاوەڕواننەکـراو بووینـەوە.

دووەم: پارێـزگاری ماردیـن گوتـی خەڵـك لـە ناوچەکـە بـە کـوردی قسـە دەکات و نزیکـی بارزانیـن، لـەو روانگەیەشـەوە لێکۆڵینەوە لێرە هەسـتیارە. بەوبیانووەشـەوە داوای لێکردیـن جموجۆڵمان سـنووردار بکەین. وەک بڵێی لـە تاقیکردنەوەدابیـن، دانـە دانـە سـەیری هەمـوو ئـەو پرسـیارانەی کـرد کـە لـە فۆڕمـی راپرسـییەکەماندا هەبـوون. لە پشـتی ئێمەشـەوە فەرمانی دابـووە قایمقـام و قـەزا و گونـدەکان چالاکییەکانـی ئێمـە لەژێـر کۆنتڕۆڵـی خۆیانـدا بهێڵنەوە.

لـەم نموونەیـەدا هەوڵـی پارێـزگار بـۆ رێگـری لـە ئێمـە دەردەکەوێـت: لـە نسـێبین لـە ناحیەیـەک بوویـن. لـە ژووری بەڕێوەبـەری ناحیەکـە لەگـەڵ گوندییـەک قسـەمان دەکـرد، بێجگە لـەو گوندییەی ئێمە قسـەمان لەگەڵ دەکـرد، چەند کەسـێکی دیکەش هەبـوون. لەبەرئـەوەی گوندییەکە تورکی دەزانـی، بـە تورکـی قسـەمان لەگەڵ کـرد. بەڕێوەبەری ناحیەکە بـە کوردی بـە گوندییەکانـی گـوت: "روویـان مەدەنـێ، ئەمانـە سـیخوڕن، لەوبارەیـەوە فەرمانـی قایمقـام و پارێزگاریشـم لایـە. مـن ئەمانـەم لـە شـاریش بینـی و رووم پێنـەدان، ئێـوەش روویـان پێمـەدەن". بەڕێوەبـەری ناحیـە کاتێـک ئـەم

قسانەی دەکرد، نەیدەزانی کە ئێمە کوردی دەزانین. دواتر گوندییەکانی بردە دەرەوە و، ئێمەش لەوکاتەدا لەگەڵ گوندییەکی دیکە دەستمان بە قسە کرد، بەڵام ئەو هاووڵاتییە تورکی نەدەزانی، بۆیە بە کوردی قسەمان لەگەڵ کرد. لەکاتی چاوپێکەوتنەکەشدا نێوانمان لەگەڵ ئەو گوندییە زۆر خۆش بوو. هەر لەوکاتەدا بەڕێوەبەری ناحیە هەواڵی بۆ ناردین کە ئاگاداری بکەینەوە کەی گوندەکە بەجێدەهێڵین، لەبەرئەوەی کەسوکاریشمان لێرە نییە، دەبوو پێی بڵێین لە کوێ دەمێنینەوە و بەنیازین چی بکەین. ئەو کەسەی ئێمەش قسەمان لەگەڵ دەکرد گوتی با ئەم هاوڕێیانە میوانی من بن، بەیانی خۆم بەڕێیان دەکەم بۆ ئەوەی بڕۆن. دواتر ئەو کەسانەی کە لە ماڵیان مانەوە گوتیان: "بەڕێوەبەری ناحیە پێیگوتین کە ئێوە سیخوڕن، بۆیە سەرەتا کەیفمان بە ئێوە نەهات، بەڵام دواتر کاتێک سەیرمان کرد بە کوردی قسە دەکەن، هەستمان کرد لە ئێمەوە نزیکن. بەڕێوەبەری ناحیە دەڵێت ئێوە سیخوڕن و زانیاریشی لە پارێزگار و قایمقامەوە پێگەیشتووە، بەڵام ئێمە گوتمان مادام ئەمانە کەسانی خراپن، بۆچی توانیویانە تاوەکو ئێرە بێن؟ ئەویش لەکاتێکدا کە بەڕێوەبەرە پلە بەرزەکان ئاگاداری هاتنەکەیانن. لەڕاستیدا هەر وەڵامێکی ئێمە لەوکاتەی کە بەڕێوەبەری ناحیە لە ژوورەکە بوو، هەڵە بوو. چونکە ترسمان لە بەڕێوەبەری ناحیە هەبوو، هەروەها لە ئێوەش دەترساین. کاتێک ئێوە پرسیارتان کرد کە ئایا لە بەڕێوەبەری ناحیە و جەندرمە دەترسن و حیسابیان بۆ دەکەن؟ ئێمە گوتمان نەخێر، بەڵام لەڕاستیدا ئێمە نە لە بەڕێوەبەری ناحیە و نە لە جەندرمەش رازی نین، هەر لەبەرئەوەی بەڕێوەبەرەکە کەیفی بە ئێوە نەهات، ئێوەمان خۆشویست. کاتێک کە بەڕێوەبەر لە دژی ئێوە قسەی کرد، گوتمان ئەم ماستە موویەکی تێدایە. با بیانکەینە میوانی خۆمان و بزانین ئەمانە کێن! وادیارە ئەمانە بە قازانجی ئێمە کار دەکەن، ئەگەر وانەبووایە پارێزگار و قایمقام و بەڕێوەبەر دژایەتییان نەدەکردن". دواتر ئەم هەواڵە ناخۆشانەمان بۆ پارێزگار باسکرد. کاتێکم زانی

پۆلیسـێک بـە کۆمەڵێـک کاخـەزەوە هاتـە ژوورەوە، دیـارە بەشـێکی ئـەو کاخەزانـەی بەدەسـتی پۆلیسـەکەوە بـوون، فۆڕمـی راپرسـییەکانی ئێمـە بـوون. چونکـە 11 بـۆ 12 لاپـەڕەی پرسـیارەکانمان لـە گۆشـەی راسـتەوە پێکـەوە بەسـتبوونەوە، بـەڵام نە بە قسـە و نە بە جوڵە ئەوەم دەرنەخسـت کـە دەزانـم ئەوانـە لاپەڕەکانی ئێمـەن. پارێزگاریش بەپەلە لەسـەر هەندێک لـە لاپەڕەکان شـتی نووسـی و بـە پۆلیسـەکەدا ناردییەوە. دواتر تێگەیشـتم کـە بەڕێوەبەرانـی ئاسـایش گوشـاریان خسـتووەتە سـەر بەڕێوەبەرانـی هۆتێلەکـە و کاخەزەکانیـان بـردوون (چونکـە بەگوێـرەی پلانەکەمـان، سـەرەتا لـە ماردیـن، نسـێبینەوە لێکۆڵینەوەکەمـان دەسـتپێدەکرد و دواتر بـۆ سـلۆپی دەڕۆشـتین. چونکـە نەدەکـرا لـە نسـێبینەوە بچیە سـلۆپی بەبێ ئـەوەی بـە ماردینـدا تێپـەڕی. لەلایەکـی دیکـەوە، بەکـردەوە ئەوەنـدەش ئاسـان نەبـوو ئـەو هەمـوو کاخـەزە لەگـەڵ خۆمـان ببەیـن، قـورس بـوون و دەسـتوباڵی دەگرتیـن. بۆیـە ئەوەندەمـان بـرد کـە لـە نسـێیبین پێویسـتمان بـوون. ئـەوەی دیکەشـمان لـە هۆتێلەکـە بەجێهێشـتن. دیاربـوو ئەوکاتـەی ئێمـە لـە نسـێبین بوویـن، پۆلیـس و میـت پێکـەوە گوشـاریان خسـتووەتە سـەر بەڕێوەبەرانـی هۆتێلەکـە و کاخەزەکانیـان بـردوون)، ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە ئێمـە خۆمـان فۆرمـی راپرسـییەکەمان بۆ پارێزگاریـش ناردبـوو، بـەڵام لەوانەیـە پارێـزگار بـۆ ئەوەی بزانێـت ئایا هەموو پرسـیارەکان لەیـەک دەچـن یاخـود جیـاوازن، ئـەو رێگەیـەی هەڵبژاردبـوو. وەک لـە سـەرەوەش باسـمکرد، پرسـیارەکان زۆر روون و ئاشـکرابوون و هیـچ شـتێکی شـاراوەی تێـدا نەبـوو. هەرکـەس داوای بکردایە پێمانـدەدان. ئینجـا لەژێـر چاودێریـی کۆلێژی زانسـتە سیاسـییەکاندا ئامادەکرابـوو. کاتێک ماردینمـان بەجێدەهێشـت، نموونەیەکـی پرسـیارەکانمان لای ئـەو کەسـە بەجێهێشـت کـە یارمەتـی ئاسایشـی دابـوو بـۆ ئـەوەی پرسـیارەکان بـدزن. لـە قسـەکانمان لەگـەڵ پارێـزگار، باسـی ئـەوەی کـرد کـە ناوچەکـە زۆر هەسـتیارە و ئەویـش لەبەرئەوەیـە کـە نزیکـە لـە بارزانـی، بۆیـە گونجـاو نییـە لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکەین. لـە گەڕانەوەمان لە نسـێبین، سـەبارەت

بـە پرۆگرامـی لێکۆڵینەوەکەمـان زانیاریمـان دایـە پارێـزگار و گوتمـان لـە ڕێگـەی جزیـرەوە بـۆ شـڕناخ و لەوێشـەوە بـۆ ئوڵـودەرە دەڕۆیـن. پارێـزگار بـەم پلانـە زۆر نیگـەران بـوو، دەیگـوت: "لـە ڕێگـەی شـەمزینانەوە مەچـن بـۆ شـڕناخ، بچـن بـەرەو دەریاچـەی وان و لەوێـوە بـڕۆن بـۆ هـەکاری. لـە شـڕناخ - ئوڵـودەرە ڕێگـە نییـە و دەبێـت بەپـێ بـڕۆن. بێجگـە لـەوە، لەوانەیە تووشـی جـەردە و ڕێگرەکانـی ئـەوێ ببـن". ئێمـەش گوتمـان بۆیـە ڕێـی شـڕناخمان هەڵبـژاردووە چونکـە ڕێگەیەکـی کورتـە، کاتیشـمان زۆر کەمـە، ئەگـەر بچیـن بـە دەوری دەریاچـەی وانـدا بسـووڕێینەوە، ئـەوە چـوار بۆ پێنج ڕۆژمـان لەکیـس دەچێـت. سـووربووین لەسـەر قسـەی خۆمـان و گوتمـان دەتوانیـن 50 کـم ڕێگـەی نێـوان شـرناخ بـۆ ئوڵـودەرە بەپـێ ببڕیـن. دووجـار لەگـەڵ پارێـزگاری ماردیـن قسـەمان کـرد، لەجـاری یەکـەم دا دوو هاوڕێـی خوێندکارمـان بـە ناوەکانـی ئەحمـەد ئـاراس و جاویـد گویـک تـورک هەبوون (ئەحمـەد ئـاراس کـورد و، جاویـد گویـک تورک بوو)، لە قسـەکانماندا باسـی کێشـە گشـتییەکانی تورکیا و کێشـەی ڕۆژهەڵات و کێشـەی خوێندکارانمان کـرد. جـاری دووەمیـش خـۆم تەنیـا بـووم و هاوڕێیەکانـم نەیانویسـت بێـن. ئـەم جـارە پارێـزگار بەتایبـەت لەسـەر ئەحمـەد ئـاراس قسـەی کـرد، چونکـە بـە سـیمایدا یەکسـەر دیاربـوو کـە کـوردە. ئـەو شۆڕشـگێڕێکی بـە بیروباوەڕیـش بـوو، بۆیـە لـە ماوەیەکـی کورتـدا سـەرنجی ڕادەکێشـا. لـە لێکۆڵینەوەکەمانـدا لـە ماردیـن، ئەحمـەد ئـاراس لـە هەندێـک شـوێن پرسـیاری لەبـارەی کامـەران بەدرخـان کردبـوو. ویسـتبووی هەندێـک زانیاری لەسـەر ئـەو کۆبکاتـەوە. بۆیـە لەلایـەن میـت و ئاسایشـەوە خرابـووە ژێـر چاودێرییـەوە. پارێزگاریـش لـە درێـژەی قسـەکانیدا گوتـی: " ئێـوە چوونەتـە هـەر گوندێـک بـە کـوردی قسـەتان کـردووە. پرسـیاری خۆفرۆشـێکی وەک کامـەران بەدرخانتـان کـردووە کـە تاوانەکانـی ئەوەنـدە قورسـن، تەنانـەت لـە دۆسـیەکانی دەوڵەتیشـدا جێیـان نابێتـەوە". بەوجـۆرە هـەر باسـی ئەحمـەد ئاراسـی دەکـرد و دەیگـوت: " تـۆ سـەر بـە ئیدارەی، کەسـێکی نیشـتمانپەروەری، بـەڵام ئـەو خوێندکارانـە بەتایبـەت کوردەکەیـان وانییـە.

عەقڵـم نایبـڕێ". (ئەوکاتـەی کـە پارتـی عەدالەت سـەرۆکی لقـی پارێزگاکەی دانەنابـوو، پارێـزگار دەچـووە بارەگای پارتەکـە و کارەکانی ئەوێشـی دەکرد). سـێیەم: لـە هەکاریـش ئاسـتەنگ بـەردەوام بـوون. پارێزگاریـش بـۆ ئـەوەی ڕێگـری بـکات ئێمـە بچینـە شـەمزینان، هـەزار و یـەک بیانـووی هێنایـەوە. چـوارەم: لــە وان پارێــزگار گوتــی تاوەکــو نووســراوی فەرمــی لــە وەزارەتـی ناوخـۆ نەیێـت، ناتوانـن لێکۆڵینـەوە بکـەن. لەڕاسـتیدا بـۆ هیـچ لێکۆڵینەوەیەکـی زانسـتی پێویسـت بـە نووسـراوی وەزارەتـی ناوخـۆ ناکات. ئێمــە نووســراوی ســەرۆکی زانکــۆی ئەتاتورکیشــمان پێبــوو، ســەرۆکی زانکـۆ لـە نامەکـەی خۆیـدا بـۆ پارێـزگارەکان گوتبـووی ئێمـە لـەو ناوچانـە لێکۆڵینـەوەی زانسـتی دەکەیـن و داوای کردبـوو تاوەکـو ئـەو جێگەیـەی بکرێـت ئاسـانکاریمان بـۆ بکـەن، بـەڵام پارێـزگار دەیگـوت مـن سـەرۆکی زانکـۆ و پڕۆفیسـۆر و شـتی وا ناناسـم، ئیلا دەبـێ نووسـراوێکی وەزارەتـی ناوخـۆ بێنـن. ئـەوەی لێـرەدا مێشـکی پارێـزگاری تێکەڵوپێکەڵ دەکـرد، ئەمە بـوو: لەوکاتـەی ئێمـە لێکۆڵینەوەکەمـان دەکـرد، ئینسـتتیوتی گفتوگۆکان لەسـەر ژمـارەی دانیشـتووان لـە زانکـۆی حاجەتەپە لەسـەر ئاسـتی هەموو تورکیـا ڕاپرسـییەکیان دەکـرد، کــە دەچوونـە شـوێنە جۆراوجـۆرەکان ئەوانیشــمان دەبینــی. ئــەوان نووســراوی وەزارەتــی ناوخۆیــان پێبــوو، بـەڵام لـە نووسـراوەکەدا باسـی ئـەوە نەکرابـوو کـە ئـەوان ڕێگـە بـەم لێکۆڵینەوەیـە دەدەن، تەنیـا داوای لـە پارێـزگارەکان کردبـوو ئاسـانکارییان بـۆ بکـەن. پارێـزگار لەمـە تێنەدەگەیشـت و دەیگـوت هەرکەسـێک لـەم ناوچەیـە بەنیـازی لێکۆڵینەوەبێـت، دەبـێ نووسـراوی وەزارەتـی ناوخـۆم بـۆ بێنـێ.

پێنجـەم: سـەبارەت بـەو ئاسـتەنگانە و ئـەو ڕووداوانـەی لـە مـاوەی لێکۆڵینەوەکەمانـدا ڕوویاندابـوو، نامەیەکـم بـۆ سـەرۆکی زانکـۆ نووسـی. لـە نامەکـەدا باسـی ئـەوەم کردبـوو کـە پاریـزگار و قایمقـام و بەرپرسـانی ئاسـایش دژی ئێمــە پڕوپاگەنـدە بڵاودەکەنـەوە و خەڵـک لـە دژمـان هانـدەدەن.

ئەوەشـم باسـکرد کـە ئـەو نووسـراوەی سـەرۆکی زانکـۆ بـۆ پارێزگارەکانـی نووسـیبوو نـەک ئاسـانکاری، بگـرە کێشـەی بـۆ دروسـتکردین (چونکـە بەهـۆی ئـەوەوە، دەبـوو بـەر لـە لێکۆڵینـەوە، دیدارمـان لەگـەڵ پارێـزگار هەبێـت، پارێزگاریـش دەیزانـی هاتوویـن بـۆ ناوچەکـە).

لـە ڕۆژی 13/8/1968 لـە پارێـزگای وانـەوە نامەیەکـم بـۆ سـەرۆکی زانکـۆی ئاتاتـورک نووسـی کـە بـەم جـۆرە بـوو:

" یەکـەم: بەگوێـرەی نووسـراوی ژمـارە 266. 4/2093 لـە ڕۆژی 1968-7-8 لێکۆڵینـەوەی پێویسـتم لـە کلـس و نسـێبین و سـلۆپی کـردووە.

دووەم: پارێـزگاری هـەکاری دەیگـوت لـە شـەمزینان و پارێـزگاری وانیـش دەیگـوت لـە باشـقەلا ئەنجامدانـی توێژینـەوەی کۆمەڵایەتـی مەترسـیدارە و ڕێتـان پێنادەیـن.

سـێیەم: پارێـزگاری وان گوتـی داواکاریـی پرۆفیسـۆرێک بـەس نییـە بـۆ ئـەوەی ڕێگـە بدەیـن لێکۆڵینەوەیەکـی بەوشـێوەیە لـە ناوچەکـە بکرێـت.

چـوارەم: پارێـزگارەکان نـەك هـەر ئاسـانکارییان بـۆ نەکردیـن، بەڵکـو ئاسـتەنگی گەورەشـیان بـۆ دروسـتکردین.

پێنـج: لـە ماردیـن، پارێـزگار و قایمقـام و بەڕێوەبـەری ناحیـە پیلانێکیـان لـە دژی ئێمـە گێـڕا و ئێمەیـان وەک سـیخوڕ بـە گوندییـەکان ناسـاند، بـەڵام ململانیـی نێـوان خەڵـک و بیرۆکراسـیی دەوڵـەت کـە هەمیشـەییە، لێرەش خـۆی دەرخسـت و خەڵـک ئێمـەی لـە ئامێـز گـرت و میواندارییـان کردیـن.

شەشـەم: هەڵوێسـتی پارێـزگارەکان لـە قەزاکانـی دیکـەش هـەر وابـوو، دەیانگـوت لـە ناوچەکـەدا بـە کـوردی قسـە دەکرێـت و ئەمانـەش زۆر نزیکـی بارزانیـن، لەبەرئـەوە ناوچەکـە زۆر هەسـتیارە.

هەشـتەم: بـەڵام ئـەوە بۆخـۆی ڕێـک لایەنـە هەسـتیارەکەیە کـە پارێـزگارەکان دەترسـێن لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکـرێ. کەسـانێک هـەن کـە بەهـۆی قاچاخچێتییـەوە بـە ملیۆنـان قازانـج دەکـەن و، بەرپرسـانی دەوڵەتیـش لەگەڵیـان هاوبەشـن. یـان پۆلیـس و جەندرمـە و لایەنـە هاوشـێوەکانیان لەنێـو ڕووداوەکانـدان، قایمقـام و پارێـزگار و دادوەر و

داواکاری گشتی ڕێگە بەوجۆرە کارانە دەدەن. لە ناوچە سنوورییەکاندا سیستمی خێڵ زۆر بەهێزە، لەو ڕوانگەیەشەوە چەمکی پارتی سیاسی زۆر گرنگ نییە. پارێزگار، قایمقام، دادوەر و داواکاری گشتیش لە ئاستی ناوخۆ لاوازن و لە بەرامبەر سیستمی خێڵدا توانای خۆیان لەدەستداوە. ژێرخانی وەک ڕێگەوبان لەوێ نییە. بەرهەمی پێویست بۆ بازاڕ نییە و پێکهاتەی دەرەبەگایەتی زۆر بەهێزە. کەسانێک هەن کە 12 - 18 هەزار دۆنم زەوییان هەیە، بەڵام ٪70-65ی خەڵک هیچ زەوییەکیان نییە. هەڵبەت گەشەکردنی خێرای ژمارەی دانیشتووان و ماکینیزەبوون وادەکات پێکهاتەی ناهاوسەنگی کۆمەڵایەتی هەڵوەشێت. ئەو لایەنانەی دەسەڵاتی دەوڵەت کە پەیوەندییان لەگەڵ خەڵک هەیە، تەنیا کەسانی جەندرمە و باجوەرگرەکانن، لەبەرئەوەش جەردەیی و ڕێگری ئەنجامێکی سرووشتی سیستمێکی بەوجۆرەیە، ئەمەش لە دژی خەڵک نییە بەڵکو لە دژی ئاغا و ئەو دەوڵەتەیە کە یارمەتی ئاغاکان دەدات. لە سەرتاسەری سنوورەکەدا هەموو پەیوەندییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەودیوی سنوورەکەدایە.

نۆیەم: لێکۆڵینەوە لەو هۆکارانەی لە ماددەی هەشتدا باسکراوە و دەرخستنی سەنتێزەکانی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بۆچی ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی هەستیارە.

دەیەم: من ئاگاداری هەموو هەنگاوێکم کە دەینێم و ئاگام لە هەموو قسەیەکیشە کە دەیکەم، بەڵام کاتێک ڕاستییەکان بەو شێوەیەن، گوناحی کەسێکی زانستکار دەبێت چی بێت؟

یانزەیەم: سبەی بەرەو دۆغوبایەزید دەچم، لەوێشەوە دەچمە پۆسۆڤ. دەچمە لای پارێزگارەکان، بەڵام نەک بۆ ئەوەی هاوکاریم بکەن، تەنیا بۆ ئەوەی ئاگاداربن لە ناوچەکانیان لێکۆڵینەوە دەکەم، ئینجا ڕێگە بدەن و نەیدەن من لێکۆڵینەوەکە تەواو دەکەم.

دووانزەیەم: زانیاری تەواو سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکە لەکاتی گەڕانەوەدا دەدرێت.

سـیانزەیەم: تاوەکـو ئێسـتا ئەم ناوچانـەم تێپەڕاندووە: ئـەرزڕووم بۆ مەڵاتیا، گازی عەنتـاب، کلـس، نسـێبین، جزیـرە، شـڕناخ، ئوڵـودەرە، بەیتولشـەباب، هـەکاری، یوکسـەکۆڤا، باشـقەلا و وان. لـەو ڕێگەیانـەدا سـوودمان لـە ئوتومبێـل وەرگرتـووە، بـەڵام هەندێـک ڕێگەشـمان بەپـێ بڕیـون.
لەگەڵ ڕێزم

**تێبینی:**

نابێـت ئـەو نووسـراوە نیازپاکانـەی سـەرۆکی زانکـۆ لەگـەڵ ئـەو هەوڵانەی زانکـۆ کـە دەیانویسـت ڕێگـری لـە کارەکانمـان بکـەن، تێکـەڵ بکرێت.

6 - دوای نووسـینی ئـەو نامەیـە بـەرەو ئاگـری بەڕێکەوتیـن، بـەڵام لـەوێ کۆنترۆڵـی ئاسـایش زۆر زیـادی کـرد. پارێزگاریـش دەیویسـت واپیشـانبدات لەگـەڵ ئێمـە باشـە، بـەڵام لـە پشـتەوە هێزەکانـی ئاسایشـی دەخسـتە جوڵـەوە. ئاسـایش گوێیـان نەدەدایـە ڕێسـتورانت و قاوەخانـە و هۆتێـل، بـەردەوام چاودێریـی ئێمەیـان دەکـرد. لەبەرئـەوەی زۆر نـەزان بـوون، یەکسـەر خۆیـان ئاشـکرا دەکـرد و دەتزانـی کـە ئەوانـە چاودێریـت دەکـەن، سـەرەڕای ئـەوە کۆڵیـان نـەدەدا و هـەر چاودێرییـان دەکردیـن.

لـە بایەزیـد بـە ڕاشـکاوی بابەتەکـەم بـە قایمقـام گـوت، گوتم ئێمـە کارێکی زانسـتی دەکەیـن، لێکۆڵینەوەکـەم نیـازی خراپـی لەپشـت نییـە، بۆیـە ئـەو چاودێـری و بەدواداچوونـەی ئێـوە شـتێکی زۆر ناشـیرینە. ئەمـە جگـە لـە پێشـێلکردنی مافەکانمـان، زەوتکردنـی مافـە ئەکادیمییەکانی ئێمەیـە. دانە دانـە بـۆم ڕوونکـردەوە، تەنانەت لەسـەر نەخشـەش هەموو ئـەو گوندانەم پیشـاندا کـە ئێمـە بۆ ڕاپرسـی سـەردانی دەکەیـن. گوندەکانیشـمان لەگەڵ قایمقـام پێکـەوە هەڵبـژارد، سـەرەڕای ئـەوەش قایمقـام هـەر سـیخوڕی بەدوامانـدا نـاردن و، لـە هـەر گوندێـک لەگـەڵ کـێ قسـەمان کردبێـت، دواتـر لێکۆڵینەوەیـان لەگـەڵ کردبـوو. پرسـیاری ئەوەیـان کردبـوو کـە ئێمە لەگـەڵ کـێ قسـەمان کـردووە، چیمـان گوتـووە و ئـەوان چییـان بـە ئێمـە گوتـووە و شـتی لـەو بابەتـە.

7 - یەکێـک لـە سـەیرترین ڕووداوەکان لـە قــەرس ڕوویـدا. ئەوانـەی لـە بایەزیـد بـە قایمقامـم گـوت، لە قـەرس بۆ پارێـزگارم گێڕایەوە. گوتـم نازانم بۆچـی چاودێریمـان دەکـەن و دەیانەوێـت ئاسـتەنگ بـۆ لێکۆڵینەوەکەمـان دروسـت بکـەن! پارێزگاریـش گوتـی: "چوونەتـە هـەر شـوێنێک بـە کـوردی قسـەتان کـردووە و ئەوانیـش بەمەیـان زانیـوە"، گوتـم ئێمـە ناچاربوویـن بەکـوردی قسـە بکەیـن، بەشـێک لەوانـەی قسـەمان لەگـەڵ کـردوون تورکییـان نەدەزانـی. زۆرینـەی خەڵکـی قـەزا و گوندەکانـی سـەر سـنوور تورکـی نازانـن. پارێـزگار گوتـی: "کەوابـوو ئێـوەش بچوونایـە گوندێـک کـە تورکـی دەزانـن. لەگـەڵ ئەوانـە قسـە بکـەن کـە تورکـی دەزانـن، ئەگـەر گوندەکانـی سـەر سـنوور تەنیـا کـوردی دەزانـن، ئێـوە بچـن بـۆ نێوەڕاسـتی ئەنـادۆڵ و ڕۆژئـاوای ئەنـادۆڵ، لـەوێ لێکۆڵینـەوە بکـەن". پارێـزگار بەهیـچ شـێوەیەک لـەوە تێنەدەگەیشـت کـە ئێمـە چیمـان بەسـەر هاتـووە و بۆچی فۆڕمـی ڕاپرسـییەکانیان والێکـردووە و ویسـتوویانە ڕێمان لێبگـرن. خۆی لە گێلـی دەدا و نەیدەویسـت تێبـگات، هـەر دەیگـوت "باشـە، تێگەیشـتم کە تۆ لێکۆڵینـەوە دەکـەی، ئـەی ئـەو دوو کەسـەی لەگـەڵ تـۆن چیـن؟ ئەوانیـش لێکۆڵینـەوە دەکـەن؟ بـا هــەر کەسـەو لێکۆڵینـەوەی خـۆی بـکات". جـار جارێکیـش دەیگـوت: "چ پەیوەندییـەک لەنێـوان ئاغایەتـی و سۆسـیالیزمدا هەیـە؟"، ئــەوە لەکاتێکــدا هیــچ قسەیەکیشــمان لەوبارەیــەوە لەگــەڵ نەکردبـوو.

سـەرەڕای ئـەوەی لەگـەڵ پارێزگار قسـەم کردبوو، ئەوانـەی لێکۆڵینەوەیان دەکـرد وازیـان لێنەدەهێنایـن و تاوەکـو پێیـان دەکـرا کێشـەیان بۆ دروسـت دەکردیـن. بـۆ نموونـە کاتێـک دەمانویسـت بچیـن بـۆ پۆسـۆڤ، دەبـوو لـە ئەردەهانــەوە بڕۆیـن، هەمیشــە ئۆتۆمبێـل لەنێــوان قــارس و پۆســۆڤ نەبـوو، بـەڵام هــەر ناچاربوویـن بچینـە ئەردەهـان. پێدەچێـت پارێـزگار کـە کۆنترۆڵـی تـەواوی بەسـەر پارێـزگادا هەبـوو، تەلەفۆنـی کردبێـت، بۆیـە ئەم جـارە لـە ئۆتۆمبێلەکـەدا لەجیاتی پۆلیـس، قایمقام و فەرمانـدەی جەندرمە و کۆمیسـەرێکی پۆلیـس هەبـوون. قایمقـام بۆ ئەوەی خەڵک لـە دژی ئێمە

هانبـدات، هەمـوو شـتێکی کـرد. بەڕوونـی گـوتـی: "مـن ئەندامێکـی پارتـی دادم، مـن تەنیـا ئاسـانکاری بـۆ ئەوانـە دەکـەم کـە سـەر بـەو حیزبـەن، بڕۆن لای پارێـزگار شـکاتم لێبکـەن". زۆر بەڕوونـی قسـەی دەکرد، چونکـە دەیزانی پارێزگاریـش سـەر بـە پارتـی دادە، ئەمەشـی بـە شـانازییەوە بـاس دەکـرد. لەکاتێکـدا هەمـوو شـتێکی دەکـرد بـۆ ئـەوەی ڕێگـە لـە لێکۆڵینەوەکـەی ئێمـە سـەبارەت بە پێکهاتـەی ئابـووری و کۆمەڵایەتی بگرێت، ئاسـانکاری بۆ گرووپێکـی دیکـە دەکرد کـە لەوبارەیەوە لێکۆڵینەوەیـان دەکرد. ئۆتۆمبێلی بـۆ تەرخانکـردن، شـوێنی مانـەوەی پێـدان، ئەمـەش تەنیـا لەبەرئـەوەی لەلایـەن ڕێکخـراوی پلاندانانـی دەوڵەتـەوە هاتبـوون و نووسـراوێکیان پێبوو کـە واژۆی سـلێمان دەمیرەلـی سـەرۆکوەزیرانی پێوەبـوو. بەهـۆی ئـەو ڕەفتارانـەی قایمقـام و پارێـزگارەوە کـە پێچەوانـەی دەسـتوور و یاسـا بوون و مافەکانـی ئێمەشـیان پێشـێل دەکـرد، نەمانتوانی بچینە پۆسـۆڤ. چونکە وەک پێشـتر باسـمکرد، تێگەیشـتنێکی واهەبـوو کـە ئێمـە ئـەو زانیارانـەی لـە کلـس، نێسـبین، جزیـرە، باشـقەڵە و دوغوبایەزیـد کۆمانکردووەتـەوە، لـە پۆسـۆف بـە رووسـەکانی دەفرۆشـین. پێیانوابـوو کـە پێویسـتە بـە هەر نرخێـک بێـت ڕێگـە لـەوە بگیرێـت و ئەوەشـیان وەک ئەرکێکـی نیشـتمانی سـەیر دەکـرد. لەبەرئەوەش بەهۆی ئاسـتەنگە جۆراوجۆرەکانی پۆلیسـەوە نەمانتوانـی بڕۆینـە پۆسـۆڤ.

بـرای یەکێـک لـە خوێنـدکارە هاوڕێیەکانـم لـە دامـاڵ، لـە بنکەیەکـی سـەربازیی سـنوور کاری دەکـرد، ئەویـش بـۆ سـەردانی براکـەی ڕۆیشـت بـۆ ئـەوێ و چەنـد فۆڕمێکـی ڕاپرسیشـی لەگـەڵ خـۆی بـرد، بـەڵام گوشـارەکە ئەوەنـدە زۆربـوو کـە لـە کۆتاییـدا داواکاری گشـتی دەسـتی لـە کارەکـە وەردا و، لـە دژی هاوڕێیەکەمـان، بەگوێـرەی ماددەی 140ی یاسـای کۆماری تورکیـا بـە تۆمەتـی پڕوپاگەنـدەی دژی دەوڵـەت و هەوڵـدان بـۆ ڕووخاندنـی سیسـتم سـکاڵای تۆمـار کـرد، داواکاری گشـتی بانگەشـەی ئـەوەی کـرد کە ئـەو فۆرمە ڕاپرسـییانەی ئێمـە بڵاومانکردوونەتـەوە تاوانـە. هاوڕێیەکەمان بەرگـری لـەوە کردبـوو کە ئامانجی بڵاوکردنـەوەی فۆرمەکان کاری زانسـتی

بـووە، بۆیـە لـە ماوەیەکـی کورتـدا دادگـە بڕیاریـدا لێکـۆڵینـەوە لەو دۆسـیە نـەکات.

ئەمـە ئـەو بەسـەرهاتانەن کـە بـۆ ئەنجامدانـی لێکـۆڵینەوەیەکـی زانسـتی ڕوویانـدا. لێـرەدا چەند پرسـیارێکی زۆر گرنگ هـەن: بۆچی پارێزگار و قایمقام و ئاسـایش ڕێگەیـان لـەو لێکـۆڵینەوەیـە گـرت؟ ئـەو ڕێگرییـە بەسـوودی کـێ بـوو؟ بۆچـی بەگوێـرەی زانیارییەکـی ناڕاسـت و نازانسـتی سـکاڵایان لـە کەسـێکی سـەر بـە زانکـۆ کـرد؟ زانکۆ بـەم کارەی خـۆی، خزمەتـی کام چینی کۆمەڵگـەی کـرد؟

# بەیاننامەی 13

# ئەو کێشە و بابەتانەی پێویستە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت*

نابێـت دیاریکردنـی ئـەو بابەتانـەی کـە پێویسـتە لـە تورکیا لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر بکرێت، بە قسـەی زانایەک بێت کە لە پشـت مێزەکەی دانیشـتووە، بەڵکـو پێویسـتە ئـەوە بـە گوێـرەی دینامیکـە بنەڕەتییەکانـی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی بێـت. 10 سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا لەبەرئـەوەی شـتێک بەنـاوی جوڵانـەوەی خوێنـدکاری نەبـوو، کـەس بـە پێویسـتی نەدەزانـی لێکۆڵینـەوە لـەم بابەتـە بـکات، بـەڵام ئەمـڕۆ زانـا و دامـەزراوەی سیاسـی جۆراوجـۆر هەوڵـی روونکردنـەوەی ئـەو بزاڤـە خوێندکارییانـە دەدەن. هـەروەک ئـەوەی لـەدوای سـاڵی 1945 ەوە، زۆربـەی زاناکانـی بـواری سیاسـەت باسـی ئـەو سـوودانەیان دەکـرد کـە دیموکراسـی بـۆ تورکیـای دەهێنێـت،

* Türkiye'de Sosyal Araştırmaların Gelişmesi , Hacettepe Üniversitesi Yayını , Ankara 1971 , s . 223-226.

کەچی لەوکاتە بەدواوە، دەرکەوت کە جێبەجێکردنی دیموکراسیی بوورژوازی رۆژئاوا زیاتر لە سوود زیانی بۆ تورکیا هەیە وتەنگەتاوی کردووە. ئێستا زۆربەی زاناکانی بواری سیاسەت باس لە باشییەکانی دیموکراسی ناکەن، بەڵکو سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لەسەرئەوەی کە ئایا جێبەجێکردنی دیموکراسیی بوورژوازی رۆژئاوا لە کۆمەڵگەیەک کە دەرەبەگایەتی یان نیمچە دەرەبەگایەتییە، دەتوانێت دەرگا بۆ دەرکەوتنی چ جۆرە کێشە و پرسێک بکاتەوە؟ چونکە لە کۆمەڵگەیەکدا کە دینامیکە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بە جۆرێکن کە تایبەتمەندی دەرەبەگایەتی پێوەیە، جێبەجێکردنی دیموکراسی رێگەی بۆ هیچ جۆرە باشییەک نەهێشتووەتەوە و لە قازانجی جەماوەر نەبووە و، تەنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی دەربەگەکان و چینە سەردەستەکان بە کەڵك هاتووە کە پێکەوە لە هاوپەیمانییەکدان. کەوایە ئەوەی دیاریی دەکات چ شتێک لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، خودی زاناکە نییە، بەڵکو بابەتەکانی لێکۆڵینەوە لە ئەنجامی کارکردنی دینامیکە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەردەکەون. ئەگەر کەسی زاناش بەشێوەیەکی دینامیکەکانی ئەمڕۆ دروست شیبکاتەوە و، بزانێت لە داهاتوودا بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕۆن، دەتوانێت لە ئێستاوە ئاماژە بە لێکەوتەکانی داهاتوو بدات.

## پرسی رۆژهەڵات

نموونەیەکی گرنگ کە دەریدەخات پێویستە بابەتەکانی لێکۆڵینەوە لە رێگەی دینامیکە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە دیاری بکرێن پرسی رۆژهەڵاتە. تاوەکو رۆژی ئەمڕۆ، هۆکاری دواکەوتوویی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بە دوو برگە روون دەکرایەوە: یەکێکیان ئەوەبوو کە دەسەڵاتە سیاسییەکان رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیان پشتگوێ خستووە، ئەویدیکەشیان ئەوەبوو کە پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوچەکە هێشتا پشت

بە ئاغایەتی و شێخایەتی و سەیدایەتی و سەرۆکایەتی خێڵ و پاشماوەی دامەزراوەی چاخەکانی نێوەڕاست دەبەستێت، بەیاننامەی هەڵبژاردنی پارتی گەلی کۆماری لە 12ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1969 زۆر بەڕوونی ئەمەی باسکردبوو[70].

لە راستیدا ئەو گوزارشتانەی کە وەک هۆکارەکانی دواکەوتوویی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ باسکرابوون، نەک هۆکار بەڵکو تەنیا رواڵەتی پرسەکە پێکدەهێنن، لەو روانگەیەشەوە هەریەک لەوانە بۆخۆیان دیاردەی گرنگی ئابووری و کۆمەڵایەتین و پێویستیان بە روونکردنەوەیە، بە واتایەکی دیکە ئەوانەی کە دەگوترێن نەک هۆکاری دواکەوتوویی رۆژهەڵات، بەڵکو ئەنجامی هەندێک سیاسەتی کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورین کە لە دژی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ پەیڕەوکراون، کەوابوو هەبوونی ئاغایەتی و شێخایەتی سەیدایەتی و سەرۆکخێڵی، هەبوونی دامەزراوەکانی سەردەمی سەدەکانی نێوەڕاست هۆکاری دواکەوتوویی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ نین، بەڵکو بەپێوە مانەوەی ئەو دامەزراوانە لە ئەنجامی ئەو سیاسەتانەیە کە دەسەڵاتی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ پەیڕەوی کردوون، لەو روانگەیەشەوە پێویستە زۆر بە روونی و ئازایی و دوور لە هەر هەڵچوونێکی سۆزداری ئەم دوو پرسیارەی خوارەوە بکرێت و وەڵامی بدرێتەوە، یەکەم؛ ئایا ئەگەر لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ پێشەنگایەتی ئەو خزمەتگوزارییە ژێرخانیانەی کەوا سیستیمی پەیوەندی سەرمایەداری پێشیان دەخات بکرایە یاسا، سیستمی ئاغایەتی و شێخایەتی سەیدایەتی و سەرۆکخێڵی ودامەزراوەی دەرەبەگی لەسەر پێ دەمانەوە؟

دووەم؛ بۆچی دەسەڵاتی ناوەندی لەجیاتی پەرەپێدانی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان و لەنێوبردنی دەرەبەگایەتی لەوێ لەگەڵ دەربەگەکانی ئەوێ هاوپەیمانی کرد و رێگەی بۆ یەکگرتنی ئەوان لەگەڵ چینە

70 - CHP'nin Düzen Değişikliği Program, Doğu'da Yeni ve Halkçı Düzen, Ankara 1969, Bölüm 6, s. 45

سەردەستەکانی رۆژئاوای ئەنادۆڵ خۆشکرد، پێویستە لە سەمینارەکە گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکات. دەتوانین لە روویەکی دیکەشەوە باسی ئەم پرسە بکەین، وەک دەزاندرێت تورکیا لەڕووی ئابوورییەوە وڵاتێکی گرێدراوی دەرەوەیە، گرێدراوبوون بە دەرەوە وادەکات دینامیکییە بنەڕەتییەکانی گۆڕانی کۆمەڵاتی و ئابووری لەناوخۆی تورکیا نەبێت و لە دەرەوە بەدوای ئەوەدا بگەڕێین.

لەڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگە و هێزەکانی بەرهەمهێنان دا تەنیا یەک هێز هەیە بتوانێت دەربەگایەتی لەنێوببات، ئەویش ئەوکاتەیە کە ئەو بەرهەمەی لەلایەن خاوەنی موڵکی گوندەوە دابەشکراوە و ئەو بەرهەمە زیادەیەی لەلای گوندەکان دەمێنێتەوە هەناردەی دەرەوەی گوندەکان بکرێت و لەوێش لەگەڵ ئەو کەسانەی بازرگانی دەکەن یەکبگرێت، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا قوناخێکی تازە دەستی پێکردووە و ئەویش ئەوەیە دینامیزمێکی ناوخۆیی بەوشێوەیە نەبووە و لەجیاتی ئەوە دەرەبەگی و خاوەن موڵک و بەرهەمهێن خۆیان بوونەتە چینێکی دەرەبەگی، چینە سەردەستەکانی رۆژئاوا لەوەتێگەیشتوون کە کاتێک یەکبگرن دەتوانن زیاتر خەڵک بچەوسێننەوە، ئەمەش ئەوە دەدرەخات کە رووداوەکە زیاتر لە دینامیکە ناوخۆییە کۆمەڵاتی و ئابوورییەکان، لە ئەنجامی دینامیکیە دەرەکییەکانەوە دەرکەوتووە.

چونکە چینە سەردەستەکانی رۆژئاواش لە ئەنجامی شۆڕشێکی بوورژوازی کە خۆیان و کۆمەڵگەکەیان نوێبکاتەوە نەبوونەتە بۆرژوا، بەڵکو لە ئەنجامی یەکگرتنیان لەگەڵ ئیمپریالیزم دەرکەوتوون، لەو روانگەیەشەوە ئەو پێکهاتەیەی کە لە رۆژهەڵات دەرکەوتووە بە ئاراستەی ئەو پێکهاتەیە کە لە سەردەمی تەنزیماتەوە بەهۆی وابەستەبوون بەدەرەوە لە تورکیا روویداوە.

لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوانەی کە لە شار و ناوچەکانی تورکیا نیشتەجێن، بەڵام لە گوندەکانیش دا موڵک و زەوییان هەیە، لێکۆڵینەوە سەبارەت ژمارەیان و رێژەی زەوییەکانیان ئەنجامی سەرنجڕاکێشمان بۆ دەردەخات،

دەتوانیـن بڵێیـن ڕێـژەی زۆری و زەوی و موڵکـەکان لەلایـەن ئـەو خێزانانـەوە کۆنترۆڵکـراوە کـە خۆیـان لـە قـەزا و شـارەکان دادەنیشـن. ئـەم ڕێژەیـە لـە دیاربەکـر ٪88 و لـە ئورفـا ٪77 یـە، لەکاتێکـدا ئـەو خێزانانـەی بـە کـردەوە لـە گونـدەکان دادەنیشـن و کشـتوکاڵ دەکـەن خاوەنـی ٪12 بـۆ ٪23ی زەویەکانـن، بێجگـە لـەوە زۆرینـەی ئـەو بنەماڵانـەی کـە خـاوەن موڵکـن، ٪6 لـە ئورفـا و ٪3 لـە دیاربەکـر لـە شـارەکان دەژیـن، بەشـێوەی ڕێـژەی ٪70 زەوییەکانـی ئورفـا، ماردیـن، دیاربەکـر و گازی عەنتـاب، لـە ٪30ی 18 پارێـزگای ڕۆژهـەڵات بەشـێوەی گشـتی زەویەکانیـان لەلایـەن ئـەو کەسـانەوە کۆنتـڕۆڵ دەکرێـن کـە لـە شـارەکان دادەنیشـن.[71]
هەمـوو ئـەو کەسـانەی لـە شـار دادەنیشـن و لـە شـار دەژیـن خاوەنـی کرێـکارن و، کەسـێک سەرپەرشـتی کارەکانـی دەکات و هەوڵـدەدات لـە دەرەوەش زەوی و زار لـە شـوێنی دیکـە بخاتـە ژێـر کۆنتڕۆڵـی خـۆی و کاری بازرگانـی دەکـەن، ئەمـەش یەکبوونـی ئـەو ئەرستۆکراسـییە فیوداڵـی و بوورژوازییەمـان نیشـاندەدات کـە لـە قـەزا و شـارەکان دروسـتبوون، ئەوەشـمان بـۆ دەردەخـات کـە چـۆن وردە وردە ئاغـا و دەرەبەگـەکان لەگـەڵ چینـە سەردەسـتەکانی ڕۆژئـاوا یەکدەگـرن، کەوابـوو گۆڕانێکـی ریشـەیی لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ دەسـتی پێکـردووە کـە گۆڕانـی دەربەگایەتییـە بـەرەو سـەرمایەداری. ئـەم گۆڕانـەش هاوشـێوەی ئـەو پەیوەندییـە بەرهەمهێنانەیـە کـە لـە تورکیـا زاڵـە و جۆرێکـە لـە سـەرمایەداری گەشـە نەکـردوو، کەوابـوو ئـەو ئۆتـۆ دینامیزمییـەی کـە لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ هەیـە لەچـاو ڕۆژئـاوای ئەنـادۆڵ زیاتـرە. چونکـە ئـەو پەیوەندییـە سـەرمایەدارییەی لـە ڕۆژئـاوی ئەنـادۆڵ هەیـە زیاتـر لەگـەڵ بـازاڕە ئیمپرالیسـتییەکان تێکـەڵ بـووە، بـەڵام لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ ئـەو پێکهاتـە چینایەتیـەی کـە هەیـە دەگـۆڕێت، چونکە چینـی دەرەبـەگ خەریکە

71 - Ismail Beşikci, Doğu Anadolu nun Düzeni, Sosyo-Ekonomik ve Etnik Temeller, E Yayınları, İstanbul 1969, s. 84

دەبێتـە چینێکـی سـەرمایەدار. لێرەدا ئەو پرسـیارەی دەبێت بکرێـت ئەمەیە: کاتێـک کـە دەربەگایەتـی بـەرەو کاپیتالیسـت دەگۆڕدرتـێ سیسـتمی خێـڵ کـە سیسـتمە سیاسـییەکەی فویوداڵیزمـە تووشـی چ جـۆرە گۆڕانکارییەک دەبێـت، پێویسـتە سـیمینارەکە وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بداتـەوە.

بەشی سێیەم

# کێشە و پرسە لەپێشەکان لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە تورکیا *

## ب. ئاگادارکردنەوەی بێشکچی

لـە ئاگادارکردنـەوەی بێشـکچی سـەبارەت بـە کاری لەپێشـینەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانـی تورکیـا، وادەردەکەوێـت کـە بێشـکچی خـۆی لایەنگـری ئەوەیـە لێکۆڵینـەوە کۆمەڵایەتییـەکان بەگوێـرەی ئـەوە بکرێـن کـەوا چەنـدە لـە قازانجـی کۆمەڵگـەن و، ئـەو لێکۆڵینەوانـەش تاوەکـو چەنـد یارمەتی چارەسـەرکردنی پرسـەکان دەدەن. لەو روانگەیەشـەوە، بێشـکچی دەیەوێـت سـتراتیژێک بـۆ لێکۆڵینـەوە کۆمەڵایەتییـەکان دیاریبکرێـت و قورسـایی بخرێتـە سـەر پرسـی چینایەتـی و نەتەوەیـی، بەهەمـان شـێوە گرانـی بخرێتـە سـەر باسـەکانی تایبـەت بە پرسـی رۆژهـەڵات. شـیکردنەوەی بارودۆخـی چینایەتـی بایەخێکـی زۆری هەیـە بـۆ تێگەیشـتن لـە رەگـەزە

*: یەکەم نووسراوی نێو ئەم کتێبە.(*) پەراوێزەکەی، پەرەگرافی 6.

بنەماییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، بەڵام ئەنجامدانی لیکۆڵینەوە سەبارەت بە گرووپێکی دیاریکراوی نەتەوەیی، یاخود ناوچەیەکی دیاریکراوی تورکیا، وادەکات نەتوانرێت رووناکی بخرێتە سەر کێشەکانی تورکیا و گرفتی بۆ دروست دەکات. لەو روانگەیەوە ئەو پیشنیازەی کە بێشکچی کردوویەتی شتێکی بەرتەسک دیارە. بێجگە لەوەش، تەنیا دۆزینەوەی بنەما سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان و دروستنەکردنی پەیوەندییەک لەنێوان دینامیک و بەهاو دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگە و، دەرنەخستنی پرۆسەی پەیوەندی نێوان ئەوانە، وادەکات پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە سوود، رۆڵێکی سنووردارکەریان هەبێت. بۆیە دەرخستنی پەیوەندی نێوان توخمە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ گۆڕاوەکانی دیکە، یارمەتی بەدیهاتنی ئامانجە نەتەوەییەکان دەدات. بەواتایەکی دیکە تەنیا ئەوە بەس نییە کە چینەکانی کۆمەڵگە دیاریبکرێن بەڵکو پێویستە پەیوەندی گۆڕاوە چینایەتییەکان لەگەڵ گۆڕاوەکانی دیکەش بدۆزرێتەوە. لە دوای ئەو رەخنە گشتییە، پێویستە هەندێک لە خاڵەکانی نێو ئەو ئاگادارکردنەوەیەی بۆ بێشکچی نێردراوە زیاتر روون بکرێنەوە:

1 - بێشکچی باسی ئەوە دەکات کە ئیمپریالیزم سەرئەنجام بە تاکتیکەکانی، دەربازی تورکیا بووە، بەڵام سەرەڕای ئەوە، زۆر توخنی ئەو شێوازی دەربازبوونە ناکەوێت. ئەگەر تەماشای پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا بکەین کە وەک نوێنەری ئیمپریالیزمی نوێ سەیر دەکرێت، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە لەڕووی مێژوویییەوە، ئەو پەیوەندییە زیاتر بە دەستپێشخەری تورکیا گەشەی کردووە. دیارە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان بە زۆرهاتنی ئیمپریالیزم و بانگهێشتکردنی، ئەویش بە جۆرێك کە سوودی کردەنی بۆ رزگاربوونی گەلانی ئەنادۆڵ هەبێت. ئەگەر ئیمپریالیزم بەزۆر بچێتە وڵاتێکەوە و ئەو وڵاتە بچەوسێنێتەوە، ئەوکاتە پێویستە بۆ رێگرتن لەوە، راستەوخۆ بکرێتە ئامانج وتێکۆشانی لەدژ بکرێت، بەڵام ئەگەر بانگهێشت بکرێت، ئەوکاتە پێویستە، تێکۆشانی یەکەم لەبەرامبەر ئەو کەسانەبێت کەوا ئەویان بانگهێشت

کـردووە.[72] لـەو روانگەیەشـەوە پێویسـتە بیشـکچی تیشـکی زیاتـر بخاتـە سـەر پەیوەنـدی نێـوان ئیمپریالیـزم و چیـن و گرووپەکانـی ناوخـۆی تورکیـا و ئـەوە زیاتـر روون بکاتـەوە.

2 - خاڵێکــی گرنــگ کــە لەنێــو ئاگادارکردنەوەکــەدا ســەرنج رادەکێشــێت و پێویســتی بــە روونکردنــەوەی زیاتــرە، پرســی رۆژهەڵاتــە. بێشــکچی زۆر پێداگــری لــەوە دەکات کــە ئــەم پرســە پرســێکی چینایەتییــە و هەروەهــا پرسـێکی نەتەوەییشـە، ئـەم دووانەش تێکەڵـی یەکتر بوون، بۆ سـەلماندنی ئەمـەش، ئامـاژە بـە یەکگرتنـی چینـە سەردەسـتەکانی رۆژهـەڵات لەگـەڵ دەوڵـەت دەکات. بـەڕای بێشـکچی، ئەم دۆخە دوو ئەنجامـی لێدەکەوێتەوە: یەکەمیـان ئەوەیـە کـە ئاغـا و سـەرۆک خێـڵ و شـێخ و دامەزراوەکانـی ئـەو ناوچەیـە، خۆیـان دەپارێـزن و بـەردەوام دەبـن. ئەویدیکەشـیان ئەوەیـە کـە ئـەو بەرهەمانـەی لـە رۆژهـەڵات هـەن، لـە رۆژئـاوا وەبەرهێنانیـان لەسـەر دەکرێـت و لـەوێ کەڵەکـە دەکرێـن. بێشـکچی ئـەم بۆچوونـەی خـۆی زۆر روون نەکردووەتـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا پشـت بـە گریمانەیەک دەبەسـتێت ئەویـش ئەوەیـە کـە چینـە سەردەسـتەکانی رۆژهـەڵات بۆ پاراسـتنی خۆیان پشــت لــە گرووپــە ئەتنیکییەکــەی خۆیــان دەکــەن و، بەرهەمــی زیــادەش لــە رێگــەی دەســەڵاتی ناوەندییــەوە بــۆ رۆژئــاوا دەگوازنــەوە، دەســەڵاتی ناوەندیـش بـۆ گواسـتنەوەی بەرهەمـی زیـادەی ئـەو ناوچەیـە بـۆ رۆژئـاوا، پشــتی چینــە سەردەســتەکانی رۆژهــەڵات دەگرێــت تاوەکــو لەســەر پــێ بمێننــەوە. گریمانــەی شــاراوە لــەم بۆچوونــەی بێشــکچیدا ئەوەیــە کــە پرســی رۆژهــەڵات لــە روانگــەی رۆژهــەڵات خۆیــەوە پرســێکی چینایەتییــە و لــە روانگــەی دەسەڵاتیشــەوە پرســێکی ئەتنیکییــە. ئــەم شــیکردنەوەیە ســەرەڕای ئــەوەی زۆر کەتوارییانــە (واقعیانــە) دێتــە بەرچــاو، بــەڵام چەنــد پرســیارێکی بەبــێ وەڵام هێشــتووەتەوە. یەکــەم، ئایــا ئەگــەر دەســەڵاتی

---

72 - وەك دەزانرێـت ئـەم جیاوازییـە، هۆکاریکـی گرنگـی ململانێـی نێـوان گرووپـی گۆڤـاری ئایدنلـك و پارتـی کرێکارانـی تورکیـا بـوو.

ناوەنـدی لـەڕووی نەتەوەییـەوە لەگـەڵ ڕۆژهـەڵات جیـاواز نەبووایـە دیسـان لەگـەڵ چینـە سەردەسـتەکانی ڕۆژهـەڵات یەکیدەگـرت یـان نـا؟ ئایا گواسـتنەوەی بەرهـەم لـە ڕۆژهەڵاتـەوە بـەرەو ڕۆژئـاوا، تەنیا پرسـێکی ئەتنیکییـە یاخـود ئەمـە بەگشـتی ئەنجامێکـی ئابـووری بـازاڕە، کـە تێیـدا سیسـتمی تێکەڵـی ئابـووری وادەکات، بەشـێوەی سرووشـتی ناهاوسـەنگی لەنێـوان ناوچەکانـدا دروسـت بێـت؟ بێگومـان وەڵامدانەوەی ئەم پرسـیارانە تیشـکی زیاتـر دەخاتـە سـەر گریمانـەی یەکبوونـی پرسـی چینایەتـی و پرسـی نەتەوەیـی کـە لـە بەیاننامەکـەی بێشـکچی دا هاتـووە.

3 - یەکێکـی دیکـە لەو دەسـتەواژانەی کە پێویسـتە لـە ئاگادارکردنەوەکەدا زیاتـر ڕوونبکرێتـەوە چەمکـی تورکـە. بێشـکچی لـە ڕێگـەی هێنانـەوەی هەندێـک نموونـەوە بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە بەکارهێنانـی وشـەی تـورک لـە دەسـتوورەکانی 1924 و 1961 دا، بـۆ نکۆڵیکـردن لـە هەندێـک لـەو گرووپـە نەتەوەییانـە بەکارهاتـووە کـەوا لـە سـنوورەکانی کۆمـاری تورکیـادا دەژیـن، بـەڵام خاڵـی گرنـگ لێـرەدا ئەوەیـە کـە دەسـتەواژەی تـورک دوو واتـا هەڵدەگرێت. کاتێـک بێشـکچی باسـی ئـەوە دەکات کـە ئەم دەسـتەواژەیە بـۆ نکۆڵیکـردن لـە کەمینەکانـی دیکـە بەکارهاتـووە، واتـای ئەوەیـە کـە ئـەو بۆخـۆی بەشـێوەیەکی ئەتنـی لەم دەسـتەواژەیە تێـدەگات، ئەمـەش لەکاتێکدایـە کـە لـە یاسـا بنەڕەتییەکاندا، ئـەم دەسـتەواژەیە زیاتر بـە واتایەکـی یاسـایی و بـۆ گوزارشـتکردن لـە هاووڵاتیبـوون بەکارهاتـووە. خـودی بێشـکچی ڕسـتەیەکی دەسـتوور بـە نموونـە دەهێنێتـەوە کـە تێیـدا هاتـووە،" هـەر کەسـێک کـە هاووڵاتـی دەوڵەتـی تورکیـا بێـت تورکـە"، بێشـکچێ بـە هێنانـەوەی ئـەو ڕسـتەیە باسـی ئـەوە دەکات. کاتێـک تـۆ دەسـتەواژەیەکت بـە واتایەکـی دیاریکـراو بەکارهێنـا و، دواتـر هاتیـت واتایەکـی دیکـەت بـۆ دۆزییـەوە و، لـەو ڕێگەیەشـەوە شـیکردنەوەی دیکـەت بـۆ کـرد، ئەمـە دەتوانێـت پرسـیار بخاتەسـەر ئـەو بانگەشـانەی کـە دەیکەیـت. خاڵێکـی دیکـەش ئەوەیـە کـە کـورد لەتورکیـا تاکـە گرووپـی کەمینـەی نەتەوەیـی نیـن. لـەم ڕوانگەیەشـەوە ئەگـەر لێکۆڵینـەوە بکرێـت

لـه پەیوەنـدی نێـوان دەوڵەتـی تورکیـا و گرووپـە ئەتنییـەکان، ئەوا پێویسـتە باسـی ئەرمـەن، ڕۆم، جـوو و هەمـوو ئـەو کەسـانەش بکرێـت کـە هاووڵاتی تورکیـان و گرووپـی جیـاوازن.
4 - بێشـکچی باسـی ئـەوە دەکات کـە لـە ڕۆژهەڵاتـدا پەیوەندییـە دەرەبەگییـەکان بەردەوامـن و، لـە ئەنجامـی نەمانـی ئـەو پەیوەندییانـە و تێپەڕبـوون بـەرەو پەیوەندییەکـی سـەرمایەداری، ڕێگـەی بەنەتەوەبـوون لـەو ناوچەیـە خـۆش دەبێـت، بـەڕای مـن پێویسـتە ئـەم خاڵـە لێکۆڵینـەوەی زیاتـری لەسـەر بکرێـت. ئایـا ئـەو قسـەیەی بێشـکچی کـە بـۆ خـۆی دەڵێـت، بەنەتەوەبـوون ئەنجامێکـی سرووشـتی رووخانـی دەربەگایەتـی و یەکگرتنـی خێڵـەکان و، دواتـر گۆڕانـی بەگـە دەربەگەکانـە بـۆ ئاغـای سـەرمایەداری و، دواتریـش گۆڕانـی گونـدی و وەرزێرەکانە بـۆ گوندییەکـی ئـازاد و کەسـانی رەنجـدەر، ئەمـەش ڕێگـە بـۆ ئـەوە دەکاتـەوە کـە بەهـۆی هـۆکارە ئابوورییەکانـەوە، ڕۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵیـش لەگـەڵ هەمـوو تورکیا یەکبگرێـت، ئایا ئەم ئەنجامەشـی لـێ دەرناکەوێت؟ لۆژیکی شـیکرنەوەکەی بێشـکچی ئەوەیـە کـەوا بەنەتەوەبـوون لـە دوای رووخانـی دەربەگایەتـی و گەشـەکردنی پەیوەندییەکانـی سـەرمایەدارییەوە دەردەکەوێـت، ئەگـەر وابێـت، ئـەوکات پێویسـتە پەیوەندییەکانـی نێـوان ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ و تورکیـاش، پەیوەندییەکانیـان بـۆ یەکگرتـن بێـت بەتایبـەت لـەڕووی هـۆکارە ئابوورییەکانـەوە. دەبـێ بـە وردی لێکۆڵینـەوە سـەبارەت ئەمانـە بکرێـت.
5 - خاڵێکـی دیکـە لـە ئاگادارکردنەوەکـەدا کـە پێویسـتە گرنگـی زیاتـری پێبدرێـت و روونبکرێتـەوە، ڕوانگـەی نووسـەرەکەیە سـەبارەت بـە گۆڕانـکاری لـە ڕۆژهـەڵات. بێشـکچی پێیوایـە گەشـەی دانیشـتووان خێرایـە و ئـەوەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی گۆڕانـکاری لەسـەر بنەمـای رەنج دروسـتبێت و هێزەکانـی بەرهەمهێنـان و، سـەرئەنجامیش پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنـان دەگـۆڕێـن، وەکـو دینامیکێکـی کارا لـەوەدا ڕۆڵ دەگێڕێـت، هەروەهـا باسـی ئـەوە دەکات کـە گەشـەکردنی دانیشـتووان و بەهـۆی ماکینیزەبوونـی زیاتـرەوە، دانیشـتووانی زیـادە بـەرەو شـارەکان دەچـن و

لـە شاریشـدا، لەبەرئـەوەی پیشەسـازی پێویسـت بـۆ دامەزراندنـی هەمـوو کەسـێک نییـە، ئەوکاتـە ئەمـە وەک دینامیکێکـی گۆڕانـی سیسـتم ڕۆڵ دەگێڕێـت. باسـی ئـەوەش دەکات کـە ئـەوەی لـە راسـتیدا دەربەگایەتـی لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ دەگۆڕێـت ئـەو دینامیکانـەن و، ئەوانـەش لـە دینامیکەکانـی وەک کەڵەکەبوونـی بەرهەمـی زیـادە و گـۆڕانـی بەرهەمـی زیـادە بـۆ پـارە، بەهێزتـرن. دیـارە مەبەسـتی بێشـکچی لـەوەی کـە باسـی گۆڕانـکاری لەسـەر بنەمـای رەنـج دەکات، ئازادبوونـی رەنجـە. بێگـومـان ئـەو ئازادبوونـی رەنجـەش یەکێکـە لـەو هۆکارانـەی کـە ڕێگـە بـۆ تێپەڕیـن لـە دەربەگایەتییـەوە بـەرەو شـێوازی بەرهەمهێنانـی سـەرمایەداری خـۆش دەکات، بـەڵام ئـەو خاڵـەی ناڕوونـە، ئەوەیـە کـە ئـەو دانیشـتووەی دەچێـت بـۆ شـار و دەرفەتـی پێویسـتیش بـۆ دامەزراندنـی نییـە، چۆن چۆنـی دەتوانێ سیسـتم بگۆڕێـت؟ دیـارە روونکردنـەوەی ئـەم میکانیزمـە بەتایبەتـی کارتێکەرییەکانـی تورکیـا لەگـەڵ رۆژهـەڵات سـوودی زۆریـان دەبێـت. بـە ئەگەرێکـی زۆر ئـەو دانیشـتووانەی کـە بـەرەو شـارەکان دێـن، زیاتـر بـەرەو ناوچـە پیشەسـازییەکان دەچـن و ئەمـەش وادەکات هەندێـک هـۆکار بێنـە ئـاراوە کـە لەوانەیـە گۆڕانـکاری لـە تورکیـادا دروسـت بکـەن. ئەمـەش یەکێـک لەو دینامیکانـەی کە وادەکات رۆژهـەڵات لەگەڵ تورکیا یەکبگرێت. بێجگـە لەوانـەش پێویسـتە ئـەو مۆدێلـەی کـەوا نووسـەر لەبەرچـاوی گرتـووە کـە تێیـدا خەڵکـی بێـکار و کۆچکـردووی بـەرەو شـارەکان وەک دینامیکـی گۆڕانـکاری بەبنەمـا وەرگرتـووە، هەروەهـا گرنگینەدانەکەشـی بـە بەرهەمـی کەڵەکەبـووی زیـادە وەک هـۆکاری گۆڕانـی دەربەگایەتـی بـەرەو سـەرمایەداری، بابەتێکـە کـە پێویسـتە دووبـار لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێـت.

# ئەو دینامیکانەی کاریگەری لەسەر گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵات دادەنێن *

## دەستپێك

سیسـتمی کۆمەڵایەتـی دەرەبەگـی شـتێکە لەنێـوان سـەدەکانی 10 بۆ 13، واتـە لـە کۆتاییەکانـی چاخـی نێوەڕاسـتدا لـە ئەورووپا هەبـووە، بـەڵام ئـەم شـێوازە، بەتایبەتـی لـەڕووی موڵکداری و پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانەوە تایبـەت بـووە بـە ئەورووپـا. هەڵبـەت لـە شـوێنی دیکـەی جیهانیـش لـە سـەردەمی جیـاوازدا هەبـووە و لـە دەوڵەتـی عوسمانیشـدا هەبـووە.

بێگومـان ئـەو دەرەبەگایەتییـەی لـە ئەورووپای چاخـی نێوەڕاسـت هەبـووە، لەگـەڵ دەرەبەگایەتییەکـەی ئیسـلام زۆر جیـاوازە. خـۆی لە خۆیدا پێویسـتە

* ئـەم نووسـینە لەنێـو لاپەڕەکانـی 403 بـۆ 440 لـە کتێبـی (پێشـکێش بـە ئابـادان) هەیـە، کـە سـاڵی 1969 لەلایـەن خانـەی بڵاوکردنـەوەی (SBF) لـە ئەنقـەرە بڵاوکراوەتـەوە.

ئامـاژە بـەوەش بکـەیـن، کاتێـک ئێمـە دەڵێیـن دەرەبەگی، زیاتر مەبەسـتمان لـە شـێوازێکی ڕێکخسـتنی کۆمەڵایەتییـە لـە ئەوروپـا، چونکـە شـێوەی ئەمـە لـە کۆمەڵگـەی عوسـمانی، بەتایبـەت لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ زۆر جیـاوازە و هەوڵدەدەیـن لـە لێکۆڵینەوەکەمانـدا ئـەو جیاوازییـە دەربخـەیـن. دەربەگایەتـی عوسـمانی و ڕژێمـی زەوی و زار، پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆی لەگــەڵ دامەزراندنــی ئیمپراتــۆری و هەڵکشــان و داکشــانەکەی هەیــە. دیـارە پێکدادانـی نێـوان ئایینـزاکان و بەکارهێنانـی ئەو پێکدادانـەش لەلایەن پادشـاکانەوە بـۆ مەبەسـتی سیاسـی، هەروەهـا پێکدادانـی نێـوان گرووپـە ئەتنییـەکان، ڕۆڵیـان لـە جێگیربوونـی ئـەو دەرەبەگییـەدا هەبـووە. دیـارە ئـەوەش زۆر ئاسـانە کـە بزانیـن لەژێـر هەمـوو ئـەو جیاوازییـە ئەتنییانـەدا، ئامانجێـک هەبـووە بـۆ بەکارهێنانـی ئـەو جیاوازییانـە بـۆ مەرامـی سیاسـی و ئابـووری. بـۆ ئـەوەش پێویسـتە هـەر لـە سـاڵی 1514 ـەوە، واتـە لـە سـەردەمی شـەڕی چاڵدێرانـەوە کـە یـاوز سـوڵتان سـەلیم کردوویەتـی، هەروەهـا ڕاپەڕینـی جەلالییـەکان لـە سـەردەمی داکشـانی ئیمپراتـۆری و دامەزراندنـی فەوجەکانـی حەمیدیـە لـە سـاڵی 1891، دەرکەوتنـی ژمارەیەکـی زۆر لـە ڕاپەڕینـەکان لـە دوای سـاڵی 1923، کۆبوونەوەکانـی ڕۆژهـەڵات لـە سـاڵی 1967 لـە شـارە جیاوازەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ، لـە چوارچێـوەی ئـەو بنەمـا ئابـووری و کۆمەڵایەتییـەدا سـەیر بکرێـن و پەیوەندییەکانـی ئـەوەش لەگـەڵ پێکهاتـەی خێـڵ و ئاییـن و سیاسـەتدا پێکـەوە شـرۆڤە بکرێـن. لەنێـو ئـەو ڕووداوانـەدا کـە بـە کورتـی باسـکران، چینـە سەردەسـتەکانی ڕۆژهـەڵات وەک ئاغـا و شـێخ و سـەرۆک خێـڵ هاوکارییـان لەگـەڵ چینـە سەردەسـتەکان لـە ڕۆژئـاوا هەبـووە.

لەنێـو ئـەم باسـەماندا، لـەو شـوێنانەی کـە پێویسـت بـکات، باسـی ئـەو ڕووداوانـەش دەکەیـن کـە ئاماژەمان بۆ کـردن. لەوانەیە لەو ڕێگەیەشـەوە بتوانیـن کاراکتـەری ڕاسـتەقینەی دەرەبەگـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ دەربخەیـن، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا زیاتـر هەوڵدەدەیـن گۆڕانکارییەکانـی نێـو ئـەو پێکهاتـە دەرەبەگییـە و داینامیکەکانـی بـاس بکەیـن. دیـارە

دەربەگایەتـی سیسـتمێکی کۆمەڵایەتییە کە کەمتر یاسـایی بـووە و ڕەوایی پەیداکــردووە. دەشــێ ئــەو دەرەبەگییــەی لــە کۆمەڵگــەی عوســمانیدا هەبـووە، یاخـود لـە کۆمەڵگەکانـی دیکـەی ئەنـادۆڵ، لـە هەندێـک شـوێندا ڕەوایـی هەبووبێـت، بـەڵام نموونەکانـی ئـەو سیسـتمە کـە پشـتی بـە زۆر و زۆرداری بەسـتووە، زۆر زیاتـرن. ئێمـە ئـەو شـێوازی دووەمـە کـە د.مومتـاز سۆیسـاڵیش ئامـاژەی بـۆ کـردووە بـە دەرەبەگایەتـی ناودەبەیـن [73].

هەرچەنـد دەرەبەگایەتـی خـۆی بـە واتـای فیۆدالیـزم بەکارهاتـووە، بـەڵام لـەڕووی کۆمەڵناسـییەوە واتایەکـی دیکـەی هەیـە. لـەو ڕوانگەیەشـەوە ئێمــە باســی داینامیکەکانــی تێپەڕبــوون لــە فیۆدالیزمــەوە بــەرەو دەرەبەگایەتــی دەکەیــن. زۆر لــەو لێکۆڵینەوانانــەی کار لەســەر ناوچــەی ڕۆژهــەڵات دەکـەن، لەسـەر ژمـارەی ئـەو پارێزگایانـەی کـە دەبـێ لەسـەر ئـەو سـنوورە ئەژمـار بکرێـن، ڕێکنەکەوتـوون. زۆرجـار سـنووری ڕۆژهـەڵات و باشــووری ڕۆژهــەڵات بەجیـا ئەژمــار کــراون. بۆیــە بۆچوونــی جیــاواز هەیــە کــە پێیوایــە ژمــارەی پارێــزگاکان لــە نێــوان 13 بــۆ 22 پارێزگایــە. لەڕاستیشـدا ئـەوە زۆر گرنـگ نییـە کـە ژمـارەی پارێزگاکانـی ئـەو ناوچەیـە چەنـدن، گرنـگ ئەوەیـە لـە هاوبەشـییەکانی ئـەو پارێزگایانـەی دەخرێنـە نێـو چەمکـی هەرێـم یاخـود ناوچەیەکەوە، تێبگەیـن و هۆکارە یەکلاکـەرەوەکان لەوبارەیـەوە دەستنیشـان بکەیـن[74]، لەڕاسـتیدا تێگەیشـتن لـە هـۆکاری یەکلاییکــەرەوەش، دۆزینــەوەی پەیوەنــدی و کاریگەریــی دامــەزراوە ژێرخانییــەکان (موڵــک، پەیوەندییەکانــی بەرهەمهێنــان و هێــزی بەرهەمهێنـان)، لەگـەڵ دامەزراوەکانـی سـەرخان (خێـزان، ئاییـن، زمـان، پـەروەردە، سیاسـەت...) دەبێـت. جـارێ بـەر لـە هەمـوو شـتێک، پێویسـتە بـاس لـەوە بکەیـن کـە جیاکردنـەوەی ڕۆژهـەڵات و باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ لەیەکتـری هەڵەیـە. چ دۆخــی تۆپۆگرافــی، گژوگیـا، ئاووهــەوا و

---

73 - Mümtaz Soysal, Anayasaya Giriş, SBF Yayını, Ankara 1968, s. 5

74 - Fehmi Yavuz, Yerleşme Sorunları ve Politikacılar, 9. Iskân ve Şehircilik Haftası Konferanslarına sunulmuş bir tebligdir, s. 17

هۆکارەکانــی دیکــەی جوگرافــی لەبەرچــاو بگریــن، یاخــود لــە روانگەیەکــی کۆمەڵناسـییەوە سـەیری بکەیـن، جیاوازییەکـی ئەوتـۆ نابینیـن. چونکـە ئـەو هـۆکارە بنەڕەتییەی کە شـێوە بـە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەدات و ئاراسـتە دەداتــە گۆڕانەکانیــش، خاوەنــداری و پەیوەندییەکانــی بەرهەمهێنانــە. دەتوانیـن بـۆ رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵ، ئەمـە لـە پەیوەندییەکانـی نێـوان مرۆڤ و زەوی کورتبکەینـەوە. کاتێـک لـەو روانگەیەوە سـەیر بکەیـن، چ رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، چ باشـووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، لە روانگەی خاوەنداری و شـێوازی بەرهەمهێنــان و ئــەو رێکخســتنە کۆمەڵایەتیانــەی پەیوەســت بەوانــەوە دروســت دەبــن، جیاوازییەکــی ئەوتۆیــان نییــە. ئەمــەش پەیوەندییەکــی دەرەبەگییـە. هەرچەنـدە لـە رۆژهـەڵات و باشـووری رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـدا جیــاوازی کەمیــش هەبــن، بــەڵام لــە بنەمــادا هاوشــێوەی یەکــن. خــۆی دەتوانــی ئــەو جیاوازییــە لەنێــوان ئــەو بەشــانەدا ببینــی کــە کشــتوکاڵ دەکـەن، یاخـود بـە ئاژەڵدارییـەوە خەریکن. لـەو روانگەیەوە ئێمە سـەرەڕای ئـەوەی رەتیدەکەینـەوە لـەڕووی کۆمەڵناسـییەوە رۆژهـەڵات و باشـووری رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ لـە یەکـدی جیاوازبـن، بـەڵام بەهـۆی ئـەو جیاوازیـەی لـە شـێوازی دەرەبەگیـدا دەبینرێـت، ئـەو ناوچەیـە بەسـەر پارێکـدا دابـەش دەکەیـن.

بەگوێـرەی لێکۆڵینەوەکــەی ئێمــە، دەکرێـت 18 پارێــزگا لــە چوارچێــوەی رۆژهەڵاتــی ئەنــادۆڵ دا ئەژمــار بکرێــن. ئەوانــەش (ئەرزنجــان، ئــەرزڕووم، قــارس، ئاگری، تونجەلی (دێرسـم)، بینگــۆل، مووش، بتلیـس، وان، ئادیامان، مەڵەتــی، ئەلازیــخ، ســێرت، هــەکاری، غــازی عەنتــاب، ئورفــا، دیاربەکــر و مێردیــن)ن. دەتوانیــن ئــەم 18 پارێزگایــەش، بەگوێــرەی جیاوازییەکانیــان لـەڕووی پێکهاتـەی دەرەبەگییـەوە بەسـەر سـێ گرووپـدا دابـەش بکەیـن: گرووپـی یەکـەم (ئەرزنجـان، ئـەرزڕووم، قـارس، ئاگـری، تونجەلـی، بینگــول، مــووش، بتلیــس، وان، ئادیامــان، مەڵەتــی، ئەلازیــخ، ســێرت)، گرووپــی دووەم (غـازی عەنتـاب، ئورفـا، دیاربەکـر و مێردیـن) و گرووپـی سـییەمیش (هەکارییــە). گرووپــی یەکــەم زیاتــر ســەرقاڵی ئاژەڵداریــن، لەبەرئــەوە

پێکهاتەی دەرەبەگی بەشێوەی خێڵ ڕێکخراوە. گرووپی دووەمیش زیاتر پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن، واتە پشت بە ئابوورییەکی گرێدراوی زەوی دەبەستن و، لێرەدا پەیوەندییە دەرەبەگییەکان بەهەموو ڕەگەزەکانییەوە هەن. لە گرووپی سێیەمیشدا کە هەکارییە، ڕێکخستنێکی تەواو جیاوازی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە. بە بڕوای من جیاوازی هەکاری و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لەڕووی گەشەکردنەوە، لەو جیاوازییە زیاترە کە لەنێوان ئاستی گەشەکردنی تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا هەیە.

بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی 1965، ژمارەی دانیشتووانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ پێنج ملیۆن و 903 هەزار کەسە، واتە ٪18.8ی دانیشتووانی تورکیا. ئەو ڕووبەرەی کە هەر 18 پارێزگەکەی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ هەیانە، 220 هەزار و 735 کیلۆمەترە کە ٪29.9ی زەوییەکانی هەموو تورکیایە. چڕی دانیشتووان بەشێوەیەکی گشتی کەمە و زۆر لە خواری ڕێژەی تێکڕای چڕی دانیشتووانی تورکیایە. هەڵبەت بەشێوەی ڕێژەیی، چڕی دانیشتووان لە بەشی باکووری ئەو ناوچەیە کەمترە و بەرەو باشوور، واتە ناوچەی دووەم زیاترە، بەڵام دیسان لەخوار تێکڕای ئاستی هەموو تورکیایە.

## دابەشبوونی دانیشتووان بەگوێرەی ناوچەی نیشتەجێبوون

| خێڵی کۆچەر- نیشتەجێبوون لە یەکەی خوار گوند، وەک کەپر و ڕەشماڵ | -- | دانیشتووان بە گوێرەی ڕێژە |
| --- | --- | --- |
| | | 0.5 تاوەکو ٪1 |
| دیوان، کێڵگە، ماڵی لادێ | 9719 | ٪19.2 |
| گوندەکان | 9436 | ٪ 53.3 |
| قەزاکان | 138 | ٪11.9 |
| شارەکان | 18 | ٪15.3 |
| کۆی گشتی | | ٪99.9 |

سەرچاوە: ئینستتیوتی ئاماری دەوڵەت، سەرژمێری ساڵی 1965، وەزارەتی کاروباری گوندەکان، گفتوگۆکانی تایبەت بە گوند، خشتەی 47

## 1. پەیوەندییەکانی دانیشتووان، خاك و بەرهەمهێنان

### A: زیادبوونی دانیشتووان و هەوڵەکانی شاردنەوەی ئاژاوە بنەڕەتییەکان

خشـتەی خـوارەوە ئەوەمـان بـۆ دەردەخـات کـە چ ناهاوسـەنگییەک لـە خاوەنـداری زەویـوزاردا هەیـە. جیاوازییەکانـی نێـوان دابەشـبوونی داهـات و ناکۆکییەکانـی نێـوان چینـە کۆمەڵایەتییـەکان و ئاڵـۆزی و فرەڕەهەندبوونی پەیوەندییـە مرۆییـەکان، زیاتـر بەهـۆی ئـەو ناهاوسـەنگییەی خاوەنداریـی زەویـوزارەوە شـکڵی گرتـووە.

خشتە

| دانیشتووان | خاوەنداری زەوی (دۆنم) | ڕێژەی ئەو دۆنمەی کۆنترۆڵی کردووە |
|---|---|---|
| ٪38 | بێ زەوی | سفر |
| ٪45.4 | 50-1 | 27 |
| ٪14.2 | 200-51 | 40 |
| ٪2.4 | زیاتر لە 201 دۆنم | 33 |
| ٪100 | --- | 100 |

سـەرچاوە، وەزارەتـی کاروبـاری گونـدەکان، گفتوگۆکانـی تایبـەت بـە گونـدەکان، خشـتەی 18 پارێـزگا 18 تاوەکـو 29

لەلایەکــی دیکەشــەوە دامەزراوەکانــی تایبــەت بــە ئاییــن، سیاســەت و دیموکراسـی، هەموویـان بەگوێـرەی ئـەوە شـکڵ دەگـرن. لـەم دواییانـەدا بەهـۆی گەشـەکردنی خێـرای دانیشـتووان، ئـەو کێشـەیە کـە لـە بنەڕەتـدا هەیــە زیاتــر دەرکەوتــووە. گەشــەکردنی دانیشــتووان لــە ڕۆژهەڵاتــی ئەنـادۆڵ لەچـاو تێکڕای گەشـەی دانیشـتووان لە تورکیـا زۆر زیاترە. ئەمەش لـە خشـتەی خـوارەوەدا بـە باشـی دەردەکەوێـت. دیـارە ئـەو گوشـارەش کـە لەگـەڵ گەشـەکردنی دانیشـتووان لـە خـوارەوە بـۆ سـەرەوە دروسـت دەبێـت زۆر گرنگـە، چونکـە لەگــەڵ گەشــەکردنی دانیشــتوواندا، ئیــدی داواکارییـەکان سـەبارەت بـە خـاک، لەوەڕگـە، کار و دابینکردنـی ژیـان زیاتـر

دەبـن. هەرچەنـد ئێسـتا داواکارییـەکان سـەبارەت بەوانـە لـە دەوڵـەت دەکرێـن، بـەڵام ئەمـە هـەر دەڕوا و دەسـوڕێتەوە و سـەرئەنجام یەخەی ئەو کەسـانە دەگرێـت کـە زەویـوزارەکان کۆنتـڕۆڵ دەکـەن. تاکـە هۆکارێـک کە بتوانێـت پێکهاتـەی دەرەبەگـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ تەفروتونا بـکات، گەشـەکردنی دانیشـتووان و پەیوەندییەکەیتـی لەگـەڵ بەکارهێنانـی مەکینـەی زیاتـر لـە کشـتوکاڵ دا.

| دانیشتووان | خاوەنداری زەوی (دۆنم) | ڕێژەی ئەو دۆنمەی کۆنترۆڵی کردووە |
| --- | --- | --- |
| ٪38 | بێ زەوی | سفر |
| ٪45.4 | 50-1 | 27 |
| ٪14.2 | 200-51 | 40 |
| ٪2.4 | زیاتر لە 201 دۆنم | 33 |
| ٪100 | --- | 100 |

سەرچاوە: DİE سەرژمێرییەکانی 1945 و 1961

**تێبینی:** خێرایی گەشەکردنی ساڵانە بەشێوەی لۆگاریتمیک ئەژمار کراوە.

ماکینیزەبـوون لـە کشـتوکاڵدا، واتـە بەکارهێنانـی تراکتـۆر لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ زۆر زیـادی کـردووە. لەنێـوان سـاڵانی 1965-1966، بەکارهێنانـی تراکتـۆر لـە تـەواوی تورکیـا ٪19 زیـادی کـردووە، بـەڵام لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ ٪46 بـووە. ئـەو زیادبوونـەش لەنێـوان سـاڵانی 1966 بـۆ 1967 کـەم و زیـاد هـەر بەوشـێوەیە بـووە. بەکارهێنانـی ئامێـر لـە گوندەکانـدا، وادەکات بەشـێکی زۆر لـە دانیشـتووان لـە دەرەوەی کەرتـی کشـتوکاڵ بمێننـەوە و لـە دەرەوەی ئـەوە بـەدوای کاردا بگەڕێـن. لەلایەکـی دیکـەش بەهۆی ئەوەی شارسـازییەکی ئاسـایی ڕوویندەداوە و شـارەکانیش زیاتر وەک کەڵەکەبوونێکـی دیمۆگرافـی بوونـە، شـار نەیتوانیوە ئەرکـە بنەڕەتییەکانی خـۆی جێبەجـێ بـکات، چونکـە پیشەسـازی زۆر لاوازە. لەبەرئـەوەش ئـەو ناکۆکییـە بنچینەییانـەی لـە کۆمەڵگـەدا هـەن، پێکهاتەکـەی دابـەش

دەکـەن. بارودۆخـی پیشەسـازی لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ لـەو خشـتەیەی خـوارەوە بـە ڕوونـی دەردەکەوێـت.

| | ژمارەی شوێنی کارەکان | | | ژ. کرێکار | ژ.مەکینەی بگۆڕ | ژ. ژەنراتۆر | ژ. مەکینەی کارەبایی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەوڵەتی | تایبەت | کۆی گشتی | | | | |
| ڕۆژهەڵات | 26 | 75 | 101 | 17.376 | 782 | 55 | 4195 |
| تورکیا | 252 | 2775 | 3012 | 326000 | 5498 | 4800 | 9800 |
| ڕۆژهەڵات | | | | | | | |
| تورکیا | 10 | 2.7 | 3 | 5 | 14.5 | 1.1 | 4.1 |

سەرچاوە DİE ، پیشەسازی و شوێنی کار و پیشەسازیی بەرهەمهێنان 1964
ژمارەی بڵاوکراوە:547

لەبەرئـەوەی ئـەو کەسـانەی خاوەنـی زەویوزارێکـی زیاتـرن و خەڵکێکـی زۆر کۆنتـرۆڵ دەکـەن و ئـەو ناکۆکییانـە بـە باشـی دەبینـن، دەیانەوێـت ڕێ لـە هۆشـیاربوونەوەی خەڵـک بگـرن. بۆیـە دەیانەوێـت سـەرنجی ڕای گشـتی بـەرەو بابەتـی دیکـە ڕابکێشـن و لـە بابەتـە سـەرەکییەکەی دووربخەنـەوە.

**ب. لە دەربەگایەتییەوە بۆ دەرەبەگایەتی**

یەکێـک لـەو هۆکارانـەی وادەکات ناکۆکییـە بنەڕەتییـەکان بشـاردرێنەوە، ئەوەیـە کـەوا تەریقـەت، ئاییـن، ئاییـنزا و دواکەوتوویـی و پاشـڤەڕۆییان هێناوەتـە نێـو مەیدانـی پێکـدادان و ناکۆکییەکانـەوە. ئـەو بابەتـەی کـە ئەمـڕۆ لـە پرسـی ڕۆژهەڵاتـدا جێـی نیگەرانییـە و لـە دەرەوەی گفتوگۆکانیـش هێڵدراوەتـەوە، ئـەو هۆکارەیـە. ئـەو کەسـانەی زەویوزارێکـی زۆر کۆنتـرۆڵ دەکـەن، هەمیشـە دروشـمی وەک "تـۆ کـوردی، لەبەرئـەوە جەندرمـە دارکاری کـردووی، تـۆ کـوردی لەبەرئـەوە قایمقـام دەریکـردووی، تـۆ کـوردی لەبەرئـەوە دواکەوتـوو ماویتییـەوە، بە تـۆ دەڵێن کـوردی پیـس و بـێ قیمـەت، بـەڵام تـۆ کەسـێکی ڕەسـەنی"، ئـەم جـۆرە دروشـمانە بەکاردەهێنـن و دەسـەڵات و کاریگـەری خۆیان لەسـەر خەڵـک دەهێڵنـەوە. چونکـە ئەوانـە بـۆ ئـەوان سەرنجڕاکێشـن. هەوڵـی ئاغاکانیش

بـۆ زیندووهێشـتنەوەی ئـەم شـتانە لەنێـو جەمـاوەردا، وادەکات پرسـە سـەرەکییەکە بشـاردرێتەوە و خەڵکیـش ئەمانـە نەبینـن. خەڵـک بـڕوا بـەوە دەکـەن کـە لەبەرئـەوەی کـوردن بەدواکەتوویـی هێڵدراونەتـەوە. بەمـەش دەرفەتـی پێویسـت بـۆ ئەوانـە دەڕەخسـێت کـە خاوەنـی شـتەکانن. ئێمـە کاتێـک باسـی ئەمانـە دەکەیـن، نامانـەوێ بڵێیـن پرسـی ڕۆژهـەڵات تەنیـا ڕەهەنـدی سۆسـیۆئیکۆنۆمی هەیـە و ڕەهەنـدی نەتەوەیـی نییـە، بـەڵام دەمانـەوێ ئـەوە بڵێیـن کە هـۆکارە نەتەوەییەکان لەژێر گوشـاری ناکۆکییە چینایەتییەکانـدا روون نابنـەوە. لـە داهاتووشـدا زیاتـر باسـی دەکەیـن.

یەکێکـی دیکـە لـە تاکتیکەکانـی ئاغـاکان ئەوەیـە کـە ڕاسـتەوخۆ گوشـار دەخەنـە سـەر جەماوەر. ئەمەش لەڕێـی پیاوەکانی خۆیانەوە دەکـەن و، ڕۆژ بەڕۆژیـش زیاتـری دەکـەن. ئـەم گوشـارە لەسـەر خەڵـک هێنـدە زیـادە کـە لـە هەمـوو شـتێک، چەتەیـی و جەردەیـی جۆرێکـە لـە سـەرهەڵدان لـە دژی ئـەم سیسـتمە. ئـەم بارودۆخـە لـەو گوندانـەی کـە دانیشـتووانیان زۆرتـرە بـەراورد بـەو گوندانـەی دانیشـتووانیان کەمترە جیـاوازی زۆری تێدایـە. دیارە ئـەوەش شـتێکی سەرنجڕاکێشـە. گونـدی یاوزلـو لـە کلـس، گیرمەلـی لـە نسـێبین و سـوڵتان تەپـە لەسـەر ڕێگـەی ئاکچەقـەڵا ـ ئورفـا، لـەو گوندانەن کـە تـازە دروسـتکراون و ئەمانـەش لەچـاو گوندەکانـی دەوروبەریـان کـە گونـدی کـەم دانیشـتووانی ئاغـادارن، دانیشـتووانیان زیاتـرە.

کاتێکیـش کـە ئاغـا دەیەوێـت بـە زۆرداری ڕێگـە لـەو داڕووخانـە بگرێـت، ئـەو بنەمـا یاسـایی و ڕەواییـە کەمەی لـە پێکهاتـەی دەرەبەگیـدا هەیە، ون دەبێـت و پێکهاتەکـە ناسـنامەیەکی دەرەبەگایەتی وەردەگرێت. ئالێرەشـدا یەکێـک لـە ناکۆکییـە بنەڕەتییـەکان لـە کۆمەڵگـەی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ دەردەکەوێـت، ئەمـە یەکێـک لـە خاڵەکانـی پێکـدادان و گرێکوێرەکانـی ڕۆژهەڵاتـە. لەلایەکـەوە هەندێـک لە دانیشـتووان بەخێرایی گەشـە دەکەن و لـە ئەنجامـی ئەوەشـدا گۆڕانکاریـی حەتمـی ڕوودەدات، لەلایەکی دیکەش گوشـاری ئاغـاکان هەیـە کـە دەیانەوێـت ڕێ لـەو گۆڕانکارییـە بگـرن. پرسـی سـەرەکی لێـرەدا ئەوەیـە کـە خواسـتی گۆڕانـکاری لەلایـەن خەڵکـەوە دێت،

بـەڵام دەسـتەبژێرێکی کـەم لـە سـەرەوە دەیەوێـت رێگـەی لـێ بگرێـت و بـەرەو ئاراسـتەی دیکـەی ببات.

### ج. داینامیکی چینایەتی کۆبوونەوەکانی رۆژهەڵات

ئـەوەی لەسـەرەوە باسـمان کـرد، بەشـێوەیەکی روون لـە کۆبوونەوەکانـی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ کـە لەنێـوان ئابـی 1967 تاوەکـو نۆڤێمبـەری 1967 لـە شـوێنە جیاوازەکانـدا بەڕێوەچـوون و تێیـدا دواکەوتوویـی رۆژهـەڵات ئیدانەکرابـوو، بەشـێوەیەکی بەرچـاو سـەلمێنراوە و بـە بەڵگەکـراوە [75]، هەرچەنـد کۆبوونەوەکانـی رۆژهـەڵات جموجۆڵێکـی ئـەو رۆشـنبیرانەی رۆژهـەڵات بـوو لـە دژی سیسـتمی دەرەبەگـی و هـاوکاری حکومـەت بـۆ لەسـەرپێ هێشـتنەوەی ئـەو سیسـتمە، بـەڵام ئەمـە لەنێـو جەماوەریشـدا رەنگدانەوەیەکـی فراوانـی هەبـوو. کاریگـەری زۆری بەجێهێشـت و رێگـەی بـۆ ئـەوە کـردەوە کـە دیالۆگـی نێـوان رۆشـنبیران و جەمـاوەر دروسـتببێت. ئەمـەش رێـک ئـەو رۆڵەیـە کـە سـەرکردەکان دەتوانن لە شـوێنێکدا کەمتر گەشـەی کردبـێ، بیگێـڕن.

بەشـداربوون و هۆشـیاربوونی جەماوەرێکـی زۆر، یەکێـک لـە تایبەتمەندییە گرنگەکانـی کۆبوونەوەکانـی رۆژهـەڵات بـوو. لێـرەدا خاڵـی گرنـگ ئەوەیـە کـە نێوەڕۆکێکـی کۆمەڵاتییـان وەرگـرت و بـەو ئاراسـتەیەدا چڕبوونـەوە. کەسـانی سـەر بـە چینـە جیـاوازەکان بەشـداربوون لـەو کۆبوونەوانـەدا و لـەوێ قسـەیان کـرد. کەسـانێک کـە زەویوزاریـان هەیـە و ئەوانـەش کـە زەویوزارێکـی کەمیـان هەیـە، تەنانـەت ئاغـا و شـێخ و سـەرۆک هـۆز و ئـەو کەسـانەش کـە پەیوەندییەکانـی دەرەبەگـی لـەو سیستەمەشـدا کۆنتـرۆڵ دەکـەن، بەشـدارییان کـرد و رۆڵێکـی چالاکیشـیان گێـڕا. گرووپـی یەکـەم زیاتـر لـە دژی ئاغـا و شـێخ و سـەرۆک خێـڵ و حکومەت کە هاوکاریـی ئەوانە

75 - Ismail Beşikci, Doğu Mitingleri'nin Analizi, s. 3, Erzurum 1967, (Çoğaltılmıştır).

دەکات دەرکەوتن، گرووپی دووەمیش زیاتر باسیان لە ستەملێکراویی سەتان ساڵەی خەڵکی کورد و دواکەوتوو هێشتنەوەی کۆمەڵگەیان کرد و، سەبارەت بەوەش لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی، هەوڵیانداوە رای گشتی بە زیندوویی بهێڵنەوە. هۆکاری بەشداری ئاغاکان لەو کۆبوونەوانەی رۆژهەڵات ئەوەبوو لەو پەیوەندییانەی بەرهەمهێناندا کە مولْکداریی دەرەبەگی تێدا زاڵە، ئەوان وەك ئەو کەسانەی کە سیستەمەکە کۆنترۆڵ دەکەن، سامانی کەڵەکەبوویان کەم و نالەبار بوو. ئاغاکان دەیانویست سەروەت و سامانێکی زیاتر پێکەوە بنێن و کەڵەکەبوونی سەرمایە زیاتر و خێراتر بکەن، بەوجۆرەش لە ئاغاکانی سەرمایە و زەویوزاری رۆژئاوا بچن. بەڕاستی لە رۆژئاواش ئاغا هەیە و ئەو ئاغایانەش لە مەکینیزەبوونی کشتوکاڵ و قەرزی کشتوکاڵی کەڵکیان وەرگرتووە و رۆڵیان لە دیاریکردنی نرخی بەروبوومە کشتوکاڵییەکاندا هەیە و گوشاریان لەسەر پەرلەمان دروستکردووە، بەوجۆرەش سیستەمێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتییان دروستکردووە کە لەڕێی ئەوەوە سەرمایەی کەڵەکەبووی خۆیان زیاتر و فراوانتر کردووە. لەگەڵ پێشکەوتنیشدا، پێکهاتەی دەرەبەگی دابەش بووە و لەنێو شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا پەیوەندییەکی نوێی مرۆیی شێوەی گرتووە. لەو چوارچێوەیەشدا، ئەو ئاغایانەی لە کۆبوونەوەکاندا بەشدارییان کردووە، ویستوویانە سامانی زیاتر کۆبکەنەوە. ئەوان داوایان دەکرد لە رۆژهەڵاتدا وەبەرهێنانی زیاتر بکرێت، بەنداو، کەناڵی ئاوی، شەقام، کارەبا، کارگەی جۆراوجۆر و داوودەزگا ژێرخانییەکان بنیاتبنرێن. هەڵبەت لێرەدا ئاغاکان بە هەڵەدا چووبوون، چونکە سەبارەت بە پێگەی چینایەتی لە دەرەبەگیدا زانیارییان نەبوو، ئەگەر دەوڵەت ئەو جۆرە دامەزراوە ژێرخانیانە لەوێ دروست بکات، هەر ئەوانە دەبنە هۆکاری پارچە پارچەبوونی ئەو پێکهاتە دەرەبەگییەی لەوێ هەیە. بەهۆی دروستبوونی رێگە و کەناڵی ئاوی و کارگە و دامەزراوەی هاوشێوەی ئەوانە، ئامرازەکانی گەیاندن و پەیوەندیکردن چڕتر و زیاتر دەبن، لەگەڵ ئەو زانیارییە تەکنیکیانەش

کـە ئەوانـە لەگـەڵ خۆیانـدا دەیانهێنـن، گۆڕانـکاری ریشـەیی لـە پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـدا روودەدات.

بـەر لـە هەمـوو شـتێک ئـەو پەیوەندییـە کەسـیانەی لەنێـو پێکهاتـەی دەرەبەگیـدا زاڵـن، تێکـدەدات و لەجیاتـی ئـەوە پەیوەنـدی تاکانـەی فرەڕەهەنـد و ئاڵـۆز دروسـت دەکات. لەجیاتـی ئـەوەی شـتێک بدرێـت، سیسـتمی حەقدەسـت زاڵ دەبێـت و بەوجـۆرەش تاکێـك پەیـدا دەبێـت کە لەبەرامبـەر ئاغـای زەویـوزار و سـەرمایەدار بـاس لـە مـاف و بەرژەوەنـدی دەکات. سـەرئەنجام ئەوانـەش وەک چینێـک دەردەکـەون کـە دەتوانـن خۆیـان رێکبخـەن.

لـە سیسـتەمی دەرەبەگیـدا ئەو شـتانە نییە، کەسـی گونـدی پەیوەندییەکی کەسـیی لەگـەڵ ئاغـا هەیـە. وەک ئـەو سیسـتەمەش کە ئـەم پەیوەندییانە دروسـتی دەکەن، کۆمەڵگەش راوەسـتاوە و لە شـوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە. لەلایەکـی دیکـەوە ئـەو دەربەگایەتییـەی کـە لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ دەبینرێـت، ئەنجامـی زۆر خراپتـر لـەو دەربەگایەتییـەی چاخەکانی نێوەڕاسـتی هەیـە. چونکـە ئەوکاتـە کەسـی گونـدی لـە کاروبـاری بەرهەمهێنانـدا تەنیا گرێـدراوی سـنوورێك بـوو، لـەڕووی ئایینیشـەوە تەنیـا لای قەشـەیەک بـوو، بـەڵام لـە دەرەبەگییەکـەی رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـدا، زۆر بەئاسـانی دەتوانیـت ببینـی ئـەو کەسـەی زەویـوزار کۆنتـڕۆڵ دەکات، رێبـەری تەریقەتـە یاخـود شـێخێکە. کۆکردنـەوەی خاوەنـداری هێزەکانـی بەرهەمهێنـان و ئایینـداری لـە دەسـتی کەسـێکدا، بەڵگـەی ئەوەیـە کـە دەرەبەگـی شـێوازی خـۆی گۆڕیـوە و زیاتـر بـەرەو ملهـوڕی رۆیشـتووە.

لـە رۆژئـاوای ئەنـادۆڵ، ئاغـا تەنیـا لەبەرئـەوە ئاغایـە کـە خاوەنـی زەویـوزارە و بەرهـەم کۆنتـرۆڵ دەکات، کۆکردنـەوەی خاوەنداریـی زەویـوزار و ئەرکـە ئایینییـەکان لـە دەسـتی کەسـێکدا، تایبەتمەنـدی کۆمەڵگـەی رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـە. سیسـتمێکی بەوجـۆرە کـە تێیـدا ژێرخـان و هەروەهـا سـەرخانی کۆمەڵگەیـەک بەوجـۆرە یەکیانگرتبـێ و پەیوەندییەکـی تووندوتۆڵیـان هەبێـت، کەمـە. دەتوانین بڵێین، ئەمـە بەجۆرێک مەرجدارکردنـی داوودەزگا

سـەرخانییەکانە لەلایـەن پێکهاتـەی ژێرخانـی کۆمەڵگـەوە. چونکـە تەریقـەت و گرووپـە مەزهەبییـە جیاوازەکان، هەریەکـە لـە جوگرافیایەکـی دیاریکـراودا باڵادەسـتن. لـە شـوێنێکدا کـە تەریقەتێکـی دیاریکـراو هەبێـت، تەریقەتێکـی دیکـە نییـە و ئەمـەش وادەکات کـە چەوسـانەوەکە لەلایـەن کەسـانی رەسـەن و پیـرۆزەوە بکرێـت. لێـرەوە دەردەکەوێـت کـە ئـەو ناوچانـەی دەچەوسـێنرێنەوە چـۆن دابەشـکراون، ئەمـە بەرژەوەندییـە ئابوورییەکانیـش بـە روونـی دەردەخات. لـەم روانگەیەشـەوە، کۆکردنەوەی ئـەرک و رۆڵەکانـی ئاییندـاری و خاوەنداریـی زەوی لـە یـەك دەسـتدا، لەڕووی مێژووییـەوە ئەنجامێکـی حاشـاهەڵنەگرە.

هەڵبـەت هەڵەیـە ئەگـەر بڵێیـن هەمـوو ئاغـاکان بەشـدارییان لـە کۆبوونەوەکانـی رۆژهەڵاتـدا کـردووە. هەندێـک لەو ئاغا و شـێخ و سـەرۆک خێڵانـەی کـە لـە رۆڵـی کۆنترۆڵکردنـی کۆمەڵگـە بـە باشـی تێدەگـەن، بـە توونـدی دژی کۆبوونـەوەکان دەرکەوتـن و ئەوەیـان رەتکـردەوە کـە ناهاوسـەنگی لەنێـوان رۆژهـەڵات و رۆژئـاوادا هەبێـت و بگـرە پەسـنی سیاسـەتەکانی حکومەتیشیان داوە. بەشـداریکردن یاخود بەشدارینەکردنی ئاغـاکان لـە کۆبوونەوەکانـدا، پەیوەنـدی بـە دۆخـی رابـردووی ئەوانـەوە هەبـووە. ئەوانـەی لـە رابـردوودا زۆرتـر لـە دژی سیاسـەتەکانی حکومـەت دەرکەوتـوون و بـەردەوام ململانێیـان لەگەڵیـدا هەبـووە و بانگەشـەی سـەرکردایەتی نەتەوەییـان کـردووە، ئەوانـە بەشـداری کۆبوونەوەکانـی رۆژهـەڵات بـوون. بـە پێچەوانـەوە، ئەوانـەی لەگـەڵ حکومـەت رێکبـوون و نێوانیـان لەگەڵـی خـۆش بـوو، بەشـدارییان لـە کۆبوونەوەکانـدا نەکـرد و لـە دژیشـی راوەسـتان. کۆمەڵنـاس بەهیجـە بـۆران بـەم جـۆرە باسـی ئـەو گۆڕانکارییـەی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ دەکات: "سـەرەڕای ئـەوەی کـە ئـەم ناوچەیـە بـە خێراییەکـی کەمتـر لـە ناوچەکانـی دیکـە گەشـە دەکات و بەرەوپێـش دەڕوات، لـە مـاوەی 20 بـۆ 25 سـاڵی رابـردوودا رۆژهـەڵات و باشـووری رۆژهـەڵات لەچـاو جـاران پێشـکەوتنی بەخـۆوە بینیـوە. ئیـدی لـە کشـتوکاڵدا مەکینـە بەکاردەبرێت، هەرچەند لـەڕووی بنەما کەتوارییەکانەو

ناتوانین باسی سیستەمێکی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەوێ بکەین، بەڵام لە دوای بەکارهێنانی تراکتۆرەوە، ئیدی هەرچەند کە سیستەمی هاوبەشی بە تەواوی لەناویش نەچووبێت، تاوەکو ئەندازەیەک گۆڕاوە. لەبەرئەوەی خاوەن موڵکەکان دەچنە شار و نەوەی تازەی ئاغاکان لە شارەکان دەمێننەوە و دەبنە دکتۆر، ددانساز، پارێزەر و پیشەی دیکەیان دەبێت، کەمتر خواستیان بۆ کاری رابردووی بنەماڵەکەیان دەبێت. ئیدی دەبنە چینێک کە وەک جاران بەهێز نین. من نازانم قەبارەی ئەو پێکهاتەیە چەندە و زیاتر لەکوێ بەربڵاون، هێشتا ئامارێک و ژمارەیەک لە بەردەستدا نییە، بەڵام تێبینیەکانم بەو ئاراستەیەم دەبەن کە پێکهاتەی لەوجۆرە دروستبووە." [76]

لەڕاستیدا بەشێک لە ئاغاکان بەتەواوی لە شارەکاندا نیشتەجێبوون و زەویوزارەکانی گوندیان لە کۆڵ خۆیان کردووەتەوە و پەیوەندییان پێوە نەماوە، بەڵام ئەمە شتێکی بەربڵاو نییە. لەبەرئەوەش پێویستە جێگیربوونی ئاغاکان لە شارەکاندا بەشێوەیەکی وردتر شرۆڤە بکەین. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی ئێمە، نیشتەجێبوونی ئاغاکان لە شارەکاندا شتێکی راستە و ئەمەش بەتایبەت لەدوای میکانیزمی دەنگدانی گشتییەوە خێراتر بووە. چونکە ئاغا بەشداری لە ئەنجوومەنی گشتی پارێزگا و هەندێک دامەزراوەی ئیداری و سیاسی دیکەدا کردووە و بۆ بەشداریکردنیش لەوانە لە شار و قەزاکاندا جێی خۆشکردووە، بەڵام ئاغا هیچ کات زەویوزاری خۆی لەدەست نەداوە. هەرچەند لە شار نیشتەجێ بووبێت و لەوێ سەرقاڵی کاروباری خۆی بێت، لە گوندیش خزمەتکارێکی لە جێگەی خۆی داناوە تاوەکو کاروبارەکانی بەڕێوەببات. چەندە کوڕەکەی بخوێنێت و ببێتە پارێزەر، ددانساز، دەرمانساز یان هەر شتێکی دیکە، دیسان پەیوەندی لەگەڵ زەویوزارەکەی نابڕێت.
ئاغا سەبارەت بە موڵکداری و خاوەنداریی زەویوزارەکەی زۆر لێزانە.

76 - Behice Boran, Türkiye ve Sosyalizm Sorunları, Gün Yayınları, İstanbul 1968, s. 189

قسـەیەک هەیـە دەڵێـت: "لـە رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـدا نـەك کچ و کـوڕ، بەڵکو زەوی و زەوی، نـەك دەلال و دلبـەر، بەڵکــو گوـنـد و گونـد پێکەوەژیانــی خێزانــی پێکدێنــن". ئەمــەش رادەی ئــەو لێزانیــەی ئــەوان ســەبارەت بــە گرنگیـی بابەتـی موڵکـداری دەردەخـات. ئاغـاکان بـۆ پاراسـتنی موڵکەکانیان، ناهێڵـن منداڵەکانیـان لەگـەڵ کەسـانی غەریـب هاوسـەرگیری بکـەن. بـۆ ئـەوەی پرسـێکی گریمانەیـی وەک بابەتـی میـرات پەیـدا نەبێـت، بـەردەوام ئـەوە لەبەرچـاو دەگـرن. ئـەم هۆشـیاریەی ئاغـاکان بووەتـە هـۆی ئـەوەی خاوەندارێـی زەوی لـە سـەردەمی عوسـمانییەوە درێـژە پێبـدەن و هەمـوو ئـەو یاسـایانەش کـە لە دوای کۆمـارەوە دەرچوون پـووچ بکەنەوە. ئەمەش ئـەوە دەردەخــات کــەوا یاســا و داینامیکــە کۆمەڵایەتییــەکان لــە یاســا و داینامیکەکانـی پەرلەمـان بەهێزتـرە. لـەو روانگەیەشـەوە پێویسـتە بـۆران جارێکـی دیکـە پێداچوونـەوە بـەو دیدگایەیـدا بـکات کـە دەڵێـت "بنەماڵـەی ئاغـاکان لـە شـارەکاندا نیشـتەجێ دەبـن و ئەوانـەش کـە لـە گونـدەکان دەمێننـەوە دەسـت بەسـەر موڵـک و ماڵەکانیانـدا دەگـرن و بەوجـۆرەش چینێکـی تـازە پەیـدا دەبێـت"، چونکـە لە گونـد چینی تـازە پەیدا نابێـت، بەڵکو ئـەوە خێزانـی ئاغایـە کـە هەندێـک گۆڕانـکاری تێـدا روودەدات، بەبـێ ئـەوەی نێوەڕۆکـی خـۆی بگۆڕێـت. بـۆ نموونـە ئاغـا کاتێـک لـە شـارەکاندا سـەرقاڵی کاری سیاسـییە و بـە بابەتـی قـەرزی بانکییـەوە سـەرقاڵە و ناتوانـێ زوو زوو سـەردانی گونـد بـکات، رۆڵـی سەرپەرشـتیاری کاروبارەکانـی لـە گونـد زیاتـر دەبێـت.

ئـەو خێزانـی ئاغایانـەی کـە لـە شـارەکانی غـازی عەنتـاب (دیلـۆک- وەرگێـر)، دیاربەکــر، ئورفــا (رووهــا ـ وەرگێــڕ) و ماردیــن (م (مێردیــن ـ وەرگێــڕ) نیشــتەجێن و خاوەنــی موڵــک و ماڵــن، ٪7.5ی ئــەو خێزانانــە پێکدەهێنــن کـە زەویوزاریـان هەیـە، بـەڵام هـەر ئـەوان ٪70ی زەویـوزارەکان کۆنتـرۆڵ دەکــەن و، ئەمــەش دەریدەخــات کــە چــۆن گونــد و شــار پێکــەوە بەســتراونەتەوە.

## 2. ئەو هۆکارانەی ڕێ لە دەربازبوون بۆ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەگرن

جێگیربوونی دانیشتووان لەسەر زەویوزار، ماڵی گوند، ڕەشماڵ، مەزرا، کەپر و دیوان و زیادبوونی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە گوند، گەشەنەکردنی ئامرازەکانی گەیاندن و پەیوەندی، دووربوون لە هەندێک ناوەندی بازرگانی و پیشەسازی، کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەی هەواڵ و ناوەندەکانی هەواڵ لەلایەن ئاغاوە، لە ڕیزی ئەو هۆکارانەن کە دەسەڵاتی ئاغا و ئەو دامەزراوەیەیان بەهێزتر کردووە. ئەو هۆکارە نێگەتیڤانە ڕێگربوون لەوەی کۆمەڵگە بەڕووی دەرەوەدا بکرێتەوە و لەگەڵیدا یەکبگرێت.

ئیدی هۆکاری سەرەکی بۆ تێپەڕنەبوون بۆ پەیوەندییەکی سەرمایەداری، کەمبوونی بەرهەمە، کارکردن بەشێوەیەکی سەرەتایی، قەرز بەشێوەی سەرەتایی، هەروەها تەکنەلۆژیا و ئامرازی پەیوەندییەکی سەرەتایی بوونەتە هۆی ئەوەی کە سامانی کەڵەکەبوو کەم بێت. لەلایەکی دیکەوە بەکارهێنانی پەیین و شێوازی ئاودانیش زۆر بەسوود نییە. نزیکەی 40٪ی گوندییەکان ئاگایان لە بنەمایەکی وەکو بەکارهێنانی پەیین نییە. ئەوانەش کە بەکاریدەهێنن، 55٪یان پەیینی ئاژەڵەکانی خۆیان بەکاردێنن و نزیکەی 5.7٪یش پەیینی بازرگانی بەکاردێنن.

لەڕووی ئاودانیشەوە بارودۆخەکە هەروایە. جارێ بەر لە هەموو شتێک لە زۆربەی گوندەکاندا دەرفەتی ئاودێری نییە. 4.9٪ی زەوییە کشتوکاڵییەکان بەراون و 94.1٪ یان دێمن. لە غازی عەنتاب، ئورفا، دیاربەکر و ماردین بارودۆخەکە خراپتریشە. بۆ نموونە لە ئورفا 0.4٪ و لە دیاربەکر 1.6٪ی زەوییەکان بۆ ئاودێری دەشێن، باشترین ڕێژەش لە مەڵاتییە کە 11.1٪ دەبێت.

بێگومان لەنێو بێدەرفەتی و نەبوونی توانای پێویستدا، بەدەستهێنانی سامانێکی زۆر بەهۆی کشتوکاڵەوە ئەستەمە. لە دۆخێکی وەهادا،

لەنێـو خـزم و خێزانـەکان خۆیشـیان هەندێـک کێشـەی دیکـە هـەن. ئـاوی خواردنـەوە و کەرەسـتەی پێویسـت بـۆ خۆگەرمکردنـەوە کەمـە. ئەمـەش وادەکات ئـەم کۆمەڵگەیانـە هێشـتا لـە تاریکییەکانـی سـەردەمی چاخـی نێوەڕاسـتدا بژیـن. زۆر لـە گوندەکان ئـاوی خواردنەوەیـان نییـە، ئەوانـەش کـە هەیانـە کەڵـك لـە ئـاوی بیـر و رووبـارەکان وەردەگـرن. ٪80 بـۆ ٪85ی خەڵکیـش بـۆ خۆگەرمکردنـەوە تەپاڵـە دەسـووتێنن. لـە تەنیشـت ئـەوەدا، پـەروەردەش کـە هۆکارێکـی گرنگـە بـۆ ئـەوەی کۆمەڵگەیـەک بـەڕووی دەرەوەدا بکرێتـەوە و جیـاواز بێـت، لـە بارودۆخێکـی خراپدایـە. رێـژەی ئەوانـەی کـە لـە شـارەکاندا نەخوێنـدەوارن ٪48 زیاتـرە و لە گوندەکانیشـدا دەگاتـە ٪79.

لەهەمـوو ئەمانـەوە بۆمـان دەردەکـەوێ کـە ئیدی لـە رۆژهەڵاتـدا، رژێمی ئاغایەتـی بـۆ کەڵەکەبوونـی بەرهـەم و سـەرمایە زۆر بێکەڵکـە. دیسـان بەهـۆی ئـەوەی کشـتوکاڵ بـە تەکنیکەکانـی سـەردەمی چاخـی نێوەڕاسـت دەکرێـت و کەڵـک لـە بەکارهێنانـی پەیین و ئاودێـری وەرناگیرێـت، هەروەها پێداویسـتییەکانی ئاوی خواردنەوە و گەرمکردنەوەش بەشـێوەی سەرەتایی دابیـن دەکرێـن، بەتـەواوی رێ لـە کەڵەکەبوونـی سـەرمایە گیـراوە. لێـرەدا دەتوانرێـت ئـەوە بگوتـرێ کـە هەرچەنـدە لـەلای ئاغاکانیش سـەرمایەی زۆر نەبێـت، بـەڵام دەتوانرێـت هـەر ئـەو تەکنیکـە سـەرەتاییانەی کشـتوکاڵ بـۆ تەکنیکـی نـوێ بگۆڕدرێـن. چونکـە بەرهـەم چەنـدە کەمیـش بێـت، دیسـان هــەر لای ئاغــا کۆدەبێتــەوە. خــۆی لەڕاســتیدا شــتێکی وەهــا خەریکــە روودەدات، بـەڵام ئەمـە لەنێـو خۆیـدا ناکۆکییەکـی گرنگـی تێدایـە. ئەویـش ئەوەیـە کـە تێپەڕبـوون لـە پەیوەندییەکـی دەرەبەگییەوە بـۆ پەیوەندییەکی سـەرمایەداری، پێویسـتی بـە مەکینیزەبوونـی کشـتوکاڵ و ئـەو زانیارییـە تەکنیکیانـە هەیـە کـە لەگـەڵ خۆیـدا دەیانهێنێـت. بـەڵام لەگـەڵ هاتنـی مەکینــە، جەماوەرێکــی زۆر لــە کەرتــی کشــتوکاڵ دووردەخرێنــەوە و بـەرەو شـارەکان دەڕۆن، لەوێـش لەبەرئـەوەی پیشەسـازی پێویسـت بـۆ دامەزرانـدن و بەکارخسـتنی ئـەو خەڵکـە نییـە، کێشـە پەیـدا دەبێـت.

ئێمـە پێمانوایـە ئـەو ناکۆکییـەی بەهـۆی مەکینیزەبـوون و گەشـەکردنی دانیشـتووانەوە دەرکەوتـووە، لەهەمـان کاتـدا بازنەیەکـی خراپـە کـە دەتوانێـت تاکـە هۆکاریـش بێـت بـۆ ئـەوەی پێکهاتـەی دەرەبەگـی و دۆخـی جێگیـر تێکبـدات. کاتێـک هۆکارەکانـی وەک پـەروەردە و خزمەتـی سـەربازی بـۆ ئەوانـە زیـاد دەکرێـن، مەیدانـی پەیوەندییەکانـی دەرەوەش فـراوان دەبێـت و ئـەو پرۆسـەیە خێراتـر دەبێـت. مەکینیزەبوونـی کشـتوکاڵ هێشـتا لـە هەمـوو شـوێنێک نییـە، لـە شـوێنی وەهـادا ئاغـا بەتـەواوی خاوەنـی رانتـە و خۆیشـی زەویوزارەکانـی بەکارناهێنێـت، لەهەمان کاتیشـدا دەیەوێـت ئـەو کارەی بـە مەکینـە دەکرێـت لەلایـەن پیاوەکانـی خۆیـەوە بـۆی بکرێـت و، وەبەرهێنـان لەسـەر مەکینە نـەکات. بێگومان لە شـوێنێکی وەهـادا لەنێوبردنـی پێکهاتـەی دەرەبەگـی ماوەیەکـی زیاتـری دەوێـت. لەبەرئـەوەی سـامانی کەڵەکەبـوو کەمـە و پەیوەندییەکی سـەرمایەداریش دروسـت ناکرێـت، حوکمـی ئاغـا بەسـەر خەڵکـەوە بـەردەوام دەبێـت و چارەسـەرەکانیش کـەم دەبـن.

لـە رۆژئـاوا ئاغـای زەویـوزار هەیـە، بـەڵام ئاغـا تراکتـۆر و مەکینـەی جۆراوجـۆری کشـتوکاڵی بەکاردەهێنێـت و بەشـێوەیەکی فـراوان سـوود لـە قـەرزە کشـتوکاڵییەکان وەردەگرێـت، وەک گرووپێکـی گوشـاریش دەتوانێـت کاریگـەری لەسـەر سیاسـەتی حکومـەت بـۆ نرخـەکان هەبێـت. ئـەوان سـامانێکی زۆریـان کۆکردووەتـەوە و دامـەزراوەی سـەرمایەدارییان دروسـتکردووە و پەیوەندییەکانیـان بـۆ دەرەوەی سـنوورەکانیش فـراوان کـردووە. بـۆ نموونـە، تراکتـۆر لـە هێـزی کار و لـە کاتیشـدا سـوودی هەیـە. تۆوەشـێن دەتوانێـت وابـکات لـە بەکارهێنانـی دانەوێڵـەدا زیادەڕۆیـی نەکرێـت و، ئـەو تـۆوەش کـە بەکاردەهێنرێـت بـە باشـی گەشـە بـکات. کەڵـک وەرگرتـن لـە قەرزەکانـی بانـک و دروسـتکردنی گرووپێـک بـۆ ئـەوەی کاریگـەری لەسـەر سیاسـەتەکانی نـرخ دابنێـت، وادەکات کـە ئـەو دامەزراوەیـە توانـای کڕیـن و فرۆشـتنی زیاتربێـت و پەیوەندییەکانـی زیـاد بـکات و لـە بازاڕەکانـدا کەرەسـتەی خـاوی پێویسـت پەیـدا بـکات.

هێنانــی قــەرز بــە ســوود، وادەکات جگــە لــە بەرهەمهێنانــی خۆراکــی پێویســت بـۆ خـۆی، بەرهەمـی پێویسـتیش بـۆ بـازاڕ دابیـن بـکات، ئەمـەش ئــەو شــتەیە کــە لــە ڕۆژهــەڵات گەشــەی نەکــردووە. ڕۆڵــی ئاغایەکــی زەویـوزار و خـاوەن موڵـک لـە ڕۆژهـەڵات، لەگـەڵ بازرگانێـک لـە ڕۆژئـاوای تورکیـا لـەڕووی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتییـەوە زۆر جیـاوازە. لـە ڕۆژهـەڵات ســەرچاوەکانی هــەواڵ لەلایــەن ئاغــاوە کۆنتــڕۆڵ دەکرێــن، بــەڵام لــە ڕۆژئـاوا، شـوێنی وەکـو قاوەخانـە کراونەتـەوە کـە بـۆ هەمـوو خەڵکـن و ئەمــەش ڕەهەندێکــی دیکــەی پەیوەندییەکــە پیشــاندەدات [77]، هەمــوو ئەمانــەش ئــەو هۆکارانــەن کــە ڕێگــە لــە دەربازبوونــی ڕۆژهەڵاتــی ئەنـادۆڵ بـەرەو سـەرمایەداری دەگـرن. کەوابـوو ئـەو کۆمەڵگەیـەی لـە ناوەنـدە گەورەکانـی بازرگانـی و پیشەسـازی دوورە و خەڵکەکەشـی کەڵـک لــە ئامرازەکانــی پەیوەنــدی وەرناگــرن و بــەڕووی دەرەوەدا ناکرێنــەوە، ناتوانێـت بەخێرایـی پەیوەندییەکـی جیـاواز بنیاتبنـێ. لـەو کۆمەڵگەیانـەدا پەیوەندییەکانــی خاوەنــداری و دەرەبەگــی بەشــێوەیەکی ڕوون و ئاشــکرا بــەردەوام دەبــن. لــە ئەنجامــی کارکردنــی میکانیزمــە کۆمەڵایەتییەکانــدا ئــەوەی کــە خاوەنــی زەویــوزارە، هەندێــک ڕۆڵــی بــۆ پەیدادەبێــت و ئــەوەش بـە دامەزراوەیـی دەکرێـت. ئـەو ڕۆڵـەی ئاغـاش تاوەکـو ئەوکاتـەی دەربـازی دامەزراوەکانــی دەوڵــەت دەبێــت بــەردەوام دەبێــت. یەکێکــی دیکــە لــە هۆکارەکانـی ڕێگرتـن لـە تێپەڕبـوون بـۆ سـەرمایەداری، ئـەو گۆڕانکارییانەیە کــە لەنێــو خــودی دەربەگایەتیــدا ڕوویانــداوە. ئینجــا ئــەو دەربەگانــە، چ لــە دژی دەســەڵاتی ناوەنــدی ڕاپەڕیبــن یــان نــا، لــە دوای دەربازبوونــی تورکیــا بــۆ ڕژێمــی فرەحیزبــی، دەرفەتــی ئەوەیــان پەیــدا کــردووە کــە لەگــەڵ چینــە سەردەسـتەکانی ڕۆژئـاوادا یەکبگـرن. لـەو پرۆسەیەشـدا دەربەگایەتـی لـە لادێکانــەوە بــەرەو شــارەکان گەشــە دەکات، ئەمــە بــە واتایــەک یەکگرتنــی دەربــەگ و بــوورژوازە.

---

77 - Mübeccel Kiray, Interdepencies between Agro-Economic development and Social Change: A Case Study: Çukurova, Bolu, 1966

## 3. ڕەوتی مێژوویی

### ا. قۆناخی ئیمپراتۆریی عوسمانی

ریشـەکانی خاوەنداریـی زەوی لە ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵدا دەگەڕێتەوە بـۆ سـەردەمی عوسـمانی کـە زەویـوزار لـە کۆنترۆڵـی دەوڵەتـدا بـوو، دەوڵەتیش بـە (زیممـە) یاخـود بەشـێوەی دیکـە دەیدایە ڕەعییـەت. دیارە پادشـا کـە خـاوەن مافێکـی بێڕکابـەر بـوو لـە ئیمپراتۆرییەکـەدا، زەوییەکـی فراوانـی دەدا بەوانـەی لـە شـەڕەکاندا یـان لە خزمەتـی دەوڵەتدا دڵسـۆزیی خۆیـان دەسـەلماند. ئەمانـە لـە دەرەوەی یاسـا و ڕێنمایـی تایبـەت بـە زەویـوزار بـە ڕێسـایەکی تایبـەت مامەڵەیـان لەگـەڵ دەکـرا و دەبوونـە خاوەنـی زەوی. بـۆ نموونـە یـاوز سـوڵتان سـەلیم لـە سـاڵی 1514 دا، ئەوکاتـەی بـۆ شـەڕی چاڵدێـران ڕۆیشـتووە، لـە ڕۆژهـەڵات و باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ شـیعەکانی سـەرکوت کـردووە و خەڵکێکـی زۆری بـە شمشـێر لەنێوبـردووە، لەو چوارچێوەیەشـدا، ئەو سـەرۆك خێڵ و بەگانەی کـورد لـە سـێرت، بتلیـس، دیاربەکـر و مەڵاتیـە و دەوروبـەری کـە عەلـەوی نەبـوون و لـەو شـەڕەدا یارمەتیـی ئەویـان دابوو، لەژێـر ناوی یورتلـوک (واتە بەخشـینی زەوی بـە کەسـێك لـە بەرامبـەر خزمەتێـك) و ئوجاڵـک (واتـە مافـی بەکارهێنانـی زەوی بـۆ کەسـێك و پاشـان گواسـتنەوەی ئـەو مافـە بـۆ میراتگرەکانـی) زەوی زۆری بەخشـیوە [78].

ئەمـە بـە سـەرەتای دەربەگایەتیـی عوسـمانی و پاشـان گۆڕانـی لـە دەرەبەگییـەوە بـۆ دەرەبەگایەتـی دادەنرێت. لەکاتێکدا دەسـەڵاتی ناوەندی لـە گوندەکانـدا بـەرەو لاوازی دەڕۆیشـت، دەسـەڵاتی دەرەبەگـەکان زیاتـر دەبـوو. لەڕاسـتیدا پێویسـتە ئەمـە ببەسـترێتەوە بـە ڕێنسـاسـی ئەوروپـا و دۆزینـەوەی لووتکـەی هیـوای بـاش Cape of Good Hope کـە بـووە هـۆی کاڵبوونـەوەی بایەخـی ڕێگـەی ئاوریشـم و ڕێگـەی بەهـارات، ئـەو ڕێگەیـەی ئەوروپـا و ئاسـیای پێکـەوە دەبەسـتەوە. بـۆ نموونـە ڕاپەڕینەکانی

جەلالـی راپەڕینێـک بـووە لـە دژی ئـەو دەرەبەگایەتییـە. لـە سـاڵی 1807 دا بەهـۆی بەڵگـەی رێککەوتـن (سـەنەدی ئیتیفـاق) کـە تایبـەت بـوو بـە دەسـەڵاتەکانی ئـەو دەرەبەگانـە و [79]، لـە سـاڵی 1891یشـدا نزیکـەی 36 فەوجـی حەمیدییـە دامـەزران و ئەوانـەش رۆڵێکی گرنگیان لـە رەگداکوتانی ئـەو دەرەبەگایەتییـەدا هەبـوو. دوای دامەزراندنـی فەوجەکانـی سـوپای حەمیدییە، سـوڵتان عەبدولحەمید فەرماندەکانی بانگهێشـتی ئیستەنبووڵ کـردووە و بەجیـا لەگەڵیـان کۆبووەتـەوە و خەڵاتـی جۆراوجـۆری پێـداون، لەوانـەش زەویەکـی زۆر. بـۆ نموونـە لەنێـوان شـاخەکانی کەتاڤیـن و توتاک و پانـدۆس (لــە ئاگــری) زەویوزارێکــی پــڕ بەرەکەتــی داوەتــە بنەماڵــەی ئوزتـورک کـە تائێسـتاش لەژێـر دەسـتی ئـەو بنەماڵەیـەدان. لـە جزیـرە و دەوروبـەری ویرانشـەهیر، بنەماڵـەی ئیبراهیـم پاشـا و لـە دۆغوبایەزیـد بنەماڵــەی کۆرحوســێن پاشــا زەویوزارێکــی زۆریــان وەرگرتــووە، بــەڵام رەگداکوتانـی دەربەگایەتـی لـە رۆژهەتـی ئەنـادۆڵ زیاتر لەگـەڵ دەرکەوتنی کۆمـاردا بـوو. ئـەو چینـە سەردەسـتانەی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ کـە تاوەکـو سـاڵی 1923 وەک دەرەبـەگ حوکمیـان دەکـرد، لـە دوای کۆمـار، بەتایبـەت لـە دوای دەرچوونـی یاسـای خاوەندارێتی تایبـەت، ئیدی خاوەندارێـی زەویوزار روویەکـی یاسـایی وەرگـرت و رەوایـی پەیـدا کـرد. دیـارە ناکـرێ رەهەنـدی چینایەتـی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی و جەنگـی رزگاری فەرامـۆش بکرێـن. بەشـێکی زۆری خەڵکـی هـەژار و رەشـوڕووتی ئەنـادۆڵ لـە شـەڕدا کـوژران، لەولاشـەوە هەندێـک کـەس کـە هەلیـان بـۆ هەڵکەوتبـوو، دەسـتی خۆیان وەشـاند و لەڕێـی بـازاڕی رەش و سـوودخۆرییەوە بەرژەوەندییەکـی زۆریـان کۆکـردەوە. لەبەرئـەوە، لـە سـاڵانی دامەزراندنـی کۆمـاردا بەهـۆی کەمیـی دانیشـتووان و زەویوزارێکـی زۆر و بەتـاڵ کـە کـەس گوێـی پێنـەدەدا، ئەوانە دەسـتیان بەسـەر زەویوزارەکانـدا گـرت.

زۆر گرنگــە لــەوە تێبگەیــن کــە بۆچــی خاوەندارێــی زەوی لــە دەوڵەتــی عوســمانیدا بەبــێ هیــچ کێشــەیەك بــۆ خاوەندارێــی تایبەتــی زەوی لــە سـەردەمی کۆمـاردا وەرگـەڕا. بۆچـی دەوڵـەت کارێکـی وەهـای نەکـرد کـە

ئـەو زەوییانـە ببنـە موڵکـی دەوڵـەت. پێویسـت بـەوە نەبـوو چونکـە لـە ڕۆژگاری کۆتایـی ئیمپراتۆریەتـدا بەشـێکی زۆری ئـەو زەویوزارانـە درابـووە دەرەبەگـەکان. ئەوانیـش بەهـۆی ئـەو زوڵـم و زۆرەی لـە خەڵکیـان دەکـرد، دەسـتیان بەسـەر زەوییەکانـدا گرتبـوو، هەرچەنـدە ئەمـە لـە دژی یاسـای زەویـوزاری عوسـمانیش بووبێـت، لەگـەڵ ڕەوتـی مێژوویـی گەشـەکردنی کۆمەڵگـەدا یەکدەگرێتـەوە. لـەوڕووەوە بـوو کـە لـەدوای ڕاگەیاندنـی کۆمـار ئـەوە بـە پێویسـت نەزانـرا کـە زەویـوزارەکان بدرێنـەوە بـە خەڵـک و دەسـتکاریی یاسـاکەی بکرێـت.

پەسـەندکردنی یاسـای بـاری مەدەنیـش تەنیـا بەرگێکـی یاسـایی بـە بـەری ئـەو واقیعـە سۆسـیۆلۆژییەدا کـرد و ڕەوایـی پێـدا. ئەمـەش ئـەو ڕاسـتییە دەردەخـات کـە هەمـوو کات دووبـارەی دەکەینـەوە، یاسـا و داینامیکەکانی خـودی کۆمەڵگـە لـەو یاسـایانە بەهێزتـرن کـە پەرلەمـان دەریـان دەکات. لـە دوای 1923وە  لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ هیـچ گۆڕانێـك لـە خاوەندارێـی زەویـوزاردا ڕوونـەداوە. کەوابـوو ئـەو شـتانەی کـە سـەبارەت بـە پێکهاتـەی دەرەبەگـی لـەوێ دەگوترێـن، وەك نەبوونـی زەویـوزار یـان کۆنترۆڵکردنـی زەوی لەلایـەن ئەوانـەی لـە شـار نیشـتەجێن، داهـات و بەروبوومـی زەوییەکانـی گونـد و سـەرچاوەکانی، ڕێـك هەمـان ئـەو یاسـای زەویوزارەیـە کـە لـە سـەردەمی عوسـمانیدا هەبـووە. پێویسـتە هیـچ کات ئـەو پەیوەندییـە پشـتگوێ نەخەیـن. لەگـەڵ ڕاگەیاندنـی کۆمار، بەهـۆی ئەو ڕاپەڕینانـەی لـە دژی کۆمـار کـران، هەندێـک کـەس دوورخرانـەوە، بـەڵام ئـەم دوورخسـتنەوانەش نەیانتوانـی ببنـە هـۆی ئـەوەی گۆڕانێکـی بنەڕەتـی ڕووبـدات. کاتێـک لـە سـاڵی 1945 بـەدواوە سیسـتمی فرەحیزبیـش پەیـڕەو کـرا، ئـەو بارۆدۆخـە زیاتـر ڕیشـەی داکوتـا و بووە هـۆی ئـەوەی دەربەگایەتی گیانێکـی نوێـی بەبـەردا بکرێـت. لـە داهاتـوودا کاتێـک کـە باسـی خاوەندارێی زەوی و پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان دەکەیـن، جارێکـی دیکـە باسـی ئـەم بابەتـە دەکەینـەوە.

## ب. قۆناخی کۆمار

شـۆڕش خـۆی بەو واتایەیـە کە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنـان و خاوەنداری بەشـێوەی بنەڕەتـی لـە قازانجـی خەڵـك بگۆڕێـت و هـەر جـۆرە چەمکێکـی ڕەوایـی کـە دەسـەڵات پشـتی پێدەبەسـتێت، وەك خۆی نەمێنێت. شۆڕشـی 1923 لەوانەیـە نەیتوانیبـێ بەشـی یەکەمـی ئـەوە بـکات، بـەڵام دووەمیانی کـردووە. واتـە سـەرەڕای ئـەوەی کـە لـە پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـی ڕژێمـی عوسـمانی و ڕژێمـی کۆماریـدا هیـچ گۆڕانێـک نەبـووە، بـەڵام دامـەزراوەی سـەرخان گۆڕانـی ریشـەیی بەسـەردا هـات. لـە دەوڵەتـی عوسـمانیدا، پادشـا کـە نوێنـەری دەسـەڵات بـوو، دەسـەڵاتی خـۆی لە یاسـا خوداییەکانـەوە وەردەگـرت، بـەڵام لـە سـەردەمی کۆمـاردا، سـەرۆککۆمار دەسـەڵاتی خـۆی راسـتەوخۆ لـە خەڵـک وەردەگـرت. ئەو لائیکبوونـە بۆخۆی شۆڕشـێک بـوو، بـەڵام لەبەرئـەوەی کـە ئـەم شۆڕشـە لەگـەڵ گۆڕانـی پێکهاتەیـی لـە پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـدا هاوتەریـب نەبـوو، ڕێگـەی بـۆ تەقینـەوە و ئاڵۆزییەکـی گـەورە خۆشـکرد.

### 1. پێکدادانی چینە سەردەستەکانی رۆژهەڵات لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی

چینـە سەردەسـتەکانی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ لەیـەک کاتـدا چەندیـن ئەرکـی جۆراوجۆریـان بەڕێوەدەبـرد، هەندێـک لـە سـەرۆک خێڵـەکان تەنیـا سـەرۆک خێـڵ بـوون، بـەڵام هەندێکیـان وێـڕای ئـەوە ڕێبـەری ئایینیـش بـوون، شـێخ بـوون. هەندێکیـان سـەرۆکی خێـڵ و هەروەهـا ڕێبـەری ئایینـی و هـەم رۆڵـی سـەرکردەیەکی نەتەوەییشـیان دەبینـی. وەک لە خشـتەی خـوارەوەدا دەردەکەوێـت، ئەوانـەی کـە تەنیـا سـەرۆکی خێـڵ یاخـود ڕێبـەری ئایینـی بـوون، زیاتـر لەگـەڵ دەسـەڵاتی ناوەنـدی و چینـە سەردەسـتەکانی رۆژئـاوا هاوکارییـان کـردووە بـۆ ئـەوەی کـە هاوپەیمانییەکـی بەهێـز بـۆ زیاتـر چەوسـاندنەوەی خەڵکـی رۆژهـەڵات پێکبێنـن.

| | گونجان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی | گونجان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و چینە سەردەستەکان لەڕووی ئابووری، بەڵام دژی لائیك بوون | دژایەتیکردن و دوورکەوتنەوە لە دەسەڵاتی ناوەندی | ئەکتیڤ بوون لە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی ناوەندی |
|---|---|---|---|---|
| تەنیا سەرۆك خێڵ | × | | | |
| تەنیا ڕێبەری ئایینی | | | × | |
| تەنیا سەرکردەی نەتەوەیی | | | | × |
| سەرۆکی خێڵ و ڕێبەری ئایینی | | × | × | |
| سەرکردایەتی ئایینی و نەتەوەیی | | | | × |
| سەرکردایەتی ئایینی و سەرۆکی خێڵ | | | | × |
| سەرکردایەتی ئایینی و سەرکردایەتی نەتەوەیی | | | | × |

بەڵام ئەوانەیان کە تەنیا سەرۆکی خێڵ و ڕێبەری ئایینی بوون، سەرەڕای ئەوەی بە هاوکاریی چینە سەردەستەکانی ڕۆژئاوا دریژەیان بە چەوساندنەوەی خەڵك داوە، لە دوای شۆڕشی 1923 جیاواز جوڵانەوە. ئەوانەی کە تەنیا ڕۆڵی سەرکردایەتی نەتەوەییان دەگێڕا و هەوڵیاندەدا لەژێر کاریگەری ئیمپریالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دەوڵەتێک بۆ خۆیان دابمەزرێنن، دریژەیان بە ململانێی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی دا، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم بزاڤە هێزی خۆی لە خێڵ و ئایینەوە وەرنەگرتبوو، بە لاوازی مایەوە. ئەوانەی تەنیا ڕۆڵی ڕێبەری ئایینییان بینی وەک شێخەکان، لە دژی دەسەڵاتی لائیک دەرکەوتن. ئەوانەی سەرکردایەتی نەتەوەیی و ڕێبەرایەتی ئایینییان لەگەڵ یەک ئاوێتە کرد، لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی ڕاپەڕین. ئەوانەی سەرکردایەتی نەتەوەیی و سەرۆکایەتی خێڵیان تێکەڵی یەکدی کردبوو، بەشداریی ئەو ڕاپەڕینەیان کرد. هەڵبەت لەنێو ئەو سێیەدا ئەوانە بەهێزتر بوون کە هەرسێ ڕۆڵەکەیان لە خۆیاندا کۆکردبووەوە. شێخ سەعیدی پیران یەکێک لەو سەرکردانەیە. ئەو کە دامەزرێنەری تەکیە و مەکتەبی جۆراوجۆرە لە پاڵۆ و خنس و ڕێبەری تەریقەتی پاڵەوی بوو، لەهەمان کاتدا سەرۆکی

خێڵەکانی ئەو دەڤەرەش بوو. ئەو دەیویست لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا دەوڵەتێک بۆ کورد دابمەزرێنێ و بۆ ئەوەش بەها ئایینییەکانی جەماوەری بەکارهێنا. لەو روانگەیەشەوە راگەیاندنی کۆمار لەلایەن شێخ سەعید، تەنانەت لەلایەن فەرماندە میرئالای خەلیل، سەرۆکی خێڵی جوبرانەوە کە برای هاوسەرەکەی بوو، پێشوازی لێنەکرا. لەوەش بەدواوە پەیوەندییەکی تووندوتۆڵیان لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئینگلیزی دامەزراند و لەلایەن ئەوانەوە پڕچەککران. سەرئەنجامیش راپەڕینەکە بەتەواوی مۆرکی ئایینیی وەرگرت. راپەڕینی شێخ سەعید لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، یەکەم و دوایین راپەڕین نەبوو لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی، بەڵام لە هەموویان گرنگتر بوو. تایبەتمەندیی هەرە گرنگی ئەو راپەڕینانە ئەوەیە کە بە دروشمی ئایینییەوە دەستیانپێکرد، تەنانەت ئەو کرمانج و زازایانەی کە تێکەڵی سیستمی خێڵیش نەببوون، لەڕێی تەکیە و مەدرەسەکانەوە تێکەڵی راپەڕینەکە بوون. تەواوی راپەڕینەکانی ناوچەی هەکاری لەنێوان ساڵانی 1928 تاوەکو 1930، شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندییان لەپشت بوو. راپەڕینەکانی دۆڵی زیلان و ئاگریش هەمان تایبەتمەندییان هەیە، بەڵام ئەو راپەڕینانەی دۆڵی زیلان و ئاگری کەڵکێکی زۆریان لە پێکهاتەی خێڵ و پەیوەندییە خێڵەکییەکان وەرگرت. بەگی خێڵەکانی جەلالی و زیلان سەرکردایەتی ئەو راپەڕینانەیان کرد.

لە راپەڕینی دێرسیمیشدا لە ساڵی 1937، دیسان بەها ئایینییەکان بەکارهێنران و سەرۆک خێڵەکان سەرۆکایەتی راپەڕینەکەیان کرد. ئیمپریالیزم لەڕێی چینە سەردەستەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵەوە، لە رۆژئاوای ئێران کۆمارێکیان بەناوی مەهاباد دامەزراند. لە دوای ساڵی 1946 دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران، واتە چینە سەردەستەکانی ئێران لەگەل رووسیا هاوکارییان کرد و بەهۆی گوشاری سوپاکانی رووسیا و ئێرانەوە، کۆماری مەهاباد رووخا. هەڵبەت هێشتا زووە بۆ ئەوەی بڕیارێکی تەواو سەبارەت بەو راپەڕینانە بدەین، لەبەرئەوەی پێویستە بەڵگەی تەواو سەبارەت بەو راپەڕینانە دەرکەون. لەو روانگەیەوە،

تەماشـاکردنی ڕاپەڕینـەکان وەک بزاڤێکـی تـەواو پێشـکەوتنخوازانە دیدگایەکـی هەڵەیـە.

## 2.دوورخستنەوەکان و شکستی نوێنەرایەتیی چینە سەردەستەکانی ڕۆژهەڵات لە پەرلەمان

ئەنجامێکـی ڕاپەڕینەکانـی ڕۆژهـەڵات ئەوەبـوو کـە کەسـانی سـەر بـە چینـە سەردەسـتەکان وەک ئاغـا، شـێخ و سـەرۆک خێڵـەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـەوە بـەرەو ڕۆژئـاوا دوورخرانـەوە. پێشـتر ئەوەمـان گوتبـوو کـە ئـەو ڕاگواسـتنە هیچـی چارەسـەر نەکـرد، بـە پێچەوانـەوە ئەمـە هێـزی چینـە سەردەسـتەکانی لـەوێ زیاتـر کـرد. لەڕاستیشـدا پـاش دوورخسـتنەوەکانی 1926 و 1937 کەموکورتییەکـی گـەورە لـە پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـدا ڕوویـدا و حکومەتیـش نەیتوانـی دامـەزراوەی پێویسـت بباتـە ئـەوێ کـە بتوانێـت شـوێنی ئـەو چینـە سەردەسـتانە بگرێتـەوە، لێـرەدا کەموکورتییـەک لـە نوێنەرایەتیکـردن لـە پەرلەمانـدا دەرکـەوت. لـە ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا تاکـە هێزێـک هەیـە کـە ئایدیایەکـی هاوبـەش دەدات و خەڵـک و جەماوەرێکـی فـراوان لـە دەوری کۆدەکاتـەوە، ئەویـش ئایینـە. لـە دوای ڕاگەیاندنـی کۆمـار، ئاییـن ئـەو ڕۆڵـەی نەمـا. دەبووایـە شـتێکی دی بدۆزرێتـەوە ئـەو ڕۆڵـە بگێڕێـت کـە ئاییـن لـە دەوڵەتـی عوسـمانیدا گێـڕای، ئـەو شـتەش نەتەوەگەرایـی و تورکچێتـی بـوو، بـەڵام لەبەرئـەوەی واتـای نەتەوەگەرایـی بەتـەواوی ڕوونەکرایـەوە و نێوەڕۆکەکـەی بەتـەواوی دەرنەکـەوت، کۆمەڵێـک ڕووداوی فاشیسـتانە ڕوویانـدا. دەسـتەواژەکانی وەک "هـەر تورکێـک بـە ئـازادی لەدایـک دەبێت و دەژی".. (مـاددەی 68)، "تورکـەکان لـە چـاوی یاسـادا یەکسـانن".. (مـاددەی 19)، "مـاف و ئازادییـەکان لـە مافـە سرووشـتییەکانی تورکـن".. (مـاددەی 70)، "تورکـەکان چ وەکـو تـاک و چ وەکـو کـۆ".. (مـاددەی 80)، "خوێندنـی سـەرەتایی بـۆ هـەر تورکێـک ناچارییـە".. مـاددەی (87)، "هـەر تورکێـک کـە

خاوەنـی مافـی سیاسـی بێـت".. مـاددەی (92) لـە نموونـە دیارەکانـی ئـەوە بـوون. لـە مـاددەی 88ی دەسـتووردا باسـی ئـەوە دەکرێـت کـە ئەوانـەی دانیشـتووی تورکیـان و هەمـوو خەڵکـی تورکیا، بەبـێ جیاوازی نـەژاد و زمان بـە تـورک ئەژمـار دەکرێـن، ئـەم دەسـتەواژەیە هیـچ پەیوەندییەکـی لەگـەڵ پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی نەبـوو. لەجیاتـی ئاییـن لـە سـەردەمی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی، نەتەوەگەرایـی تورکـی جێگیرکـرا، بـەڵام لەبەرئـەوەی هاوتەریبی ئـەوە، چاکسـازیی پێویسـت لـە بەرهەمهێنانـدا نەکـرا، ئـەو نەتەوەگەراییـە بـۆ نەژادپەرسـتی وەرگـەڕا. بەدیاریکراویـش راپەڕینـەکان بوونـە هـۆی ئـەوەی ئـەو سیاسـەتی نەژادپەرسـتانەیە زیاتربێـت. لەنێـو ئـەو سیاسـەتە نەژادپەرسـتانەیە و پرۆسـەکانی دوورخسـتنەوەدا، ئیـدی شـوێنێک بـۆ نوێنەرایەتـی چینـە سەردەسـتەکانی رۆژهـەڵات نەمـا. ئەسـتەمە بتوانیـن ئـەوە دیـاری بکەیـن کـە نوێنەرایەتیی ئەو چینە سەردەسـتانە لـە پەرلەماندا دوای چەنـد روویـدا. بـۆ ئـەوەی بتوانیـن ئەوە بکەین پێویسـتە لـە پەرلەمانی گـەورەی گەلـەوە لـە سـاڵی 1923 لێکۆڵینەوەیەکـی کۆمەڵایەتیـی ئابووری سـەبارەت بـە ریشـەکانی سـەرۆکایەتی خێـڵ و ئاییـن و نەتـەوە بکرێـت.

ئـەوەی لێـرەدا گرنگە ئەمەیـە: بەهۆی راپەڕینە جۆراوجۆرەکان و سیاسـەتی نەژادپەرسـتانە، نوێنەرایەتیـی چینـە سەردەسـتەکان لـە پەرلەمـان کەمبوو. هاوتەریبـی ئـەوەش، هاوپەیمانیـی ئـەوان لەگـەڵ چینـە سەردەسـتەکانی رۆژئـاوا تێکچـوو، ئەمـەش بـە زیانی چینـە سەردەسـتەکانی رۆژهـەڵات بوو. لێـرەدا پێویسـتە ئـەوە ببینرێـت تەنیا ئەو کەسـانە توانییـان بچنـە پەرلەمان کـە بەشـدارییان لـە راپەڕینـدا نەکـرد و لەگـەڵ حکومەتـدا هـاوکار بـوون. بـۆ نموونـە لـە ئەنجامـی هەمـوو ئـەو بزاڤانـەدا خێڵـی شـێخ سـەعید و مەدرەسـەکەی زیانـی زۆریـان بەرکـەوت، بـەڵام هەندێـک خێڵـی وەک خێڵـی کوفـر لـە ئاگـری و خێڵـی شـێخ سـەڵاحەدین لـە بتلیـس قازانجـی زۆریـان بەرکـەوت و لـە پەرلەمانیشـدا جێگـەی خۆیـان گـرت، چونکـە هاوکاریـی حکومەتیـان کردبـوو. کەوابـوو ئـەو سیاسـەتەی لـە سـاڵی 1923 ەوە سـەبارەت بـە رۆژهـەڵات بەڕێوەبـرا:

1.گۆڕانکارییەکـی لـە چینـە سەردەسـتەکانی ڕۆژهەڵاتـدا کـرد، ئەوانـەی کـە ڕۆڵـی سـەرکردایەتی نەتەوەییـان وەرگـرت و لـە دژی حکومەتـی ناوەنـدی وەسـتانەوە، سـەرکوتکران و پێگـەی خۆیـان لەدەسـتدا. ئەوانـەی بـە پێچەوانـەوە لەگـەڵ حکومەتـی ناوەنـدی گونجـان و ڕێککەوتـن، بایەخـی زۆرتریـان پەیداکـرد. بەشـێوەیەکی گشـتی درزێکـی گـەورە لەنێـوان ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ و ڕۆژئـاوای ئەنادۆڵـدا دەرکـەوت، ئەمـەش وەکـو پێکدادانـی کـورد و تـورک دەرکـەوت.

2. لـە ئەنجامـی ئەوەشـدا ناهاوسـەنگییەکی گـەورەی ئابـووری لەنێوان هـەردوو ناوچەکـەدا دروسـتبوو. خەڵکـی ڕۆژهـەڵات ئەمەیـان وا لێکدایـەوە کـە لەبەرئـەوەی کـوردن، دەوڵـەت بایەخ بـە ناوچەکەیان نـادات، ئـەم لێکدانەوەیە لەلایەن سـەرۆک خێڵ و شـێخ و ئاغاکانەوە پشـتگیری دەکرا.

کۆبوونەوەکانـی ڕۆژهـەڵات کـە لـە مانگەکانـی هاوینـی 1967 لـە زۆر شـار و شـارۆچکە کـران و خەڵکێکـی جۆراوجـۆر لـە هەمـوو چینـەکان تێیدا بەشـداربوون، ڕاوەسـتانەوەی خەڵـک بـوو لـە دژی ئـەو بەکـەم بینینـە.

## 3. سیستمی دیموکراسی فرەحیزبی لە 1945 و بەدامەزراوەیبوونی شێخایەتی و ئاغایەتی

دوای تێپەڕبـوون بـۆ سیسـتمێکی دیموکراسـی فرەحیزبـی لـە سـاڵی 1945، ئیـدی جەمـاوەر بایەخێکـی زیاتـری پەیداکـرد. لەڕاسـتیدا خـودی خەڵـک بایەخیـان پەیـدا نەکـرد، بەڵکـو ئـەو دەنگانـە بایەخیـان پەیداکـرد کـە لـە هەڵبژاردنـدا دەدران. دەسـەڵات پەیداکردنیـش بەهـۆی ئـەو دەنگانـە و کۆکردنەوەیـان لەژێـر چەترێکـدا دەبـوو.

لـەو ڕوانگەیـەوە پێویسـت بـوو میکانیزمێـک دابنرێـت کـە هەمـوو ئـەو شـتانە لەدەسـتێکدا کۆبکرێنـەوە. لەنێـو ئـەو پێشـکەوتنە دیموکراسیانەی

کـە رووپانـدا و لەگـەڵ هاتنـی مافـی دەنگدانـی گشـتی، ئاغـا و شـێخەکان لـە ناوچەکانـی خۆیانـدا سـوودیان لـەو دەسـەڵات و کاریگەرییـە وەرگـرت کـە هەیانـە و بەوجـۆرەش، رێگەیەکیـان دۆزییـەوە تاوەکـو بچنـە نێـو پەرلەمـان و لەوێـوە داکۆکـی لـە بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان بکـەن. سـاڵی 1945، ئەوکاتـەی یاسـای پێدانـی زەوی بـە جووتیـاران هێنرایـە پەرلەمـان، کەسـانی وەک جاویـد ئـۆڕاڵ، عەدنـان مەندرێـس و ئەمیـن سـازاک بـە توونـدی دژی وەسـتانەوە. ئەمین سـازاک لەکاتی گفتوگۆکانـدا رووی دەمی کـردە شـەوکەت رەشـید خەتیـب ئۆغڵـو کـە پێشـنیازی یاسـاکەی هێنابووە پەرلەمـان و گوتبـووی: "ئـەو پێشـنیازە بکشـێنەوە. ئەگـەر وا بکـەی، 30 هـەزار دۆنـم زەوییەکـەی پـردی بەیلیـك دەبەخشـم". خەتیـب ئۆغڵـوش لـە وەڵامـدا پرسـیاری لێکردبـوو "ئەگـەر بـە یاسـا ئـەو زەویانـە وەربگریـن چـی دەبێـت؟"، ئەویـش گوتبـووی "ئەمـە بـە یاسـا ناکرێـت، ئەگـەر دەوڵـەت بـەزۆر ئـەو زەویانـە وەربگرێـت ئەوکاتـە سـازاک لـە دەوروبـەری ئەسـکی شـەهیر لەنێودەچێـت".

لـە پاسـاوی یاسـای ژمـارە 105 کـە بەهۆیـەوە 55 ئاغـا لـە سـاڵی 1960 دوورخرانـەوە بەوشـێوەیە نووسـراوە: "بـۆ هەندێـک چاکسـازی کۆمەڵاتـی و بـۆ رووخاندنـی ئـەو سیسـتمەی کـە هێشـتا لـە تورکیـادا هەیـە، بـۆ لەنێوبردنـی دامەزراوەکانـی وەکـو شـێخایەتی و ئاغایەتـی و لەبەرئـەوەی دەریخـەن کـە لـە سـەدەی بیسـتەمدا جگـە لـە هێـزی دەوڵـەت هیـچ هێزێکـی دیکـە نییـە، هەروەها بـۆ رێگرتن لـە چەوساندنەوە و بەکارهێنانی مـرۆڤ و رێگرتـن لـە نەمانـی ئابـڕووی مـرۆڤ ئـەم یاسـایە دەرکـراوە".

دوای دەرکردنـی ئـەو یاسـایە، 55 ئاغـا دوورخرانـەوە کـە دواتـر دەرکـەوت، 54 یـان لەسـەر پارتـی عەدالـەت و یەکێکیشـیان لەسـەرCMKP ناونـووس کرابـوون (80)، بەتایبەتـی ئـەم خاڵـەی دوایـی ئـەوە دەردەخـات کـە پەیوەندی

80 - Ağaları Tanıyor musunuz? YÖN, Sayı 4, 10 Ocak 1962. Ağaların Bilinmeyen Taraflan, YÖN, Sayı 10, 21 Şubat 1962

نێـون ئاغـا و پارتـە سیاسـییەکان چەنـدە بەهێـز بـووە. ئەمانـە یـان لـە ئاسـتی ناوخۆییـدا بەرپرسـیارێتی ئـەو پارتانەیـان وەرگرتووە، وەک سـەرۆکی وەجـاخ یاخـود سـەرۆکی لقـی پارێـزگا، یاخـود وەك سـەرۆکی شـارەوانی و پەرلەمانتـار بەرپرسـیارییان هەبـووە. وەک لـە خشـتەی خوارەوەشـدا دەردەکەوێـت، ڕێـژەی بەشـداریکردنی خەڵـک لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ لـە هەڵبـژاردن دا بـەراورد بـە ڕێژەی گشـتیی بەشـداری لـە تورکیـا زۆرە، ئەوەی کـە ئـەو دینامیزمـەش لەسـەرێ دەهێڵێتـەوە، ئاغـا و شـێخەکانن.

| | 1950 | 1954 | 1957 | 1961 | 1965 |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژهەڵات | 87 | 90 | 80 | 81 | 75 |
| تورکیا | 89 | 88 | 76 | 81 | 71 |

سـەرچاوە: ئینسـتتیوتی ئامـاری دەوڵـەت، ئەنجامـی هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی 1959-1965 و ئەنجامەکانـی سـێناتی کۆمـار 1961-1963

ژمارەی بڵاوکراوە: 513

لـە سـاڵی 1945 بـەدواوە، ئـەو ئاغـا و شـێخانەی کـە دەسـەڵاتی زۆریـان هەبـوو، ئەرکێکـی سیاسیشـیان وەرگـرت و بـۆ سیاسـەتڤانەکانیش وەک سـەرچاوەی دابینکردنـی دەنگیـان لێهـات. لێـرەدا لەوانەیـە کێشـەیەکی دیکـە دەرکەوێـت. ئـەو هـۆکارە سـەرەکییەی کـە شـێوە بـە پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی تورکیا دەدات، چۆنیەتی دابەشـبوونی دەرفەتـە ئابوورییەکانە، ئەمـەش بـە واتایـەک، چۆنیەتـی دابەشـبوونی زەویـوزار و ئامرازەکانـی بەرهەمهێنـان و دابەشـبوونی کارە. دامـەزراوە کۆمەڵایەتییەکانیـش بەگوێـرەی ئـەو هـۆکارە بنەڕەتییـە شـکڵ دەگـرن [81]. ڕۆڵـی ئـەو هـۆکارە لـە پێکهاتـەی دانیشـتووان، خێـزان، جیاوازیـی ئایینی، چۆنیەتی تێگەیشـتن لە دەوروبـەر و دنیا زۆر گرنگـە. لێـرەدا زۆر بەڕوونـی ئـەوە دەردەکەوێت کـە چـۆن ئـەو هـۆکارە گرنگـە کاریگـەری لەسـەر تێگەیشـتنە سیاسـییەکانیش

81 - Nermin Abadan, Anayasa Hukuku ve Siyasi Bilimler Açısından 1965 Seçimlerinin Tahlili, SBF Yayını, Ankara 1967, s. 246

هەیە. ئاغا و شێخ و سەرۆک خێڵەکان کاریگەرییان لەسەر جەماوەرێکی زۆر هەبووە. بەوجۆرەش بۆچوونی خۆیان لەنێو ئەواندا بڵاودەکردەوە.
وەک پێشتریش باسمانکرد، ئەمە هۆکارێک بوو بۆئەوەی لەژێر کاریگەریی ئەوەدا شوێنی وەکو قاوەخانە گەشە نەکەن و دیوەخانی ئاغا وەکو ناوەندی گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری لێبێت. لەبەرئەوەش چ دەنگوباسێک پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵایەتی، بازاڕ و نرخ و سیاسەتەوە هەبووایە و لە شارەوە بهاتایە، لەژێر چاودێریی ئاغای گونددا بڵاودەبووەوە. ئاساییە ئەو کەسانەی پەرە بە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئاغا و شێخەکان دەدەن، وەک ئەوان بیربکەنەوە. ئەوان بازنەیەک بۆ ئەو گوندییە دیاری دەکەن کە مافی دەنگدانی هەیە و گوندییەکەش ئەو سنوورە تێناپەڕێنێت. پ.د.نەرمین ئابادان، لە کتێبێکی خۆیدا بەناوی (هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1965 لە روانگەی مافە دەستوورییەکان و زانستە سیاسییەکانەوە) زۆر بەڕوونی ئەوە دەردەخات کە ئەو وابەستەییە چۆن بووە [82].
کەوابوو بەهۆی دەربازبوونی تورکیا بۆ سیستەمی فرەحیزبی، ئاغا و شێخەکان لە دوو رووەوە بەهێزبوون. یەکەمیان ئەوە بوو کە بەهۆی بایەخی خەڵک لەڕێی میکانیزمی دەنگدانەوە، ئەوان دەسەڵات و کاریگەریی خۆیان بەکارهێنا و بوونە سەرچاوەی دەنگ بۆ پارتە سیاسییەکان. لەلایەکی دیکەشەوە، بەهۆی ئەو بایەخەی کە ئەوان بۆ دەسەڵاتی سیاسی پەیدایان کردبوو، ئەوانیش بەباشی لەگەڵیان جوڵانەوە و شێخ و سەرۆک خێڵەکانیش لەپێش چاوی خەڵک بەهێزتر دەرکەوتنەوە. ئەو رووداوانە وەک دوودیوی مەدالیایەک کاریگەرییان لەسەر یەکتر دانا و رێگەیان بۆ ئەوە کردەوە کە جارێکی دیکە شێخایەتی و ئاغایەتی بە دامەزراوەیی ببێتەوە و ریشە داکوتێت. لەو نێوانەدا، دەوڵەتیش هەندێکجار بۆئەوەی لە پێگە و کاریگەریی یەکلاکەرەوەی ئەو ئاغا

---

82 - Mübeccel Kıray, Ereğli, Ağır Sanayiden Önce Bir Sahil Kasabasl, DPT Yayını, Ankara 1964, s. 6

و شـێخانە لەسـەر خەڵـک کەمبکاتـەوە، دووری دەخسـتەوە، بـەڵام خـۆی هـەر لەڕێـی دەرخسـتنی پێکـدادان و ناکۆکـی لەگەڵیـان، بایەخـی ئەوانـی زیاتـر دەکـرد. لێـرەدا باسـی ئـەوە دەکەیـن کـە تیـۆری ڕۆڵـە تامپۆنییەکانـی پرۆفیسـۆر موجەبـەڵ کـرای راسـتیی خـۆی هەیـە. بەگوێـرەی ئـەوەش، لەو شـوێنانەی کـە گەشـەکردنی کۆمەڵگە تێیانـدا زۆر خـاوە، ئـەو دامەزراوانەی لـە دەرەوە دەهێنرێـن، لەنێـو سیسـتمی کۆنی ئـەو کۆمەڵگەیانـەدا بنەمای خۆیـان لەدەسـتدەدەن و تایبەتمەندیـی نـوێ وەردەگـرن [83].

لە تورکیا، کاتیک چەمکێکی مۆدێرنی وەک دیموکراسـی لەنێو پێکهاتەیەکی دەرەبەگیـدا جێگـر دەکـەی، ئەوکاتـە پێکدادانـی نێـوان خێـڵ و پیشـەکان بەشـێوەیەکی دیکـە و لەڕێی پارتە سیاسـییەکانەوە بـەردەوام دەبێت. ئەمە یەکێـک لـە ناکۆکییـە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگـەی ڕۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵە. پارتی سیاسـی کـە ڕۆڵێکـی یەکخەرانـەی لـە دیموکراسـییە مۆدێرنەکانـدا هەیـە، لەنێـو پێکهاتەیەکـی دەرەبەگیـدا زیاتـر ڕۆڵێکـی دابەشـکاری و پەرتکەرانـە دەگێڕێـت و ئـەو خەڵکـە زیاتـر دابـەش دەکات کـە بۆخۆیـان لەسـەر بنەمای بەگـە دەرەبەگییـەکان و خێڵـەکان دابەشـبوون. ئـەم ناکۆکییـە تاوەکـو ئەو کاتـە بـەردەوام دەبێـت کـە پێکهاتـەی دەرەبەگـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ دابـەش دەبێـت و ئـەو ناوچەیـەش لەگـەڵ ناوچـە پێشـکەوتووەکانی تورکیا یەکدەگـرن. پارتـە سیاسـییەکان بێجگـە لـە پاراسـتنی بەرژەوەنـدی خێـڵ و سەردەسـتیی ئـەوان، بەکەڵکـی هیـچ شـتێکی دیکـە نایـەن.

## 4. پێکهاتەی خێڵ

تایبەتمەنـدی بنەڕەتیـی خێـڵ ئەوەیـە کـە پشـت بـە پەیوەندیـی خزمایەتـی دەبەسـتێت. کەوابـوو ئـەو هـۆکارە بنەڕەتییـەی خێـڵ دیـاری دەکات

---

83 - İsmail Beyikci, Dogu'dla Degişim ve Yapısal Sorunlar (Göçebe Alikan Aşireti), Doğan Yayınevi, Ankara 1969, s. 7O vd. Kemal Badilh, Turkçe izalıhı Kiruqe Gramer, (Kurmançi Lahçesi), Ankara 1965, s. 1-5

پەیوەنـدی خزمایەتییـە. پێگـەی هــەرە بـەرز لەنێـو پێکهاتـەی خێڵەکیـدا هـۆزە، جگـە لـەوەش کەسـێک یاخـود خێڵێکـی پیـرۆز هەیـە کـە هەمـوو خێڵەکانـی دیکـە گرێـدراوی ئـەون.

## ا. سەرۆکی خێڵ ـ خێڵ، سەرۆکی هۆز- یەکێتی هۆز

هـۆز لەڕێـی پەیوەنـدی خوێنەوە پێکـەوە گرێدراون و هاوسـەرگیریش لەنێو کەسـانی سـەر بـە هـۆز هـەر لەسـەر هەمـان بنەمایـە. هەڵبـەت دەکـرێ هاوسـەرگیری لەگـەڵ کەسـانی هـۆزی دیکـەی سـەر بـە هەمـان خێڵیـش بکرێـت. هاوسـەرگیری لەنێـو هـۆز و هەروەهـا یەکگرتنـی هـۆزەکان لـە چوارچێـوەی خێڵێکـدا، هێـزی ئـەوان زیاتـر دەکات. وەک چۆن خێڵ سـەرۆکی هەیـە، هۆزیـش هەیەتـی. خێڵیـش بۆخـۆی زیاتـر بەهـۆی هاوسـەرگیری و خزمایەتییـەوە دروسـت دەبێـت، واتـە خێـڵ بەهـۆی یەکگرتنـی هۆزەکانەوە دروســت دەبێــت. خێـڵ یەکێتییەکــی سیاســی- ئیدارییــە و لــە ســەرووی ســەرۆک هۆزەکانــەوە ســەرۆکی خێــڵ هەیــە. لێــرەدا پێویســتە ســەرنج بدرێتـە ئـەوەی سـەرۆکی خێـڵ لەگـەڵ خێڵەکـەی و سـەرۆکی هۆزیـش لەگـەڵ هۆزەکـەی شـتی لێکدابـڕاوی جیاوازنیـن. ئەمانـە بەهـۆی پەیوەندی خوێـن و خزمایەتییـەوە پێکـەوە بەسـتراون. جیاوازبـوون تەنیـا لـە بابەتـی خاوەنـداری و کۆنترۆڵــی پەیوەندییەکانــی بەرهەمهێنانــدا دەردەکەوێــت. واتـە گرووپێـک لەنێـو خێڵـدا دەردەکـەوێ و پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنان کۆنتـرۆڵ دەکات. لـەو روانگەیـەوە دامـەزراوەی سـەرۆکایەتی خێـڵ نەریتـی نییـە و لـە باوکـەوە بـۆ کـوڕ ناگوازرێتەوە، شـتی وەهاش نییە کە سـەرۆکی خێـڵ لەلایـەن سـەرۆک هۆزەکانـەوە دیـاری بکرێـت. لەنێـو هـۆزدا، ئەوانەی بتوانــن زۆرتریــن کۆنترۆڵیــان بەســەر پەیوەندییەکانــی بەرهەمهێنانــدا هەبێـت، وەک سـەرۆکی هـۆز دیـاری دەکرێـن، ئەوانـەش کە لەنێو سـەرۆک هۆزەکانـدا زیاتـر خۆیـان دەبەنـە پێشـەوە، سـەرۆکایەتی خێـڵ وەردەگـرن. سـەرۆکی خێـڵ بەرپرسـیارە لـە بەڕێوەبردنـی خێـڵ، هەروەهـا پاراسـتنی

خزمایەتـی لەگـەڵ خێڵەکانـی دیکـە. دەبێـت هەوڵبـدات باڵادەسـتیی خێڵەکـەی بەسـەر خێڵـی دیکـەوە بپارێـزێ و پەیوەنـدی و هاوئاهەنگیـش لەنێـوان هۆزەکانـدا بەرقـەرار بـکات. یەکبوونـی ئەندامانـی خێـڵ و سـەرۆک خێـڵ و هـۆزەکان لەگـەڵ ئەندامانـی هـۆز و خێڵ کـە خزمایەتییان لـە بەیندا هەیـە، گرنگتریـن ناکۆکییەکانـی کۆمەڵگـەی رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـە کـە لـە داهاتـوودا قسـەی لەسـەر دەکەیـن.

## ب. کارەکتەری سیاسی رێکخستنی خێڵ

لەنێـو خێڵەکانـدا کەسـی پیـرۆز سـەرۆکی رێکخـراوی خێڵەکانـە. ئـەو خێڵانـەی کـە لـە پێکدادانـی نێـوان خێڵەکانـدا لەگـەڵ یـەک رێکدەکـەون، یاخـود باڵادەسـتیی خێڵێکـی دیکـە قبـووڵ دەکـەن، لـە دەوری یـەک کۆدەبنـەوە و سـەرکردایەتی سـەرۆکی هـەرە بەهێـز قبـووڵ دەکـەن. بەوجـۆرەش یەکێتییەکـی سیاسـی لەنێـوان ئـەو خێڵانـە دروسـت دەبێـت تاوەکـو لـە بەرامبـەر خێڵەکانـی دیکـەدا بەرژەوەندییەکانیـان بپارێـزن. ئـەو کۆنفیدرالییـەش لەلایـەن سـەرۆکە بەهێزەکـەوە سـەرۆکایەتی دەکرێـت. خێڵیـش بۆخـۆی تاکـە ناوەندێکـە کـە تێیـدا یەکێتییەکی سیاسـی سـەربەخۆ هەیـە و لەوێشـدا بەرژەوەندیـی هـۆزەکان دابیـن دەکرێـت. لەبەرئـەوەی سـەرۆکی خێـڵ هێـز لە هـۆزەکان وەردەگرێت کـە توانای خۆیان نیشـانداوە، لەنێـوان هۆزەکانـدا کێبڕکێیەکـی زۆر لەسـەر ئـەو پێگەیـە هەیـە و ئەوەش روویەکـی سیاسـی وەردەگرێـت. دەرکەوتنـی خێـڵ و هـۆزەکان تاوەکـو رادەیەکـی زۆر پەیوەنـدی بـە خزمایەتییەوە هەیە. هەرکاتێک هۆزێکی سـەر بـە خێڵێـک لـە شـوێنێکدا هێـزی خـۆی نیشـاندا، ئەوکاتـە دەکـرێ بگوتـرێ کـە ئـەو لەوێـدا بـووە بـە خێـڵ. چونکـە بابەتـی بـوون بـە خێـڵ پەیوەنـدی بـە ژمـارەی خەڵـک و چەکـەوە هەیـە. زۆرجاریـش خێڵـەکان نـاوی خۆیـان لـە سـەرۆکەکەیانەوە وەردەگـرن و هۆزەکانـی دیکـەش بەهـۆی پێگـە و هێـزی ئـەو منداڵانـەوە پەیـدا دەبـن کـە لـەو سـەرۆکەوە پەیدابـوون. لەنێو

ئەوانەشـدا ئـەوەی کـە بتوانێـت خـۆی دەربـاز بـکات و خەڵکـی خـۆی زیاتـر بـکات، دەبێتـە خێـڵ.

## ج. پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتە دەرەبەگییەکانی پشتبەستوو بە خاك و خێڵ

خێـڵ ڕێکخسـتنێکی سیاسـی بـەر لـە دەوڵەتـە، لەبەرئەوەشـە لەنێـو ڕەوتی نوێـی نەتەوەگەرایـی کـە دەوڵەتـی نـوێ کاراکتەریـزەی دەکات، خێـڵ نییـە. لـە خێڵـدا زیاتـر هەسـتی خۆمانەیـی یاخـود پەیوەندیـی خوێـن و خزمایەتـی هەیـە، بۆیـە لـە کۆمەڵگەکانـی جیهانـی سـێیەمدا ڕەوتـە نەتەوەگـەراکان ئـەو تایبەتمەندییـە یەکخەرانەیان نییە. لـەوێ، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتـر پشـت بـە خێـڵ دەبەسـتن، بیـری باڵادەسـتی و بندەسـتی لەنێـوان خێڵەکانـدا هەمـوو کات ڕێگـە بـۆ پێکدادانـی خێڵـەکان خـۆش دەکات. خـۆی لـە خۆیـدا ئـەو جـۆرە تایبەتمەندییـە کۆمەڵایەتییـە لەڕێـی پارتـە سیاسـییەکانەوە کـە بەرهەمێکی دیموکراسـیی مۆدێرنن، زینـدوو دەبنەوە و ناکۆکییـەکان بـەردەوام دەبـن.

لەنێـوان ئـەو پێکهاتـە دەرەبەگییـەی کـە پشـت بەخێـڵ دەبەسـتن و ئەوەیـان کـە پشـت بـە خـاک دەبەسـتن، جیاوازیـی زۆر هەیـە. لـەو پێکهاتـە دەرەبەگییـەی کـە پشـت بـە خـاك دەبەسـتن، ئاغـا پەیوەندییەکـی خوێنـی و خزمایەتـی لەگـەڵ ئەوانـەدا نییـە کـە کاری بـۆ دەکـەن، بـەڵام لـەو پێکهاتـە دەرەبەگییـەی کە پشـت بە خێڵ دەبەسـتن، سـەرۆکی خێـڵ و ئەندامەکانی، پەیوەنـدی خزمایەتـی و خوێنییـان هەیـە. هـەر ئەمـەش یەکێکـی دیکـە لـە ناکۆکییەکانـی کۆمەڵگـەی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ دەردەخات و لـە داهاتوودا ئاسـتەنگی گـەورە بـۆ ئـەو بزاڤـە شۆڕشـگێڕانە دەردەخـات کـە دەیانەوێـت پێکهاتـەی دەرەبەگـی لەنێوببـەن. دەکـرێ ئـەو گوندییانـەی کـە بـۆ ئاغـا کاردەکـەن، هۆشـیار بکەیـەوە و بیانخەیتـە جوڵـە، بـەڵام ئەوانـەی کـە پەیوەنـدی خزمایەتـی لەنێوانیانـدا هەیـە، چـۆن هۆشـیاریان دەکەیتـەوە و

وایـان لێدەکەیـت لـە دژی سـەرۆک خێڵەکەیـان دەرکـەون؟ ئـەم ئاسـتەنگە بەتایبەتـی لەوکاتـەدا دەردەکەوێـت کـە بەنیازبیـت ناکۆکییـەکان بگـۆڕی بـۆ شۆڕشـێک.

وەکـو پێشـتریش گوتمـان، دەکرێـت سـەرۆکایەتی خێـڵ لەگـەڵ هەندێـک هۆکاری دیکە یەکبگرێت، لەسـەرووی ئەوانەشـەوە سـەرکردایەتی نەتەوە یاخـود رێبەرایەتـی ئایینـی دێـت. رۆڵـی رێبەرایەتـی ئایینی یاخود سـەرۆکایەتی نەتەوەیـی لەوانەیـە لەلایـەن ئـەو ئاغایانـەوە قبـووڵ بکرێـت کـە پشـت بـە خـاک دەبەسـتن. هەڵبـەت لێـرەدا شـتێکی روون هەیـە، ئەویـش ئەوەیە کە رۆڵـی رێبەرایەتـی ئایینـی و نەتەوەیـی هەمیشـە لەگـەڵ سـەرۆکایەتی خێـڵ و رێبەرایەتـی ئایینـی (تەریقـەت و شـێخایەتی) بەیەکـەوە بەڕێوەدەبرێـن. ئـەم خاڵانـەی خـوارەوەش جیاوازیـی دەربەگایەتیـی ئیسـلامی لـە رۆژهەڵات لەگـەڵ دەربەگایەتیـی چاخەکانـی ناوەڕاسـتی ئەوروپا دەردەخـات:

1. لـە رۆژهـەڵات ئاغـا و بەگـە دەربەگـەکان پشـت بـە خاوەنداریـی زەوی دەبەسـتن. نیشـتەجێبوونی ئەمانـە لـە گونـد یاخـود شـارەکاندا واتـای ئـەوە نـادات کـە گۆڕانکارییـەک لـە میکانیزمـی خاوەنداریـی زەویـدا روویـداوە. لەلایەکـی دیکـەوە، خێڵەکانیـش کە بەتەواوی رێکخسـتنێکی کۆمەڵاتـی و سیاسـین، سـەرۆکی خۆیـان هەیـە.
2. لـە دەربەگایەتیـی رۆژهەڵاتـدا، رێبـەری ئایینـی لەگـەڵ سـەرۆکی خێـڵ و ئاغـا دەرەبەگییەکانـدا یەکیگرتـووە، بـەڵام لـە ئەوروپـای چاخـی نێوەڕاسـت، ئـەو ئەرکـە بەتـەواوی لەدەسـتی کڵێسـەدا بـوو. کەوایـە لـە دەربەگایەتیی چاخـی نێوەڕاسـتدا لـە ئەوروپا، دەربەگـەکان خاوەنـی زەویـوزارن و پشـت بـە کڵێسـە دەبەسـتن، بـەڵام لـە دەربەگایەتیـی ئیسـلامیدا لـە رۆژهەڵات، رێکخسـتنێکی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی بەناوی خێـڵ هەیـە کـە ئاغـاکان پشـتی پێدەبەسـتن. ئـەو ئاغایانـەش هـەن کـە پشـت بـە خاوەنداریـی زەوی دەبەسـتن. رۆڵـی ئایینیـش لەگـەڵ ئـەو دووەدا یەکدەگرێتـەوە.
3. تایبەتمەندییەکـی دیکـەی دەربەگایەتیـی ئیسـلامی لـە رۆژهـەڵات

ئەوەیە کە لەنێوان ئەو خێڵانەی وەک خێڵ خۆیان ڕێکخستووە، یاخود ئەوانەی وەک خاوەنی زەویوزار خۆیان ڕێکخستووە، چینی سێیەم واتا چینی پیشەسازی لەگەڵیان یەکینەگرتووە. واتا دەربەگایەتیی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات پشت بە دوو چین دەبەستێ، بەڵام ئەوانەی ئەورووپا چینی سێیەمیشیان هەیە، (بەگی دەرەبەگی و کڵێسا) ئەوانەی کەوا کۆنترۆڵ دەکرێن (گوندییەکان) و ئەوانەی لە شارەکاندا لە ئەنجوومەنە پیشەییەکاندا ناونووسکراون.

## د. لێکترازاندن و ناوەندیکردنەوەی پێکهاتە دەرەبەگییەکان

لە ئەورووپای چاخی ناوەڕاستدا، پێکهاتە دەرەبەگییەکان بەهۆی دەرکەوتنی ڕەوتە نەتەوەگەراکانەوە دابەشبوون و لە ئەنجامی ئەوەشدا دەوڵەتی ناوەندی دامەزرا. دیارە پارچەبوون و لەنێوچوونی پێکهاتە دەرەبەگییەکان تەنیا بەهۆی دەرکەوتنی ڕەوتە نەتەوەگەراکانەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی گەشەکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان و دۆزینەوەکان و... هتد بووە.

ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، ڕۆژئاوای ئێران، باکووری عێراق و باکووری سووریاش لەنێو یەک پێکهاتەی دەرەبەگیدان و بابەتی خاوەنداری و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییە خێڵەکییەکان، کولتوور هتد، ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەوانە یەکن. ئەگەر پێکهاتەی دەرەبەگی لێرە لەنێوبچێت، ناوەندیبوونێک دروست دەبێت؟ یاخود دەرفەتی دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ کورد دەڕەخسێ؟ دەتوانین لە ڕوانگەیەکی سۆسیۆلۆژییەوە وەڵامی نەخێر بەو پرسیارە بدەینەوە، چونکە:

1. بەر لە هەموو شتێک، پێکهاتەی دەرەبەگی کە پشت بە خێڵ دەبەستێ، پێکهاتەیەکی سیاسییە کە لەسەر بنەمای هاوسەنگی دەڕوات. لەو پێکهاتە سیاسییەشدا هیچ خێڵێک لە سەرووی هیچ خێڵێکی دیکەوە نابێت. بەڵام لە ناوەندیبووندا، پێویستە یەکێک لەو

خێڵانە بەسەر ئەوانیدیکەدا زاڵبێت و باجیان لێوەربگرێت و بەو جۆرەش دەسەڵاتی ناوەندی بنیاتبنێت، سیستمی هاوسەنگی ڕێگە نادات دەسەڵاتی هیچ خێڵێک لەسەرووی خێڵێکی دیکەوە بێت، هەرکام لەوانە بیەوێت هێزی خۆی نیشانبدات، لێیدەدرێ و جارێکی دیکە سیستمی هاوسەنگی بەردەوام دەبێت.

2. ئەمە تەنیا کێشەی نێوان ڕۆژهەڵاتی تورکیا، ڕۆژئاوای ئێران، باکووری عێراق و باکووری سووریا نییە، بەڵکو کێشەی چینە سەردەستەکانە. بۆ نموونە چینە سەردەستەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ چینە سەردەستەکانی ڕۆژئاوا هاوکاری دەکەن بۆ ئەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵات بچەوسێننەوە. چینە سەردەستەکانی ئێرانیش لەگەڵ چینە سەردەستەکانی ڕۆژئاوای ئێران هاوکاری دەکەن بۆ ئەوەی خەڵکی ڕۆژئاوای ئێران بچەوسێننەوە. ئەوانیدیکەش بەوشێوەیە. ئەگەر بمانەوێت ئەو میکانیزمە ئەڵقەیەکی دیکە گەورەتر بکەین، ئەوکاتە دەتوانین پەیوەندی نزیکی ئیمپریالیزم لەگەڵ ئەو ناوچەیەدا ببینین. کەوابوو ئەمە تەنیا کێشەی چینە سەردەستەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا نییە، بەڵکو کێشەی ئەمریکا، بەریتانیا، رووسیا، فەرەنسا و ئەڵمانیاشە. بۆ ئەم بابەتەش پێویستە چەندین جار سەیری کتێبی بەڵگە نهێنییەکانی ئارۆڵ ئولو بەلەنی بکرێ کە تێیدا باسی بەڵگە نهێنییەکانی تورکیا دەکات و، لەلایەن خانەی بڵاوکردنەوەی مایەوە بڵاوکراوەتەوە [84]، لەبەرئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمدا نایەتەوە، لەم کاتانەدا ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێک بۆ کورد و پەیدابوونی ناوەندێک لەوێ نییە.

3. لەلایەکی دیکەوە، پێویستە ئەم کێشەیە لە ئێستای تورکیاوە سەیر بکرێت. لە تورکیای ئەمڕۆدا، ناوچەکانی ڕۆژئاوا گەشەیان کردووە و پەیوەندییەکی سەرمایەدارییان دامەزراندووە. کەوابوو

84 - Erol Ulubelen, İngiliz Gizli Belgelerinde Türkıye, İstanbul, 1967, May Yayımları, Gizli Belgeler, Almanya'nın Türkiye Politikasi, İstanbul 1968.

لەوانەیـە رۆژهــەڵات لــەڕووی پەیوەندییــە ئابوورییەکانــەوە لەگــەڵ رۆژهــەڵات یەکبگرێـت. ئەوەشــمان لەبیرنەچێـت کــە کۆمەڵگەکەمــان لــە هەمانکاتــدا کــە رەهەنــدی مۆدێرنــی هەیــە، رەهەندێکــی نیمچــە دەرەبەگــی و دەرەبەگیشــی تێدا هەیە. کەوابــوو ئەوکاتــەی ئــەو پێکهاتــە دەرەبەگییــە دەڕووخێـت، لــەڕووی ئابوورییــەوە پەیوەنــدی لەگــەڵ ناوچــە پێشـکەوتووەکاندا (تورکیا) دروسـت دەکات. بـا بـۆ نموونـە سـەیری کلس و نسـێبین بکەیـن. ئـەو ناوچانـەی کـەوا قاچاخچێتی تێدا دەکرێـت، بەتەواوی لەگــەڵ تورکیــا یەکیگرتــووە. ئــەو ئەنجامــەی کــە بەهــۆی یەکگرتنــی ئابوورییــەوە دەرکەوتــووە، یەکگرتنێکــی کۆمەڵایەتیشــی لەگــەڵ خــۆی هێنـاوە. ئـەو پەیوەندییـە قاچاخچێتییـەی لەگـەڵ سـووریا دروسـتکراوە، میکانیزمێکــە لــە ســوودی چینــە سەردەســتەکانی ئێمەیــە.

دەتوانیـن وەکـو ئەنجـام بڵێیـن، گەشـەکردنی دانیشـتووان لەگـەڵ خۆیـدا گوشـاری دیکـە دەهێنێـت و، ئـەو گوشـارانەش لەگەڵ هەندێـک داینامیکی ناوخۆیـی دیکـە وەک (بەکارهێنانـی تراکتـۆر) پێکهاتـەی دەرەبەگـی دابەش دەکــەن. بــەڵام لەبــەر ئــەو هۆکارانــەی کــە لەســەرەوە ئاماژەمــان بــۆ کــردن، ئـەو دابەشـبوونە رێگـە بـۆ ناوەندیبـوون خـۆش نـاکات و بمانـەوێ و نەمانــەوێ، رێ بــۆ پەیوەندییەکــی زیاتــر لەگــەڵ ناوچــە پیشەســازییە گەشــەکردووەکانی ئەنــادۆڵ خــۆش دەکات.

## ئـ. ئەو گرووپانەی لە دەرەوەی سیستمی خێڵن

لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ زۆر گـرووپ هـەن کـە نەگەیشـتوونەتە پلـەی خێڵ و لـە دەرەوەی ئـەو سیسـتمە ماونەتـەوە، ئەمانـە پێیاندەگوتـرێ کرمانـج کـە لەژێـر کۆنترۆڵـی خێڵەکانـدان، بـۆ نموونـە شـوانییان بـۆ دەکـەن. ئەوانە زۆرجاریـش لـە شـوێنێکدا نیشـتەجێ نابـن و بەشـێوەیەکی نیمچـە کۆچـەری دەژیـن. لــە شــوێنێکی وەکــو هــەکاری کــە تێیــدا رێکخســتنی سیاســی و کۆمەڵایەتیــی خێــڵ زۆر بەهێــزە، کرمانجێکــی زۆریــش هــەن. ئەوانــەش

لـە هەلومەرجێکـی زۆر خراپتـر لـەو گوندییانـەی لەژێـر سـایەی سیسـتمی خێڵەکـی پشتبەسـتوو بـە کشـتوکاڵ دەژیـن. پەیوەندییەکانـی ئەمانـە لەگـەڵ سـەرۆک و خـودی خێڵەکەشـدا پەیوەندییەکـی تـەواو دەرەبەگییـە. هیـچ کاتێـک بەرامبـەر بـەو رەنجـەی دەیـدەن، مافـی خۆیـان وەک پێویسـت وەرناگـرن. ئـەو سـامانەش کـە کۆدەبێتـەوە، بۆ بەگـە فیوداڵەکـە دەڕوات. ئـەو جـۆرە کەسـانە زیاتـر وەکـو پلـە دوو سـەیرکراون. بـۆ نموونـە ئەگەر بە خێڵەکییـەک بگوتـرێ تـۆ کرمانجی، ئـەوە وەک سـووکایەتی وایـە. هۆکارێکە بـۆ ئـەوەی شـەڕ و ئـاژاوە بقەومێـت. لـە شـوێنەکانی وەکـو نسـێبین، ماردیـن، میدیـات، ویرانشـەهیر، سـروچ (ئورفـا)، لەگـەڵ ئـەو کەسـانەی کە لـە دەرەوەی سیسـتمی خێـڵ ماونەتـەوە، ئێزدیـش هـەن. ئـەم گرووپـەش سـووک سـەیرکراوە و بـەردەوام چەوسـێنراوەتەوە. ئـەوان بـە کـوردی قسـە دەکـەن، بـەڵام مـاڵ و موڵکیـان نییـە و ناتوانـن پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان کۆنتـرۆڵ بکـەن. لەگـەڵ ئەوانیشـدا سـریانەکان هـەن کـە گرووپێکـی دیکـەی ئەتنیـن و وەک ئێزدییـەکان پشـت بـە ئاییـن دەبەسـتن و گرێـدراوی کڵێسـەی سـریانین لـە شـام. هەڵبـەت ئـەوان بەهـۆی ئـەوەی مـاڵ و موڵکیـان هەیـە، نەچەوسـێنراونەتەوە و بـە کـەم سـەیر نەکـراون.

## ڤ. پەیوەندیی کادێر و رۆشنبیری بەڕێوەبەر لەگەڵ خەڵک لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ

لەبەرئـەوەی کادیرانـی بەڕێوەبـەر لەنێـو پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـدا ئەوەنـدە زۆرنیـن کـە بتوانـن بـۆ خۆیـان چینێکـی جیـاواز پێکبێنـن، زیاتـر وەک چینێکـی سـەرخان دەردەکـەون کـە هەوڵـدەدات ئایدیۆلۆژیـا و بەرژەوەندییەکانـی چینـە سەردەسـتەکان بپارێزێـت. ئەمـەش ئاسـاییە، چونکـە پێکهاتـەی کۆمەڵایەتی ئەوەندە قایم و پتەوە کە هەر بەڕێوەبەرێك بەنیازبێت لەجیاتی بەرژەوەنـدی چینـە سەردەسـتەکان لـە خەمـی کۆمەڵگـەدا بێـت، کۆتایـی بـە بەڕێوەبەرەکانـی دیکـەش دەهێنێـت. لـەم روانگەیـەوە هەڵسـوکەوتی

بەڕێوەبـەرەکان لەگـەڵ ئاغـا و سـەرۆک خێڵـەکان و بەکارهێنانـی یاسـا بـۆ بەرژەوەنـدی ئـەوان شـتێکی ئاسـاییە. تاوەکـو ئەوکاتـەی ناکۆکییـە بنەڕەتییەکان بـۆ شۆڕشـێک دەگۆڕێـت، کاری کادیرانـی بەڕێوەبردنیش هەر ئەمـە دەبێـت. لە بەشـەکانی دیکەی تایبـەت بە دەرەبەگایەتی پشتبەسـتوو بـە زەوی، واتـە لـەو شـوێنەی کـە شـیکردنەوەمان بـۆ ئاغایەتـی کـرد، باسـی ئەوەمـان کـرد کـە دیاردەی چەتەگـەری و جەردەیـی، هیـچ نییـە جگـە لـە ناڕەزایـی خەڵـک بەرامبـەر کادیرانـی بەڕێوەبردن لـە ناوچەکە. لـە ڕۆژهەڵاتدا هیـچ کات دەوڵـەت نەیتوانیـوە بچێتـە نـاو خەڵـک. ئـەوان تەنیـا لەڕێـی ئامرازەکانـی گوشـاری وەکـو جەندرمـە و هێـزی باجوەرگـرەوە چوونەتـە ناو گوندەکان و پەیوەندییەکانیشـیان لەو چوارچێوەیـەدا بووە. ئەمەش ڕێگەی کردووەتـەوە بـۆ ئـەوەی درزێکـی گەورە لـە پەیوەندی خەڵک و بیرۆکراسـیی دەوڵـەت دا پەیدابێـت و خەڵکیـش هەمیشـە بەچـاوی گومانـەوە تەماشـای دەسـەڵاتی دەوڵـەت بکـەن. لـە خـوارەوە نموونەیـەک دەگێڕینـەوە کـە زۆر بەجوانـی ئەوەمـان بـۆ ڕووندەکاتـەوە. (لـە مانگەکانی هاوینی سـاڵی 1968 لـە قەزاکانـی سـەر سـنوور لێکۆڵینەوەیەکـی ئابـووری - کۆمەڵایەتیمـان دەکـرد. پارێـزگار و قایمقامـەکان بەبیانـووی ئـەوەی کـە ئـەم لێکۆڵینەوەیە لـە ناوچەکـەدا مەترسـیدارە و ناوچەکـەش بۆخـۆی ناوچەیەکـی هەسـتیارە، ئاسـتەنگێکی زۆریـان بـۆ دروسـتکردین. یەکێـک لـەو ئاسـتەنگانەش بـەم جـۆرە بـوو: لـە ناحیـەی نسـێبین بوویـن، لـە ژووری بەڕێوەبـەری ناحیـە لەگـەڵ گوندییـەک چاوپێکەوتنمـان دەکـرد، چەنـد گوندییەکـی دیکـەش دانیشـتبوون. لەبەرئـەوەی گوندییەکـە تورکـی دەزانـی، بـە زمانـی تورکـی قسـەمان لەگـەڵ دەکـرد. بەڕێوەبـەری ناحیەکـەش بـە کـوردی لەگـەڵ ئـەو کەسـانەی دیکـە کـە لـە ژوورەکـە دانیشـتبوون، قسـەی دەکـرد و دەیگـوت: "زۆر ڕوویـان مەدەنـێ. ئەمانـە سـیخوڕن. فەرمانـم لـە پارێـزگار و قایمقامـەوە بـۆ هاتـووە. من ئەمانەم لە شـاریش بینـی، زۆر ڕووم پێنەدان، ئێـوەش ڕوویـان مەدەنـێ". بەڕێوەبـەری ناحیەکـە لـە تەنیشـتی ئێمـەوە بـە کـوردی ئەمانـەی دەگـوت و ئێمـەش تێدەگەیشـتین. بەڕێوەبـەری ناحیەکـە

گوندییەکانی بردە دەرەوەی ژوورەکە و ئێمەش چاوپێکەوتنەکەمان لەگەڵ گوندییەکی دیکە دەستپێکرد، بەڵام ئەمەیان تورکی نەدەزانی، بۆیە بە کوردی قسەمان لەگەڵ کرد... لە ماوەی چاوپێکەوتنەکەدا بەینمان لەگەڵ ئەم گوندییە خۆشبوو. هەر لەو نێوانەشدا بەڕێوەبەری ناحیەکە هەواڵی نارد و گوتی کەی گوندەکە بەجێدەهێڵن؟ لەبەرئەوەی کەسوکار و ناسیاومان لەوێ نییە لە کوێ دەمێنینەوە و پرسیاری لەو بابەتانەی کرد. گوندییەکە قسەکەی بڕی و گوتی من ئەم هاوڕێیانە دەکەمە میوانی خۆم و بەیانی بەڕێیاندەکەم. ئێوارە لەو ماڵەی کە میوان بووین، گوندییەکان خۆیان گوتیان بەڕێوەبەری ناحیە پێیگوتووین ئێوە سیخوڕن، بۆیە زۆر رووومان نەدانێ، بەڵام کە گوتیان پارێزگار و قایمقام لەسەر ئێوە هەواڵیان ناردووە، گومانەکەمان زیاتر بوو. دواتر بینیمان کە ئێوە بە کوردیش قسە دەکەن، ئیتر هەستمانکرد لە ئێمە نزیکن. بێجگە لەوە، ئەوان دەیانگوت کە لەسەر ئێوە هەواڵیان لە قایمقام و پارێزگارەوە بۆ هاتووە و چاودێریتان دەکەن، ئەگەر وایە چۆن ئێوە تاوەکو ئێرە هاتوون؟ ئەویش لەکاتێکدا کە بەڕێوەبەرە پلە بەرزەکان ئاگایان لێتانە. هەڵبەت تاوەکو ئەوکاتەی بەڕێوەبەری ناحیەکە لە ژوورەکە بوو، هەر وەڵامێکمان دابنەوە، لە سەتا سەت هەڵە بووە، چونکە ترسمان لە بەڕێوەبەر هەبوو و لە ئێوەش. بۆ نموونە ئێوە گوتتان لە کاری بەڕێوەبەر و جەندرمە رازین؟ ئێمە گوتمان بەڵێ، بەڵام ئێمە نە لە کاری بەڕێوەبەر و نە لە کاری جەندرمەش رازی نین. ئێمە لەبەرئەوەی کە بەڕێوەبەر حەزی لە چارەتان نەبوو، ئێوەمان خۆشویست. کاتێک بەڕێوەبەر لە دژی ئێوە قسەی کرد، گوتمان بەخوا ئەم ماستە موویەکی تێدایە، با بزانین چییە! وادیارە ئەمانە لە قازانجی ئێمە کار دەکەن، ئەگەر وا نەبوایە پارێزگار و قایمقام و بەڕێوەبەر ئەوەندە خۆیان سەخڵەت نەدەکرد".

ئەم نموونەیە دەریدەخات کە چ درزێکی گەورە لەنێوان خەڵک و بیرۆکراسیدا هەیە. هەڵبەت ناکرێ کادیرانی بەڕێوەبەر و رۆشنبیران تێکەڵی

یەکـدی بکرێـن. بـەر لـە هەمـوو شـتێک، کادیرانـی بەڕێوەبـردن ئەوانـەن کـە دەیانەوێـت پێگـەی خۆیـان بپارێـزن و بـۆ ئـەوەش لـە دژی هەمـوو جـۆرە گۆڕانکارییەکـی ریشـەیین، بـە واتایەکـی دیکـە لـە دژی بەرژەوەندییەکانـی جەمـاوەر رادەوەسـتن. رۆشـنبیرانیش ئەوانـەن کـە بەرپرسـیاریی قۆناخەکەیـان لـە ئەسـتۆ گرتـووە و بەردەوامیـش ئـەو ئەرکە لەسەرشـانی خۆیـان هەڵدەگـرن، لـەو روانگەیەشـەوە، بـۆ بەرژەوەنـدی جەمـاوەر کاردەکـەن و بڕوایـان بەوەیـە کـە پێویسـتە گۆڕانـکاری ریشـەیی بکرێـت. بـۆ خۆیشـیان کەسـانی شۆڕشـگێڕن. هاوشـێوەی کادیرانـی بەڕێوەبـردن، رۆشـنبیریش دەزگایەکی سـەرخانە، بەڵام کادیرانی بەڕێوەبردن ئایدیۆلۆژیای کەسـانی سەردەسـت جێبەجێ دەکەن و، ئامانجی سـەرەکی رۆشـنبیرانیش ئەوەیـە ئایدیۆلۆژیـای جەمـاوەری فراوانـی خەڵـک جێبەجـێ بکـەن [85]، لـەو روانگەیـەوە، کادیرانـی بەڕێوەبـەری لـە دوای قۆناخەکـە ماونەتـەوە، بـەڵام رۆشـنبیران هەمـوو کات هەوڵـدەدەن خۆیـان و دەوروبەرەکەیـان نـوێ بکەنـەوە و بـۆ ئـەوەش تێدەکۆشـن. رۆشـنبیری رۆژهەڵاتیـش بەتایبـەت لـەم قۆناخـەی دواییـدا درکـی بەوە کردووە کە پێویسـتە بەرپرسـیارییەکەی بەرامبـەر بـەم سـەردەمە و کۆمەڵگەکـەی لەئەسـتۆ بگـرێ و لـەو رووەوە هۆشـیار بووەتـەوە. لەڕاسـتیدا کۆبوونەوەکانـی رۆژهـەڵات کـە لەلایـەن ژمارەیـەک لـە رۆشـنبیرانی رۆژهەڵاتـەوە رێکخـرا و کاریگەرییەکـی گـەورەی لەنێـو جەمـاوەردا دروسـتکرد، نموونەیەکـی دیـاری ئـەو هۆشـیاربوونەیە. رۆشـنبیری رۆژهـەڵات ئیـدی ئـەو پرسـیارانە دەکات کـە بۆچی رۆژهـەڵات بە دواکەوتوویـی ماوەتـەوە؟ بۆچـی زیاتـر لـە ناوچەکانـی دیکـە دواکەوتـووە؟ بۆچـی سـووکایەتی بـە خەڵکـی رۆژهـەڵات دەکرێـت؟ زۆرتـر پرسـیاری ئـەم بابەتانـە دەکات و زیاتریـش گفتوگۆیـان لەسـەر دەکات. هێشـتنەوەی رۆژهـەڵات بـە دواکەوتوویـی رەهەندێکـی چینایەتـی هەیـە و رەهەندێکـی ئەتنیکیشـی هەیـە. رۆشـنبیری رۆژهەڵاتـی ئێسـتا زیاتـر لـەو پرسـیارانەی

85 - Ibrahim Yasa, Türkive'nin Toplumsal Yapısı ve Sorunlar, SBF Ders Netlari, 1968-1969, s. 179 vd

کـە بـە رووکەشـی دەمێننـەوە و زیاتـر لـەو وەڵامانـەی کـە کەتـواری نیـن، دەچێتـە بنـج و بناوانـی ئـەو داینامیکـە کۆمەڵایەتـی و ئابووریانـە و بـەدوای وەڵامـی پرسـیارەکاندا دەگەڕێـت.

کۆبوونەوەکانی ڕۆژهەڵات دوو ئەنجامی زۆر گرنگیان لێکەوتەوە:

1. ڕۆشـنبیرەکانی ڕۆژهەڵات بە توندی لە دژی پاشـماوە دەرەبەگییەکانی وەک ئاغـا و شـێخ و سـەرۆکایەتی خێـڵ دەوەسـتن. ئـەوان بڕوایـان وایـە کـە چینـە سەردەسـتەکانی ڕۆژهـەڵات لەگـەڵ چینـە سەردەسـتەکانی ڕۆژئـاوا هـاوکاری دەکـەن بۆئـەوەی خەڵکـی ڕۆژهەڵات بچەوسـێننەوە.
2. ڕۆشــنبیرەکانی ڕۆژهــەڵات بەتوونــدی دژی ئەوەشــن کــەوا چینــە سەردەسـتەکانی ڕۆژهـەڵات، کەسـانی وەکـو ئاغـا و شـێخ و سـەرۆک خێڵـەکان بـە پاسـاوی کەمکردنـەوەی دەسـەڵاتیان لەسـەر کۆمەڵگـە دووربخرێنـەوە. وەکـو ڕێگەیەکـی گونجـاو سـەیری ناکـەن و پێیـان بـاش نییـە ئـەوان بکرێنـە دەرەوەی کۆمەڵگـە. لـە مێـژووی کۆمـاردا سـێ جـار ئـەو جـۆرە دوورخسـتنەوانە ڕوویانـداوە، بـە جۆرێـک کـە ئابـڕووی مرۆڤایەتییـان لەکـەدار کـردووە. پاشـماوە دەرەبەگییـەکان بـەو گەمـە و یارییانـە لەنێوناچـن کە بەتـەواوی پێچەوانەی زانسـتەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریـن. دوورخسـتنەوەی ئـەو کەسـانە بەشـێوەیەکی حەیابەرانـە، ئەنجامـی سیاسـەتێکە کە سـەتان سـاڵە خەڵکـی ڕۆژهەڵاتی بـە چاوێکی کـەم سـەیرکردووە.

سیاســەتی دوورخســتنەوە، ئاغــا و بــەگ و خــاوەن موڵــک و گونــدی و هەمـوو جـۆرە کەسـێکی ڕۆژهەڵاتـی دەخاتـە ژێـر کاریگـەری خـۆی و ئـەوان لەبەرامبـەر خەڵکـی ڕۆژئـاوا ڕاسـت دەکاتـەوە. هەسـتی بەرەنـگاری لەنێـو ئەوانـدا بەرزدەکاتـەوە و بـەر لە هەموو شـتێک، ئەوە نەک بۆ دروسـتکردنی گۆڕانکارییـە لەنێـو پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان، بەڵکـو بـۆ گۆڕینـی هەندێـک کەسـە. ئەمـەش هیـچ جـۆرە خەڵکێـک لـە ڕۆژهـەڵات، چ ئەوانەی دەسـەڵاتدارن و چ ئەوانـەی هاووڵاتیـن، ڕازی نـاکات و ئـەو سیاسـەتەیان بـەدڵ نییـە. هۆکارێکـی جەماوەریبوونـی ئـەو کەسـانەی بـە کوردایەتـی

تۆمەتبار دەکرێن (لە ئاغا و شێخ و سەرۆک خێڵ و جووتیارەوە بگرە تاوەکو گوندییەکی رەشورووت)، رێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە.
ئەو شتانەی لە ماددەی یەک و دوودا باسمانکردن، هەرچەند لە رواڵەتدا دژی یەکیش بن، لە نێوەرۆکدا هاوئاهەنگییەکی تەواویان هەیە. لە رۆژهەڵاتدا پاشماوەکانی وەکو ئاغا و شێخ و سەرۆکی خێڵ کە پشت بە سیستمی دەرەبەگی دەبەستن، لەنێودەچن، بەڵام ئامانجی سەرەکی ئەمە ئەوەیە گۆڕانێك لە موڵکداری و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دا بکرێت و رێز لە بەهاکانی خەڵک بگیرێت. لەهەمانکاتیشدا رێز لە زمانی کوردی و کولتووری خەڵک بگیرێت.
رۆشنبیری رۆژهەڵاتی لەم رووەوە زۆر هەستیار و زانایە. رای گشتی تورکیاش بەهۆی کۆبوونەوەکانی رۆژهەڵاتەوە ئەو زانایییەی بەباشی بینیوە. ئەو پێشکەوتنە لەنێو رۆشنبیرانی رۆژهەڵات دوای ئەوە هات کە ئەوان تێگەیشتن لەوەی موڵکداری و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان چ جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ دامەزراوە سەرخانییەکانی وەک ئایین و خێڵ و سیاسەتدا هەیە. ئەو ئەنجامەی کە دەکرێ لەو هۆشیاربوونە هەڵبهێنجرێ، ئەمەیە: ئایا حکومەت بۆ ئەوەی مەیدانی کاریگەریی چینە سەردەستەکانی رۆژهەڵات، وەک ئاغا و شێخ و سەرۆک خێڵەکان سنووردار بکات، بۆ جاری چوارەم ئەوان دووردەخاتەوە؟ رووداوێکی بەوشێوەیە رێگە بۆ کاردانەوەی فراوانی هاووڵاتیانی رۆژهەڵات دەکاتەوە. رێ بۆ تەقینەوەیەکی (جەماوەری) خۆش دەکات. دیارە ئیدی ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین خەڵکی رۆژهەڵات وەک جاران ئەم جۆرە دوورخستنەوانە قبووڵ بکەن. هۆشیاربوون و ئاگایی خەڵک لە رۆژهەڵات لە ساڵی 1923 ەوە تاوەکو ئەم خاڵەی ئێستا گەیشتووە. رۆشنبیر ئیدی لە پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان تێگەیشتووە. دەزانێت کە بەرژەوەندی راستەقینەی خەڵک لەکوێیە و بەو ئاراستەیەش هەوڵی هۆشیارکردنەوەی خەڵک و سەرکردایەتیکردنی خەڵک دەدات. پێکهاتەی دەرەبەگی دابەش دەبێت و لەنێودەچێت، بەڵام

ئەمە بە دوورخستنەوە ناکرێ کە بەهاکان و ئابڕووی مرۆڤ لەکەدار دەکەن، بەڵکو بە گۆڕینی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەکرێت. کاتێک لە تورکیا باسی گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکرێت، خاڵی هەرە گرنگ سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ کە بگوترێ، هەر ئەوەیە کە باسمانکرد.

## 6. ئەنجام

### I. ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ

کۆمەڵگەی رۆژهەڵات لەسەر کۆمەڵێک ناکۆکی بنچینەیی وەستاوە کە بەم جۆرەن:

1. ٪38ی بنەماڵە جووتیارەکان زەویوزاریان نییە، ٪46یان لە نێوان یەک تاوەکو 50 دۆنم زەوییان هەیە، ئەوەش ٪27ی ئەو زەویوزارانەیە کە لەوێ هەن، لە بەرامبەر ئەوەشدا ٪2.4 ی خەڵکی ئەوێ زیاتر لە 200 دۆنمیان هەیە، ئەمانە بەگشتی ٪34ی زەویوزارەکان کۆنترۆڵ دەکەن.

2. گەشەکردنی دانیشتووان و هاتنی ئامێری کارەبایی بووە هۆی ئەوەی زۆر لە بنەماڵە جووتیارەکان لە دەرەوەی کەرتی کشتوکاڵ بمێننەوە و بەناچاری روو لە شارەکان بکەن، بەڵام لە شارەکانیشدا سەرەڕای ئەوەی دانیشتووان لەڕووی دیمۆگرافییەوە گەشەیان کردووە، پیشەسازیی پێویست بۆ بەکارخستنی ئەوانە بەردەست نەبووە. کەوابوو شارنشینی تەنیا بەشێوەی کەڵەکەبوون و گردبوونەوەی دانیشتووان لە دەوری یەک روویداوە، لەکاتێکدا پێویستە هاوشانی ئەوە، پیشەسازی و مۆدێرنکردنی کشتوکاڵ گەشە بکات، بەڵام ئەوە روونەداوە.

٪3.14.3ی خێزانە جووتیارەکان لەنێوان 50 بۆ 200 دۆنم زەوییان هەیە و ئەوانەش ٪40ی زەویوزارەکانیان بەدەستەوەیە. ئەوانەی لەنێوان یەک تاوەکو 50 دۆنم زەوییان لەبەردەستە، ٪27ی زەوییەکانیان

بەدەستەوەیە، لەکاتێکدا پێویست بوو قەرزەکانی تایبەت بە کشتوکاڵ زیاتر بدرێتە ئەو دوو گرووپە. ئەو قەرزە زیاتر لەلایەن ئەو بنەماڵانەوە سوودی لێوەرگیراوە کە سەرووی 200 دۆنم زەوییان هەیە و بەگشتی ٪33ی زەویەکانیان لەکۆنترۆڵدایە.

4. گەشەکردنی خێرای دانیشتووان و زیادکردنی بەکارهێنانی ئامێر، وایانکردووە کە لە خوارەوە بەرەو سەرەوە گۆڕانکارییەک رووبدات. ئەم پاڵپێوەنانە دەبێتە هۆی ئەوەی پێکهاتەی دەرەبەگی دابەشبێت. ئەو پاڵپێوەنانەی لە خوارەوە دێت و ئەگەری ئەوەی هەیە رێ بۆ گۆڕانکاریی پێکهاتەیی بکاتەوە، لەلایەن ئاغا و شێخ و سەرۆک خێڵ و چینە سەردەستەکانەوە سەرکوت دەکرێت. لێرەدا ئەرکی بیرۆکراسیی دەوڵەتیش ئەوەیە کە بەرژەوەندیی چینە سەردەستەکان بپارێزێ و یارمەتییان بدات.

5. بەکارهێنانی زیاتری ئامێر یەکێکە لە مەرجەکانی گۆڕینی پەیوەندیی دەرەبەگی بۆ پەیوەندیی سەرمایەداری، بەڵام لێرەدا بەکارهێنانی ئامێر رێی کردووەتەوە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆر لە جووتیاران بخرێنە دەرەوەی کەرتی کشتوکاڵی و ناچاربن بەرەو شارەکان بڕۆن. لە شارەکانیشدا ئەو سەرمایەگوزارییە پێویستە نییە کە بتوانێت ئەو خەڵکە بخاتەکارەوە.

6. لەو ماوەیەی دواییدا ئاژەڵداری بەخێرایی گەشەی کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە بەکارهێنانی لەوەڕگە بۆ مەبەستی کشتوکاڵی زیاتر بووە، بەهۆی ئەمەشەوە لەوەڕگەی پێویست بۆ ئاژەڵان تادێ بەرتەسکتر دەبێتەوە.

7. کاتێک دامەزراوەیەکی وەک پارتی سیاسی کە بەشێکە لە دیموکراسی و دەوڵەتی مۆدێرن، لەنێو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دەرەبەگیدا دادەمەزرێ، زیاتر لەوەی کە رۆڵێکی یەکخەرانەی هەبێت، رۆڵێکی دابەشکارانە وەردەگرێت و شەڕ و ئاژاوە خێڵەکییەکان و ئاژاوەی نێو گوندەکان بەشێوازێکی دیکە نوێ دەکاتەوە.

8. پەیوەندیی نێوان سەرۆکی خێڵ و ئەندامەکانی، پەیوەندییەکی خزمانەیە،

بەڵام پەیوەندیی نێوان ئاغا و ئەو گوندییەی کە لەسەر موڵکەکەی کار دەکات، لەسەر بنەمای خاوەنداری و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە. لە بزاڤە شۆڕشگێڕییەکاندا، هۆشیارکردنەوەی گوندییەکان لە بەرامبەر ئاغاکاندا کارێکی ئاسانە، بەڵام هۆشیارکردنەوەی خێڵەکی لە دژی سەرۆک خێڵەکەی کارێکی ئاسان نییە و دیار نییە چۆن دەتوانرێت ئەوە بکرێت.

## ب. پێویستیی وەرگۆڕانی ناکۆکی بۆ شۆڕش

پێویستە ئەو ناکۆکییە بنەڕەتییانەی لەسەرەوە باسمکردن، بۆ شۆڕش بگۆڕدرێن. ئەگەر وانەبێت، ئەو ناهاوسەنگییەی کە هەیە بەو ناکۆکییەوە بەردەوام دەبێت. بۆ لابردنی ئەو ناکۆکییەش پێویستە کەڵک لە ئامرازێکی ناوەنجی وەربگیرێت و ئەو ئامرازەش لەنێو پێکهاتەی خودی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیدا هەیە. ئەمە دەکرێت هەر خودی پێکهاتەی خێڵ یان ئاغایەتیش بێت. لێرەدا ئەرک و بەرپرسیاریی گەورە لەسەر رۆشنبیرە، جا چ لە رۆژهەڵات بێت یان لە رۆژئاوا. پێویستە کەسی رۆشنبیر ئەرک و بەرپرسیاریی سەرکردایەتی وەربگرێت، چونکە ئەو دەزانێت بەرژەوەندی راستەقینەی خەڵک لەکوێیە. دەتوانێت خەڵکیش لەوبارەیەوە هۆشیار بکاتەوە و رێکیانبخات. وەک پێشتر گوتمان، کادیری بەڕێوەبەر ئەوانەن کە بەرژەوەندی و ئایدیۆلۆژیای چینە سەردەستەکان دەپارێزن، بەڵام رۆشنبیر ئەوانەن کە بەرژەوەندییەکانی جەماوەر دەپارێزن و هەوڵ بۆ پاراستنی ئایدیۆلۆژیاکەی دەدەن. کەسی رۆشنبیر هەموو کات خۆی و دەوروبەرەکەی نوێدەکاتەوە و بۆی تێدەکۆشێت. لەڕاستیدا شۆڕشە بنەڕەتییەکان کە لە قازانجی جەماوەرن، بەر لە هەموو شتێک کاری رێکخستن و هۆشیارکردنەوەن. نێوەڕۆکی ئەو بزاڤانە هەرچەند کۆمەڵایەتیش بن، ئامانجەکەیان بەڕێگەی ناڕاستەوخۆ دیسان پیرۆزکردنەوەی تاکە. لێرەدا چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت هەر

جووڵانەوەیـەک کـە لەلایـەن رۆشـنبیرانەوە بکرێـت وەک ئـەوەی کـە لـە کۆبوونەوەکانـی رۆژهەڵاتـدا بینـرا، هاوشـێوەی ئـەوە لەنێـو جەمـاوەردا رەنگدانـەوەی هەبێت، لـەو روانگەیـەوە، کار و چالاکیـی رۆشـنبیران زیاتر لە شـێوەی رێکخسـتن و هۆشـیارکردنەوەدا دەبێت. ئەمەش واتـە چالاکییەک دەبێـت کـەوا ئاسـتی تاکـەکان تێپەڕێنـێ.

ئـەو جـۆرە چالاکییانـەی کـە ئاسـتی کەسـەکان تێپەڕێنـێ و زیاتـر بـۆ رێکخسـتن و هۆشـیارکردنەوە بێـت، لـەو ناوچە کشـتوکاڵیانەی کەوا کەمتر گەشـەیان کـردووە، بەهـای زیاتـرە. چونکـە لـەو شـوێنانە گونـد و ماڵـی لادێ کەپـر و رەشـماڵ و مـەزراکان بەشـێوەی پەرتـەوازە و دووری یەکـن و دانیشـتووانیان کەمـن، تەنانـەت ئامرازەکانـی پەیوەندیش ئـەو پەرتەوازەییە یەکناخـات. خواسـتی یەکگرتـن لەگەڵ هـۆکارە دەرەکییـەکان و جیاوازبوون و دروسـتکردنی پەیوەندییەکـی تاکانـەی فرەڕەهەنـد زۆر لاوازە. بێجگـە لەوەش، لەکاتی دروسـتبوونی کێشـەیەکی ئابووریی وەك هەڵاوسـاندا، ئەو ناوچانـە زۆر کەمتـر دەکەونـە ژێـر کاریگـەری. کاتێک کاریگەریی هەڵاوسـانی ئابـووری تاوەکـو ئـەو شـوێنانە بـگات، ئـەوە واتـای ئەوەیـە ئابـووری وڵات تێکچـووە، چونکە وابەسـتەیی خەڵـک بە بازاڕەکانـی دەرەوە تەنیـا پەیوەندی بـە سـێ تاوەکـو پێنـج مەتـر قوماشـی حەریـر، ئاسـنی هەوجـاڕ، 5 تاوەکـو 10 کیلـۆ خـوێ، 5 تاوەکـو 10 لیتـر گاز و شـتی لـەو بابەتەیـە. پەیوەندییەکی زۆر لـەوە زیاتریـان نییـە. لێـرەدا لەوانەیـە کاریگـەری هەڵئاوسـان لەسـەر ئـەو ئابووریانـەی کـە داینامیکـن زیاتـر دەربکەوێت، بـەڵام کاریگەرییەکـەی لەسـەر گوندێکـی بەوشـێوەیە زیاتـر لـەو کاتانـەدا دەردەکەوێـت کـە ئابووریـی وڵات زۆر خـراپ بێـت. هۆکارێکـی دیکـە پەیوەنـدی بـە ئابـووری کشـتوکاڵی خۆیـەوە هەیـە، کەسـێکی گونـدی بـەدوای سـێ چـوار سـەر بـزن و 20 دۆنـم زەویـدا دێـت و دەڕوات، کارەکەیشـی بەگوێـرەی وەرزەکان دەگۆڕێـت. زەوی دەکێڵێـت و تـۆوی دەکات و ئـاوی دەدات، دواتـر وەرزی دروێنـە دێـت. بەرهەمەکـەی کۆدەکاتـەوە وعەمبـاری دەکات، دوای ئـەوە بەشـێکی دەبـات بـۆ ئـاش و دەیهاڕێـت. بـەم جـۆرە کارانـە ژیانـی هەمـوو

ئەندامانــی خێزانەکــەی مســۆگەر دەکات. ئەمــە بێکارییەکــی شــاراوەبێت یاخــود ئاشــکرا، بــەم جۆرەیــە و خێــزان هەمــوو کات ســەرقاڵە. هەمــووکات شــتێکی هەیــە بــۆ ئەوەی بیــکات. ئەم هۆکاری بێکارییە شــاراوە و ئاشــکرایە لەنێــو خــودی ئابووریــی کشــتوکاڵیدا، لــە دامرکاندنــەوەی کاریگەریــی هەڵاوسـانی ئابووریشـدا رۆڵ دەگێڕێت. کاتێـک هەمـوو ئـەو هۆکارانـەش دەخەینــە پــاڵ یــەک، ئەوکاتــە گرنگیــی رێکخســتن و هۆشــیارکردنەوەی خەڵـک لـە ناوچـە کشـتوکاڵییەکان زۆر بـە روونـی دەردەکەوێت. ئەمـەش رێـک لـە ئەنجامدانـی هەمـان کار لـە ناوچـە پیشەسـازییەکاندا چەندیـن قات سـەختترە و پێویسـتە هیـچ کات فەرامـۆش نەکرێـت.

## ج. نیگەرانییە سیاسییەکان نابەجێن

رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ، رۆژئـاوای ئێـران، باکـووری عێـراق و باکـووری سـووریا لەنێــو یــەک پێکهاتــەی دەرەبەگیــدان. خەڵکــەکان چ لــەڕووی پێکهاتــەی کۆمەڵایەتـی و چ لـەڕووی کولتوورییـەوە زۆر لەیەک دەچن، لێرەدا پێویسـتە رۆڵـی پێـڕەوی لـە یـەك ئاییـن و مانـەوەی ئـەو ناوچەیـەش لەژێـر سیسـتمی دەوڵـەت و کۆمەڵگـەی عوسـمانیدا بـۆ ماوەیەکـی درێـژ ببینرێـت. لەنێـو ئـەو پێکهاتـە دەرەبەگییـەدا رۆڵـی خێڵـەکان زۆر گەورەیـە. لـە بارودۆخـی ئەمـڕۆدا خێڵـەکان وەکـو بەگایەتـی دەرەبەگایەتـی دەبینرێـن.
وەک چــۆن دەکرێــت بەشــێک لــە خێڵێکــی تورکیــا لــە عێــراق و ســووریاش هەبـن، هــەروا دەکرێـت لقەکانـی خێڵێکـی نیشـتەجێی ئـەو وڵاتانـە لەنێـو تورکیاشــدا ببینرێــن. ئەمــە ســەرەڕای ئــەوەی دەریدەخــات کــە خێڵــەکان لــە یەکتــر دابــڕاون، ئــەوەش دەردەخــات کــە خێڵــەکان لەگــەڵ یەکتــر لــە پەیوەندیـدان و لەنێـو پێکهاتەیەکـی گشـتی دەرەبەگیـدا بۆخۆیـان لەنێـو هاوسـەنگییەکدان. بـۆ ئـەوەی نیگەرانییەکـی سیاسـی لەجێـی خـۆی بێـت، پێویســتە یەکێــک لــەو خێڵانــەی لەنێــو خۆیانــدا لــە هاوســەنگیدان، زۆر بەهێزبێـت و بتوانێـت دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر ئەوانیدیکـەدا بسـەپێنێ و

خـۆی بکاتـە ناوەندێـک، بـەڵام  زۆر روونـە کـە شـتی وا روونـادات. چونکـە بەگـەکان چـۆن یەکتـر کۆنتـرۆڵ دەکـەن، بەهەمـان شـێوە کۆمەڵێک هێزی کۆمەڵایەتیـی دیکـە لـە دەرەوەی ئـەو سیسـتمە ئەوانیش کۆنتـرۆڵ دەکات.
لەنێـو هەمـوو ئەوانەشـدا ئیمپریالیـزم بەرژەوەندییەکـی زۆر نزیکـی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا هەیـە. لـەو روانگەیەشـەوە پرسـی رۆژهـەڵات تەنیـا پرسـی ئێـران، تورکیـا، عێـراق و سـووریا نییـە، تەنیـا پرسـی چینـە سەردەسـتەکانی ئەوێـش نییـە، بەڵکـو پرسـی ئەمریـکا، رووسـیا، بەریتانیـا، فەرەنسـا، ئەڵمانیـا و هێـزە ئابوورییـە زاڵەکانیشـە. هیـچ کات بەرژەوەندییەکانـی ئیمپریالیـزم هاوتەریـب نییـە، بۆیـە پێکهاتـە سیاسـییە دەرەبەگییـەکان کـە لەنێـو چوارچێـوەی رێکخسـتنی خێڵـدا دەرکەوتـوون، لەنێـو هاوسـەنگییەکدا دەمێننـەوە. ئەمـەش لـە روانگەیەکـەوە پەیوەندی بـەوەوە هەیـە کـە ئایـا پێکهاتـەی دەرەبەگـی دەڕووخێـت و هاوشـانی ئـەوە جۆرێـک لـە ناوەندیبـوون دروسـت دەبێـت کـە بـۆ دامەزراندنـی دەوڵـەت پێویسـتە یاخـود نـا؟ هەمـوو کات دەتوانیـن باسـی ئـەوە بکەیـن کـە لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا رەوتـە نەتەوەگـەراکان، لـەو نێوانەشـدا نەتەوەگەرایـی کـوردی بەهێـزن، بـەڵام ئەمـە هیـچ کات واتـای ئـەوە نـادات کـە هەلومەرجـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی مۆدێـرن لـە هەنـاوی ئـەو بزاڤەدا هەبێـت. ئـەو بارودۆخـە پێچەوانـەی یاسـاکانی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی و ئابوورییـە، چونکـە رووخاندنـی پێکهاتـەی ئابـووری واتـە ریفۆرمـی زەوی کـە (خاوەندارییەکـەی) بـۆ جەمـاوەر بگوازرێتـەوە. لەنێـو رەوتـی گەشـەکردنی دانیشـتووان‌دا، بـە کردەنـی گوندییەکانیـش پشـت بـە زەویـوزار یاخـود شـوێنێکی کار ببەسـتن. کاتێـک کـە گوندییـەکان بـەم جـۆرە رۆڵ پەیدابکەن و ئیتـر پشـت بـە زەویـوزار ببەسـتن، ئەوسـا لـە دەرەوەی پێداویسـتییەکانی خێـزان هەندێـک بەرهەمـی زیادەشـیان بـۆ دەمێنێتـەوە.
پشتبەسـتنی جەمـاوەر بـە زەویـوزار وادەکات ئـەو بەرهەمـە زیادەیـەی کـە بۆیـان دەمێنێتـەوە، کاریگـەری لەسـەر پەیوەندییـە دەرەکییەکانـی دابنێـت. لـەدوای ئـەوەش پێکهاتـەی نێوخۆیـی دەگۆڕێـت. دواتریـش

ئـەو گۆڕانـەی لـە پەیوەندییـە دەرەکییـەکان و پێکهاتـەی ناوخۆییـدا روودەدەن، بـەردەوام کارلێـک دەکـەن و بەوجـۆرەش کۆمەڵگەکـە بـە زیندوویـی دەهێڵنـەوە. هاووڵاتـی بـەردەوام بـەدوای بازاڕێکـدا دەگەڕێـت کـە بەرهەمـە کەڵەکەبووەکانـی تێـدا سـاخ بکاتـەوە، بێگومـان ئـەو بـازاڕەش، بـازاڕە گەشـەکردووەکانی تورکیایـە کـە لـەڕووی ئابوورییـەوە پێشـکەوتوون. گەڕانـی هاووڵاتیـان بـۆ ئـەوەی بازاڕێـک لـە عێـراق و سـووریا و ئێـران بدۆزنـەوە، پێچەوانـەی رەفتـارە ئابوورییەکانـە، چونکـە لـە هەمـوو ئـەو وڵاتانـەی کـە ناویـان هێنـرا، پێکهاتـەی دەرەبەگـی بەسـەر هەمـوو جـۆرە پەیوەندییەکانـدا زاڵـە. بێجگـە لـەوە، نەبوونـی هەڕەشـەی بازرگانیـی دەرەکـی، لـە واتایەکـی دیکـەدا ئاسـتەنگ دروسـتکردنە بـۆ گەشـەکردنی پیشەسـازی ناوخۆیـی. لەبەرئـەوەی لـەو وڵاتانـەدا بـازاڕی پێشـکەوتووی ناوخۆیـی و دەرەکـی نیـن، گەڕانـی هاووڵاتییەکـی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ بـۆ بازاڕێـک لەو شـوێنانەی کە پەیوەندییـە ئابوورییەکانیان گەشـەی نەکردووە، پێچەوانـەی ئـەو رەفتارەیـە کـە لـە روانگەی بینینـی مـرۆڤ وەک گیاندارێکی ئابـووری پێشـبینی دەکرێـت. ئەمـڕۆ ئـەو قاچاخچێتییـەی لـە نسـێبین و کلـس دەکرێـت، چالاکییەکـە لەبەرژەوەندیـی چینە سەردەسـتەکانی تورکیا و سـووریایە. سـەرەڕای قاچاخچێتـی، ئـەو ناوچەیـە لـەڕووی ئابوورییـەوە لەگـەڵ تورکیـا یەکیگرتـووە. لـەو رووەشـەوە خەڵـک زیاتـر بـەرەو بـازاڕە پێشـکەوتووەکانی ئەنـادۆڵ دەچـن و پەیوەندییـە ئابوورییەکانـی خۆیـان دەبەنـە ئـەوێ و لەگـەڵ ئـەوێ یەکدەگـرن. ئـەو یەکگرتنـەی کـە بەناچـاری لـەڕووی ئابوورییـەوە دروسـت دەبێـت، سـەرئەنجام یەکگرتنێکـی کولتووری و کۆمەڵایەتیشـی لێدەکەوێتـەوە. سیاسـەتیش کـە تـەواو دامەزراوەیەکـی سـەرخانییە، بەگوێـرەی ئەوانـە شـکڵ دەگرێـت و تێگەیشـتنە سیاسـییەکان لـە تورکیـا یەکدەخرێـن. هەرشـتێک کـە بەڕوونـی باسـبکرێت و قسـەی لـێ بکرێـت، سـوودی زیاتـری دەبێـت. باشـتر وایـە کێشـە بنەڕەتییەکـە نەشـاردرێتەوە، روونبکرێتەوە و بەشـێوەیەکی ئاسـانتر گفتوگـۆی لەبارەوە بکرێـت. ئەمـەش لـە سـوودی کۆمەڵگـە دەبێـت.

### د. پێویستە ئاژاوە بنەڕەتییەکە ئاشکرا بکرێت

وادیـارە پێکهاتـەی دەرەبەگـی بـۆ ماوەیەکـی درێـژ لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ بـەردەوام نابێـت. داینامیکەکانـی وەک گەشـەکردنی خێـرای دانیشـتووان و بەکارهێنانـی ئامێـر لـە کشـتوکاڵدا، رێگـە دەکەنـەوە بـۆ ئـەوەی سـەرەڕای گوشـاری چینـە سەردەسـتەکان، پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی روو لـە گـۆڕان بێـت. زەقکردنـەوەی هەندێـک بابەتـی دیکـە بـۆ شـاردنەوەی ئـەو ناکۆکییـە بنەڕەتییـە بـۆ ماوەیەکـی درێژ بـەردەوام نابێت، بـەڵام بۆ ئەوە پێویسـتە ئەو دانیشـتووانەی کـە بەخێرایـی گەشـە دەکەن، لەبارەی کێشـە بنەڕەتییەکان هۆشـیار بکرێنـەوە. کۆبوونەوەکانـی رۆژهـەڵات ئەمەیـان کـرد. هەرچەنـدە ئـەو کۆبوونەوانـە لەلایـەن رۆشـنبیرەکانی رۆژهەڵاتـەوە کـراون، بـەڵام ئەمـە لـە ماوەیەکـی کورتـدا رەنگدانـەوەی لەنێـو جەماوەریـش هەبـوو. ئەمـەش بەتایبەتـی لـەو وڵاتانـەی کەمتـر گەشـەیان کـردووە، رێـک رۆڵـی سـەرکردایەتیکردنی کۆمەڵگەیە. چونکە لەو شـوێنانەی کە خەڵک بەڕاسـتی نازانـن کێشـە سـەرەکییەکە لەکوێدایـە، دەتوانـن لەگەڵ ئەو کەسـانەی کە ئەوانیـان چەوسـاندووەتەوە، لـە پەیوەندییەکـی تووندوتۆڵدابـن. لێرەدایـە کـە سـەرکردەکان ئـەم بارودۆخـە بـە قازانجـی جەمـاوەر تێکـدەدەن و لـەو رووەوە ئـەوان هۆشـیار دەکەنـەوە.

 پرسـی رۆژهـەڵات پرسـێکی ئابـووری و کۆمەڵایەتییـە، هەروەهـا پرسـێکی ئەتنیکییـە. رەهەنـدی کۆمەڵایەتـی و رەهەنـدی ئەتنیکـی یەکیانگرتـووە. لێـرەدا ئەگـەر یەکێکیـان روون بکرێتـەوە، ئەوی دیکەشـیان ئاشـکرا دەبێت. پێویسـتە هـەر جموجۆڵێکـی شۆڕشـگێڕانە کە هەمـوو جەمـاوەر لەباوەش بگرێـت، لـەو بیروبۆچوونانـە بەدووربێـت کـە دەبێتـە هـۆی شـاردنەوەی ئەو تایبەتمەندییـە بنەڕەتیانـە و وادەکات خەڵـک بەرەو شـوێنێکی دیکە ئاراسـتە بکرێـت. دەبێ لـە هـەر بیروبۆچوونێکـی فاشیسـتیش بەدووربێـت، چونکـە تەنیـا لـە هەلومەرجێکـی وەهادایـە کـە دەتوانێـت کێشـەکان بـەڕوون و

ئاشـکرایی بخاتـە بەرچـاوی جەمـاوەر. ئـەو جەوهـەرە نوێیـە کۆمەڵایەتییـەی کـە بـۆ بزاڤـە شۆڕشـگێڕەکان هێنـراوە، تەنیا تایبـەت نییـە بـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ، بەڵکـو بـۆ هەمـوو تورکیـاش ڕاسـتییەکی زۆری تێدایـە.

دیاریکردنـی ئامانـج و ناوچەکانـی تێکۆشـانیش تەنیـا بـەو ڕێگەیـە دەکرێـت. بەتایبەتـی لـە شـوێنێکدا کـە ڕووبـەڕووی ئاییـن و پاشـڤەڕۆیی دەبیتـەوە، پێویسـتە ئامانجەکـە بەڕوونـی و بـە باشـی دیاربێـت. ئەمـە لـە نزیکـەوە پەیوەنـدی بـەو دەسـتەواژەی پاشـڤەڕۆییەوە هەیـە کـە ئەمـڕۆ لـە کۆمەڵگەکەمانـدا بەکاریدەهێنیـن. ناونانـی چالاکییـە ئایینیـەکان وەك پاشـڤەڕۆیی و ئەژمارکردنـی تێکۆشـانی دژی ئاییـن وەك بەرەنگاربوونـەوەی پاشـڤەڕۆیی و، دیاریکردنـی ئەوانـە وەکو ئامانـج، وادەکات کە لە دیاریکردنی ئامانجەکانـی تێکۆشـاندا  تووشـی هەڵـە ببیـت. پێشـڤەڕۆیی و پاشـڤەڕۆیی پەیوەنـدی بـە بابەتـی خاوەنـداری و پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـەوە هەیـە، ئـەو کەسـەی دەیەوێـت گـۆڕانـی پێکهاتەیـی لـە پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـدا لـە قازانجـی خەڵـک بێـت، ئـەوە پێشـڤەڕۆیە، ئەوەشـی کـە نایەوێـت، پاشـڤەڕۆیە. ئەگینـا کەسـێک قورئـان بخوێنێتـەوە یاخـود بچێتـە مزگـەوت، ئـەوە مانـای ئـەوە نییـە کـە پاشـڤەڕۆیە. ئـەو جـۆرە مانایانـە کـە زیاتـر لەلایـەن دەوڵـەت و جەهەپـە کـە درێژەپێـدەری بـووە، بەکارهاتـووە و ئەمـەش برینـی زۆر گـەورەی لـە کۆمەڵگـەی ئەنادۆڵـدا دروسـتکردووە. دیـارە تیمارکردنـی ئـەو برینانـەش دژوارە و کارێکـی ئاسـان نییـە. لێـرەدا ئـەو ڕۆڵـەی بـە ئاییـن دراوە، ئەوەیـە کـە بەشـێوەیەکی کاریگـەر وەک دامەزراوەیەکـی سـەرخانی ڕێگـە لـە گـۆڕینـی دۆخـی جێگیـر دەگرێـت و یارمەتـی بەردەوامبوونـی دەسـەڵاتداریی چینـە سەردەسـتەکان دەدات.

ڕێگرتـن لـەو کاریگەرییـە حاشاهەڵنەگرەی ئایینیـش، تەنیـا لەڕێـی گـۆڕینـی پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـەوە دەبێت. لەو ڕوانگەیـەوە هەندێک کەس وادەزانـن، کاتێـک لـە چوارچێـوەی ڕووبەڕووبوونـەوەی بزاڤـی پاشـڤەڕۆدا، لەگـەڵ مـەلا و حاجـی و نووسـەرێکی ڕۆژنامـە دەکەونـە دەمەقاڵێیـەوە، ئیـدی کارێکی پێشـکەوتنخوازانەیان کردووە، بەڵام پێشـڤەڕۆیی ڕاسـتەقینە

ئەوە نییە لەگەڵ ئەوانە بکەویتە دەمەقاڵێیەوە، بەڵکو ئەوەیە لە دژی ئەوانەی کە ئەوان و سەرمایە و چینەکانیش کۆنترۆڵ دەکەن، بکەویتە تێکۆشان. بۆ تێکۆشانێکی گونجاو لەگەڵ ئەوانەش، پێویستە ئامانجەکان بە دروستی دەستنیشان بکرێن. بەدروستی کێشە بنچینەییەکان دیاری بکرێن و ناکۆکییەکان پیشانبدرێن، ئەگەرنا ئەو تێکۆشانەی دەکرێت، بەبێ بنەما دەبێ و لە هەوادا دەمێنێتەوە.

## بەشی پێنجەم

# پاشکەوتووهێشتنەوەی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ *

بـۆ ئـەوەی پرسـی گـەلان لەنێـو تێکۆشـانی شۆڕشـگێڕانەی تورکیـا، بەشـێوەیەکی راسـت و دروسـت جێگیـر بکرێـت، پێویسـتە پرسـی گەلـی کـورد کـە لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ دەژیـن، لـەڕووی پێکهاتـەی ئابـووری و کۆمەڵایەتییـەوە، جـا چ لـە ڕوانگـەی ناکۆکـی نێوخۆیـی یاخـود ئـەو ناکۆکیانـەی کـە لەگـەڵ ئیمپریالیـزم و بەکرێگیـراوە خۆجێییـەکان و چینـە سەردەسـتەکان هەیانـە، بەشـێوەیەکی زانسـتی، بـە قووڵـی و بـە وردی بخرێتـە بەرباسـەوە. لەوبارەیـەوە بێشـکچی یەکـەم هەنـگاوی ئازایانـەی نـاوە و لـەم وتارەیـدا، لـە هۆکارەکانـی دواکەوتووهێشـتنەوەی رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـی کۆڵیوەتـەوە، بۆیـە پێویسـتە شۆڕشـگێڕەکانی تورکیـا بایەخێکـی زۆر بـەو راسـتییە مێژووییانـە بـدەن کـە ئـەو ئاشـکرای کـردووون. وتارەکـەی

* ئەم بابەتە لە ژمارە 10ی گۆڤاری ئانت لە شوباتی 1971 لە لاپەڕەکانی 73-46 دا بڵاوکراوەتەوە.

بێشـکچی بەتایبەتـی لـە روانگـەی شـیکردنەوە کۆمەڵایەتییەکانـەوە شـتی بـە سـوودی بـۆ تێکۆشـانی شۆڕشـگێڕانەی ئێمـە تێدایـە.

**ئانت**

لێکۆڵینـەوەکان سـەبارەت بـە پێکهاتـەی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی لـە تورکیـا رۆژ بـە رۆژ زیاتـر و واتادارتـر دەبـن. ئـەو کتـێب و گۆڤـار و رۆژنامـە و وتارانـەی کـە لـە مـاوەی چەنـد سـاڵدا بڵاوکراونەتـەوە، دەریدەخـەن کـە ئـەم بابەتـە چەنـدە بایەخـی پەیـدا کـردووە. لەلایەکـی دیکـەوە، لە تەنیشـت بڵاوکراوەکانـدا، گفتوگۆیەکـی چروپڕیـش دەکرێـت و ئەمـەش وایکـردووە کـە رۆژ دوای رۆژ ، رای گشـتی زیاتـر ئاگاداربێـت، ئەمـەش تێڕوانینـەکان سـەبارەت بـە کێشـەکانی تورکیـا دەگۆڕێـت. ئـەم رووداوە گرنگانـەی کـە لـە ژیانـی زانسـتیی تورکیـادا روودەدەن وەکـو رێنیسانسـێکن. چونکـە ئـەو رۆشـنبیرانەی سـاڵانێکی درێـژ پێیانوابـوو پێشـکەوتن و گەشەسـەندن تەنیا لەڕێـی لاساییکردنەوەی رۆژئـاواوە دەبێـت، ئیـدی گەیشـتوونەتە ئـەو ئەنجامـەی کـە لاسـاییکردنەوەی رۆژئـاوا کیشـەکان چارەسـەر نـاکات و، پێویسـتە لـە روانگەیەکـی بابەتییانـەی دیکـەوە تەماشـای پرسـەکان بکرێت. دیـارە ئـەو بۆچوونـەش هـەروا لـە ختوخۆڕایـی دروسـت نەبـووە، بەڵکـو گوشـاری ناکۆکییەکانـی نێـوان پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـی تورکیـا وایکـردووە کـە ئـەو پرسـانە بەشـێوەیەکی روون و ئاشـکرا دەرکـەون. بـە واتایەکـی دیکـە، داینامیکـە بنەڕەتییـە کۆمەڵایەتـی و ئابوورییـەکان کاریگەری لەسـەر هێـز و پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان دادەنێـن و ئـەو پاڵپێوەنانـەی کـە لـە خـوارەوە دێـت، کاریگـەری لەسـەر کارە زانسـتییەکانیش دەبێـت و ئـەوەش وادەکات کـە پێویسـتی بـە روانگـە و شـرۆڤەی تازەبێـت. پێویسـتە بـە وردی تەماشای پەیوەندیی نێوان هۆشیاربوونەوەی کۆمەڵگەکەمان و گرنگیدانی زیاتـر بـە ئەنـادۆڵ لـە کارە زانسـتییەکاندا بکرێـت. یەکێـك لـەو پرسـانەی کە لـەم رەوتـی گەشـەکردنەی خواسـت بـۆ شـیکردنەوەی پێکهاتـەی ئابـووری

و کۆمەڵایەتیی تورکیا دەرکەوتووە، پرسی رۆژهەڵاتە. لەبەرئەوەش، ئێستا ئیدی لە روانگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەروەها لەڕووی ئەتنیکییەوە تەماشای ئەو پرسە دەکرێت. لەم وتارەدا دەمانەوێت بە هێڵی ئەستوور باسی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، دینامیك و گۆڕانەکانی بکەین. بێجگە لەوە، باسی پرۆسەی وەرگۆڕانی دەربەگایەتی بۆ سەرمایەداری و دەرئەنجامە سیاسییەکەی بکەین کە ئەویش بە نەتەوەبوونە.

وەکو دەزانرێت، ئەمڕۆ رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە چاو ناوچەکانی دیکەی تورکیا، لەڕووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری لەدواوەیە. زانایان و دامەزراوە سیاسییە جۆراوجۆرەکان دەیانەوێ بزانن هۆکارەکانی ئەو ناهاوسەنگییە چییە و دەیانەوێ چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە، بەڵام تەنیا لە روانگەیەکی دابڕاوی وەك ئازادی و ئایدیاڵیزمەوە تەماشای پرسەکە دەکرێت و چینە کۆمەڵایەتییەکان و ئایدیۆلۆژییە چینایەتییەکان کە واقیعێکی بەرچاون، پشتگوێ دەخرێن. لەبەر ئەمەشە کە نە هۆکاری دواکەوتوویی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ روونده‌کرێتەوە، نە رێگەچارەی بۆ دەدۆزرێتەوە.

## 1. پەیوەندییەکانی دانیشتووان- خاك و بەرهەمهێنان

بەگوێرەی سەرژمێریی ساڵی 1965، دانیشتووانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ پێنج ملیۆن و 903 هەزار کەس بووە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە ٪18.8ی کۆی دانیشتووانی تورکیا لەوێیە. رووبەری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ 18 پارێزگا لەخۆدەگرێت و 220735 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە کە دەکاتە ٪29.9ی هەموو رووبەری تورکیا. چڕیی دانیشتووان لە بەشی باکووری ئەو ناوچەیە بەراورد بە بەشی باشوور کەمترە و ئەو رێژەیە لە هەکاری ٪9 یە. کاتێک تەماشای دابەشبوونی یەکەکانی نیشتەجێبوون دەکەین ئەمانە دەبینین:

هەرچەنـدە دەستنیشـانکردنی ژمـارەی خێڵـە کۆچـەرەکان ئەسـتەمیش بێـت، بـەڵام دەتوانیـن پێشـبینی بکەیـن کـە نزیکـەی ٪1.5ی دانیشـتووانی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ پێکدەهێنـن [86]. رێـژەی یەکەکانـی نیشـتەجێبوون لـە گونـد وەك کەپـر، رەشـماڵ، بێسـتان، دیوەخـان و زۆزان 9.717 دانەیـە و ٪19ی دانیشـتووانی رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵیـان پەنـاداوە. لە 9936 گوندیشـدا، ٪53.2ی دانیشـتووان دەژیـن. لـە 138 قـەزادا، ٪11.9ی خەڵـك و و لـە 18 ناوەنـدی پارێزگاشـدا ٪15.3ی دانیشـتووان نیشـتەجێن ([87].
٪38ی خێزانـە جووتیارەکانـی هـەر 18 پارێزگاکـە زەویوزاریـان نییـە. ٪45.4ی خێزانـە جووتیـارەکان لەنێـوان 50-1 دۆنـم زەوییان هەیە کـە ٪27ی هەموو زەوییـە کشـتوکاڵییەکانی ئەوێـە. ٪14.2ی خێزانـە جووتیـارەکان لەنێـوان 200-50 دۆنـم زەوییـان هەیـە و ئەمـەش ٪40ی زەوییـە کشـتوکاڵییەکانە. ٪2.4ی خێزانــە جووتیارەکانیـش لەسـەرووی 200 دۆنـم زەوییـان هەیـە و ئـەوەش ٪33ی هەمـوو زەوییـە کشـتوکاڵییەکانە. ئـەم بارودۆخـەش دەریدەخـات کـە چ ناهاوسـەنگییەك لـەڕووی خاوەنداریـی زەویـوزارەوە لەئارادایـە [88]. ئـەو ناهاوسـەنگییەش کاریگـەری لەسـەر داهـات و پەیوەندیـی نێـوان چینەکانیـش دانـاوە و، لـە پەیوەندییـە مرۆییەکانیشـدا تەمومژێکـی دروسـتکردووە. لەلایەکـی دیکەوە دامەزراوە سـەرخانییەکانی وەکـو پـەروەردە، سیاسـەت، دیموکراسـی، ئاییـن و تەریقـەت و یاسـا، بەگوێـرەی ئـەو پێکهاتەیـە شـكڵ و تایبەتمەندییـان وەرگرتووە،بـەڵام لـەم دواییانـەدا، گەشـەکردنی خێـرای دانیشـتووان بووەتـە هـۆی ئـەوەی کە ئەو ناهاوسـەنگییەی لـە خاوەنداریـی زەویـوزاردا هەیـە، بەشـێوەیەکی روونتـر دەرکەوێـت.
گەشــەکردنی دانیشــتووان لــە رۆژهەڵاتــی ئەنــادۆڵ زۆر خێرایــە و لــە

86 - Ismail Beşikci, Doğu Anadolu'nua Düzeni, Sosyo-Ekonomik ve Emik Temeller, E Yayımları, İstanbul 1969, s. 33
87 - İsmail Beşikci, a.g.e., s. 43
88 - İsmail Beşikci a.g.e, s. 64

سـەرووی ڕێـژەی تێکـڕای گەشـەکردنی تورکیایـە. لـە مـاوەی 20 سـاڵدا لـە 1945 تاوەکـو 1965، گەشـەکردنی دانیشـتووان لە ڕۆژهـەڵات ٪2.88 بووە و لـە تورکیـا ٪2.65 بـووە. کاتێـک لێکۆڵینـەوە لـە ڕێـژەی گەشـەکردن لـە شـار و گونـدەکان دەکەیـت، ئەنجامی سەرنجڕاکێشـت بـۆ دەردەکەوێت. لە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ گەشـەکردنی دانیشـتووان لـە شـارەکاندا ٪4.3 و لـە تورکیـاش ٪3.4 بـووە. لـە گوندەکانـی ڕۆژهەڵاتـدا دانیشـتووان بـە ڕێـژەی ٪2.4 گەشـەیان کـردووە و لـە گوندەکانـی تورکیـادا ئەو ڕێژەیـە ٪2.1 بووە. ئـەو گوشـارەی کـە بەهـۆی گەشـەکردنی دانیشـتووانەوە لـە خـوارەوە بـۆ سـەرەوە دروسـت دەبێـت، زۆر زۆر گرنگـە. چونکـە لەگـەڵ گەشـەکردنی دانیشـتووان‌دا خواسـت سـەبارەت بـە زەویـوزار، لـەوەڕگا و دەرفەتـی کار زیاتـر دەبێـت. هەرچەنـدە ئێسـتا ڕووی ئەم داواکارییانە سـەبارەت بـە زەوی، لـەوەڕگا و کار زیاتـر بـەرەو دەوڵەتـن، بـەڵام سـەرئەنجام هـەر دەگەڕێتـەوە بـۆ لای ئەوانـەی کـە پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان کۆنترۆڵ دەکـەن. ئەو ڕەگـەزە بنەڕەتییـەی کـە لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـدا دۆخـی جێگیـر دەگۆڕێت، گەشـەکردنی دانیشـتووان و پەیوەندییەکـەی لەگـەڵ ماکینیزەبوونـی کشـتوکاڵییە. چونکـە ماکینیزەبوونـی کشـتوکاڵ لـە هەندێـك شـوێنی ڕۆژهەڵاتـدا زۆرە. بەکارهێنانـی تراکتـۆر لـە 1966-1965 دا لـە تورکیـا ٪19 زیـادی کـردووە، بـەڵام ئـەو ڕێژەیـە لـە ڕۆژهـەڵات ٪46 بـووە. لـە 1966-1967یشـدا ڕێـژەکان کـەم و زیـاد هـەر بەوجـۆرە بـوون. ئـەم بەکارهێنانـە زۆرەی ئامێـر وایکـردووە کـە دانیشـتووانێکی زۆری لادێیـەکان لـە کەرتـی کشـتوکاڵ وەلابنرێـن و ناچـار لـە کەرتەکانی دیکـەدا بـە دوای کاردا بگەڕێن. لەلایەکـی دیکەشـەوە، بەهـۆی ئـەوەی شارسـازییەکانیش سرووشـتی نەبـوون و زیاتـر کۆبوونـەوەی دانیشـتووان بـووە لە دەوری یەك، ئەسـتەمە بتوانرێـت ئـەو جەمـاوەرە زۆرە بەکاربخرێت و بـۆ هەموویان کار پەیدابکرێت. چونکـە پیشەسـازی زۆر لاوازە. ئـەو کەسـانەش کـە زەویوزارێکـی فـراوان و خەڵکێکـی زۆر کۆنتـرۆڵ دەکـەن، بـە باشـی درکیـان بـەم ناکۆکییـە کـردووە، بۆیـە دەیانـەوێ کێشـەکە بشـارنەوە و گوشـار بکـەن بـۆ ئـەوەی

خەڵـك هۆشـيار نەبنـەوە. ئـەوان هەوڵـدەدەن  سـەرنجی رای گشـتی بـۆ بابەتـی دیکـە رابکێشـن و لـە پرسـە سـەرەکییەکە دووریانخەنـەوە. یەکێـك لـە رێگەکانـی شـاردنەوەی کێشـەکەش ئەوەیـە کـە لایەنگـر و موریـدی تەریقـەت و مەزهەبـە جۆراوجـۆرەکان بەگـژ یەکتریـدا بکـەن و بـرەو بـە پاشـڤەڕۆیی بـدەن. رێگەیەکـی دیکـەش ئەوەیـە هەسـت و سـۆزی خەڵـك بـۆ پرسـی کـورد بوروژێنـی.

هەنـدێ کەسـی وەکـو ئاغـای زەویـوزار و شـێخەکان بانگەشـەی چەمکـی نەتەوەگەرایـی دەکـەن، ئەویـش لەکاتێکـدا کـە ئـەوان بـۆ خۆیـان دژی بیـری نـوێ و شۆڕشـگێڕانەن. بـەم جـۆرە چینـە سەردەسـتەکانی کـورد، دەیانەوێ هەسـتی نەتەوەیـی بـۆ شـاردنەوەی ناکۆکییـە بنەڕەتییـەکان بەکاربێنـن. بۆ نموونـە پڕوپاگەنـدەی ئـەوە دەکـەن کـە پێویسـتە کەسـی نەتەوەگـەرا ئاغا و شـێخ و سـەرۆك خێڵەکـەی خـۆی خۆشـبوێت. تاکتیکـی دیکـەی ئاغـاکان، گوشـاری راسـتەوخۆیە. ئاغـاکان بەهـۆی چەکدارەکانـی خۆیانـەوە، رۆژ بـە رۆژ ئـەو گوشـارە زیاتـر دەکـەن و کاریگـەری ئەمـەش لەسـەر جەمـاوەر زۆرە. جەماوەریـش بـەدوای دەرەتانێکـدا دەگەڕێـت تاوەکـو لـە دژی ئـەوە خـۆی رابگرێـت. بـۆ نموونـە جەردەیـی و چەتەگـەری وەك یەکێـك لـە رێگەکانـی بەرپەرچدانـەوەی ئـەو گوشـارە دەرکەوتـووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، دۆخـی ئـەو گوندانـەی کـە لـە تەنیشـت گونـدە بچووکـەکان دامـەزراون و دانیشـتووانێکی زیاتریـان هەیـە، زۆر سەرنجڕاکێشـە. ئەوکاتـەی کـە ئاغـا دەیەوێـت بـە گوشـار قسـەی خـۆی بسـەپێنێ، ئیـدی بابەتـی یاسـا و رەوایـی نامێنـێ و ئاغـاش دەبێتـە دەسـەڵاتدارێکی بێبەزەیـی.

لەگـەڵ ئەوەشـدا هێشـتا ناتوانیـن بڵێیـن هەوڵەکانـی خەڵـك بـۆ بەرەنگاربوونـەوە، روویەکـی چینایەتـی وەرگرتـووە. پێکدادانـی چەکـداری و ناکۆکییـەکان زیاتـر لەنێـوان ئاغـا و ئاغایەکـی دیکـە، یـان دوو سـەرۆك خێـڵ روودەدن و گوندییەکانیـش وەك کەرەسـتەی ئـەو ناکۆکیانـە بەکاردەبرێـن. هێشـتا پێکـدادان لەنێـوان ئاغـا و گوندییـەکان یـان سـەرۆك خێـڵ و خەڵکـی لادێ رووینـەداوە.

هەمــوو ئەوانــە لــە مانگەکانــی هاوینــی 1967دا لــە کۆبوونەوەکانــی ڕۆژهــەڵات، لـە شـوێنە جۆراوجۆرەکانی ئـەو ناوچەیـە بە وردی باسـکراون و بــە گەرمــی قســەیان لەســەر کــراوە. هەرچەنــد کۆبوونەوەکانــی ڕۆژهــەڵات وەکــو جموجۆڵێکــی ڕۆشــنبیرەکانی ڕۆژهــەڵات بــوو لــە دژی چینـە سەردەسـتەکانی ڕۆژئـاوا و ڕۆژهـەڵات کـە دەیانـەوێ پارێـزگاری لـە پاشـماوەکانی دەرەبەگـی بکـەن، بـەڵام هـەرزوو نێوەڕۆکێکـی جەماوەرییان وەرگــرت و کاریگــەری گەورەیــان دانــا. لــە کۆبوونەوەکانــدا کەســانی موڵکـدار و بـێ موڵـك، تەنانـەت شـێخ و سـەید و سـەرۆك خێـڵ و ئەوانـەی کـە پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان کۆنتـڕۆڵ دەکـەن، بەشـدارییان کـرد. ئـەو بەشــدارییەش ســێ هــۆکاری ســەرەکی هەبــوو:
بــەر لــە هەمــوو شــتێك ڕێگرتــن لــە هۆشــیارکردنەوەی جەمــاوەر سـەبارەت بـە ناکۆکییـە بنەڕەتییـە کۆمەڵایـەتییـەکان. دووەمیـان خواسـتی ڕەتکردنــەوەی بەکەمبینینــی کــورد و سێیەمیشــیان ئــارەزووی بــوون بــە ئاغــای ســەرمایەداری.
ئاغاکانـی ڕۆژهـەڵات دەزانـن کـە ئاغـا موڵکدارەکانـی ڕۆژئـاوا سـەروەت و ســامانێکی زۆریــان پێکەوەنــاوە، زۆر دەوڵەمەنــدن و پەیوەندییەکــی سـەرمایەدارییان بنیاتنـاوە، بۆیـە ئەوانیـش دەیانەوێ کارگە دروسـت بکەن، تاوەکـو وەك ئـەوان سـەروەت و سـامانێکی زۆر کۆبکەنـەوە. چونکـە لـەو سیسـتمە دەرەبەگییـەی کـە ئـەوان هەیانـە، دەرفەتـی سـەرمایەگوزاری و کەڵەکەکردنـی سـەروەت و سـامان زۆر کەمـە. ئاغاکانـی ڕۆژهـەڵات لـەم دۆخـە تێگەیشـتوون، بۆیـە بەشـدارییان لـە کۆبوونەوەکانـی ڕۆژهـەڵات کـردووە و بە پاسـاوی ناهاوسـەنگیی نێـوان ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا، داوایـان لـە دەوڵـەت کـردووە دەسـتی خـۆی درێـژ بـکات و بەتایبەتـی ڕێـگا، کەناڵـی ئــاوی، بەنــداو و دامــەزراوەی ژێرخــان لــەوێ بنیاتبنــێ. ئــەو شــتانەی کــە ئـەوان لـە دەوڵەتـی داوا دەکـەن، بۆخـۆی ڕێگـەی لەنێوچوونـی پەیوەندییـە دەرەبەگییــەکان خــۆش دەکات. چونکــە بتــەوێ و نەتــەوێ، زیادکردنــی دەرفەتەکانــی گەیانــدن و پەیوەنــدی، هەروەهــا زیادبوونــی زانیارییــە

تەکنیکییەکانـی پەیوەسـت بەوانـە، درەنـگ یـان زوو بنیاتـی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی دەگۆڕێـت. ئەمـە پەیوەندییەکـی داینامیـك و مرۆیـی بنیـات دەنێـت کـە تێیـدا پەیوەندییـە کەسـییەکان ڕۆڵـی گرنگتـر لـە پەیوەندییـە نەریتییـەکان دەگێـڕن و بەوجـۆرەش پەیوەندییـە دەرەبەگییـەکان لەنێودەچـن. گەشـەکردنی دانیشـتووان و ماکینیزەبوونـی کشـتوکاڵ، ئـەو ئاغـا و شـێخ و سـەرۆك خێڵانـەی کـە ئێسـتا پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنان و موڵکدارییـە دەرەبەگییـەکان کۆنتـرۆڵ دەکـەن، تووشـی گرفـت دەکات و سـەرئەنجام ئـەو هۆکارانـە گوشـارە چەکدارییەکانـی ئاغاکانیـش ناکاریگـەر دەکـەن.

## 2.فرەڕەهەندیی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و دامەزراوە دەرەبەگییەکان

لـەڕووی مێژووییـەوە پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـی دەرەبەگایەتـی بـە سـێ قۆنـاخ دا تێدەپـەڕن: ڕەنـج- ڕانـت، بەرهـەم- ڕانـت و پـارە- ڕانـت. ئـەو قۆناخانـە بەگشـتی بـەدوای یەکـدا دێـن. لەلایەکـی دیکـەوە، ئەمـڕۆ ئیـدی ناتوانیـن پەیوەندییەکـی چەوسـاندنەوەی دەرەبەگیـی پەتـی ببینیـن. ئـەوە ڕاسـتە کـە لـە هەندێـك شـوێندا پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان کاراکتەرێکـی دەرەبەگییـان هەیـە، بـەڵام بەرهەمەکـە بـۆ بازاڕێکـی سـەرمایەداری دروسـتکراوە. کەوابـوو پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان تایبەتمەندییەکـی فرەڕەهەنـدی هەیـە. دەکـرێ لـە یـەك کات و شـوێندا پەیوەندییـە جۆراوجۆرەکانـی بەرهەمهێنـان تێکەڵـی یەکـدی بـن یـان لـە تەنیشـت یەکتریـدا بـن. لێـرەدا پێویسـتە ئـەو دەرەبەگییـەی کـە باسـی دەکرێـت، لەنێـو ڕەوتێکـی مێژووییـدا، ئەویـش نـەك وەك چەوساندنەوەی دەرەبەگـی بەڵکـو وەکـو پێکهاتەیەکـی کۆمەڵایەتـی سـەیر بکرێـت. واتـە ناکرێـت تەنیـا بـەدوای چەوسـاندنەوەیەکی پەتیـی دەرەبەگیـدا بگەڕێیـن و دامـەزراوە سـەرخانییەکان پشـتگوێ بخەین. چونکە ئـەو دامەزراوانەی وەك

شـێخایەتی و ئاغایـی و سـەرۆك خێڵـی کـە بەگوێـرەی دەربەگایەتی شـکڵیان گرتـووە، ئیـدی لـە خاڵێکـدا لەگـەڵ ژێرخانـدا پەیوەندییەکـی توونودتـۆڵ دروسـت دەکـەن و ناهێڵـن پەیوەندییەکانی ژێرخـان بـەرەو قۆناخێکـی نـوێ بـڕوات.

پێشـتر باسـی ئەوەمـان کردبـوو کـە دابەشـکردنی زەوی تاوەکـو بڵێـی ناهاوسـەنگە. دیـارە لێـرەدا ئـەوەی سیسـتەمە دەرەبەگییەکـە دیـاری دەکات بابەتـی چۆنیەتـی دابەشـبوونی زەویـوزارەکان نییـە، بەڵکـو ئـەوەی دەریدەخـات پەیوەندییەکانـی نێـوان کەسـانی بـێ زەوی و ئەوانەیـە کـە زەوییەکـی کەمیـان لەبەردەسـتە لەگـەڵ موڵکـدارەکان، بـەڵام ئـەوەش راسـتییەکی ئاشـکرایە کـە لـەو شـوێنەی گا و هەوجـاڕ و گاڕی هێزەکانـی بەرهەمهێنـان دیـاری بکـەن، ناهاوسـەنگی لـە دابەشـکردنی زەویـوزار رێ بـۆ چەوسـاندنەوەی دەرەبەگـی خـۆش دەکات.

ئەمـڕۆ دەتوانیـن هەرسـێ قۆناخەکـەی رەنـج- رانـت، بەرهـەم- رانـت و پـارە- رانـت کـە قۆناخەکانـی چەوسـاندنەوەی دەرەبەگیـن، لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ ببینیـن. دەکـرێ لـە چوارچێـوەی (رەنـج- رانـت) دا تەماشـای دۆخـی رێبـەری تەریقـەت و شـێخ و سـەیدەکان بکرێـت. لەڕاستیشـدا ئـەو ئەرکـەی کـە سـەید و شـێخەکان دەیخەنـە سـەر موریدەکانیـان، بێگارییـە. بـۆ نموونـە کارکـردن بەخۆڕایـی لـە بێسـتانی شـێخ یـان دروێنـە و کۆکردنـەوەی خەلـە و خەرمانـی شـێخ و بردنـی دەخڵـودان و باراشـەکەی بـۆ ئـاش و تەنانـەت پاککردنـەوەی ماڵـی شـێخ و کارکـردن لـە باخەکـەی. لێـرەدا رەنجێـك دەدرێـت کـە هیـچ بەرامبەرێکـی نییـە. لـەو جێگایانـەی کـە شـێخایەتی بەربڵاوە، ئەوجـۆرە بێگارییانـە زۆرن. لـە قۆناخـی دوای ئـەوەدا کـە بەرهـەم- رانتـە، شـێخ و ئاغـا و سـەرۆکی خێـڵ، بـێ بەرامبـەر ئیـش بـە کـەس ناکـەن، بـەڵام دەسـت بەسـەر بەشـێك لـەو بەرهەمـەدا دەگـرن کـە بەرهەمهێنـراوە. ئەمـە لـەو شـوێنانەدا کـە خاوەندارێـی موڵکـی گـەورە رەواجـی هەیـە، گونـدەکان گونـدی کەسـێك یـان بنەماڵەیەکـن و لـەو جێگەیـەی کـە پێکهاتـەی خێڵـی لێیـە، شـتێکی بـاوە. لێـرەدا پێویسـتە

بە گومانەوە سەیری ئەو ژمارە و داتایانە بکرێت کە لەلایەن وەزارەتی کاروباری گوندەکانەوە بڵاودەکرێنەوە. لەڕاستیدا ژمارەی ئەو گوندانەی بەم جۆرەن، زۆر زیاترن لەوەی کە راگەیێندراون [89].
لێرەدا ئەوەی بەرهەمهێنەرە، راستەوخۆ بەشێکی بەرهەمەکەی لە کیس دەچێ و چینە سەردەستەکان لێی زەوت دەکەن. ئەگەر زەویوزارەکەی لە ئاغایەك وەربگرێت و کارەکانیشی وەکو ئەرکێك جێبەجێ بکات، ئەوکاتە ئیدی چەوساندنەوەیەکی تەواو دەرەبەگی لەئارادایە، بەڵام ئەگەر زەوییەکەی لە ئاغا بەکرێ بگرێ، یاخود بەربەنیوە کاری لەسەر بکات، ئەوکاتە چەوساندنەوەکە بە تەواوی دەرەبەگی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین کە ئەو هاوبەشییە، جۆرێك لە چەوساندنەوەی نیمچە دەرەبەگییە. لە قۆناخی سێیەمی دەربەگایەتیدا کە لەوەشدا چەوساندنەوەی پارە ـ رانت هەیە، ئیدی نەك رەنجی شان و بەرهەم، بەڵکو بەشێوەی راستەوخۆ پارە زەوت دەکرێ و دەستی بەسەردا دەگیرێت. لێرەدا ئیدی دەتوانین ئەوە ببینین کە بەرە بەرە سەرمایەدارییەکی سەرەتایی شوێنی خۆی دەکاتەوە.
کاتێک دۆخەکەمان بەوشێوەیە روونکردەوە، ئیدی پێویستە تەماشای ئەو رەهەندەش بکەین کە پەیوەندی بە سەرمایەدارییەوە هەیە. بۆ نموونە با سەیری خێڵێکی کۆچەر بکەین. هەرچەندە لە خێڵە کۆچەرییەکاندا بەرهەم زیاتر بۆ بەکارهێنانە، بەڵام بەشێک لە بەرهەمی زیادەش کەڵەکە دەکرێت و بۆ هەندێك دامەزراوەی دیکە بەکاردەبرێت. ئەوانەش چەرچی، بازرگانی قەزا و شارەکانن. چەرچی بە نەخت یان بە قەرز هەندێ کەلوپەل و شتومەکی وەك شەکر و چا، وردەواڵەی وەك بسکیت و یاریی منداڵان دەکڕێت و بە هێستر یان ئاژەڵێك بە لادێیەکاندا دەیانگەڕێنێت. ئەوانەش بە خوری و پێست و

89 - İsmail Beşikci a.g.e, s. 66, diprotu 14

کەتیرە دەگۆڕێتەوە. لێرەدا ئابوورییەکی تەواو سەربەسەر و گۆڕینەوە هەیە کە پارەی تێدا بەکارنابرێت. هەندێ چەرچی میوەی وەکو سێو، هەرمێ و شووتی و...تاد لەگەڵ خۆیان دەبەن. کۆچەرەکان بێجگە لە چەرچی، لەگەڵ بازرگانی قەزاکانیشدا پەیوەندییان هەیە. لەو ئاستەدا مامەڵەیەك نییە و کۆچەرەکان بەروبوومی خۆیان دەبەنە بازاڕ، هەرچەندە ئەو بەرهەمانەش جۆراوجۆر نین، بەڵام لە بەرامبەر ئەوانەدا دەتوانن شتی جۆراوجۆری وەك پێڵاو، جلوبەرگ، قاپ و کەرەستەی لەو شێوەیە وەربگرن. لێرەدا ئیدی پارە لە مامەڵەدا ڕۆڵ پەیدا دەکات. واتە دەکرێ بگوترێ ئابوورییەکە ٪60-50ی سەربەسەر و گۆڕینەوەیە و 40-٪50ی بە پارە دەسووڕێت. یەکێکی دیکە لەو لایەنانەی کە کۆچەرەکان پەیوەندی لەگەڵ دەگرن بۆئەوەی زیادەی بەرهەمەکانیان بفرۆشن، بازرگانی شارە. لەم ئاستەدا ئیدی کەرەستەکانی پەیوەندییە ئابوورییەکە و هەروەها میکانیزمە ئابوورییەکە جیاوازە و شتیکی دیکەیە. لێرەدا بەرهەمی سەرەکی کۆچەرەکان مەڕ و خورییە. پەنیر هەرزانتر بووە و نرخی دابەزیوە و ئابووری پارەش زاڵە. بازرگانی شار لە بەرامبەر ئەو مەڕ و خوریەی کە وەریدەگرێت پارە و قەرز دەدات. بازرگانێک بۆ ئەوەی ڕێ لەوە بگرێت کە کۆچەرێک مەڕوماڵاتی خۆی و خورییەکانی بداتە بازرگانێکی دیکە، پێشتر هەندێک قەرزی دەداتێ و بەوجۆرەش کۆچەرەکە بەخۆیەوە دەبەستێتەوە. هەندێک جار ئەوە بینراوە کە بازرگانێک هەموو ساڵێک مەڕوماڵات و بەرهەمەکانی کۆچەرەکەی کڕیوە.

لێرەدا ئەوەی کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەوەیە کە دەکرێ ئەو سێ لایەنە، واتە چەرچی، بازرگانی قەزا و بازرگانی شار لە بونیادی ئابووری کۆچەریدا، لە یەک کات و لە یەک شوێندا پێکەوە ببینرێن. واتە چەرچی و بازرگانی قەزا و بازرگانی شاریش شتێک نین کە لە پەیوەندیی کۆچەرەکاندا بە دوای یەکدا بێن و دەکرێت پێکەوەبن، ئەمەش بارودۆخێکی تێکەڵ و پێکەڵ نیشاندەدات. پەیوەندی لەگەڵ چەرچیدا جۆرێک لە

پەیوەنـدی بەرهەمهێنانـە کـە لـە ئاسـتێکی خـوارەوەی دەربەگایەتیدایـە، چونکـە لێـرەدا بـاس باسـی پـارە نییـە. لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ بازرگانـی قەزاشـدا نێوەڕۆکێکـی دەرەبەگـی دەردەکەوێـت، بـەڵام پەیوەندییـەکان لـە روانگـەی خێڵـە کۆچەرییەکانـەوە پەیوەندییەکـی دەرەبەگییـە، چونکـە کۆچـەر بەرهەمەکانـی خـۆی دەفرۆشـێت و لەبەرامبەریشـدا نـەوت، قومـاش، خـوێ و پێداویسـتی وەردەگرێـت. کەواتـە لێرەدا بابەتـی ئاڵوگۆڕ و سەربەسـەر هەیـە و بەرهـەم بـۆ بـازاڕ دروسـتناکرێت. لەکاتێکـدا پەیوەندی لەگـەڵ چەرچـی و بازرگانـی قـەزا بـۆ کۆچـەرکان نێوەڕۆکێکـی دەرەبەگـی هەیـە. ئەمـە بـۆ چەرچـی بازرگانـی قـەزاکان، تۆزێک لـە سـەرووی نێوەڕۆکە دەرەبەگییەکـە دەبێـت. ئـەم دووفاقییـە لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ بازرگانـی شـارەکاندا روونتـر دەردەکەوێـت. بازرگانـی شـار لـە پەیوەندیـی خۆیـدا لەگـەڵ کۆچـەرەکان، ئاراسـتەیەکی دەرەبەگـی وەردەگرێـت، کاتێـک روو لـە شـارەکان دەکات، رەهەندێکـی سـەرمایەداری وەردەگرێـت. چونکە بازرگانی شـار سـوودی زۆرلـە بەرهـەم و مەڕومـاڵات و زەویـوزاری دەربەگـەکان وەردەگرێـت و ئەوانـەش بـۆ قازانجـی خـۆی بەکاردێنێـت. ئەوکاتـەش کـە ئـەو مەڕوماڵاتـە دەبـات بـۆ ناوەنـدی گـەورەی بەکارهێنانـی دیکـە، ئیـدی لـەوێ دەربـەگ نییـە. لـەوێ لەگـەڵ سـەرمایەدارانی رۆژئـاوادا پەیوەنـدی دروسـت دەکات، کەواتـە:

1. پەیوەنـدی ئابووریـی خێـڵ دوو رەهەنـدی هەیـە: رەهەنـدی دەرەبەگـی و رەهەنـدی سـەرمایەداری.
2. هەرچەنـدە لـە بەرهەمهێنانـدا پەیوەندییەکـی دەرەبەگی هەیـە، بەڵام بەرهەمەکـە بـۆ بازاڕێکی سـەرمایەداری دەڕوات.

ئـەو پێکهاتـە دووفاقـەی کـە لـەڕووی خێڵەکانـەوە تەماشـامان کـرد، دەتوانیـن لـە پێکهاتـە کۆمەڵایەتییەکانـی دیکـەی رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵیشـدا ببینیـن. بـۆ نموونـە تەماشـای ئاغایەکـی موڵکـدار لـە ئورفـا بکەیـن. پەیوەنـدی ئـەم ئاغایـە لەگـەڵ گوندییەکانـدا بەتـەواوی نیوەڕۆکێکـی دەرەبەگـی هەیـە. واتـە ئاغـا لـە هەندێـک شـوێندا پەیوەندییەکـی بەرهـەم

و رانتـی هەیـە و بەوشـێوەیە گوندییـەکان دەچەوسـێنێتەوە، بـەڵام ئـەم ئاغایـە دەیەوێـت ئـەو بەرهەمەی لە ئەنجامـی چەوساندنەوەی دەرەبەگیدا دەسـتیکەوتووە، لـە بـازاڕە سـەرمایەدارییەکانی رۆژئـاوادا بفرۆشـێت، ئـا لێرەدا ئـەو پەیوەندییـەی ئاغـا لەگـەڵ سـەرمایەدارانی رۆژئـاوادا ئیتـر نێوەڕۆکێکـی دەرەبەگـی نییـە. بەڵکو ئەوە سـەرمایەدارییە و تەقەلا دەکات تاوەکـو لەگـەڵ سـەرمایەدارانی رۆژئـاوا یەکبگرێت. دەتوانین هەمان شـت بـۆ سـەرۆک خێـڵ و شـێخەکانیش بڵێیـن، ئەمـڕۆ هەمـوو سـەرۆک خێـڵ و شـێخ و ئاغایەکـی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ، لـە رۆژئـاوای ئەنـادۆڵ شـوقە و شـوێنی کاریـان هەیـە. لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ سـوود لـە داوونەریتـە دەرەبەگییەکـە وەردەگـرن و خەڵـک دەچەوسـێننەوە و ئـەو بەرهـەم و سـامانە زیادەیـەی کـە بەوهۆیـەوە دەسـتیان دەکەوێـت، لـە رۆژئـاوای ئەنـادۆڵ دەیخەنـە وەبەرهێنانـەوە. کەوابـوو دەتوانیـن لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ شـێوازی جۆراوجـۆری پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنـان لە یەک کاتدا و لـە یـەک شـوێندا ببینیـن. ناتوانیـن بڵێیـن پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـی دەرەبەگـی بـە رێـژەی ئەوەنـدە یاخـود پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـی سـەرمایەداری بەرێـژەی ئەوەندەیە. پەیوەندییەکی فرەجۆری بەرهەمهێنان زاڵـە و بێگومـان ئـەو پەیوەندییـەش سـەرمایەدارییە [90].

## 3. دواکەوتوویی پێکهاتەیەکی مێژووییە

هەرکاتێـک باسـی دواکەوتوویـی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ کـراوە، باسـی دوو هـۆکار کراوە: یەکەم، رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لەلایەن دەسـەڵاتی سیاسـییەوە پشـتگوێخراوە. دووەم، هێشـتا شـوێنەواری سـەدەکانی نێوەڕاسـت وەکـو خێـڵ، شـێخایەتی و ئاغایەتـی، بـە پێکهاتـەی ئابـووری و کۆمەڵایەتیـی

90 - Bu konuda Bk. Korkut Boratav, "Tarmda Hlakim Uretim İlişkileri Üzerine", PD Aydınlık, Savı 1-15, Ocak 1970, s. 179-180

ناوچەکـەوە دیـارە. پارتـی گـەلـی کـۆمـاری لـە بەیاننامـەی هەڵبژاردنـی 12ی ئەیلوولـی 1969دا ئـەم بۆچوونـەی بەشـێوەیەکی روون و ئاشـکرا دەربڕیوە [91]، هەندێک نووسـەریش لە بابەتەکانی خۆیاندا شـتی وایان باسکردووە[92]. بـەڵام راسـتییەکەی ئـەو هۆکارانـەی بـۆ روونکردنـەوەی پرسـی رۆژهـەڵات ریزکـراون هـۆکاری دواکەوتوویـی ئـەو ناوچەیـە نیـن. ئیسـماعیل جـەم لـە شـوێنی خـۆی و بەشـێوەیەکی راسـت ئـەوەی خسـتووەتەڕوو کـە ئەوانـەی دەگوترێـن تەنیـا رواڵـەت و ئاماژەکانـی دواکەوتوویـن، پێویسـتە لـە رەهەندەکانـی ئابـووری و کۆمەڵایەتییـەوە ئەمـە بەڕوونـی دەربخرێـت. لەڕاسـتیدا ئەوانـەی کـە سـەبارەت بـە دواکەوتوویـی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ باسـکراون، نـەک هـۆکاری دواکەوتوویـی، بەڵکـو ئەنجامەکانـی کۆمەڵێـک سیاسـەتی ئابـووری و کولتووریـن کـە لـەوێ پەیڕەوکـراون. بوونـی ئاغایەتـی و شـێخایەتی و خێـڵ کـە دامـەزراوەی چاخەکانـی نێوەڕاسـتن، هـۆکاری دواکەوتوویـی رۆژهـەڵات نیـن. لەسـەرڕێ مانـەوەی ئـەو دامەزراوانـە، دەرئەنجامـی ئـەو سیاسـەتە ئابـووری و کولتـووری و کۆمەڵایەتیانەیـە کـە دەسـەڵاتی سیاسـی پەیـڕەوی کـردوون. پشتگوێخسـتنی رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵیـش لەلایـەن دەسـەڵاتە سیاسـییەکانەوە دیسـان هـەر بەرهەمـی ئـەو سیاسـەتانەیە. چونکـە دیاردەی دواکەوتوویـی ئیـدی تەنیـا بـە کەمیـی داهاتـی نەتەوەیـی یاخـود خـۆراک (بەدخۆراکـی)، لاوازیـی پیشەسـازی و کەمیـی خوێنـدەواری روونناکرێتـەوە. بۆیـە پێویسـتە بابەتـی دواکەوتوویـی و پاشـڤەڕۆیی لەنێـو پێکهاتەیەکـی مێژوویـدا و بەشـێوەیەکی دینامیـک لەبەرچـاو بگیرێـت. لێـرەدا پێویسـتە زۆر ئازایانـە و دوور لەهـەر جـۆرە هەسـت و سـۆزێک، بـە شـێوەیەکی زانسـتیانە وەڵامـی ئـەم دوو پرسـیارەی خـوارەوە بدرێتـەوە:

---

91 - CHP'nin Duzen Değişikliği Programı, "Doğu da Yeni ve Halkçı Düzen", Arkara 1969, Bolum 6, s. 45

92 - Özer Ozankaya, "Doğu Anadolu Sorunu", Siyasal Bilgiler Fakültesi Dergisi, Cilt 24, Savı 3, s. 75 vd

1. ئەگــەر لــە ڕۆژهەڵاتــی ئەنــادۆڵ، خزمەتگوزارییــە جۆراوجــۆرەکان و پەیوەندییەکـی سـەرمایەداری پێشـخرابووایە، ئاغایەتی، شـێخایەتی، خێڵ و دامــەزراوە دەرەبەگییــەکان دەمانــەوە؟
2. بۆچـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی لەجیاتـی ڕووخاندنـی دەربەگایەتـی و هێنانی پەیوەندییــە ســەرمایەدارییەکان، لەگــەڵ پاشــماوەکانی دەربەگایەتــی دەبێتـە هاوپەیمـان و ئەمانـە لەگـەڵ چینـە سەردەسـتەکانی ڕۆژئـاوای ئەنـادۆڵ یەکانگیـر دەکات؟

بەبێ لەبەرچاوگرتنـی ڕەهەنـدی ئەتنیکـی، ناتوانیـن وەڵامێکـی دروسـت بـۆ ئـەو پرسـیارانە بدۆزینـەوە.

چونکـە دواکەوتوویـی و هــەژاری تەنیـا تایبــەت بـە ڕۆژهەڵاتــی ئەنــادۆڵ نیــن، بەڵکــو پرســی هەمــوو تورکیــان. بــۆ نموونــە، لــە نێوەڕاســت و ڕۆژئـاوای ئەنادۆڵیـش هاوشـێوەی ڕۆژهــەڵات، گونـد و ناوچــەی واهــەن کــە بەدواکەوتوویــی ماونەتــەوە. لێــرەدا پێویســتە شــتێکی زۆر گرنــگ ڕوونبکەینەوە. ئەوە شـتێکی ئاشـکرایە کە هەموو دەسەڵاتە ناوەندییەکان لەگـەڵ چینـە سەردەسـتەکاندا هاوپەیمانـی دەکـەن، بـە واتایەکـی دیکـە دەسـەڵاتی ناوەنـدی لـە ژێردەسـتی خـودی چینـە باڵادەسـتەکاندایە، بـەڵام بۆچـی ڕۆژئـاوای ئەنادۆڵ یەکسـەر کەوتـە نێو پەیوەندییەکی سـەرمایەداری، بــەڵام ڕۆژهــەڵات هــەر لــە سیســتمی دەرەبەگیــدا ماوەتــەوە؟ بۆچــی تائێســتا چینــە سەردەســتەکانی ڕۆژهــەڵات درکیــان بــەوە نەکــردووە کــە ئـەو بەرهەمـە زیادەیـەی لـە سیسـتمی بەرهەمهێنانـی دەرەبەگیـدا هەیـە بەرهەمێکــی کەمــە و شــێوە چەوســاندنەوەی دەرەبەگــی دەســتکەوتێکی کەمتـری هەیـە، بـەڵام لـە ڕۆژئـاوای ئەنـادۆڵ، خـاوەن موڵکـەکان یاخـود خاوەنـی زەویـوزارەکان بەرهەمـی زیاتریـان هەیـە و سـەروەت و سـامانێکی زۆرتـر کۆدەکەنـەوە؟ بۆچـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی هێشـتوویەتی ئـەوان بـە دەرەبەگــی بمێننــەوە و نــەک هــەر ئــەوە، تەنانــەت لەگەڵیشــیان دەبێتــە هاوپەیمــان؟

## 4. حکومەت و سنجاقە کوردییەکان لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا

ئەو شێوازی خاوەندارییەی زەویوزار کە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ هەیە، ڕەگوڕیشەی بۆ قۆناخەکانی بەر لە ئیمپراتۆریی عوسمانی دەگەڕێتەوە. لە چاخە سەرەتاییەکاندا، کورد لە خوارووی دەریاچەی وان هەبوون، بەڵام ئەوکات تەنیا لەگەڵ فراوانخوازیی عەرەبدا وەک هێزێکی سیاسی دەرکەوتوون. ئەوکاتەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ڕووبەڕووی سوپای عەرەب بوونەوە، لە سیستمێکی دەرەبەگیی سەرەتاییدا دەژیان. لەبەرئەوەی کە بە ئاسایی چوونە ناو ئیسلامیشەوە، شەڕی خوێناویی گەورەیان لەگەڵ سوپاکانی ئیسلام نەکرد و بەوجۆرەش، سیستمە دەرەبەگییەکەی کورد لەدوای فراوانخوازیی عەرەبیش هەر بەردەوام بوو.

تورک بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1028 ڕوویان لە ئەنادۆڵ کرد. لە شەڕی 1071 ی (مەلازگرد)دا قۆناخی هاتنی تورکەکان بۆ ئەم ناوچەیە تەواو بوو. لەکاتی هاتنیشیان، بەر لە هەموو شتێک، لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ڕووبەڕووی سیستمی خێڵەکیی کورد بوونەوە. تورکەکان سەرەتا ویستیان هەموو خێڵە کوردەکان لەنێوبەرن و بەخۆیانەوە بیانبەستنەوە. بۆیە لەنێوان بەرەبابەکانی تورک و خێڵە کوردەکاندا شەڕی گەورە ڕوویاندا. دواتر تورکەکان تێگەیشتن کە ناتوانن سیستمی خێڵە کوردەکان لەنێوبەرن، بۆیە دانیان بەو سیستمە دانا و لەگەڵیان بوونە هاوپەیمان. بەوجۆرە چ لەکاتی هاتنی تورکەکاندا و چ لە سەردەمی ئیمپراتۆریی سەلجوقیدا، خێڵە کوردەکان توانییان سیستمی خۆیان و شێوازی بەرهەمهێنانی دەرەبەگیی خۆیان درێژە پێبدەن.

لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا سیستمە دەرەبەگییەکەی کورد، بەبێ ئەوەی گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردابێت بەردەوام بوو. لە سیستمی عوسمانیدا، زەویوزار لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا بوو،

مافــی بەکارهێنانــی زەویوزاریــش لەڕێــی (تیمــار و زەعامــەت) بــە رەعیەتـەکان دەدرا، بـەڵام لەبەرئـەوەی پادشـا مافێکـی بێسـنووری بەسـەر ئیمپراتۆرییەکـەدا هەبـوو، بـە هـۆکاری جۆراوجـۆر، زەویوزارێکـی زۆری بـە خەڵکـی جیاواز دەدا. بەوجـۆرەش، ئـەو زەویوزارانـە لە دەرەوەی سیسـتمی موڵکداریـی عوسـمانی مانـەوە و لـە چوارچێوەیەکی یاسـایی تایبەتـدا کاریان لەسـەر کـرا. ئەوکاتـەی عوسـمانییەکان بەنیازبـوون رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ فەتـح بکـەن، رووبـەڕووی سیسـتمی دەرەبەگیـی کـورد بوونـەوە. سـەرەتا هەوڵیانـدا بەشـێوەیەکی ئۆرگانیـک ئـەو سیسـتمە تێکەڵـی خۆیـان بکـەن، بـەڵام لـە ماوەیەکـی کورتـدا تێگەیشـتن کـە ئەمـە نابێـت، چونکـە کوردیش گەلێکـی شـەڕکەر و هێرشـبەر بـوون. ئیدی دەوڵەتی عوسـمانی تێگەیشـت کــە ناتوانــن کــورد تێکەڵــی خــۆی بــکات و هەوڵیــدا ناوچەکەیــان وەکــو ناوچـەی پێکـدادان لەبەرامبەر دووژمنەکانی خۆی بەکاربێنـن. لەبەرئەوەش، لەنێـوان دەسـەڵاتی ناوەندیـی عوسـمانی و سیسـتمی دەرەبەگیی کـورددا، لەسـەر بنەمـای هاوسـەنگیی هێـز، رێککەوتنـی نەنووسـراو کرا. بـە گوێرەی ئـەو رێککەوتنـە، دەوڵـەت دەسـتی وەرنەدایـە ناوچـەی بەگـە کـوردەکان و لەبەرامبــەر ئەوەشــدا خێڵــە شــەڕکەرەکانی کــورد لــە دژی دەســەڵاتی ناوەنـدی یاخــی نەبــوون [93]. بگــرە لــە دژی دووژمنەکانــی عوســمانی کــە ســەفەوی و مەمالیــک بــوون، یارمەتیــی دەوڵەتــی عوســمانییاندا. لــە پەیوەندیـی نێـوان کۆمەڵگـەی کـوردی لە رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵ و دەسـەڵاتی عوسـمانیدا سـێ جـۆر سیسـتم هەبـوون:

ا. حکومەتە کوردییەکان
ب. سنجاقە کوردییەکان (یورتلك و وەجاخ) کە درابووە بەگەکانی کورد.
ج. سنجاقەکانی دەوڵەتی عوسمانی

93 - Ismail Cem, Tirlayrile Gri Raimagign Tarihi, Cem Ynmevt, İstanbul 1970, s 14.

لەنێو ئەوانەدا حکومەتە کوردییەکان یەکەی تەواو سەربەخۆی دەرەبەگی بوون. دەوڵەتی عوسمانی دەستی لە زەویوزار و کاروباری خێڵەکانی ئەو حکومەتانە وەرنەدەدا. لە نموونەی ئەو حکومەتانە دەتوانین ناوەکانی جزیرە، هازرۆ، ئەغیل، پاڵۆ، کیە، بتلیس، هیزان، هەکاری، مەحموودی، شارەزوور، عەمادیە، میهریڤانا، ئوشتی و ئەکراد بژمێرین (94). ئەولیا چەلەبی لە گەشتنامەکەی خۆیدا وا باسی هەندێک حکومەت و بەگایەتی کوردی کردووە کە "ناتوانرێت لەکار لابدرێن" و مەبەستیشی ئەمانە بووە (95).

ئەو سنجاقانەی بە سەرۆک خێڵەکان درابوون، لە سنجاقەکانی دیکە جیاواز بوون و دەسەڵاتە ئیدارییەکانی ئەوانە، نزیکەی هێندەی دەسەڵاتی حکومەتەکان بووە. لەو جۆرە سنجاقانەدا، زەویوزاری سەرۆک خێڵەکان وەرنەدەگیرایەوە و کەسی بیانی بۆ ئەو موڵکانە دەستنیشان نەدەکران. بە واتایەک خاوەنی زەویوزار و سەرۆکی سنجاقەکەش هەر هەمان سەرۆکی خێڵ بوو، بەڵام جیاواز لە حکومەتەکان، سەرۆکی خێڵ کە لە هەمان کاتدا بەگی سنجاقیش بووە، لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتانەی، ناچاربووە بەشداری لە شەڕەکاندا بکات (96) لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ نزیکەی پەنجا سنجاق هەبووە.

وەک لەوانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کۆشکی عوسمانی هیچ کات نەیتوانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ تێکەڵی خۆی بکات. لە بارودۆخێکی بەوشێوەیەدا پەیوەندییە دەرەبەگییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بۆ ماوەی چەندین سەدە درێژەیان کێشاوە و ڕووداوەکانی نێو ئیمپراتۆری کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر دانەناون. وەکو دەزانرێت یەکێک لە

---

94 - Ismail Cem, a.ge., s. 368

95 - Şeratettin Turan, 17. Yüzyılda Osmanlı Imparatorluğu'nur Idari Taksimau", Ataturk Üniversitesi 1961 Yılliğ, Erzurum 1963, s. 205 11. Elina Çelebi Seyahatnamesi, 6. kitap, Türkçeleştiren: Zuhuri Danışman, Zuhurn Danışman Yay. İstanbul 1970, s. 263.

96 -. Muraffer Erdost, "Türkiye'dle Feodalizmin Kaynaklan ne Bugünkü Durumu Uzer- ine Bir Taslak", Avdınlık, Sayı 5, s. 363.

ئەنجامەکانی پەیوەندی بەرهەمهێنانی دەرەبەگی ئەوەیە کەوا بەرهەمی زیادە و کەڵەکەبووی کەمە. ئەمەش هۆکارێکی گرنگە کە کاریگەری لەسەر کرانەوەی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بەڕووی دەرەوە و یەکگرتن لەگەڵ هۆکارە دەرەکییەکان دادەنێت. ئەو بەرهەمە زیادەیەش کە لە ئەنجامی ئاژەڵداریدا دەستکەوتووە، زیاتر لەوەی کە بەرەو رۆژئاوای ئەنادۆڵ بچێت، بەرەو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست رۆیشتووە. بەوجۆرەش رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ سیستمێکی تایبەتی ئابووری هەبووە. ئەم پەیوەندییە لەو قۆناخانەشدا کە ئیمپراتۆری لە ئاستێکی بەرزی هێز و دەسەڵاتدا بووە، هەر بەوجۆرە بەردەوام بووە، بەڵام لەگەڵ هاتنی سەردەمی تەنزیمات، بەتایبەتی بەهۆی کاریگەرییەکانی رۆژئاوا، هەندێک شت گۆڕان. لەم قۆناخەشدا ئیمپراتۆریی عوسمانی کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو بزاقە نەتەوەگەرایانەی کە لە رۆژئاوا دروستبوون و لە ئەنجامی ئەوەشدا، گەلانی بەڵکان بەشێوەیەکی خێرا سەربەخۆییان وەرگرت.

لەو قۆناخەدا کە بزاقە نەتەوەگەراکان گەشەیان دەکرد، کۆشکی عوسمانی سیاسەتێکی زۆر سەرکەوتووانەی لەسەر رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ پەیڕەو کرد کە رێی لەوە گرت گەلی کورد بەرەو ناوەندیبوون و یەکڕیزی بڕوات و، هەروەها کورد و ئەرمەنی بەگژی یەکتردا کرد و بەوجۆرەش رێی لە دامەزراندنی ئەرمەنستانی گەورە گرت. ئەو تاکتیکەش پەیوەندی بە دامەزراندنی فەوجەکانی حەمیدییەوە هەبوو کە ساڵی 1891 لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە دامەزرا و ژمارەیان 36 فەوج بوو. ئەوانە لە دوو روانگەوە قازانجیان بۆ کۆشکی عوسمانی هەبوو:

یەکەم، ئەو ناکۆکییەی کە لەنێو کوردەکان هەبوو، ئەم جارە بەشێوەی چەکداری درێژەی پێدرا و بەوەش رێ لە ناوەندیبوون و یەکبوونی گەلی کورد گیرا. ئەو پلانەی سوڵتان عەبدولحەمید کە لەم تایبەتمەندییەی خێڵە کوردەکان تێگەیشت و بەگوێرەی ئەوە سیاسەتی دانا، بۆ کۆشکی عوسمانی سەرکەوتن بوو.

دووەم، لەڕێـی دامەزراندنـی فەوجەکانـی حەمیدییـەوە، ئـەم جارەیـان لەنێـوان گەلانـی موسـڵمانی عوسـمانیدا، لەنێـوان تـورک و عـەرەب و کورد و هتـد، یەکێتییەکـی دروسـتکرد و بـە بەکارهێنانـی ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی، شـەڕێکی بێئامانـی لـە دژی ئەرمەنـەکان دەسـتپێکرد. کۆشـکی عوسـمانی کەڵکـی لـەو هاوسـەنگییە وەرگـرت کـە لـە ئەنجامـی پێکدادانـی گـەلان لـە دژی یەکـدی دەرکـەوت و بەوجـۆرەش رێـی لـە راپەڕینێکـی چاوەڕوانکـراو لە دژی خـۆی گـرت. دەتوانیـن نموونـەی ئـەو سیاسـەتی هاوسـەنگییە نـەک تەنیـا لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ، بەڵکـو لـە شـوێن و لـە پرسـی جۆراوجـۆری سیاسـی دیکـەی ناوخـۆی عوسمانیشـدا ببینیـن [97].

وەکـو دەزانرێـت لـە سـاڵانی کۆتایـی ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا و لـە سـاڵی 1858، سـەرەڕای دەرچوونـی یاسـای زەویـوزار، زەوییـەکان بەتـەواوی کەوتنـە ژێـر دەسـەڵاتی دەربەگـە ناوچەییـەکان و ئـەم قۆناخـەش بـە گوێـرەی لاوازبوونـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی زۆرتـر بـوو. لەگـەڵ دامەزراندنـی کۆمـاردا، رووبـەڕووی رووداوی زۆر گرنـگ دەبینەوە. تاوەکـو ئەوکاتە، ئاغا و شـێخ و سـەرۆک خێـڵ و چینـە سەردەسـتەکانی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ وەکو دەرەبـەگ حوکمیـان بەسـەر زەویوزارەکانـدا دەکـرد، بـەڵام لەگـەڵ هاتنـی کۆمـار، بەتایبەتـی لەگەڵ پەسـەندکردنی یاسـای مەدەنی، ئیـدی خاوەنداریی زەویـوزارەکان روویەکـی یاسـایی وەرگـرت و بـە فەرمـی قبـووڵ کـرا. گرنگە لـەم رووداوە بـە باشـی تێبگەیـن: بۆچـی لەکاتـی دەربازبـوون لـە سیسـتمی زەویـوزاری عوسـمانییەوە بـۆ خاوەنداریـی تایبـەت، لەگـەڵ پەسـەندکردنی یاسـای مەدەنـی و راگەیاندنـی کۆمـاردا هیـچ نارەزاییـەک نەبـوو؟ یاخـود بۆچـی گۆڕانکارییەکـی وای نەکـرد کـە خاوەنداریـی زەوی بدرێتـە خەڵـک؟ لەڕاسـتیدا پێویسـت بە شـتێکی بەوشـێوەیە نەبوو، چونکە لە سـاڵانی دواى ئیمپراتۆریـدا، خاوەنداریـی زەویـوزارەکان کەوتبـووە دەسـتی دەرەبەگەکان. دەرەبەگـە لۆکاڵییەکانیـش ئەمەیـان بـە زۆر و بـە چاوسـوورکردنەوە لـە

97 - Tevik Çavdar, Osmanhılann Yarı Sömürge Oluşu, Ant Yayınlar, Istanbul 1970, s. 49

خەڵـک وەرگرتبـوو. لـەو روانگەیەشـەوە ئیـدی پێویسـتی بـەوە نەدەکـرد لەگـەڵ راگەیاندنـی کۆمـاردا خاوەنداریـی زەویـوزارەکان بداتـە خەڵـک و بۆئـەوەش یاسـایەکی نـوێ دەربـکات. یاسـای مەدەنـی تەنیا قبووڵکردنـی ئـەو راسـتییە ئابـووری و کۆمەڵایەتییـە بـوو، ئـەم هـات مۆرکێکـی یاسـایی پێـدا و رەوایـی پێبەخشـی.

لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ، لـە سـاڵی 1921 و تاوەکـو ئـەم سـاڵانەی دواییـش، گۆڕانێکـی بنەڕەتـی لـە خاوەنداریـی زەویـوزاردا روویـنـەداوە. ئـەو راپەڕینانـەش کـە لـەدوای هەڵوەشـانەوەی خەلافـەت و راگەیاندنـی کۆمـار کـران و ئـەو دوورخسـتنەوانەش کـە پـاش راپەڕینـەکان جێبەجێکـران، ئـەو دۆخەیـان نەگـۆڕی.

## 5. ئایدیۆلۆژیای شەڕی رزگاری

شـەڕی رزگاری شـەڕێکی دژە ئیمپریالیسـتییە لەبەرامبـەر ئـەو هێزانـەی کـە دەیانویسـت ئیمپراتۆریـی عوسـمانی داگیـر بکـەن. بۆیـە دروشـمی دژە ئیمپریالیسـتیی زۆری تێـدا دەگوترایـەوە، بـەڵام ئـەو شـەڕە هیـچ کات شـەڕێکی دژە دەرەبەگـی نەبـوو، بۆیە زۆر جێگەی ئەو دروشـمانە نەکرایەوە کـە باسـی مافـە دیموکراسـییەکان دەکـەن. مـادام شـەڕەکەش شـەڕێکی دژە دەرەبەگـی نەبـوو، پشـتیوانیی دەربەگـەکان بەدەسـتهێنا. ئەمـەش بـە ئاشـکرا لـە رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـدا دەبینرێـت. هـەر لێـرەدا پێویسـتە لێکۆڵینـەوە لـەوە بکرێـت کـە مسـتەفا کەمـال لەنێـوان سـاڵانی 1919 ـ 1922 کام ئایدیۆلۆژیـای "شۆڕشـگێڕ"ی بەکارهێنـاوە بـۆ ئـەوەی پشـتیوانی لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ وەربگرێـت. لـەو روانگەیـەوە پێویسـتە لێکۆڵینەوە لـە ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی بکەیـن. لەبەرئـەوەی شـەڕەکە شـەڕێکی دژە دەرەبەگـی نەبـوو، ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی بەشـێوەیەکی فـراوان بەکارهـات. لەکاتـی شـەڕدا و بەتایبەتـی لـە کۆنگرەکانی ئەرزڕووم و سـیواس، مسـتەفا کەمـال ئایدیۆلۆژیای ئایینی بەشـێوەیەکی فـراوان بەکارهێنـا و بەوجۆرەش

توانی خێڵە کوردەکان لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بەرەو بزاڤی شۆڕشگێڕی رابکێشن. مستەفا کەمال لە نامەکانی خۆیدا بۆ حاجی مستەفا بەگ سەرۆکی خێڵی موتکی، حەزرەتی شێخ عەبدولباقی ئەفەندی، کوفرەوی زادەی بتلیس، حەزرەتی عەبدولڕەحمان ئاغای شرناخ، حەزرەتی عومەر ئاغای دەرشەقلی، حەزرەتی رەسوڵ ئاغای موساشلی، حەزرەتی شێخ مەحموود ئەفەندی شێخی گەورەی نورشین، حەزرەتی شێخ زیائەئایین ئەفەندی و جەمیل چەتۆ بەگ لە سەرۆکەکانی گارزان، باسی ئەوەی کردووە کە سەڵتەنەت و خەلافەت و دنیای ئیسلامی لە مەترسییەکی گەورەدایە و بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خەلافەت درێژەی هەبێت، پێویستە لە بەرامبەر دووژمن شەڕبکرێت. ئەم گوزارشتەی مستەفا کەمال لە نامەکانیدا بۆ سەرۆک خێڵەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ هەیە: "ئاگاداری ئەوەم کە زاتی فازیلانەی ئێوە لە ماوەی شەڕی گشتیدا، یارمەتی زۆر باشی سوپای عوسمانیتان داوە و پەیوەندییەکی لە دڵەوەتان بۆ خەلافەت و سەڵتەنەت پیشانداوە. لەبەرئەوەش، لە دڵەوە رێزێکی زۆرم بۆ ئێوەی پایەبەرز هەیە".

"روون و ئاشکرایە کە چۆن ئەمڕۆ دووژمنان، هەڕەشە لە پێگەی خەلافەت و سەڵتەنەتی عوسمانی و وڵاتی پیرۆزمان دەکەن و پێداگری دەکەن لەوەی کە پارێزگاکانی رۆژهەڵاتمان رادەستی ئەرمەنەکان بکەن".

بەکارهێنانی ئایدیۆلۆژیای ئایینی تەنیا لە قسە و نووسینەکانی مستەفا کەمالدا نییە، ئەمە لە نووسینی جۆراوجۆری کازم قەرەبەکر فەرماندەی سوپای شەرق و فەرماندەی سوپای پازدە لە شەڕی رزگاریشدا هەیە[98]. دیارە ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کە ئایدیۆلۆژیای ئایینی نێوەڕۆکێکی شۆڕشگێڕانەی وەرگرتبێ، چونکە ئایین لە دامەزراوەکانی وەک شێخایەتی و تەریقەتدا رۆڵی زیاتر دەبێت. لەڕاستیدا ئەو دامەزراوانەش

---

98 - Nutuk, Cilt III, Vesikalar, Vesika 47, 48, 49, 50, 51, 52, 53

ڕەنگدانـەوەی شـێوازی بەرهەمهێنانـی دەرەبەگیـن. کاتێـک لـە شـەڕێکدا پشــت بــە دامــەزراوە دەرەبەگییــەکان دەبەســتی، بتــەوێ و نەتــەوێ ئیمتیازیـان پێـدەدەی، بـەڵام ئایا لەنێـوان 1919 ـ 1922 لـە هەلومەرجـی ئەوکاتــەی تورکیــادا هیــچ ڕێگەیەکــی باشــتر هەبــوو بــۆ ئــەوەی خێڵــە کـوردەکان بەشـداری "شـۆڕش" بکـەن؟ بـەڕای مـن نەخێـر. چونکـە لەکاتـی شـەڕی ڕزگاریـدا ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز بـە هەمـوو شـێوەیەک هەوڵیـدەدا کـورد بـەرەو لای خـۆی ڕابکێشـێ و ڕێ لـە بزاڤـی ڕزگاریـی ئەنادۆڵ بگرێـت. لێـرەدا ڕێگرتـن لـەو کارانـەی ئیمپریالیـزم لەڕێـی بەکارهێنانـی ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی مومکین بـووە. کۆکردنـەوەی مـەلاکان و پێکهاتـە دەرەبەگییەکانی دیکــە لــە دەوروبــەری خــۆی، واتــای ئەوەیــە کــە مســتەفا کەمــال بــە ئەنــدازەی ئیمپریالیــزم ئــاگای لــە پێکهاتــەی خێــڵ بــووە و ئەوانــەی لــە قازانجـی ئایدیۆلۆژیاکـەی خـۆی بەکارهێنـاوە. لێرەشـدا دوو خاڵـی زۆر گرنگ هــەن:

## ا. هەڵوێستی مستەفا کەمال و ئیمپریالیزم لە هەمبەر پێکهاتەی خێڵ

هیـچ جیاوازییـەک نییـە لەنێـوان ئـەو قسـەیەی سـەرۆك خێڵـەکان بـۆ مسـتەفا کەمـال کـە "بەڵـێ ئێمـە لەگـەڵ ئێوەیـن و لەپـاڵ ئێـوەدا شـەڕ دەکەیـن"، لەگـەڵ ئـەوەی بـە ئیمپریالیزم بڵێـن "بەڵێ ئێمە لەگـەڵ ئێوەین". چونکە لە ڕێکخسـتنی سیاسـی و کۆمەڵایەتیی خێڵدا، هۆشـیاریی نەتەوەیی نییـە و کاتێکیـش کـە هۆشـیاریی نەتەوەیـی نەبـوو، ئیتر قەناعەتی سـەرۆک خێـڵ بـە بنەمـا وەردەگیرێـت. خـۆی لـە خۆیـدا لـە سیسـتمی خێڵەکیـدا پلەبەندییـەك هەیـە و هەمووان ملکەچی دەسـەڵاتی سـەرۆکی خێڵ دەبن. لـەو ڕوانگەیـەوە، لـە پێکهاتەیەکـی کۆمەڵایەتـی و ئابووریدا کە هۆشـیاریی نەتەوەیـی گەشـەی نەکـردووە و تەنیا بەرژەوەندیـی خێـڵ لـە پێشـە، هیـچ جیاوازییـەك نییـە لەنێـوان ئـەوەی سـەری بەڵـێ بـۆ مسـتەفا کەمـال یاخود

ئینگلیـز بلەقێنـن. مسـتەفا کەمالیـش بـە ئەنـدازەی ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز ئـاگای لـەم تایبەتمەندییـە ناوازەیـەی پێکهاتـەی خێڵ بـوو، بۆیـە هەوڵیداوە ئـەوان بـەرەو تێکۆشـانی "شۆڕشـگێڕانە" رابکێشـێ و بـۆ ئـەوەش پەنـای بـۆ ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی بـردووە. بەوجـۆرەش رێـی لـەوە گرتـووە کـە خێڵەکانی کـورد بچنـە پـاڵ ئیمپریالیـزم. بەتایبەتیـش کـە ئـەم خێڵانـە موسـڵمانن و سـوورن لەسـەر پابەندبـوون بـە سـەڵتەنەت و خەلافـەت. لـە سـایەی ئایدیۆلۆژیـای ئیسـلامدا، کورد نەبوونە هاوپەیمانی ئەرمـەن. هاچادۆر ئاغای ئەرمەنـی نامەیەکـی بـۆ سـەرۆک خێڵەکانی کورد نووسـیوە و ویسـتوویەتی بـەرەو لای خۆیـان رایانبکێشـێ. لـە نامەکـەدا دەڵـێ: "پێکەوەژیانی ئاشـتیانە و برایانـە لەگـەڵ کـورد و دامەزراندنـی دەوڵەتـی خۆمـان و پەیوەندییەکـی بـاش و پێکەوەژیانێکـی ئاشـتیانە و برایانـە، ئامانـج و ئـارەزووی گـەورەی ئێمەیـە... ئەمـڕۆ نەبێـت سـبەی، سـبەی نەبێـت دووسـبەی، رۆژێـک دێت کە ببینـە دۆسـتی یـەک. ئێمـە میللەتـی کـورد بـە رەسـەن و پلەبـەرز تەماشـا دەکەیـن، بـەڵام نازانیـن بۆچـی ئـەوان نەیانویسـت لەگـەڵ ئێمـە رێکبکەون؟ هەمـوو بەرپرسـانی ئەرمەنـی ئارەزوویـان ئەوەیە کـە پەیوەندییەکـی برایانە لەگـەڵ بـەگ و خێڵـەکان و میللەتـی کـورد دروسـت بکـەن" [99].

وەڵامـی سـەرۆک خێڵەکانـی کوردیـش بـەم جـۆرە بـوو: "... نامەکەتـان گەیشـت. تەنانـەت ئەوکاتـەش کـە ئەرمەنـەکان بەختـەوەر بـوون، بـۆ ئامانجـی خۆیـان هەمـوو شـتێکی خراپیـان کـرد. بـۆ نموونـە لەکاتـی شـەڕدا بـە چەکـەوە رایانکـرد و تێکەڵـی سـوپای رووس بـوون. ئێـوە ناتوانـن نکۆڵـی لەمـە بکـەن. ئامانجـی ئەرمەنـەکان روونـە و دەرفەتـی پێکەوەسـازانیان لەگـەڵ میللەتـی کـوردی موسـڵمان نەمـاوە. ئـەوە مـاوەی پێنـج سـاڵە دەیانەوێـت ئیسـلام لەنێوبـەرن و هـەر دەرفەتێکیـان دەسـت دەکـەوێ، بەپێچەوانەی هەسـتی موسـڵمانەکان، دەسـتدرێژی دەکەنە سـەر دەوڵەتی عوسـمانی و ئـەو شـتانەش بـە رەوا دەزانـن. بۆیـە ناتوانـن لەگـەڵ میللەتی

99 - Kazım Karabekir, Istiklal Harbimiz, 2. Baskı, Türkive Yıyımev, stanbul 1969, s. 155

کــورد پێکەوەبــن. کــورد کــە بەســەر ئەرمەنەکانــدا زاڵ بــوون، ناچنــە ژێــر رکێفــی ئــەوان. شــتی وا مومکیــن نییــە". [100]
وەکـو دەبینرێـت لە سـاڵانی شـەڕدا زیاتر لە نەتـەوە، ئایدیۆلۆژیـای ئوممەت زاڵ بووە.

## ب. برایەتیی کورد و تورک و برایەتیی هەموو گەلان

لــە ســاڵانی شــەڕدا، چەنــدە ســوود لــە ئایدیۆلۆژیــای ئوممــەت وەرگیرابــێ، ئەوەنــدەش ســوود لــە مەســەلەی برایەتیــی گــەلان و برایەتیــی کــورد و تــورک وەرگیــراوە. مســتەفا کەمــاڵ لــە ئایــاری 1920 دا و لــە کۆبوونــەوەی پەرلەمانــدا گوتــی: "ئەوانــەی مەجلیســی بــاڵای ئێمەیــان پێکهێنــاوە تەنیــا تــورک و لاز نیــن، بەڵکــو تێکەڵەیەکــە لــە هەمــوو پێکهاتەکانی موســڵمان و دەســتەیەکی نیازپــاک. بۆیــە ئــەو میللەتــەی کــە دەمانەوێ بەرگــری لێبکەیــن و بیپارێزیــن تەنیــا یــەک پێکهاتــە نییــە. بەڵکو لە پێکهاتــە جیاوازەکانــی دنیای ئیســلام پێکهاتــووە و هــەر پێکهاتەیەکیــش لەنێــو ئــەم دەســتەیەدا، بــرای ئێمەیــە و بەرژەوەندیمــان هاوبەشــە و هاونیشــتیمانیی ئێمــەن". [101].
دیســان مســتەفا کەمــاڵ لــە پەرەگرافێکــدا کــە لــە 15ی ئەیلوولــی ســاڵی 1919 لەڕێــی جێگــری موتەســەریفی ماڵاتیــاوە بــۆ دوو ئاغــا بــە ناوەکانــی حاجــی کایــا و شــازادە مســتەفا ناردوویەتــی دەڵــێ:
"هەوڵــی نیشــتیمانپەروەرانەی دەســتەی کۆنگــرەی گشــتیی ســیواس بــۆ رێگرتــن لــە لەنێوبردنــی هاووڵاتیانــی بێگوناح و دامــاوی کــورد لەلایــەن ســەربازەکانی پادشــا و خۆفرۆشــان، هەروەهــا بــۆ رێگرتــن لــە خوێنڕشــتن کارێکــی جێــی رێــز و سوپاســە. گومــان لــەوەدا نییــە کــە تاوەکــو کەســانی گــەورە، ئاییندار و بــە نامووســی وەکــو ئێــوە هەبــن، تــورک و کــورد وەکــو

100 - Kazm Karabekir, a.g.e., s. 345
101 - Kazm Karabekir, a.g.e., s. 345

دوو بـرا لێکدانابڕێـن و لـە چوارچێـوەی خەلافەتدا وەکو جەسـتەیەک پێکەوە دەمێننــەوە و لەبەرامبــەر دووژمنــە دەرەکییەکانــدا دەبنــە قەڵایەکــی پۆڵاییـن. خـودا پاداشـتی کارەکەتـان بداتـەوە" [102].

وەکـو دەبینرێـت بابەتـی برایەتـی کـورد و تـورک، هەروەهـا ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی بەکارخـراوە و لـە سـاڵانی شـەڕدا، پێداگیرییەکـی زۆر لەسـەر برایەتـی کـورد و تـورک کـراوە، ئەمـە لـە بڵاوکراوەکانـی دیکەشـدا دەبینرێـت.

"سـەرەڕای ئـەوەی میللەتانـی دیکـە شـەو و ڕۆژ هەوڵـدەدەن لـە وڵاتەکەمانـدا فیتنەیـەک بنێنـەوە، بـەڵام کـورد و تـورک گرێـدراوی یەکـن و بـە موحیبـەت و ڕێزێکـی زۆرەوە لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عوسـمانیدا لێکدانابڕێـن. پیشـاندانی نەبوونـی حکومـەت لـە هەندێـک شـوێن، واتـای سـەرکەوتن بــۆ دووژمنەکانمــان دەدات" [103]

عیسـمەت ئینۆنـۆ لـە کۆنفرانسـی لـۆزان دا باسـی ئـەوەی کـردووە کـە کـورد نەژادێکـی جیـاوازن، بـەڵام بـە درێژایـی مێـژوو پێکـەوە لەگـەڵ تـورک ژیـاون: "بـە گوتـەی عیسـمەت پاشـا، دانیشـتووانی ویلایەتـی مووسـڵ 503 هـەزار کەسـن و خەڵکـە کۆچەرەکەیشـی 170 هـەزار کەسـن. کۆچـەرەکان بەپێـی وەرز بـەرەو بەغـدا و دیاربەکـر و تەنانـەت بـۆ ئێرانیـش کـۆچ دەکـەن، بۆیـە ناکـرێ ئەوانـە وەکـو دانیشـتووانی مووسـڵ هەژمـار بکرێـن. لـە 503 هــەزار کەســی ویلایەتــی مووســڵ، 263830 کەسـیان کــوردن، 146960 کەسـیان تـورک و 42210 کەسیشـیان عەرەبـن" [104]

"کـورد لـە مێـژە بـە ڕەزامەندیـی خۆیـان هاتوونەتـە ژێـر ئیـدارەی تـورک و چارەنووسـی خۆیـان بـە تورکـەوە گرێـداوە. لەوکاتەشـەوە تـورک و کـورد لـەڕووی خوێـن، نەریـت، ئاییـن و ئەخلاقـەوە پێکـەوە بەسـتراونەتەوە".

"ئـەوە ڕاسـت نییـە کـە گوایـە کـوردەکان لـە شـەڕی دواییـدا بەخراپـی شـەڕیان کـردووە. ئەوانیـش بـۆ بەدیهێنانـی هەمـان ئامانـج، چ لـە جەنگـی

102 - Atatürk'ün Soylev ve Demeçleri, Cilt I, s. 28

103 - Atatürk ün Tamim, Telgraf ve Beyannameleri, Cilt V, s. 63

104 - Cemil Birvl, Lozan, ikinci Kilap, Istanbul 1933, s 217-232

جیهانـی و چ لـە جەنگـی رزگاریدا بە گیـان و دڵ کاریان کـردووە. ئەگەر بێینە سـەر باسـی ئۆتۆنۆمـی، هیـچ کوردێـک نییـە کـە بوونـە هاووڵاتیـی وڵاتێکـی دیکـە یاخـود میللەتێکـی دیکـە قبـووڵ بـکات. کـورد بـاش دەزانـن لـەو ئیـدارە ئۆتۆنۆمـەدا هیـچ دەسـەڵاتێکیان لەسـەر دیاریکردنـی چارەنووسـی مەملەکـەت نابـێ و کارەکانیشـیان لەلایـەن حکومـەت و پەرلەمانێکـەوە بەڕێوەدەبرێـت کـە نوێنەرایەتـی ئـەوان ناکـەن" [105].

## 6. هەڵوەشانەوەی خەلافەت و دەرئەنجامەکانی

وەکــو دەزانرێــت ئیمپراتۆریــی عوســمانی دەرفەتــی بڵاوبوونــەوەی بــە ناوچەیەکــی فراوانــدا هەبــوو. خەڵکــی جۆراوجــۆری لــە نــەژاد و ئایینــی جیـاواز لـە ژێـر چەتـری خۆیـدا کۆکردبـووەوە. گەلانـی ناموسـڵمانی لەڕێـی ئـەو سیسـتمە دەرەبەگییـەوە کۆنتـرۆڵ دەکـرد کـە گرێـدراوی دەسـەڵاتی ناوەنـدی بـوو، گەلانـی موسڵمانیشـی لـە دەوری خەلافـەت کۆکـردەوە و لەڕاستیشـدا دامـەزراوەی خەلافـەت ئـەو هـۆکارە کاریگـەرە بـوو کـە دەیتوانـی یەکڕیزییەکـی وەهـا پایـەدار بـکات. ئـەوەی کـە دەیتوانـی گەلانـی موسـڵمانی وەکــو تــورک، کــورد، عــەرەب، چەرکــەز و گورجــی لەنێــو ئیمپراتۆرییەکـدا بـەرەو ئامانجێـک بەرێـت، ئایدیۆلۆژیـای خەلافــەت بــوو. ئـەو ئایدیۆلۆژیایـەش لـە کەسـایەتی خـودی سـوڵتاندا بەدامەزراوەیـی کرابـوو. ئـەو هـەر بـۆ خۆیشـی نوێنـەری دەسـەڵاتە سیاسـییەکە بـوو. ئـەو دامەزراوەیـە توانیبـووی نەتـەوەی جیـاواز لەژێـر ئایدیۆلۆژیـای ئیسـلامدا کۆبکاتـەوە و بەتایبەتیـش رێـی لـە گەشـەکردنی بیـری نەتەوەیـی لەنێـو گەلانـی موسـڵماندا دەگـرت.

وەکـو لـە سەرەتاشـەوە گوتـم، مسـتەفا کەمـال لەکاتـی جەنگـی رزگاریـدا

105 - Atatürk ün Tamim, Telgraf ve Beyannameleri, s. 531; Guneydoğu Birinci Mufettişlik Bolesi, Cumhuriyet Mathazsı, Istanbul 1939, s. 58, Kadri Kemal Kop, Atatürk Diyarbakir da, Istarbul 1938, s. 88

بـۆ راکێشـانی خێڵـە کوردەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ بـۆ نـاو "شـۆڕش"، بەشـێوەیەکی فـراوان ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی و ئایدیۆلۆژیـای ئوممەتچێتـی بەکارخسـت کـە پشـتی بـە سـەڵتەنەت قایـم بـوو. ئـەم سیاسـەتە بـۆ ڕێگرتـن لـەوەی کـە خێڵـە کـوردەکان لەلایـەن ئیمپریالیزمـی ئینگلیـزەوە بورووژێنرێـن و هانبدرێـن، سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا. ناتوانیـن باسـی ئـەوە بکەیـن کـە بەکارهێنانـی ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی لـە بزاڤـی ڕزگاریـدا لەنێـوان سـاڵانی 1922-1919 ڕێگەیەکـی شۆڕشـگێڕانە بووە و بـە واتایەک، ئەرکێکی "شۆڕشـگێڕانە" بـە ئاییـن دراوە، بـەڵام دەتوانیـن بڵێیـن کـە تاکتیکێکـی زۆر لەجێـی خـۆی بووە بۆئـەوەی کاریگەریـی ئیمپریالیزمی ئینگلیـز کاڵ بکاتەوە. مسـتەفا کەمـال دەیزانـی کـە خەلافـەت و سـەڵتەنەت ناتوانـن ئەرکێکـی شۆڕشـگێڕانە جێبەجـێ بکـەن، لەبەرئـەوەش بـوو کـە لـە دوای ڕاگەیاندنـی کۆمـار، بـە کـردەوە بیرۆکـەی هەڵوەشـاندنەوەی خەلافەتی خسـتەگۆڕێ و لەگـەڵ هەڵوەشـاندنەوەی خەلافەتیشـدا ئەندامانـی کۆشـک بـۆ دەرەوەی وڵات دوورخرانـەوە.

هەڵوەشـاندنەوەی خەلافـەت و هێنانـی ئایدیۆلۆژیایـەک لـە شـوێنی ئـەو کـە بتوانـێ ئـەو ئەرکـەی خەلافەت جێبەجـێ بـکات، هەروەهـا ئەنجامەکانی ئـەو ئایدیۆلۆژیایـەش بابەتـی گرنگـن کـە پێویسـتە لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر بکـرێ. چونکـە ئـەو گۆڕانکارییـە لـە دامـەزراوە سـەرخانییەکاندا، بەهـۆی نەگۆڕینـی پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ، کاریگەرییەکـی زۆر خراپـی هەبـوو. دەبـێ دواکەوتوویی ڕۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵ لـە چوارچێـوەی ئەمـەدا سـەیر بکرێـت و پەیوەندیـی نێـوان سـەرخان و ژێرخـان لـەو پرۆسـەیەدا و کاریگەرییەکانـی، بخرێنـە ژێـر لێکۆڵینـەوە.

## 7. دوو مستەفا کەمال

هەڵوەشـاندنەوەی کتوپـڕی خەلافـەت کاریگەرییەکـی قـووڵ و نێگەتیڤـی لەسـەر سـەرۆک خێڵەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ بەجێهێشـت. ئـەوان

وەکـو سـاڵانی جەنـگ، پێیانوابـوو مسـتەفا کەمـال پارێـزەری سـەڵتەنەت و خەلافەتـە و رزگارکـەری دنیـای ئیسـلامە. هێشـتا ئـەو نامانەیان لـەلا مابوو کـە دوو سـێ سـاڵ بـەر لـەوە، مسـتەفا کەمـال باسـی لـەوە کردبـوو گوایـە بـۆ ئـەو ئامانجانـە شـەڕ دەکات و بـۆ ئـەوەش داوای هاوکاریـی لـەوان کردبـوو. بەهیـچ جۆرێـک وێنـای ئەوەیـان نەدەکـرد کـە خەلافـەت و سـەڵتەنەت هەڵوەشـێنەوە، چجـای بـگات بـەوەی کەسـێکی وەکـو مسـتەفا کەمـال ئـەوە بـکات. کاتێـک ئەمەیـان بەتـەواوی بـۆ ئاشـکرا بـوو، ئیـدی ئـەو خۆشەویسـتی و متمانەیـەی جارانیـان بـەرەو لاوازی رۆیشـت و هەڵوەشـاندنەوەی خەلافەتیـش وردە وردە نائارامـی دروسـتکرد.
ئەمـڕۆ لـە هەندێـک شـوێنی رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵ، کاتێک پرسـیاری مسـتەفا کەمـال لـە کەسـانی بەتەمـەن دەکـەی، دەڵێن: "پرسـیاری کامیـان دەکەی؟ دوو دانـە مسـتەفا کەمـال هەیـە. یەکێکیـان ئەوەیـە کـە هەوڵی پاراسـتنی خەلافـەت و سـەڵتەنەت و پادشـا و ئاییـن و ئیمانـی دەدا و دەیگـوت لە دژی گاورەکان شـەڕ دەکەیـن و داوای یارمەتـی لـە سـەرۆک خێڵـەکان دەکـرد، ئـەوی دیکەیـان مسـتەفا کەمالێکـە کـە پادشـای وەدەرنـا و حوجرەکانـی داخسـت و چیـدی بایەخـی بـە قورئـان و ئاییـن نـەدا".

## 8. ئایدیۆلۆژیای نەتەوەگەرایی تورکی لە شوێنی خەلافەت و سوڵتانگەرایی

وەکـو دەزانرێـت، لـە سـەردەمی ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا هێـز و ئایدیایـەک هەبـوو کـە دەیتوانـی لەنێـو ئیمپراتۆرییەکەدا گەلانی موسـڵمان لـە دەوری یەکـدی کۆبکاتـەوە، ئەویـش خەلافـەت و دامـەزراوەی سـەڵتەنەت بـوو. لە شـوێنی ئـەوەش پێویسـت بـە ئایدیۆلۆژیایـەک هەبـوو کـە بتوانـێ جەماوەر لـە دەوری کۆبکرێتـەوە: "نەتەوەگەرایـی تورکـی". بـەڵام لەبەرئـەوەی کـە نێوەڕۆکێکـی کۆمەڵایەتـی بـەم بیـری نەتەوەگەرایـی تورکییـە نـەدرا (ئەمـە پەیوەنـدی بـەو کێشـەیەوە هەیـە کـە نەتەوەگەرایـی شـۆڕشـی

ریشـەداری کۆمەڵایەتـی و ئابـووری دروسـت نـاکات)، رێگـەی بـۆ هەندێـک رووداوی نەژادپەرسـتانە خۆشـکرد. دەتوانیـن کاریگەرییەکانـی جێگیرکردنـی ئایدیۆلۆژیـای نەتەوەگەرایـی تورکـی لـە شـوێنی خەلافـەت و سـەڵتەنەت لە سـێ گرووپـدا کۆبکەینـەوە:

ا. کـورد لـە سـایەی دامەزراوەکانـی خەلافـەت و سـەڵتەنەت کـە رەنگدانـەوەی ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی بـوو، لـە سـەردەمی ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا لەگـەڵ تـورک یەکیانگـرت، بـەڵام لـە دەرەوەی کاریگـەری ئایدیۆلۆژیـای نـوێ مانـەوە. ئـەو ماددەیـەی دەسـتووری سـاڵی 1924 کـە دەڵێـت: "هەمـوو دانیشـتووانی تورکیـا بەبـێ جیـاوازی ئاییـن و نەژاد تورکــن..." ئەمــە هیــچ گۆڕانێکــی لــە بارودۆخەکــە دروســت نەکــرد، چونکـە خەلافـەت و سـەڵتەنەت کـە پشـتیان بـە ئایدیۆلۆژیـای ئیسـلام و ئوممـەت دەبەسـت، بازنەیەکـی فراوانـی لەخـۆ دەگـرت، بـەڵام ئـەو ئایدیۆلۆژیایـەی کـە پشـت بـە نەتەوەگەرایـی دەبەسـتێ، سـنوورەکەی زۆر بەرتەسـکە و تەنیـا ئـەو نەتەوەیـە لەخۆدەگـرێ کـە نوێنەرایەتـی دەکات.

ب. کاریگەریـی ئایدیۆلۆژیـای نەتەوەگەرایـی تورکـی ئەوەبـوو کـە پرۆسـەی بەنەتەوەبوونـی گەلـی تورکـی خێراتـر کـرد. بەوجـۆرەش گەلـی تـورک کـە لـە دەوڵەتـی عوسـمانیدا بـە چـاوی کـەم تەماشـا دەکـران و بەنـاوی تورکمـەن بانگدەکـران، یەکـەم جـار لـە شـیعرێکی (محەممـەد ئەمیـن یورداکــوڵ)دا کــە دەڵێــت: "مــن تورکــم، ئاییــن و رەگــەزم پیــرۆزە" بەهاکــەی بەرزبــووەوە. لەگــەڵ هاتنــی ئایدیۆلۆژیــای نەتەوەگــەرای تورکــی، پرۆســەیەکی خێــرای بەنەتەوەبــوون لەنێــو گەلــی تورکــدا دەســتیپێکرد، بــەڵام ئــەم بەنەتەوەبوونــە لــە ئەنجامــی وەرگۆڕانــە سـەرمایەدارییەکان روویندا، بەڵکـو لە ئەنجامی هێنانی ئایدیۆلۆژیایەک روویـدا. دروشـمەکانی وەک تورکێـك هەمـوو دنیـا دێنـێ، تورکـەکان رەسـەنترین نـەژادی دونیـان، چەنـد بەختـەوەرە ئـەوەی کـە دەڵێـت مـن تورکـم، لـە نموونەکانـی ئـەو ئایدیۆلۆژیایـە بـوون.

تیـۆری مێـژووی تـورک و تیـۆری هەتـاو- زمـان، جـۆرە تەقەلایـەك بوو بۆ ئـەوەی کـە بەرگێکی زانسـتی بەبەر ئـەم ئایدیۆلۆژیایـەدا بکات.

ج. سـێیەمین کاریگـەری ئـەم ئایدیۆلۆژیـا نەتەوەگـەرا تورکییـە لەسـەر پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیمـان، لەنێـو هـۆکاریی دووەم دا شـاراوەیە.

وەکـو گوتمـان بەنەتەوەبوونـی گەلـی تـورک لـە ئەنجامـی وەرگۆڕانـی خێـرای سـەرمایەداری لـە پێکهاتـەی ئابووریـدا روویـنـەداوە، ئەمـە لـە ئەنجامـی ئـەو گۆڕانکاریانەیـە کـە لـە دامـەزراوە سـەرخانییەکاندا روویـدا و نەتەوەگەراییەکـە بەوهۆیـەوە دروسـتبووە. ئەمـەش لـە کۆمەڵگەیەکـدا کـە زیاتـر لـە گەلێـک لەخۆدەگـرێ، رێـی بـۆ هاتنـی ئایدیۆلۆژیـای نەتـەوەی سەردەسـت خۆشـکرد. لـە ماوەیەکـی کورتـدا و لـە دوای ئـەوەی گەلـی تـورك بـە ئایدیۆلۆژیایەکـی نەتەوەگەرایـی بـوو بـە نەتـەوە کـە نێوەڕۆکێکـی کۆمەڵایەتـی نەبـوو، بیـری ئایدیۆلۆژیـای نەتـەوەی سەردەسـتی لێکەوتـەوە و کاراکتەرێکـی نەژادپەرسـتانەی وەرگـرت. هەمـوو ئەمانـەش بەنەتەوەبوونـی گەلی کوردیان دواخسـت و تەنانـەت بـووە رێگـر لەبـەردەم شێوەگرتنیشـی.

## 9. گەلی کورد و بیرۆکراسی

بیرۆکراسـیی چینـی سەردەسـت لـە بەرژەوەندیـی ئایدیۆلۆژیـای چینـە سەردەسـتەکانە، ئەمـە لـە کۆمەڵگـە چینایەتییەکانـدا هەمیشـە بـەو جۆرەیـە. بیرۆکراسـیی تورکـی لەنێـوان سـاڵانی 1925-1923دا وازی لـە خزمەتکردنـی چینـە سەردەسـتەکانی رۆژهـەڵات هێنـا و رێگـەی پێکدادانـی لەگـەڵ ئـەوان گرتەبـەر. چونکـە ئایدیۆلۆژیـای نەتـەوەی سەردەسـت بیرۆکراسـیی تورکـی بەخێرایـی بەخۆیـەوە بەسـتەوە. ئـەو پێکدادانـە، سـەرەڕای راپەڕیـن و دوورخسـتنەوەکانی دوای ئەوانیـش، لـە دژی هێـزی کۆمەڵایەتیـی ئابووریـی دەرەبەگـی نەبوو، بەڵکـو لە دژی زمـان و کولتووری کـوردی بـوو. دەگوتـرا "کـورد واتـە گـورگ (چیایـی)، کـورد نییـە تەنیـا

نەتـەوەی تـورک هەیـە"، بەوجـۆرە سـووکایەتی بـە کـورد دەکـرا و بەچـاوی کـەم سـەیر دەکـرا و زمـان و کولتوورەکەیشـی ڕەتدەکرایـەوە.

وەکـو گوتمـان، ڕزگاریـی ڕاسـتەقینەی جەمـاوەری ئەوەیـە کـە چاکسـازی ریشـەیی لـە پێکهاتـەی ژێرخانـدا بکـرێ. ئەگـەر ئـەوە نەکـرێ، هیـچ شـتێک بـۆ ڕزگاریـی گـەل نییـە. لـە تورکیـای کۆماریشـدا، شۆڕشـێک لـە ژێرخانـدا ڕوونـەداوە، هۆکارەکـەش ئەوەبـوو کـە جەنگـی ڕزگاریـی نەتەوەیـی نێوەڕۆکێکـی دژە دەرەبەگـی نەبـوو. بـە واتایەکـی دیکـە دەسـەڵاتە سیاسـییەکانی دوای کۆمـار بـە شـێوەیەکی فـراوان پشـتیان بـە دامـەزراوە دەرەبەگییـەکان و چینـی بـۆرژوازی دەبەسـت. بەهـۆی ئـەوە و چەندیـن هـۆکاری جۆراوجۆری دیکە، شـۆڕش ڕووینەدا و گۆڕانێکی وەها بەدینەهات کـە بـۆ ڕزگاریـی گەلانـی ڕۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵ یاخـود گەلانـی دیکـەی تورکیا بێـت. کاتێـک بارودۆخەکـە بەوشـیوەیە، ئـەو مسـتەفا کەمالـەی لە سـاڵانی بیسـتەکاندا باسـی برایەتیـی گەلـی کـورد و تورکـی دەکـرد، لـە سـاڵی 1937دا بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد گوایـە شـوێنێکی وەک دیاربەکـر کـە کـورد بەچـڕی لـەوێ نیشـتەجێن، بـە تـەواوی تورکە. دیـارە تێگەیشـتن لەمە بـە پێوەرێکـی ئاسـایی زۆر ئەسـتەمە [106].

بۆچـی مسـتەفا کەمـال لەجیاتـی ئـەوەی بـە چاکسـازی ریشـەیی ژێرخانـی، گەلـی کـورد و تـورک پێکـەوە ببەسـتێتەوە، هەوڵیـداوە لەڕێـی ئایدیۆلۆژیای نەتـەوەی سەردەسـتەوە ئەوانە پێکـەوە گرێبدات؟ دیـارە یەکەمیان کارێکـی زۆر زەحمەتـە و پێویسـتی بـە هـەوڵ و تەقەلایەکی زۆرە. دووەمیشـیان زۆر هەڵەیـە و کارێکـە سـەرناکەوێت. چونکـە هەوڵـدان بـۆ یەکخسـتنی گەلـە جیـاوازەکان لەڕێـی ئایدیۆلۆژیـای نەتـەوەی سەردەسـتەوە، پێچەوانـەی گەشـەکردنی بابەتیانـەی کۆمەڵگەکانـە و مومکیـن نییـە سـەربکەوێت.

106 - Temmuz-Agustos 1969 tarihli Cumluriyet gazetelerinin *40 Yil Onee Bugin sutunlarında An isyanına ait önemli bilgiler vardır.

## 10. راپەڕینەکانی رۆژهەڵات

وەکـو لـە سەرەتاشـدا باسـمانکرد، دامـەزراوەی سیاسـیی دەربەگایەتـی لە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ خێڵـە، خێڵیـش شـێوەیەکی سیاسـی پێـش نەتەوەیـە. جەمـاوەر وەک خێڵـەکان دابەشـبوون و ئامانجێکـی هاوبەشـیش لەنێـو خێڵەکانـدا نییـە. بـە پێچەوانـەوە کێبڕکێـی سەردەسـتەیی و رەسـەنایەتی لەنێوانیانـدا هەیـە. لـە هەلومەرجێکی بەوشـیوەیەدا زۆر ئاسـانە سـەرۆکی خێڵێـک ببێتـە داردەسـتی بەرژەوەندییەکـی دەرەکـی. لـە دوای سـاڵی 1923وە، بابەتـی سـەرەکی ئـەوە نییـە کـە بۆچـی سـەرۆک خێڵـەکان بـە ئاسـانی بوونەتـە داردەسـتی ئـەم و ئـەو، بەڵکـو ئەوەیـە کە بۆچـی خێڵەکان نەیانتوانـی هەنگاوێـک بچنـە پێشـەوە و بگۆڕێـن بـۆ نەتـەوە؟

لەلایەکـی دیکـەوە ئەگـەر بـۆ راپەڕینەکانـی نەسـتووری لـە 1924، رامـان و راچکۆیـان لـە 1925، شـێخ سـەعید لـە 1925، بـەدوای رۆڵـی ئیمپریالیزمـدا بگەڕێیـن و هەمـوو کاتێکیـش ئـەوە بکرێـت کـە کارێکـی دروسـتە، بـەڵام بۆ راپەڕینەکانـی کوچـک ئوشـاغی لـە 1926، بیجـار لـە 1927، زیـلان لـە 1930، ئاگـری لـە سـاڵەکانی -1926 1927، 1932-1930* [107]، 1937 و 1938ی دێرسـم، گـەڕان بـەدوای شوێندەسـتی ئیمپریالیزمـدا شـتێکی راسـت نییە و لـەوە دەچـێ کـە بتـەوێ بە زۆر شـتێك بخەیتە ملیـان. هەر لـەو روانگەیەوە پێویسـتە لـەو گۆڕانـی ئایدیۆلۆژیا و پێکهاتـەی دەسـەڵاتەی کـە لـە ساڵی 1923 بـەدواوە لـە تورکیـا روویـداوە، بـە دوای هـۆکاری راپەڕینەکانـی رۆژهەڵاتـدا بگەڕێیـن.

وەکـو پێشـتر گوتمـان، لـە قۆناخـی ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا، بـە تـەواوی شـێوازێکی بەرهەمهێنانـی دەرەبەگـی و پێکهاتەیەکـی دەرەبەگـی لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ زاڵ بـوو. ئەوەشـمان گـوت کـە هیـچ گۆڕانێکـی

107 - İlter Turan, Cumhuriyet Tarihimiz, Temeller, Kuruluş, Mili Devrumler, Çaglayan Kitaberi, İstanbul 1969, s. 113

گرنـگ لـەو پێکهاتەیـەدا روویـنـەداوە و بەپێچەوانـەوە، بەهـۆی دەرچوونـی یاسـای خاوەنداریـی تایبـەت، موڵکداریـی دەرەبەگـی رەهەندێکـی فەرمیـی وەرگـرت، بـەڵام لەگـەڵ کۆمـاردا، هەندێـک کاریگـەری دەرەکـی لەسـەر ئـەو دامـەزراوە دەرەبەگیانـە دروسـتبوون. لـە سـەردەمی ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا کۆشـک، واتـە حکومەتـی ناوەنـدی دەسـتی لـە کاروبـاری حکومەتـە دەرەبەگییەکانـی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ وەرنـەدەدا و ئەوانـی ئـازاد هێشـتبووەوە، هیـچ پەیوەندییەکـی ئۆرگانـی لەنێـوان حکومەتـی ناوەنـدی و ئـەو حکومەتـە دەرەبەگییانـەدا نەبـوو. بەهـۆی ئەمەشـەوە حکومەتـە دەرەبەگییـەکان بـە ئـارەزووی خۆیـان دەجوڵانـەوە، بـەڵام لـەدوای دامەزراندنـی کۆمـار بارودۆخەکـە گۆڕا. ئـەوکات، سـەرەڕای ئەوەی شـێوازی بەرهەمهێنانـی دەرەبەگـی و بەگوێـرەی ئـەوەش پێکهاتـەی کۆمەڵگـەی دەرەبەگـی وەک خـۆی بـەردەوام بـوو، حکومەتـی ناوەنـدی دەیویسـت پەیوەندییەکـی ئۆرگانیـک لەگـەڵ ئـەو سـەرۆک خێڵانە دروسـت بـکات و ئەوانـە بـە تـەواوی بـە دەسـەڵاتی ناوەندییـەوە ببەسـتێتەوە. دیسـان پێویسـت بـوو ئەو چاکسـازیانەی لـە پێکهاتـەی سـەرخاندا کرابوون، لـە رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵیـش جێبەجـێ بکرێـن. گرنگترینەکانیـش بـەم جـۆرە بـوون: بـاج، ژەندرمـە، پـەروەردەی ناچـاری و قسـەکردن بـە تورکـی و.. هتـد. دەربەگەکانـی رۆژهـەڵات کـە لـە سـەردەمی عوسـمانیدا دەیانتوانـی خۆیـان بـاج کۆبکەنـەوە و خەرجـی بکـەن، ئیـدی پێویسـت بـوو بـاج بدەنـە دەسـەڵاتیك لـە دەرەوەی خۆیـان. لێـرەدا پێویسـتە ئـەوەش بڵێـم کـە ئـەو بابەتـی باجـە بەهیـچ جۆرێـک پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـی لـە رۆژهـەڵات نەگۆڕیـوە. پەیوەندیـی نێـوان سـەرۆک خێـڵ و ئاغـای زەویـوزار و شـێخەکان لەگـەڵ گوندییـەکان دیسـان هـەر پەیوەندییەکـی دەرەبەگییـە. لـە هەندێـک شوێنیشـدا ئـەو پەیوەندییـەی بەرهەمهێنـان تۆزێـک لـە خـوار دەربەگایەتییشـەوە بـووە، بـەڵام پەیوەندیـی چینـی سەردەسـت لەگـەڵ هـۆکارە دەرەکییـەکان وایکـرد کـە تەنیـا رووبـەڕووی جۆرێـک لـە سـەرمایەداری سـەرەتایی ببنـەوە. لـە دوای بـاج، دووەمیـن دەسـتێوەردان

پەیوەنـدی بـە ژەندرمەوە هەیە. وەکو دەزانرێت لە سـەردەمی عوسـمانیدا ئـەوەی بەرپرسـی ئاسـایش بـوو، دیسـان هـەر دەربەگەکانی ناوچەکـە بوون و بـۆ هەمـوو شـتێک پـرس بـەوان دەکـرا، بـەڵام لەگـەڵ هاتنـی کۆمـار و جێگیربوونـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی، ئیتـر دەرفەتـی جموجۆڵـی ئازادانـەی دەربەگـەکان لـە ناوچەکـەدا سـنووردار کـرا و وەکـو جـاران نەیاندەتوانـی کەڵـک لـەو نـاز و نیعمەتـە وەربگـرن کـە پێشـتر خاوەنـی بـوون و ئـەو کارانـە بکـەن کـە پێشـتر دەیانکـرد. ئـەو ئەرکـەی دەربەگـەکان بـۆ ژەندرمـە گوازرایـەوە و ئەمـەش دەربەگەکانـی لـە دڵـەوە تـووڕە کـرد. سـێیەمین دەسـتێوەردانیش لـە دامـەزراوە دەرەبەگییەکانـی رۆژهەڵاتـدا، لەڕێـی پـەروەردەوە بـوو. لـە سـەردەمی عوسـمانیدا دەربەگـەکان دەیانویسـت لـە هەرشـوێنێک بیانەوێـت قوتابخانـە بکەنـەوە و بـە هـەر زمانێـک کـە بیانەوێـت منداڵەکانیـان بخوێنـن، بـەڵام لەگەڵ هاتنی کۆماردا لـەوڕووەوە تووشـی گرفـت بـوون. لـەم قۆناخـەدا ئیتـر کردنـەوەی مەدرەسـە قەدەخە کـرا و فێربوونـی زمانـی تورکـی بـووە ناچـاری. وێـڕای ئـەوەش، هەرچەنـدە دەسـتووریش نەیسـەپاندبوو، بـەڵام ئیـدی خەڵـك ناچاربـوون بـە زمانـی تورکـی قسـە بکـەن.

لەگـەڵ هاتنـی کۆمـاردا، هیچ گۆڕانێکی گرنـگ لە ژێرخاندا، واتە لە شـێوازی پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـدا روویـنـەدا، بـەڵام بەهـۆی ئـەو ریفۆرمانەی لـە دامـەزراوە سـەرخانییەکاندا کـران، هەوڵـی ئـەوە درا کـە دامـەزراوە دەرەبەگییـەکان لـە رۆژهـەڵات تێکەڵـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی بکرێـن و لـە دەسـەڵاتی ناوەندیـدا بتوێنرێنـەوە. ئیـدی بەهـۆی هەمـوو ئەوانـەوە راپەڕینەکانـی رۆژهـەڵات روویانـدا و تێیـدا ئـەو دەربەگانـەی کەوتبوونـە ژێـر گوشـاری حکومەتـی ناوەنـدی، کاردانەوەیـان نیشـاندا. لـەو راپەڕینانـەدا، لـە تەنیشـت هـۆکارە جۆراوجۆرەکانـی دیکـە، دەکرێـت بـاس لـە رۆڵـی هەسـتی نەتەوەییـش بکرێـت. دیـارە ئـەوە جێـی گومانـە کـە لـە راپەڕینەکانـی رۆژهەڵاتـدا هۆشـیارییەکی "نەتەوەگەرایـی کـوردی" هەبووبێـت. بێگومـان ئـەوەی دەتوانێ ئەمـە زۆرتـر روونبکاتـەوە، ئـەو کەسـانەن کە بەشـدارییان

لـە ڕاپەڕینـەکان یـان سـەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانـدا کـردووە و هێشـتا لـە ژیانـدا مـاون و دەکـرێ بەقسـەکردن لەگەڵیـان ئـەو ڕوودانـە زیاتـر ڕوونبکرێنـەوە. مومکیـن نییە سـەرچاوە فەرمییـەکان لەوبارەیـەوە زانیاریی بابەتـی بـدەن، خـۆی لەخۆیـدا زۆربەشـیان نهێنیـن. لەگـەڵ ئـەوەی کـە دەزانرێـت ئیمپریالیـزم ڕۆڵـی لـە ڕاپەڕینەکانـی ڕۆژهەڵاتـدا هەبـووە، بـەڵام پێویسـتە بـە ڕوونـی وەڵامـی ئـەم دوو پرسـیارە بدرێتـەوە:

1. بۆچـی لـە قۆناخـی جەنگـی ڕزگاریـدا لـە هەندێـک شـوێنی ڕۆژئـاوای ئەنـادۆڵ چەندیـن ڕاپەڕیـن (چەرکـەز ئەتهـەم، ئانزاڤـور کاترجـی ئوغڵـو) هەبـوون کـە دەیانتوانـی بزاڤـی دژە ئیمپریالیسـتی تووشـی گرفـت بکـەن، بـەڵام لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ ڕاپەڕینـی لەوشـێوەیە ڕووینـەدا؟

2. بۆچـی ئەوکاتـەی مسـتەفا کەمـال و هاوڕێیەکانـی لـە بارودۆخێکـی خراپـدا بـوون و هەلومەرجەکـەش زیاتـر لەباربـوو، ئیمپریالیزمی ئینگلیزیش تەراتێنـی دەکـرد، ئـەوان ڕانەپەڕیـن و کاتێـک کـە ئیـدی بەرەبـەرە کۆمـاری تورکیـا دروسـتکرا و هێـزی پەیداکـرد و دژبەرییەکانـی کەمبوونـەوە، ئینجـا ئـەوان لێـی ڕاپەڕیـن؟ بۆچی ئـەو کوردانەی لە سـاڵی 1922 لەگەڵ مسـتەفا کەمـال بەشـدارییان لـە بزاڤـی ڕزگاریـدا کـرد، لـە دوای ڕاگەیاندنـی کۆمـار، پەیتـا پەیتـا لـە دژی دەسـەڵاتی ناوەنـدی ڕاپەڕیـن؟ دەبێـت باسـی ئـەوەش بکرێـت کـە بـۆ سـەرکوتکردنی ئـەو ڕاپەڕینانـە سـوپا بەکارهێنراوە: "سـوپای تورکیـا لـە نێـوان سـاڵانی 1930-1925 لـە دژی دوو ڕاپەڕینـی دژی ڕژێـم بەکارهێنـراوە کـە هـەردوو ڕاپەڕینەکـەش لـە ناوچـەی ڕۆژهـەڵات بـوون و مۆرکێکـی نەتەوەییـان هەبـوو" [108].

کەوابـوو پێویسـتە لـە مێـژووی نزیکمانـدا، ئـەو ڕووداوانـەی ڕێگەیـان بـۆ بەکارهێنانـی چەندیـن جارەی سـوپا کـردەوە، بە باشـی شـیبکرێنەوە و لێیان تێبگەیـن. تەنیا ئـەوە بـەس نییە کـە بڵێین ئەمـە "گەمەیەکـی ئیمپریالیزمە" و لێیگەڕێیـن. دەبێـت ئـەوەش لەبیـر نەکەیـن کـە هەمـوو ئەوانـە لـە

---

108 - Kemal Tahir, Göl Insanları, Bilgi Yaymevi, Ankara 1969, s. 281-335

قۆناخێکـدا بـوون کۆمـاری تورکیـا لـەڕووی سیاسـییەوە، بـە سـەربەخۆیی گەیشـتبوو.

## 11. ئەنجامی راپەڕینەکانی رۆژهەڵات

یەکێـک لـە گرنگتریـن ئەنجامەکانـی ئـەو راپەڕینانـەی رۆژهـەڵات ئەوەبـوو کـە ئـەو نەتەوەگەراییـە تورکییـەی لـە سـاڵی 1923وە لەجێـی ئایدیۆلۆژیـای خەلافـەت جێگیرکـرا، بـەرە بـەرە بـووە ئایدیۆلۆژیـای نەتـەوەی سـەردەسـت و بەوهۆیەشـەوە، لەنێـوان گەلانـی تـورک و کـورددا ناکۆکـی و درزێکـی گـەورە پەیدابـوو. لەڕاستیشـدا ئـەو ناکۆکییـە نـەک تەنیـا لەنێـوان گەلانـی کـورد و تـورک، بەڵکـو لەنێـوان چینـە سـەردەسـتەکانی ئـەو دوو گەلـە و دواتریـش لەنێـوان ئیمپریالیـزم و چینە چەوسـێنراوەکانی ئەو گەلانـەدا بوو. لەگـەڵ ئـەوەش، بیرۆکراسـیی تورکـی کەڵکی لە نێوەڕۆکێکـی کۆمەڵایەتی وەرنەگـرت و زیاتـر بەگوێـرەی ئایدیۆلۆژیـای نەتـەوەی سـەردەسـت رەفتـاری کـرد. بەوجـۆرەش، هەمـوو کاتێـک پێکـدادان و ناکۆکـی گەلانـی کـورد و تـورک بـە قازانجـی چینـە سـەردەسـتەکانی کـورد و تـورک و لـە قۆناخـی دواتریشـدا لـە قازانجـی ئیمپریالیـزم شـکایەوە. لـەدوای هـەر راپەڕینێکـەوە هەڵمەتێکـی دوورخسـتنەوە هەبـووە. لـە دوای هەر راپەڕینێک، دەسـەڵاتی ناوەنـدی هەندێـک ناوچـەی ئەنادۆڵـی چـۆڵ دەکـرد و خەڵکەکـەی بـەرەو ناوچـە جیاوازەکانـی رۆژئـاوای ئەنـادۆڵ رادەگواسـت. دیـارە تەنیـا سـەرۆکی خێـڵ یاخـود ئاغـا و شـێخ و چینـە سـەردەسـتە دەرەبەگییـەکان دوورنەدەخرانـەوە، بەڵکـو هەندێکجـار خێـڵ، گونـد یـان موریدەکانـی شـێخێک بەتـەواوی دووردەخرانـەوە. پێویسـتە بـە وردی لەسـەر ئـەم بابەتـە هەڵوەسـتە بکرێـت، چونکـە لەگـەڵ کۆمـاردا پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان گۆڕانێکـی ریشـەیی بەسـەردا نەهـات، بەڵکـو هەندێـک چاکسـازی لـە دامەزراوەکانـی سـەرخاندا کـران. ئـەو چاکسـازییەش لەگـەڵ پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـی دەرەبەگـی لـە رۆژهـەڵات و دامـەزراوە

سـەرخانییەکانی وەکـو ئاییـن، شـێخایەتی و خێـڵ تووشـی بەریەککەوتـن دەبـوو. ئـەوەش تاوەکـو ئاسـتی پێکداداني چەکداری رۆیشـت. بۆ تێکۆشـان لـە دژی دەربەگـەکان، هەندێکیـان دوورخرانـەوە، بـەڵام لەبەرئـەوەی هیـچ گۆڕانکارییـەک لـە پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـدا نەکرابـوو، ئـەو دوورخسـتنەوانە ئەنجامێکیـان نەبـوو. لـەدوای هـەر دوورخسـتنەوەیەک سـەرۆک خێڵ، یان شـێخ و ئاغـاکان دووبارە دەگەڕانەوە سـەر موڵکەکانی خۆیـان، بـەڵام ئـەوە بـۆ ئـەو جەمـاوەرەی کـە دوورخرابوونـەوە بەوجـۆرە نەبـوو. رۆڵـی سـەرۆک خێـڵ و شـێخ و ئاغـاکان لـە کۆنترۆڵکردنـی پەیوەندییەکانـی دەرەبەگیـدا وایاندەکـرد جارێکـی دیکـە بگەڕێنـەوە شـوێنی خۆیـان، بـەڵام ئـەو خەڵکە ئاسـاییەی کـە دەگەڕانـەوە، بارودۆخیان لـە جاران خراپتـر دەبـوو. لەوبارەیـەوە کتێبێکـی کەمـال تاهیـر بەنـاوی (سیاسـەتی دانـان) حیکایەتـی زۆر سەرنجڕاکێشـی تێدایـە [109].

وەکـو ئـەو، کەمـال بیلباشـاریش لـە زنجیـرەی جەمـۆ - مەمـۆ (سـەرەڕای ئـەوەی تێـزی رۆمانەکـەی هەڵەیـە)، سـەبارەت بـەوەی کـە دۆخـی خەڵـک لـە دوای راپەڕینـەکان چـۆن بـووە، تێبینـی زۆر گرنگمـان پێـدەدات [110].

گەڕانـەوەی ئاغـا، شـێخ، سـەید و بەگـەکان بـۆ شـوێنەکانی خۆیـان و وەرگرتنـەوەی پێگەکانـی جارانـی خۆیـان، پەیوەنـدی بەهێـزی ئابووریـی ئەوانـەوە هەبـوو. ئـەو هێـزە ئابوورییـەش سـاڵانێکی دواتر رێگەی کـردەوە بۆئـەوەی لەگـەڵ رۆژئـاوای ئەنادۆڵـدا یەکبگـرن. پێویسـتە راپەڕینەکانـی رۆژهـەڵات وەکـو بزاڤێکـی خۆڕاگـری بەرامبـەر دەسـەڵاتی ناوەنـدی سـەیر بکرێـن. لەمـەدا ئـەوە دەردەکەوێـت کـە لەسـەر هـەر خاکێـک گەلـی جۆراوجـۆر بژیـن، هەوڵـدان بۆ زاڵکردنـی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەی سەردەسـت و رێکخسـتنی ئـەوان لـە چوارچێـوەی ئـەوەدا، پێچەوانـەی یاسـا و رێسـا ئابـووری و کۆمەڵایەتییەکانـە. گـەلان تەنیـا لەڕێـی گۆڕینـی بنەڕەتـی لـە

109 - Kemal Bilbaşar, Cemo, Tekin Yay., 3 bs., Istanbul 1969; Memo, Cilt I, İstanbul 1969: Mcmo, Cilt II, Istanbul 1969
110 - Şeresiyar, Sayı 2, Ocak I970, s 1

شـێوازی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنـان، هەروەها ڕێزگرتـن لە کولتووریان یەکدەخرێـن. زاڵکردنـی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەی سەردەسـت نـەک هەر گەلان یەکناخـات، بەڵکـو جگـە لـە زیاترکردنی ناکۆکـی و پێکدادان هیـچ ئەنجامێکی دیکـەی نابـێ. ناکۆکـی و پێکدادانیـش بـە قازانجـی چینـە سەردەسـتەکانە و هەرچـی دەڕوا، بـە قازانجـی ئیمپریالیزمیـش دەشـکێتەوە.

## 12. تێپەڕبوون بۆ سیستەمی فرەحیزبی

لەڕاسـتیدا بیرۆکراسـی کـە بنەمایەکـی لەرزۆکـی هەبـوو، تاوەکـو سـاڵی 1945 بارودۆخێکـی نائاسـایی و پـڕ لـە ململانێـی بەڕێکـرد. لـە دوای ئـەوە ئیـدی سیسـتەمی دیموکراتیـی فرەحیزبـی دامـەزرا و دەنگـی جەمـاوەر بایەخـی پەیداکـرد. ئـەو ئاغـا و شـێخ و سـەرۆک خێـڵ و کەسـانەی کـە پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـی دەرەبەگییـان کۆنتـرۆڵ دەکـرد و لەنێـو خەڵـک دەسـەڵاتیان هەبـوو، بایەخـی زیاتریـان پەیداکـرد. ڕژێمـی دیموکراسـیی فرەحیزبـی، واتـە ئـەو دیموکراسـییە بوورژوازییـە ڕواڵەتییـە بەبـێ هیـچ گۆڕانکارییەکـی ریشـەیی لـە پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی و ئابووریـدا هاتبـوو. دیموکراسـی بـوورژوازی هـەروا لەخـۆڕا دەرنەکـەوت، بەڵکـو لـە دوای پێکدادانـی توونـدی نێـوان چینـەکان دەرکـەوت، بۆیـە نیوەڕۆکێکـی کۆمەڵایەتـی هەبـوو. ئـەو نێوەڕۆکـە کۆمەڵایەتییـەش تەنیـا بـۆ وڵاتـە سـەرمایەدارییە پێشـکەوتووەکان واتـای هەیـە. ئـەو دیموکراسـی بوورژوازییـە کـە لـە ئەوروپـا بەهـۆی پێکدادانـی چینەکانـەوە دروسـتبووە، کاتێـک لـە شـوێنێک جێبەجێـی دەکەیـت کـە دەربەگایەتـی تێیـدا باڵادەسـتە، ئـەوە بەرژەوەندیـی دەربەگـەکان و ئـەو بورژوازانـە دەپارێـزێ کـە دەبنـە هاوپەیمـان. شـەرە سـیار کـە ڕۆژنامەڤانێکـی کاروبـاری کۆمەڵایەتییـە و لە دۆغوبایەزیـد هەڵکەوتـووە، بارودۆخەکـە بەم جـۆرە بـاس دەکات: "... ڕۆژی خـۆی هـات کـە فەوجەکانـی حەمیدییـە لەنێوچـوون و خێڵـەکان بەسـەر هۆزەکانـدا دابەشـبوون و هـۆزەکان بەسـەر بنەماڵەکانـدا دابەشـبوون و

خەڵکیش بەرە بەرە لە شاخەوە بەرەو دەشتەکان هاتن. بەگزادەکان لە گوندەکانەوە چوونە شارەکان و شەبقەیان کردە سەر و بۆینباخیان بەست، سمێڵیان تاشی و خۆیان لەگەڵ مۆدە گونجاند. تەنانەت هەندێک لەو بەگزادانەش کە لە قۆناخە جۆراوجۆرەکاندا دوورخرابوونەوە، ئیدی لە شارەکاندا جێی خۆیان کردەوە و بوونە بەشێک لە چینە باڵادەستەکانی شار. روویان سپی بێت".

"بەگزادەکان لە ساڵی 1950 بەدواوە لە زەویوزارەکانیاندا، تراکتۆر، گاسن و ئامێری دروێنەیان بەکارهێناوە و خۆیان خزاندووەتە نێو ژیانی بازرگانییەوە. بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکەن، بە حەوت جۆر رەنگی خۆیان گۆڕیوە و ئایین و ئیمانیان بووەتە پارە و فێری ئەوەبوون کە چۆن حساب و کتابی پێنج قوروش بکەن. لەوکاتەشەوە کە فرەحیزبی هات، ئیدی دەنگیش وەکو لیرەی رەشادی نرخی پەیدا کرد. بەوجۆرە ئەوانیش وەکو گەنە خۆیان بە سیاسەتەوە لکاند" [111].

ئا لەم گەمەی دیموکراسییەدا، چینە سەردەستەکانی رۆژهەڵات و ئاغا و شێخ و سەرۆک خێڵەکان، بەرە بەرە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و چینە سەردەستەکانی رۆژئاوا یەکیانگرت. ئیدی ئەو جیاکاریەی نێوان ئەوانەی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی ناکۆک بوون و ئەوانەی لەگەڵی دەگونجان، نەما و هەموویان پێکەوە هەوڵیاندا لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بگونجێن. وەکو دەزانرێت لەکاتی راپەڕینەکانی رۆژهەڵاتدا، هەموو سەرۆک خێڵ، ئاغا، بەگ، شێخ و سەیدەکانی کورد بەشدارییان نەکرد. بەشێک لەوانە لە بەرەی دەسەڵاتی ناوەندی یان بێلایەن مانەوە. لەگەڵ دەسەڵاتی فرەحیزبیدا، ئیدی هەمووان وازیان لە پێکدادان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی هێنا و لەگەڵ ئەوانەی رۆژئاوا چوونە نێو هاوپەیمانییەک کە پایەکانی لەسەر چەوساندنەوە دامەزرابوو. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم پێکهاتە تازەیە ئەوەبوو کە ئەو بیرۆکراسیەی لەنێوان ساڵانی

---

111 - Ahmet Aras,"Türkiye'de Feodalite Var mrdır?" Ant dergisi, Sav 119, 26 Agustos 1969, s. 12

1923 - 1945 پڕبوو لە ناکۆکی، ئیدی دۆخێکی ئاسایی وەرگرت. لێرەوە نامانەوێت بڵێین ناکۆکیی نێوان بیرۆکراسی و گەلی کورد نەما، بەڵام ئەوە راستییە کە ناکۆکیی ئەوان لەگەڵ چینە سەردەستەکانی کورد و پاشماوەکانی سەرخانی کۆمەڵگەی دەرەبەگی وەک سەرۆکی خێڵ، شێخ و ئەوانە نەما. لە دوای ئەم قۆناخە، ئیدی بیرۆکراسی زیاتر لە جاران کەوتە خزمەتی چینە سەردەستەکان و بە ئاراستەی بەدیهێنانی ئایدیۆلۆژیاکەی ئەوان کەوتە کار. هەرچەندە لەکاتی دوورخستنەوەی 55 ئاغا لە ئایاری 1960، بیرۆکراسی لەگەڵ چینە سەردەستەکانی رۆژهەڵاتدا نەکەوتە پێکدادان، بەڵام جارێکی دیکە یاساکانی کۆمەڵگە قورسایی خۆیان پیشاندا و ئاغا، شێخ و سەرۆک خێڵەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان گەڕانەوە. ئەمڕۆ ئیدی چینە سەردەستەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەنێو بەرژەوەندییەکی هاوبەشدان و ئەم هاوکێشەیە وەکو خۆی بەردەوامە.

## 13. نەتەوە و نەتەوەگەرایی ئەنجامی حاشاهەڵنەگری سەرمایەدارییە

لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا گۆڕانێکی ریشەیی هەیە کە لە خوارەوە دەستیپێکردووە. ئەویش گۆڕانی دەربەگایەتییە بەرەو سەرمایەداری. ئەم گۆڕانە بەگوێرەی ئەو سەرمایەدارییە کەم گەشەکردووەی تورکیا شکڵ دەگرێ و بەردەوام دەبێت. کەوابوو ئەو گۆڕانەی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دیسان لە قازانجی چینە سەردەستەکانە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیرنەچێت ئەو شۆڕشەش کە لە بەرژەوەندیی جەماوەرە هەر لەنێو ئەو پێکهاتەیەدایە. پەیدابوونی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بەهۆی گۆڕانی دەربەگایەتی بەرەو سەرمایەداری شتێکی ئاساییە. وەکو دەزانرێت، دەسەڵاتە سیاسییەکان تاوەکو ئەمڕۆ رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیان پشتگوێخستووە و لەوێ سەرمایەگوزاری ناکەن، بەڵام ئاغا، بەگ و

سەرۆک خێڵەکانی ڕۆژهەڵات ئەمڕۆ بەرەو ئەوە دەچن ببنە سەرمایەدار و دەسەڵاتی سیاسیش وەڵامی ئەو داخوازییە دەداتەوە. بۆیە لەم ساڵانەی دواییدا وەبەرهێنان لە پڕۆژەکانی ژێرخان وەک دروستکردنی بەنداو، کەناڵی ئاوی، ڕێگەوبان و کارگە و هتد، لەوێ زیاتر بووە. ئەو گۆڕانکارییەی لە مەیدانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ڕوودەدات سیستەمی ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خێڵ دەڕووخێنێ و بەرەو قۆناخێکی پێشکەوتووتر، واتە بەرەو قۆناخی بەنەتەوەبوونی دەبات.

دیسان لە جێی خۆیدایە ئەگەر لەنێو ناکۆکییەکانی تایبەت بە پرسی خاوەنداریی زەویوزاردا بەدوای داینامیکی بەنەتەوەبووندا بگەڕێین. دەربەگەکانی ڕۆژهەڵات، کاتێک تێگەیشتن لەوەی ئەگەر ببنە سەرمایەدار، باشتر دەتوانن خەڵک بچەوسێننەوە، ئیدی بەخێرایی دەستیاندایە بەکارهێنانی ئامێر. بەکارهێنانی ئامێر بووە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەگەڵ ڕەنجی شانی خەڵک. ئەو ناکۆکییە خەڵکێکی زۆری ناچارکرد ڕوو لە شارەکان بکەن کە جاران لە کەرتی کشتوکاڵیدا کاریان دەکرد. هەرچەندە شتێکی دەستکردیش بێت، بەڵام شارنشینی بەخێرایی گەشەی کرد. دیارە سەرمایەگوزاری لە کەرتی پیشەسازی ئەم گەشەکردنە خێراتر دەکات. لەنێو ئەم ڕەوتەشدا قەڵاکانی نێوان خێڵەکان دەڕووخێن و سیستەمی خێڵ بەهای نامێنێ و بەهای نەتەوە زیاتر دەبێت. توانستی ئاڵوگۆڕکردن لە شارەکان زیاتر دەبێت و دانیشتووان بەخێرایی گەشە دەکەن. خێڵ دامەزراوەی سیاسیی دەربەگایەتی و نەتەوە دامەزراوەی سیاسیی سەرمایەدارییە. لە هەر ناوچەیەک پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان چڕببنەوە، لەسەرپێ مانەوەی ڕێکخستنە خێڵەکییەکان کارێکی دژوار دەبێت. لەو پرۆسەیەشدا ئەوەی بایەخی زیاتر پەیدا دەکات، لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە زمان و ئەدەبیات و فۆلکلۆر و مێژووی کوردن. چونکە کورمانجی بەهای زیاتر پەیدا دەکات و پێویستە زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بوەستین.

وەکو دەزانرێت لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا ئایدیۆلۆژیای

ئوممەت زاڵ بوو. ئەو نەتەوانەی عەرەب نەبوون، بەتورک و کوردیشەوە، وەک پلە دوو سەیردەکران. چینە سەردەستەکانی سەردەمی عوسمانی ، تورکمەن و هەروەها کورمانجیان وەکو پلە دوو سەیر کردووە. تاوەکو ئەمڕۆش لە نێوەڕاستی ئەنادۆڵ، کاتێک دایکەکان لە منداڵەکانیان تووڕە دەبن، پێیاندەڵێن تورکمان. ئەگەر بیانەوێت کەسێک بەرزبکەنەوە، دەستەواژەی کۆنی سەردەمی عوسمانی بۆ بەکاردەهێنن. هەڵبەت لەگەڵ هاتنی کۆماردا نەتەوەی تورک بە خێرایی چووە نێو پرۆسەی بەنەتەوەبوون و ئیدی (تورکمان) بەهای پەیداکرد، بەڵام لە رۆژهەڵاتدا هێشتا (کورمانج) وەکو سووکایەتی بەکاردێت [112] ئەوکاتەی گەلی کوردیش وەک گەلی تورک دەچێتە نێو پرۆسەی بەنەتەوەبوونەوە، ئیدی (کورمانجی) هاوشێوەی (تورکمان) بایەخ پەیدا دەکات. لەو نێوانەشدا زمانی کوردی کە بەسەر چەندین لق، شێوەزار و دیالێکتی جۆراوجۆردا دابەشبووە [113]، ئیدی لە زمانی خێڵەوە بۆ زمانی نەتەوە دەگۆڕێت. دامەزراندنی وەجاخی شۆڕشگێڕی رۆژهەڵاتیش شتێکی رێکەوت نییە. لە قۆناخی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا، بزاڤی بەنەتەوەبوون لەسەر رۆشنبیرانی بورژوازی بچووک و شۆڕشگێڕانیش رەنگدەداتەوە و ئەمەش سەرەتا لەلایەن بورژوازییەوە بەرگری لێدەکرێت.

چینە سەردەستەکان و دەسەڵاتی سیاسی زۆر بە باشی ئاگادار بوون لەوەی هەرکاتێک وەبەرهێنانی گەورە لە رۆژهەڵات بکرێت گۆڕانێک لە پێکهاتەی ئابووریدا بەرپا دەکات، بۆیە پێویست دەکات رێوشوێنی ئەوتۆ بۆ دواخستن یان بەلاڕێدابردنی پرۆسەی بەنەتەوەبوون بگرنەبەر. لە دوای بزاڤی 27ی ئایار، حکومەت لەڕێی بڕیارنامەیەکەوە ناوی گوندە کوردییەکانی گۆڕی و ژمارەی بەشە ناوخۆییەکانی بۆ قوتابخانەکان زیاتر کرد. بەهەمان شێوە ئێزگەی رادیۆی زیاتریشی لە رۆژهەڵات

112 - Ahmet Aras,"Türkiye'de Feodalite Var mrdır?" Ant dergisi, Sav 119, 26 Agustos 1969, s. 12
113 - Kemal Badlli, Turkçe Izahl Kürtçe Grameri (Kurmangea Lehçs), Ankara 1965

دانا. ئەمە لە نموونەی ئەو رێوشوێنانەن، بەڵام کاتێک ئەوە ئەنجامی پێویستی نەبوو، ئیدی دەسەڵات دەستی بە چاوسوورکردنەوە و بەکارهێنانی کۆماندۆ کرد [114]. هەڵبەت داینامیکی بەنەتەوەبوون، تەنیا گۆڕانی دەربەگایەتی بەرەو سەرمایەداری لە ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا نییە، بەڵکو لە دژی سیاسەتی نەژادپەرستانەی دەسەڵاتە سیاسییەکانیش، هۆشیاریی نەتەوەیی بەشێوەیەکی خێرا گەشە دەکات. ئیلهان سەلجوق دیسان لە نووسینێکیدا دەڵێت: "کاتی خۆی لەم وڵاتەدا وشەی تورک سەیر بوو. ئەو نەوەیەی خەباتی نەتەوەیی دەکرد، بۆئەوەی جێی تورکایەتی بکاتەوە چەند جارێك خۆی بە ئاووئاگردا داوە. فەرماندەیی جەنگی چەندین جار دوای رەوتە تورکچییەکان کەوتوون و ئەو خوێندکارانەیان سزا دەدا کە بیری مەترسیداری وەهایان هەبوو..."، "خەڵک نیگەران دەبوون ئەگەر پێیانگوترابایە تورک، چونکە وشەی تورک وەکو سووکایەتی بەو گوندنشینانە دەگوترا کە هیچ نازانن. بۆ ئەوەی هۆشیاریی عوسمانی لەسەرووی نەتەوەگەرایی بێت و بۆئەوەی نەتەوەگەرایی نەتوانێ ئوممەتگەرایی بتوێنێتەوە، خۆیان لە ناوهێنانی تورک دەپاراست و تورکچێتی وەکو رەوتێکی پەڕگیر و مەترسیدار تەماشا دەکرا. لەنێوان جەنگی بەڵکان تاوەکو جەنگی سەربەخۆیی، هێزە نەتەوەییەکان 11 ساڵیان لەنێو ئاگر و خوێن تێپەڕکردووە، بەڵام سەرئەنجام ناوی تورکیان بەرزکردەوە و هۆشیارییەکی نەتەوەییان دروستکرد. مستەفا کەمالی پیرۆزیش دروشمی (چەندە بەختەوەرە ئەوەی دەڵێت تورکم)ی بەرزکردەوە و بەرگری لەوە کرد کە تورکبوون مایەی سەرفرازیە و پێویستە رێزی لێبگیرێت. هەڵبەت هەندێک بەگی سەر بە رۆژئاوا ئەو شتانە بە گرنگ نازانن" [115].

114 - لە چاپی دووەمی کتێبی سیستمی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا زانیاری گرنگ لەوبارەیەوە هەیە.
115 - ئەو نووسینەی ئیلهان سەلجوق بە ناوی (میللەتی پرۆلیتاریا - جمهورییەت، 24ی ئەیلوولی 1970) بۆ نیشاندانی ئەوەی کە کۆمەڵگەی ئەمرۆی کورد لانیکەم 50 ساڵ لە دوای کۆمەڵگەی تورکەوەیە، بەڵگەیەکی سەرنجراکێشە. قسەی لە جۆری (بەختەوەرە ئەوەی دەڵێ تورکم)، (تورکێك هەموو دنیا دێنێ)، (بەهێز وەك تورك)، پرۆسەی بە نەتەوەبوونی تورکی خێراتر کردووە، بەڵام ئەوە تۆزێك لەسەر حیسابی دواخستنی بەنەتەوەبوونی گەلی کوردیش بووە. تاوانبارە گەورەکانی ئەمەش، ئەوانەن کە نێوەرۆکی پرسی رۆژهەڵات و پرەنسیپی برایەتی و یەکسانیی گەلان تێناگەن و باسیشی ناکەن.

ئـەو رەفتـارەی پەنجـا سـاڵێک لەمەوبـەر لەلایـەن دەوڵەتـی عوسـمانییەوە بـۆ خەڵکـی دیکـە بـە رەوا دەبینـرا، ئەمـڕۆ چینـە سەردەسـتەکان و بیرۆکراسـیی تورکـی بە کادیـر، سـەرباز، سـیڤیل و رۆشـنبیرییەوە، بۆ گەلی کـوردی بـەڕەوا دەزانـن. تـۆ واز لـەوە بێنـە کـە هەرکەسـێک شـانازی بـە کوردبوونـی خۆیـەوە بـکات، تەنانـەت ناتوانـێ بڵـێ مـن کـوردم. بـە چەندیـن شـێوە هەڕەشـەی سـزادانی لێدەکرێـت. نموونەیەکـی زۆر سەرنجڕاکێشـی ئەمـە لـە رووداوی خۆسـووتاندنی گەنجێکـدا بـە نـاوی (موسـلیم سـەڤال) لـە زانکـۆی ئەتاتـورک روویـدا کـە دوای ئـەوە زنجیـرەک رووداوی دیکـە روویانـدا و لـە ئەنجامـی ئەوەشـدا کۆمیسـیۆنێکی لیکۆڵینـەوە دامـەزرا. کۆمیسـیۆنەکە بـە خوێندکارەکـەی گوتـووە: "بێشـکچی باسـی هەندێـک شـتی وەک کـورد دەکات، شـتی وانییـە. تـۆ چـی دەڵێـی؟ خوێندکارەکـەش لـە وەڵامـدا گوتوویەتـی: مـن کـوردم" [116]، کۆمیسـیۆن لەم وەڵامە شـۆک بـووە و بەهـۆی ئـەوەی کوردایەتـی دەکات خوێندکارەکەیـان داوەتـە دادگا. وەکـو دەبینرێـت سـەرەڕای هەمـوو جـۆرە گوشـار و تیرۆرێـک، هۆشـیاری گەشـە دەکات.

## 14. ئەنجام

ئـەو دیدگایـەی کـە پێیوایـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ، لەبەرئـەوەی پاشـماوەی دەرەبەگـی وەك ئاغـا، شـێخ و سـەرۆک خێڵـی تێدایـە بەدواکەوتوویـی ماوەتـەوە، ناتوانـێ هـۆکاری دواکەوتوویی رۆژهـەڵات روونبکاتـەوە. بەڵکو ئـەوە بـۆ خۆی دیاردەیەکە کە پێویسـتە لەڕووی ئابـووری و کۆمەڵایەتییەوە روونبکرێتـەوە. کاتێـک لـەو روانگەیـەوە سـەیر دەکرێـت، دەزانیـن کـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ هـەر لەخۆیـەوە بەجێنەمـاوە، بەڵکـو بەهـۆی ئـەو سیاسـەتە ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و کولتووریانەیـە کـە پەیڕەوکـراوە.

---

116 - لە داهاتوودا بەڵگەکانی تایبەت بەو رووداوە بڵاودەکرێنەوە.

ئەمـەش دەریدەخـات کـە بـە ئەنقەسـت دواکەوتـوو راگیـراوە. پێویسـتە لەکاتـی لێکۆڵینـەوە لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ، لـە تەنیشـت لێکۆڵینـەوە و شـیکردنەوە چینایەتییەکانـی، هـۆکاری ئەتنیکیـش لەبەرچـاو بگیرێـت.

قۆناخــی تێپەڕبــوون بــۆ فرەحیزبــی، بــووە هــۆی ئــەوەی شــێخ، ئاغــا و ســەرۆک خێڵــەکان بــە شــیوازێکی نــوێ دابمەزرێنــەوە و لەگــەڵ چینــە سەردەســتەکانی رۆژئــاوا یەکبگــرن. لــەم قۆناخــەدا ئیــدی ئــەو چینــە سەردەســتانەی رۆژهــەڵات، جـا چ ئەوانـەی لەگـەڵ دەسـەڵاتی ناوەنـدی لـە ناکۆکیـدا بـوون و چ ئەوانـەی لەگەڵـی گونجابـوون، بەرەبـەرە لەگـەڵ چینـە سەردەسـتەکانی رۆژئـاوا بەرژەوەندییەکـی هاوبەشـیان دروسـتکرد. نیشـانەیەکی دیـاری ئـەم پێکهاتەیـەش ئەوەبـوو کـە ئـەو دەربەگانـەی بەسـەر ناوچەکانـی دەرەوەی شـاردا زاڵ بـوون، بـەرە بـەرە  روویـان لـە قەزا و شـارەکان کـرد و دەسـتیان دایـە بازرگانـی، وەرگرتنـی قـەرز و سیاسـەت و هەوڵیانـدا ئەوانـەش کۆنتـرۆڵ بکـەن. ئەمـە دەریدەخـات کـە دەربەگـەکان بـەرەو سـەرمایەداری دەڕۆن. دەربەگایەتـی لـە رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـدا نـەک بەهـۆی داینامیکـە نێوخۆییەکانـی کۆمەڵگـە، بەڵکـو بەهـۆی فراوانبوونـی ئـەو سـەرمایەدارییەی لـە تورکیـا هەیـە، دەگـۆڕێـت.

لـە ئەنجامـی ئـەم گۆڕانـەدا چینـە سەردەسـتەکانی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا پەیوەندییەکـی تۆکمەیـان دروسـتکردووە و ئـەو بەرهەمـە زیادەیـەی کـە لــە رۆژهــەڵات بەرهــەم دەهێنرێــت، لــە رۆژئــاوا وەبەرهێنانــی لەســەر دەکرێـت و رۆژهەڵاتیـش بـەردەوام هەژارتـر دەبێـت. لـە ئەنجامـی ئـەو یەکگرتنـەدا، پێکهاتـەی چیـن لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ دەگـۆڕێـت و چینـی سەردەسـتی دەرەبەگـی دەبێتـە سـەرمایەدار و پرۆسـەی بەنەتەوەبوونیش زیاتـر گەشـە دەکات. ئـەوەش ئاشـکرایە کـە دەربەگایەتـی لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ نـەک بە رێگەیەکی شۆڕشـگێڕانە، بەڵکـو لەڕێی سـەرمایەداربوونی چینـی سەردەسـتی دەربەگـەوە رووخـا، بـەڵام ئەمـە وەکـو دەرئەنجـام، رووداوێکــی شۆڕشــگێڕانەیە. چونکــە خێــڵ وەك پێکهاتەیەکــی سیاســی ســەرەتایی دەهاڕێــت و لەنـاوی دەبـات و لەجێـی ئـەوە نەتـەوە دروسـت

دەکات و مرۆڤەکانیش لە وابەستەیی رەنج قورتار دەکات و ئازادتریان دەکات.

مستەفا کەمال لەنێوان ساڵانی 1919 ـ 1922، بۆ راکێشانی خێڵەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بۆ ناو "شۆڕش"، بەشێوەیەکی فراوان پەنای بۆ ئایدیۆلۆژیای ئایینی برد، بەڵام ئەمڕۆ لە دوو روانگەوە هیچ دەرفەتێک بۆ ئەمە نەماوە:

1. ئایدیۆلۆژیای ئایینی بە هەموو واتایەکی خۆی بووە بە چەکی دەستی دژە شۆڕشگێڕەکان و شۆڕشگێڕان سوودی لێ وەرناگرن.

2. هەرچەندە لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، سەرۆکی خێڵ، شێخ، ئاغا، بەگ و رەگەزەکانی چینە سەردەستەکان بەو جۆرە هەبن کە جەماوەریش کۆنترۆڵ دەکەن، بەڵام بە پێشەنگایەتی بوورژوازی بچووک (ئەو پێشەنگایەتییە نییە کە جاران لە ستراتیژی شۆڕشدا مشتومڕی لەسەر دەکرا، بەڵکو پێویستە وەکو ئەوە سەیر بکرێت کە بۆرژوازی بچووک بیرۆکە شۆڕشگێڕییەکان بۆ جەماوەر دەگوازێتەوە)، خەریکە کادیرێکی شۆڕشگێڕ گەشە دەکات و رۆژ بە رۆژیش قورساییەکەی زیاتر دەبێت. لەو روانگەیەوە، بۆئەوەی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ تێکەڵی شۆڕش بکرێت، پێویستە بیر لە هۆکاری دیکە بکرێتەوە. ئەمەش بە دانانی یەکسانی و برایەتیی نەتەوەکان لەسەر بنەمایەکی راست و کردەنی دەبێت. سەیرکردنی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ وەکو تورک و هەوڵدان بۆ بە تورککردنی ئەو ناوچەیە، لەکۆتاییدا ئەنجامەکەی شکستە.

"گەلان دەتوانن لە دژی چینە سەردەستەکان و هێزە ئیمپریالیستەکان کە ئەوان دەچەوسێننەوە، بەشێوەیەکی برایانە و بە هاوکاریی یەکدی خەباتێکی کاریگەر بکەن. تاکە مەرجی ئەمەش بنەمای یەکسانیی گەلانە کە پێویستە بەشێوەیەکی نیازپاکانە قبووڵ بکرێت، مەرجی یەکسانیی گەلانیش فرەڕەنگیی هاووڵاتیانە. بەبێ رێزگرتن لە تایبەتمەندییەکانی یەکتر و بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەستیاریی شۆڕشگێڕانە سەبارەت بە پرسی نەتەوەکان، ناتوانرێت خەباتێکی پێویست بکرێت و متمانە دروست

بکرێت. بەرامبەر هەر دەسەڵاتێک کە دەیەوێت خەڵک بتوێنێتەوە و سڵ لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی گوشار ناکاتەوە، ئەگەر هێزەکانی نەتەوەی سەردەست و هێزە شۆڕشگێڕەکان بە هەموو توانای خۆیانەوە لە دژی رانەوەستن، ئەوکاتە متمانەیان لای نەتەوەی بندەست نامێنێ" [117].

لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی کرێکارانی تورکیا لە 31-29ی ئۆکتۆبەری 1970، سەبارەت بە پرسی گەلان لە تورکیا بڕیارێکی سەرنجڕاکێش دراوە: دان بەوەدا دەنێت کە ئەو ناوچانەی گەلی کوردیان تێدا دەژی، لەچاو ناوچەکانی دیکەی تورکیا دواکەوتووترە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەوەش، لەپاڵ یاسای گەشەکردنی نایەکسانی سەرمایەداری، ئەو سیاسەتانەیە کە چینە باڵادەستەکانی نەتەوەی سەردەست لەو ناوچانە جێبەجێیان کردووە [118].

ئەو پرۆسە تازەیەی لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دەستیپێکردووە، واتە گۆڕانی دەربەگایەتی بۆ سەرمایەداری، دیسان لە بەرژەوەندی چینە سەردەستەکانە، بەڵام رزگاریی جەماوەریش لە هەناوی ئەو گۆڕانەدایە و گومانی تێدا نییە کە هەر ئەو گۆڕانە زەوینەی رزگاریش خۆش دەکات [119].

---

117 - Devrimci Doğu Kültür Öeakları, 1. Dönem Genel Kuruku, 1969-1970 Karar Tasarısı (Çoğaltnma), DDKO Yayını, Ankara 1970, 5. 7; Aynca bk. Ali Harzya, "Kürt Sorunu" Emek Aylık Sosyalist Dergi, Sayı 6, Kasun 1970, s. 64

118 - Ant dergisi, Aralık 1970, Sayı 8, s. 38

119 - لەبەر هەموو ئەوانە، پێویستە بە وردی لەسەر ئاغا بەبورژوابووەکانی کورد راوەستین. ئەوە دوو رەهەندی هەیە. لەبەرئەوەی لەگەڵ کاپیتالیستە بەکرێگیراوەکانی رۆژئاوا یەکیانگرتووە و کارەکانی خۆیان خستووەتە سەرپێ، دەیانەوێ بارودۆخەکە وەك خۆی بڕوات. لەو روانگەیەوە دژی بزاڤی نەتەوەیی رۆژهەڵاتن کە لە جەوهەری خۆیدا شۆڕشگێڕانەیە. بەلام لە هەمانکاتیشدا ئاگایان لەو ماتەوزەیە هەیە کە لە رۆژهەڵات هەیە و نایانەوێ لێی بچنە دەرێ و ئەوە بە کەڵکیان نایەت. چونکە ئەوکاتە پشتیوانیی خەڵك لە کیس دەدەن و لە دەرەوەی جەماوەر دەمێننەوە. لەبەر ئەوەی یارییەکی دوولایەنەش دەکەن، بە کەڵکی بزاڤی نەتەوەگەراش نایەن. هەرچەندە ئەمە بۆ هەموو ئاغا کوردە بە کاپیتالیستبووەکانی رۆژهەڵات راست نییە، بەڵام بە گشتی راستە. کەوابوو، بۆئەوەی بەکاپیتالیستبوون بە سوودی خەڵکی رەنجدەر بشکێتەوە، پێویستە بە بایەخەوە لەو بابەتە بڕوانرێت.

## بەشی شەشەم

# پێکهاتەی سۆسیۆئیکۆنۆمیی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری کوردی*

### 1. ڕەوتی مێژوویی

لە چاخە سەرەتاییەکاندا، کوردەکان لە خوارووی دەریاچەی وان نیشتەجێبوونە، دواتر و پاش فراوانخوازیی عەرەب وەکو هێزێکی سیاسی دەرکەوتوون. ئەوکاتەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ڕووبەڕووی سوپای عەرەب بوونەتەوە، لە سیستمێکی دەرەبەگیی سەرەتاییدا دەژیان. بەهۆی ئەوەی کە بەشێوەیەکی ئاسایی باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام هێنا، شەڕی خوێناویی گەورەیان لەگەڵ سوپاکانی ئیسلامدا نەکرد و بەوجۆرەش، سیستەمی دەرەبەگیی کورد لەکاتی فراوانخوازیی عەرەبدا

* ئەم نووسینە لەسەر داوای یانەی فۆلکلۆری کۆلێژی ڕۆبەرت ئامادەکراوە بۆ ئەوەی لە ساڵنامەی فۆلکلۆری تورکیادا بڵاوبکرێتەوە. لە 10ی ئاداری 1971 بۆ یانەی فۆلکلۆری کۆلێژی ڕۆبەرت لە تورکیا نێردرا، بەڵام بڵاویان نەکردەوە.

بەشـێوەیەکی بەهێزتـر بـەردەوام بـوو.  تورکـەکان بـۆ یەکـەم جار لە سـاڵی 1028 دا روویـان لـە ئەنـادۆڵ کـرد. لـە شـەڕی سـاڵی 1071ی (مەلازگـرد) قۆناخــی هاتنــی تــورک بــۆ ئــەم ناوچەیــە تەواوبــوو. دوای هاتنیشــیان، بـەر لـە هەمـوو شـتێک، لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ رووبـەڕووی سیسـتمی خێڵەکیـی کـورد بوونەوە. تورک سـەرەتا ویسـتیان هەموو خێڵە کـوردەکان لەنێوبـەرن و بەخۆیانەوە بیانبەسـتنەوە. بۆیە لەنێـوان بەرەبابەکانی تورک و خێڵـە کوردەکانـدا شـەڕی گـەورە روویاندا. پاشـان تورکەکان تێگەیشـتن کە ناتوانـن سیسـتمی خێڵەکیـی کـورد لەنێوبـەرن، بۆیـە دانیان بەو سیسـتەمە دانــا و لەگەڵیــان بوونــە هاوپەیمــان. بەوجــۆرەش چ لەکاتــی هاتنــی تورکەکانـدا و چ لـە سـەردەمی ئیمپراتۆریـی سـەلجوقیدا، خێڵـە کـوردەکان توانییــان درێــژە بدەنــە سیســتەمی خۆیــان و شــێوازی بەرهەمهێنانــی دەرەبەگیـی خۆیـان.

لە سـەردەمی ئیمپراتۆریی عوسـمانیدا سیسـتەمی دەرەبەگیی کورد، بەبێ ئـەوەی گۆڕانێکـی بنەڕەتـی بەسـەردابێت بـەردەوام بـوو. لـە سیسـتەمی عوسـمانیدا، زەویـوزار لەژێـر دەسـەڵاتی دەوڵەتـدا بـوو، مافـی بەکارهێنانی زەویوزاریـش بـە رێـکاری تایبـەت بـە رەعیەتـەکان دەدرا، بـەڵام لەبەرئـەوەی کـە پادشـا مافێکـی بێسـنووری لـە ئیمپراتۆرییەکـەدا هەبـوو، بـە هـۆکاری جۆراوجـۆر زەویوزارێکـی زۆری بـە خەڵکـی جیـاواز دابـوو. بەوجـۆرەش، ئـەو زەویوزارانــە لــە دەرەوەی سیســتەمی موڵکداریــی عوســمانی مانــەوە و لـە چوارچێوەیەکـی یاسـایی تایبەتـدا مامەڵەیـان لەگـەڵ کـراوە. ئەوکاتـەی عوسـمانییەکان بەتەمابـوون رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ فەتح بکـەن، رووبەڕووی سیسـتەمی دەرەبەگیـی کـورد بوونـەوە. سـەرەتا هەوڵیانـدا بەشـێوەیەکی ئۆرگانیـک ئـەو سیسـتەمانە تێکەڵـی خۆیـان بکـەن، بـەڵام لـە ماوەیەکـی کورتـدا تێگەیشـتن کـە ئەمـە ناکـرێ، چونکـە کوردیـش گەلێکـی شـەڕکەر و هێرشــبەر بــوون. ئیــدی دەوڵەتــی عوســمانی تێگەیشــت کــە ناتوانــێ کــورد بەوجــۆرە تێکەڵــی خــۆی بــکات، بۆیــە هەوڵیــدا ناوچەکانــی کــورد وەکـو ناوچـەی پێکـدادان لـە بەرامبـەر دووژمنەکانـی بەکاربێنێـت. پاشـان

لەنێـوان دەسـەڵاتی ناوەندیـی عوسـمانی و دەربەگەکانـی کـورد لەسـەر بنەمـای ڕاگرتنـی هاوسـەنگیی هێـز، ڕێککەوتنێکـی نەنووسـراو کـرا. بـە گوێـرەی ئـەو ڕێککەوتنـە، دەوڵـەت دەسـتی لـە کاروبـاری ناوچەکانـی بەگـە کـوردەکان وەرنـەدا و لـە بەرامبـەر ئەوەشـدا خێڵـە شـەڕکەرەکانی کـورد لـەدژی دەسـەڵاتی ناوەنـدی ڕانەپەڕیـن [120]، جگـە لـەوەش لەبەرامبـەر دووژمنەکانـی عوسـمانی کـە سـەفەوی و مەمالیـک بـوون، یارمەتـی دەوڵەتـی عوسـمانییان دا.

پڕۆفیسـۆر سـادق سـامی ئۆنـار لەبـارەی ڕۆژهـەڵات کـە لـە مێـژووی عوسـمانیدا بـە کوردسـتان نـاوی هاتـووە، دەڵێـت: "... لـە ڕۆژهـەڵات بارودۆخێکـی جیـاواز و ریزپـەڕ هەبـوو. کاتێـک سـوڵتان سـەلیمی یەکـەم شـەڕی چاڵدێرانـی بـردەوە، میرنشـینەکانی کـوردی لـە سـنوور بـە ئیمپراتۆرییەکـەوە لکانـد، بـەڵام ئـەو شـوێنانەی کـە ئەوانـی لێبـوون، بەناوەکانـی یورتلـک و ئوجاخلـک بەنـاوی بەگـەکان کـران. بەوجـۆرەش ئـەو زەویـوزارە میرییانـەی کـە هەبـوون، هەروەهـا ئـەو سیسـتەمی تیمـار و زەعامەتـەی کـە هەبـوو، لـەوێ جێبەجێنەکـرا و دۆخێکـی تایبـەت بـەوێ درا. بەگەکانـی کـورد ئیـدی وەک خاوەنـی ئـەو زەویانەیـان لێهـات. داهـات و دەسـتکەوت و بەرهەمەکانـی ئـەو زەویوزارانەیـان بـۆ دەوڵـەت نەدەگەڕانـدەوە و بـۆ بەگـە کـوردەکان خۆیـان بەجێمابـوون. ئەرکـی ئەوانیـش لـەو شـوێنانە پاراسـتنی سـنوورەکان بـوو. ئەگـەر سـوپا بـەرەو ئـەو ناوچانـە بڕۆیشـبا دەبـوو لەگـەڵ هێزەکانی سـوپا یەکبگرن. ئـەو بەگانە لـە بەگایەتـی نەدەخـران و کاتێکیـش دەمـردن، ئـەو میراتـە بـۆ کوڕەکانیـان دەمایـەوە. یـان لەنێـو ئەندامانـی بنەماڵەکەیـدا دابـەش دەکـرا ئەگـەر کـوڕی نەبووایـە. هەندێـک لـەو میرنشـینانە وەک حکومـەت ناسـرابوون، بـۆ نموونـە لـە پارێـزگای دیاربەکر 11 سـنجاقی عوسـمانی و هەشـت سـنجاقی بەگـە کـوردەکان و پێنـج حکومـەت هەبـوون. بەوجـۆرە زەویـوزاری میـری و

120 - Islam Ansiklopedisi, Kartler Maddesi, Cilt 6, s. 1096 vd.

سیستەمی تیمار و زەعامەت جێبەجێنەکرا و دۆخێکی تایبەت پەیدابوو. بەگەکانی جارانی کورد ئیدی وەکو خاوەنی ئەو زەویوزارانەیان لێهات و بەوەش دەربەگایەتییێکی هاوشێوەی رۆژئاوا پەیدابوو" [121].

ئەو بارودۆخەی کە لە کوردستان هەبوو، لە ناوچەی دیکەی وەک بەغدا، بەسرە، یەمەن، میسر و ویلایەتەکانی حەلەب و جەزائیریش هەبوون. لەو شوێنانە و لە هەندێک لە سنجاقەکاندا سیستەمی تیمار و زەعامەت نەبووە، بەڵام داهاتەکانی دەوڵەت وەک عشوور (سیستەمێکی باجە کە دەیەکی ئەو بەرهەمەی هەبوو، دەدرا بە دەوڵەت) بەتەواوی دەگەڕانەوە بۆ دەوڵەت. هەڵبەت لەو داهاتە، سەرەتا ئەو خەرجی و تێچووانەی کە بۆ بەگی سنجاق و سەربازە لۆکاڵییەکان پێویست بوو، جیادەکرانەوە و ئەوەی دەمایەوە دەنێردرا بۆ خەزێنەی ناوەندی [122].

بەڵام دەسەڵاتی ناوەندی هیچ مافێکی بەسەر ئەو داهاتەوە نەبوو کە لە کوردستان کۆدەکرایەوە. کۆکردنەوە و خەرجکردنی ئەو داهاتانە بەتەواوی لە دەسەڵاتی بەگە کوردەکاندا بوو، بەواتایەکی دیکە لە دەسەڵاتی حکومەت و سنجاقە کوردییەکاندا بوو. لە پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگەی کوردی لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لەگەڵ کۆشکی عوسمانیدا سێ جۆر سیستەم هەبوون:

ا. حکومەتە کوردییەکان
ب. سنجاقە کوردییەکان (یورتلك و وەجاخ) کە بە بەگەکانی کورد درابوو.
ج. سنجاقەکانی دەوڵەتی عوسمانی

لەنێو ئەوانەدا حکومەتە کوردییەکان یەکەی تەواو سەربەخۆی دەرەبەگی بوون. دەوڵەتی عوسمانی دەستی لە زەویوزار و کاروباری

121 - Ismail Cem, Turkiye de Geri Kalmışlıgın Tarihi, Cem Yaymevi, Istanbul 1970, s. 368
122 - Sıddık Sami Onar, Idare Hukukunun Umumi Esasları, Cilt I, 2. bs. Istanbul 1960, s. 124

خێڵەکانی ئەو حکومەتانە وەرنەدەدا و ئەوانەی وەکو ماڵومولکی حکومەتەکان دەبینی. لە نموونەی ئەو حکومەتانەش دەتوانین ناوەکانی جزیرە، هازرۆ، ئەغیل، پاڵۆ، کیە، بتلیس، هیزان، هەکاری، مەحموودی، شارەزوور، عەمادیە، میهریڤانا، ئوشتی و ئەکراد بژمێرین (123). ئەولیا چەلەبی لە گەشتنامەکەی خۆیدا باسی هەندێک حکومەت و میرنشینی کوردی کردووە کە "ناتوانرێت لەسەرکار لابدرێن " و مەبەستیشی ئەمانە بووە (124).

ئەو سنجاقانەی بە سەرۆک خێڵەکان درابوون لە سنجاقەکانی دیکە جیاوازبوون و دەسەڵاتە ئیدارییەکانی ئەوانە، نزیکەی هێندەی دەسەڵاتی حکومەتەکان بووە. لەو جۆرە سنجاقانەدا، زەویوزاری سەرۆک خێڵەکان وەرنەدەگیرایەوە و کەسی بیانی بۆ ئەو موڵکانە دەستنیشان نەدەکران. بە واتایەک خاوەنی زەویوزار و سەرۆکی سنجاقەکەش هەر هەمان سەرۆکی خێڵ بوو. بەڵام جیاواز لە حکومەتەکان، سەرۆکی خێڵ کە لە هەمان کاتدا بەگی سنجاقیش بوو، لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتەی پێدرابوو، ناچار بوو بەشداری لە شەڕەکاندا بکات (125). لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ نزیکەی پەنجا سنجاق هەیە.

وەک لەوانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کۆشکی عوسمانی هیچکات نەیتوانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ تێکەڵی خۆی بکات. لە بارودۆخێکی وەهاشدا پەیوەندییە دەرەبەگییەکان لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بۆ ماوەی چەندین سەدە درێژەیان کێشا و رووداوەکانی نێو ئیپمراتۆری کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر دانەناون. وەکو دەزانرێت یەکێک لە ئەنجامەکانی پەیوەندی بەرهەمهێنانی دەرەبەگی ئەوەیە کەوا بەرهەمی

123 - Şerafettin Turan, 17. Yuzyılda Osmanlı İmparatorlugu'nun Idari Taksimatı, Atatürk Üniversitesi 1961 Yillhğı, Erzurum 1963, s. 205

124 - Evliya Çelebi Seyahatramesi, 6. Kitap, Türkçeleştiren: Zuburi Danışmam, Zuhiri Danışman Yayınevi, Istanlul 1970,s. 263- Aymca Bk. Naima Tarihi Cit 3, Çev. Zuhuri Danışman, Zuhuri Danıgnan Yavinevi, İstanbul 1968

125 - Muz.fler Frdlost, Tuikiye de vedaliznn Kaynakları ve Bugünkü Durumu Uzerine Bir Taslak, Aydırılik Sosyalist Derg. Sayı S, 3634. Siddık Sami Onar, a.g.e., s. 535

زیادە و کەڵەکەبووی کەمە. ئەمەش فاکتەرێکی گرنگە کە کاریگەری لەسەر کرانەوەی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بەڕووی دەرەوە و یەکگرتن لەگەڵ فاکتەرە دەرەکییەکان دادەنێ. ئەو بەرهەمە زیادەیەش کە لە ئاژەڵداری دەستکەوتووە، زیاتر لەوەی کە بەرەو ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ بچێت، بەرەو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕۆیشتووە. بەوجۆرەش ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ سیستەمێکی ئابووریی تایبەت بەخۆی هەبووە. ئەم پەیوەندییە لەو سەردەمانەشدا کە ئیمپراتۆری لەوپەڕی هێزدا بووە، هەر بەوجۆرە بەردەوام بووە، بەڵام لەگەڵ هاتنی سەردەمی تەنزیمات بەهۆی کاریگەرییەکانی دنیای ڕۆژئاواوە، هەندێک شت گۆڕان. لەم قۆناخەدا ئیمپراتۆریی عوسمانی کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو بزاڤە نەتەوەگەراییانەی لە ڕۆژئاوا دروستبوون و لە ئەنجامی ئەوەشدا، گەلانی بەڵکان بەشێوەیەکی خێرا سەربەخۆییان وەرگرت.

لەو قۆناخەدا کە بزاڤە نەتەوەییەکان گەشەیان دەکرد، کۆشکی عوسمانی سیاسەتێکی سەرکەوتووانەی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ پەیڕەو کرد کە هەم ڕێی لەوە گرت گەلی کورد بەرەو ناوەندیبوون و یەکڕیزی بڕوات، هەم کورد و ئەرمەکانی بەگژی یەکتریدا کرد و بەوجۆرەش ڕێی لە دامەزراندنی ئەرمەنستانی گەورە گرت. ئەو تاکتیکە پەیوەندی بە دامەزراندنی فەوجەکانی حەمیدییەوە هەبوو کە لە ساڵی 1891 لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە دامەزرا و ژمارەیان 36 فەوج بوو. ئەوانە لە دوو ڕوانگەوە قازانجیان بۆ کۆشکی عوسمانی هەبوو: یەکەم: ئەو ناکۆکییەی لەنێو کوردەکان خۆیان هەبوو، ئەمجارە بەشێوەیەکی چەکداری درێژەی پێدرا و بەوەش ڕێ لە ناوەندیبوون و یەکبوونی گەلی کورد گیرا. ئەو سیاسەتەی سوڵتان عەبدولحەمید کە لەم تایبەتمەندییەی خێڵە کوردەکان تێگەیشت و بەگوێرەی ئەوەش سیاسەتی دانا، بۆ کۆشکی عوسمانی سەرکەوتن بوو.

دووەم: لەڕێی دامەزراندنی فەوجەکانی حەمیدییەوە، ئەمجارەیان لە نێوان گەلانی موسوڵمانی عوسمانیدا، لەنێوان تورک و عەرەب و کورد

و هتـد، یەکێتییەکـی دروسـتکرد و بـە بەکارهێنانـی ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی، شـەڕێکی بێئامانـی لـە دژی ئەرمەنـەکان دەسـتپێکرد. کۆشـکی عوسـمانی کەڵکـی لـەو هاوسـەنگییە وەرگـرت کـە لـە ئەنجامـی پێکدادانـی گـەلان لـە دژی یەکـدی دەرکـەوت و بـەم جـۆرەش ڕێـی لـە ڕاپەڕینێکـی گریمانەیـی لـە دژی خـۆی گـرت.

## 2. گەشەی پێکهاتەی سۆسیۆئیکۆنۆمی

### ئاراستەی گەشەکردنی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی

بەگوێـرەی سـەرژمێریی سـاڵی 1965، دانیشـتووانی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ پێنـج ملیـۆن و 903 هـەزار کـەس بـووە. ئەمـەش واتـای ئەوەیـە کـە ٪18.8ی کـۆی دانیشـتووانی تورکیـا لەوێیـە. ڕووبـەری ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ 18 پارێـزگا لەخۆدەگرێـت، 220735 کیلۆمەتـر چوارگۆشـەیە (2) و ئەمەش ٪29.9ی هەمـوو ڕووبـەری تورکیایـە. چڕیی دانیشـتووان لە بەشـی باکووری ئـەو ناوچەیـە بـەراورد بـە بەشـی باشـووری کەمتـرە و ئـەو ڕێژەیـە لـە هـەکاری ٪9 یـە. کاتێـکک تەماشـای دابەشـبوونی یەکەکانـی نیشـتەجێبوون دەکەیـن ئەمانـە دەبینیـن:

هەرچەنـدە دەستنیشـانکردنی ژمـارەی خێڵـە کۆچـەرەکان ئەسـتەمیش بێـت، بـەڵام دەتوانیـن پێشـبینی بکەیـن کـە لەنێـوان ٪1 تاوەکـو ٪1.5ی دانیشـتووانی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ پێکدەهێنـن [126]. یەکەکانـی نیشـتەجێبوون لـە گونـدەکان وەك کەپـر، ڕەشـماڵ، بێسـتان، دیوەخـان و زۆزان 9.717 یەکەیـە و ٪19ی دانیشـتووانی ڕۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـی پەناداوە. لـە 9936 گوندیشـدا ٪53.2ی دانیشـتووان دەژین. لە 138 قـەزادا، ٪11.9ی خەڵـك و لـە 18 ناوەندی پارێزگاشـدا ٪15.3ی دانیشـتووان نیشـتەجێن [127].

126 - Ismail Beşikci, Doğu Anadolu nun Düzeni, Sosyo-Ekonomik ve Etnik Temeller, 2. Bs., E Yayanlan, İstanbul 1970, s. 46
127 - İsmail Beşiki, a.ge, s. 46

٪38ی خێزانە جووتیارەکانی هەر 18 پارێزگاکە زەویوزاریان نییە. ٪45.4ی خێزانە جووتیارەکان لەنێوان 50-1 دۆنم زەوییان هەیە کە دەکاتە ٪27ی هەموو زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئەوێ. ٪14.2ی خێزانە جووتیارەکان لەنێوان 200-51 دۆنم زەوییان هەیە و ئەمەش ٪40ی زەوییە کشتوکاڵییەکانە. ٪2.4ی خێزانە جووتیارەکانیش لە سەرووی 200 دۆنم زەوییان هەیە کە دەکاتە ٪33ی هەموو زەوییە کشتوکاڵییەکان. ئەم ژمارانە دەریدەخەن کە چ ناهاوسەنگییەك لە خاوەنداریی زەویوزاردا هەیە [128].

ئەو ناهاوسەنگییە کاریگەری لەسەر داهات و پەیوەندیی نێوان چینەکان داناوە و لە پەیوەندییە مرۆییەکانیشدا تەمومژێکی دروستکردووە. لەلایەکی دیکەوە دامەزراوە سەرخانییەکانی وەکو پەروەردە، سیاسەت، دیموکراسی، ئایین و تەریقەت و یاسا، بەگوێرەی ئەو پێکهاتەیە شکڵ و تایبەتمەندییان وەرگرتووە.

بەڵام لەم دواییەدا، گەشەکردنی خێرای دانیشتووان بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو ناهاوسەنگییەی لە خاوەنداریی زەویوزاردا هەیە، بەشێوەیەکی روونتر دەرکەوێت.

گەشەکردنی دانیشتووان لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ زۆر خێرایە و لە سەرووی رێژەی تێکڕای گەشەکردنی تورکیایە. لە ماوەی 20 ساڵدا، لەنێوان 1965-1945، گەشەکردنی دانیشتووان لە رۆژهەڵات ٪2.88 بووە و لە ناوچەکانی دیکەی تورکیا ٪2.65 بووە. کاتێک لێکۆڵینەوە لەبارەی رێژەی گەشەکردن لە شار و گوندەکان دەکەی، ئەنجامی سەرنجڕاکێشت بۆ دەردەکەوێت. لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ گەشەکردنی دانیشتووان لە شارەکاندا ٪4.3 و لە ناوچەکانی دیکەی تورکیا ٪3.4 بووە. لە گوندەکانی رۆژهەڵات دانیشتووان بە رێژەی ٪2.4 گەشەی کردووە و لە گوندەکانی تورکیاشدا ئەو رێژەیە ٪2.1 بووە. ئەو گوشارەی کە بەهۆی گەشەکردنی دانیشتووانەوە لە خوارەوە بۆ سەرەوە دروست

128 - İsmail Beşiki, a.ge, s. 61

دەبێت، زۆر زۆر گرنگە. چونکە لەگەڵ گەشەکردنی دانیشتوواندا خواست لەسەر زەویوزار، لەوەڕگا و دەرفەتی کار زیاتر دەبێت. هەرچەندە ئێستا رووی ئەم داواکارییانە زیاتر بەرەو دەوڵەتن، بەڵام ئەمە دواجار هەر دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەوانەی کە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان کۆنترۆڵ دەکەن. ئەو رەگەزە بنەڕەتییەی کە لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دۆخی هەنووکەیی دەگۆڕێت، گەشەکردنی دانیشتووان و پەیوەندییەکەی لەگەڵ ماکینیزەبوونی کشتوکاڵە. چونکە ماکینیزەبوونی کشتوکاڵ لە هەندێك شوێنی رۆژهەڵات زۆرە. بەکارهێنانی تراکتۆر لە 1966-1965دا لە تورکیا ٪19 زیادی کردووە، بەڵام ئەو رێژەیە لە رۆژهەڵات ٪46 بووە. لە 1967-1966یش رێژەکان کەم و زیاد هەر بەوجۆرە بوون. ئەم بەکارهێنانە زۆرەی ئامێر وایکردووە کە دانیشتووانێکی زۆری لادێکان، لە کەرتی کشتوکاڵ وەلابنرێن و ناچار لە کەرتەکانی دیکەدا بە دوای کاردا بگەڕێن.

لەلایەکی دیکەشەوە، بەهۆی ئەوەی شارسازی بەشێوەیەکی سروشتی نەبووە و زیاتر کۆبوونەوەی دانیشتووان بووە لە شوێنێکدا، ئەستەمە بتوانرێت ئەو جەماوەرە زۆرە بەکاربخرێت و بۆ هەموویان ئیش پەیدا بکرێ. چونکە پیشەسازی زۆر لاوازە. ئەو کەسانەش کە هەم زەویوزارێکی فراوان و هەمیش خەڵکێکی زۆریان لەژێردەستە، بە باشی درکیان بەم ناکۆکییە کردووە، بۆیە دەیانەوێ کێشەکە بشارنەوە و و گوشار بکەن بۆ ئەوەی خەڵك هۆشیار نەبنەوە. ئەوان هەوڵدەدەن سەرنجی رای گشتی بۆ بابەتی دیکە رابکێشن و لە پرسە سەرەکییەکە دووریانبخەنەوە. یەکێك لە رێگاکانی شاردنەوەی کێشەکەش ئەوەیە کە لایەنگر و موریدی تەریقەت و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان بدەی بە گژی یەکتردا و برەو بە پاشڤەڕۆیی بدەی. رێگایەکی تریش ئەوەیە کە هەست و سۆزی خەڵك بۆ پرسی کورد بورووژێنی.

هەندێ کەسی وەکو ئاغای زەیوەزار و شێخەکان بانگەشەی نەتەوەگەرایی دەکەن، ئەویش لە کاتێکدا کە ئەوان بۆ خۆیان دژی بیری

نـوێ و شۆڕشـگێڕانەن. بەمجـۆرە چینـە سەردەسـتەکانی کـورد، دەیانـەوێ بـۆ شـاردنەوەی ناکۆکییە بنەڕەتییـەکان، بابەتـی نەتەوەگـەرایی بەکاربهێنن. بـۆ نموونـە پڕوپاگەنـدەی ئـەوە دەکـەن کـە پێویسـتە کەسـی نەتەوەگـەرا ئاغـا و شـێخ و سـەرۆك خێڵەکـەی خـۆی خۆشـبوێت. تاکتیکێکـی دیکـەی ئاغاکان گوشـاری راسـتەوخۆیە. ئـەوان بەهۆی چەکدارەکانی خۆیانـەوە، رۆژ بـە رۆژ ئـەو گوشـارە زیاتـر دەکـەن و کاریگـەری ئەمـەش لەسـەر جەمـاوەر زۆرە. لەوڕووەشـەوە جەمـاوەر بـەدوای دەرەتانێکـدا دەگەڕێـت تـا لـە دژی ئـەوە خـۆی رابگرێـت. بۆنموونـە جەردەیـی و چەتەگـەری وەك یەکێـك لـە رێگاکانـی بەرپەرچدانـەوەی ئـەو گوشـارە دەرکەوتـووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، دۆخـی ئـەو گوندانـەی لـە تەنیشـت گونـدە بچووکـەکان دامـەزراون و دانیشـتووانێکی زیاتریـان هەیـە، زۆر سەرنجڕاکێشـە. ئـەو کاتـەی کـە ئاغـا دەیەوێـت بـە گوشـار قسـەی خـۆی بسـەپێنێ، ئیـدی بابەتـی یاسـا و رەوایـی نامێنـێ و ئاغـاش دەبێتـە کەسـێکی بێبەزەیـی.

لەگـەڵ ئەوەشـدا هێشـتا ناتوانیـن بڵێیـن هەوڵەکانـی خەڵـك بـۆ بەرەنگاربوونـەوە، روویەکـی چینایەتـی وەرگرتـووە. پێکدادانـی چەکـداری و ناکۆکییـەکان زیاتـر لـە نێـوان دوو ئاغـا یـان دوو سـەرۆك خێڵـن و گوندییەکانیـش هێشـتا وەك کەرەسـتەیەکی ئـەو ناکۆکیانـە بەکاردەبرێـن. هێشـتا پێکـدادان لـە نێـوان ئاغـا و گوندییەکان یان سـەرۆك خێـڵ و خەڵکی لادێ  روویـنـەداوە.

 هەمـوو ئەوانـە لـە مانگەکانـی هاوینـی 1967 و لـە کۆبوونەوەکانـی رۆژهەڵاتـدا لـە شـوێنە جۆراوجۆرەکانـی ئـەو ناوچەیـە بـە وردی قسـەیان لەسـەر کـراوە. هەرچەنـدە کۆبوونەوەکانـی رۆژهـەڵات وەکـو جموجۆڵێکی رۆشـنبیرەکانی رۆژهـەڵات بـوو لـە دژی چینـە سەردەسـتەکانی رۆژئـاوا و رۆژهـەڵات کـە دەیانـەوێ پاشـماوەکانی دەرەبەگـی بپارێـزن، بـەڵام هەرزوو نێوەڕۆکێکـی جەماوەرییـان وەرگـرت و کاریگـەری گەورەیـان دانـا. لـە کۆبوونەوەکانـدا کەسـانی موڵکـدار و بـێ موڵـك، تەنانەت شـێخ و سـەرۆك خێـڵ و ئەوانـەی کـە پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان کۆنتـرۆڵ دەکـەن،

بەشـدارییان کـرد. بەشـداریی چینـە سەردەسـتەکان و کۆنترۆڵکەرانـی پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان لـە کۆبوونەوەکانـدا، سـێ هـۆکاری سـەرەکی هەبـوو:
بـەر لـە هەمـوو شـتێك ڕێگرتن لـە هۆشـیارکردنەوەی جەمـاوەر سـەبارەت بـە ناکۆکییـە بنەڕەتییـە کۆمەڵایەتییـەکان. دووەمیـان ڕەتکردنـەوەی بەکـەم تەماشـاکردنی کـورد و سێیەمیشـیان ئـارەزووی بـوون بـە ئاغـای کاپیتالیسـتی.
 ئاغاکانـی ڕۆژهـەڵات دەزانـن کـە ئاغـا موڵکدارەکانـی ڕۆژئـاوا سـەروەت و سـامانێکی زۆریـان پێکەوەنـاوە، گەلێـك دەوڵەمەنـدن و پەیوەندییەکـی کاپیتالیسـتییان بنیاتنـاوە، بۆیـە ئەوانیـش دەیانـەوێ کارگـە دروسـتبکەن، تـا وەك ئـەوان سـەروەت و سـامانێکی زۆر کۆبکەنـەوە. چونکـە لـەو سیسـتمە دەرەبەگییـەی کـە ئـەوان هەیانـە، دەرفەتـی سـەرمایەگوزاری و کەڵەکەکردنـی سـەروەت و سـامان زۆر کەمـە. ئاغاکانـی ڕۆژهـەڵات لـەم دۆخـە تێگەیشـتوون، بۆیـە بەشـدارییان لـە کۆبوونەوەکانـی ڕۆژهەڵاتـدا کـرد و بـە پاسـاوی ناهاوسـەنگیی نێـوان ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا، داوایـان لـە دەوڵـەت کـرد دەسـتی خـۆی درێـژ بـکات و بـە تایبەتـی ڕێـگا، کەناڵـی ئـاوی، بەنـداو و دامـەزراوەی ژێرخانـی لـەوێ بنیاتبنـێ. ئـەو شـتانەی کـە ئـەوان داوا دەکـەن دەوڵـەت بیانـکات، بۆخـۆی ڕێـگای لەناوچوونـی پەیوەندییـە دەرەبەگییـەکان خۆشـدەکات. چونکـە بتـەوێ و نەتـەوێ، زیادکرنـی دەرفەتەکانـی گەیانـدن و پەیوەنـدی، هەروەهـا زیادبوونـی زانیارییـە تەکنیکییەکانـی پەیوەسـت بەوانـە، درەنـگ یـان زوو بنیاتـی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی و پەیوەندییـە دەرەکییەکانـی دەگۆڕێت. ئەمـە پەیوەندییەکی داینامیـك و مرۆیـی بنیاتدەنـێ کـە تێیـدا پەیوەندییـە کەسـییەکان ڕۆڵـی گرنگتـر لـە پەیوەندییـە نەریتییـەکان دەگێـڕن و بەوجـۆرەش پەیوەندییـە دەرەبەگییـەکان لەناودەچـن. گەشـەکردنی دانیشـتووان و ماکینیزەبوونـی کشـتوکاڵ، ئـەو ئاغا و شـێخ و سـەرۆك خێڵانـەی کە ئێسـتا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنـان و موڵکدارییـە دەرەبەگییـەکان کۆنتـرۆڵ دەکـەن، تووشـی

گرفـت دەکات و دواجـار ئـەو فاکتەرانـە گوشـاری ئاغاکانیـش ناکاریگـەر دەکـەن.

## 3. نەتەوە و نەتەوەگەرایی ئەنجامی حاشاهەڵنەگری کاپیتالیزەبوونە

لـە رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـدا گۆڕانکارییەکـی ریشـەیی هەیـە کـە لـە خـوارەوە دەسـتیپێکردووە. ئەویـش گۆڕانـی دەربەگایەتیـە بـەرەو کاپیتاڵیـزم. ئـەم گۆڕانـە بـە گوێـرەی ئـەو کاپیتاڵیزمـە کـەم گەشـەکردووەی تورکیـا، شـێوە دەگـرێ و بـەردەوام دەبێـت. کەوابـوو، ئـەو گۆڕانەی لـە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دێتـە ئـاراوە، دیسـان لـە قازانجـی چینـە سەردەسـتەکانە. بـەڵام دەبێـت ئەوەشـمان لەبیرنەچێـت کـە ئـەو شۆڕشـە لـە قازانجـی جەمـاوەرە و هـەر لەنێـو ئـەو پێکهاتەیەدایـە. پەیدابوونـی نەتـەوە و نەتەوەگەرایـی بەهـۆی گۆڕانـی دەربەگایەتـی بـەرەو کاپیتاڵیـزم شـتێکی ئاسـاییە. وەکـو دەزانرێـت، دەسـەڵاتی سیاسـی تاوەکـو ئەمـڕۆ رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـی پشتگوێخسـتووە و لـەوێ هیـچ سـەرمایەگوزارییەکیان نەکـردووە، بـەڵام ئاغـا، بـەگ و شـێخەکانی رۆژهـەڵات، ئەمـڕۆ دەیانـەوێ زیاتـر خەڵک بچەوسـێننەوە و ببنە کاپیتالیسـت و دەسـەڵاتی سیاسـیش وەڵامـی ئـەو داخوازییـە دەداتـەوە. بۆیـە لـەم ساڵانەی دواییـدا پرۆژەکانـی ژێرخان وەکـو دروسـتکردنی بەنداو، کەناڵـی ئـاوی، رێـگا و کارگـە و.. هتـد، لـەوێ زیاتـر بوونـە. ئـەو گۆڕانکارییەی کـە لـە مەیدانـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـیدا روودەدات، سیسـتەمی رێکخسـتنی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی خێڵ دەڕووخێنێ و بـەرەو قۆناخێکـی پێشـکەوتووتر، واتـا بـەرەو قۆناخـی بـوون بـە نەتـەوەی دەبـات.

دیسـان لەجێـی خۆیدایـە ئەگـەر لەنێـو ناکۆکییەکانـی تایبـەت بـە پرسـی خاوەندارێـی زەویـوزاردا بـەدوای داینامیکـی بـوون بـە نەتـەوەدا بگەڕێـن. دەربەگەکانـی رۆژهەڵات، کاتێک تێگەیشـتن لەوەی ئەگەر ببنە کاپیتالیسـت دەتوانـن باشـتر خەڵـک بچەوسـێننەوە، ئیـدی بـە خێرایـی دەسـتیاندایە

بەکارهێنانی ئامێر. بەکارهێنانی ئامێر و تراکتۆر بووە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و ئەو ناکۆکییەش خەڵکێکی زۆری گوندەکانی ناچار کرد بەرەو شارەکان بڕۆن. هەرچەندە شتێکی دەستکردیش بێت، بەڵام شارنشینی دەستیپێکرد و بە خێرایی گەشەی کرد. دیارە سەرمایەگوزاری لە بواری پیشەسازی ئەم گەشەکردنە خێراتر دەکات. لەم پرۆسەیەدا قەڵای نێوان خێڵەکان دەڕووخێن و سیستەمی خێڵ بەهای نامێنێ و بەهای نەتەوەیی پەیدادەبێ. توانستی ئاڵوگۆڕکردن لە شارەکاندا زیاتر دەبێت و دانیشتووان بە خێرایی گەشە دەکەن. دیارە لەگەڵ رووخانی دەربەگایەتیدا ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت، چونکە خێڵ دامەزراوەی سیاسی دەربەگایەتیە و نەتەوەش دامەزراوەی سیاسیی کاپیتاڵیزمە. لەهەر ناوچەیەکدا پەیوەندییە کاپیتالیستییەکان چڕببنەوە، لەسەرپێ مانەوەی خێڵیش کارێکی دژوار دەبێت. لەو پرۆسەیەشدا ئەوەی بایەخی زیاتر پەیدادەکات، لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە زمان و ئەدەبیات و فۆلکلۆر و مێژووی کوردن.

دیارە کورمانجیش بەهای زیاتر پەیدا دەکات و پێویستە زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بوەستین. وەکو دەزانرێت لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا، ئایدیۆلۆژیای ئوممەت زاڵ بوو. ئەو نەتەوانەی عەرەب نەبوون وەکو پلە دوو سەیردەکران. چینە سەردەستەکانی سەردەمی عوسمانی هەم تورکمان و هەم کورمانجەکانیان وەکو خەڵکی پلە دوو سەیرکردووە. بەڵام لەگەڵ هاتنی کۆمار، تورکەکان بە خێرایی چوونە ناو پرۆسەی بوون بە نەتەوە، کەچی لە رۆژهەڵات هێشتا کورمانج بە واتای سووکایەتی بەکاردێت [129]. ئەوکاتەی گەلی کورد وەکو گەلی تورک دەچێتە نێو پرۆسەی بەنەتەوەبوونەوە، ئیدی کورمانجیش هاوشێوەی تورکمان بایەخ پەیدا دەکات و زمانی کوردی کە بەسەر چەندین دیالێکتی جۆراوجۆردا دابەش بووە [130]، لە زمانی خێڵەوە بۆ زمانی نەتەوە دەگۆڕێت. چینە

129 - Ahmet Aras, Türkive'de Feodalite Var miclirt Ant dergisi, Say 139, 26 Ağustos 1969, s. 12

130 - Kemal Badila, Turkçe Izahl Kürtge Grameri (Kurmançça Lehçesi), Ankara 1965s7 13. İsmail Beşikci, Değu Arnılelu'nn Diveni, s 35, s 398-43610. Ismail Beşikci, a.g.e, s. 61

سەردەستەکان و دەسەڵاتی سیاسی بە باشی لەوە ئاگادارن، هەرکاتێ وەبەرهێنانی گەورە لە ڕۆژهەڵاتدا بکرێت کە گۆڕانێک لە پێکهاتەی ئابووریدا دروستبکات، ئەوکاتە پێویست دەکات ڕێوشوێنی پێویست بۆ دواخستن یان بەلاڕێدابردنی پرۆسەی بەنەتەوەبوون بگرنەبەر. لە دوای بزاڤی 27ی ئایار، حکومەت لەڕێی بڕیارنامەیەکەوە ناوی گوندە کوردییەکانی گۆڕی و ژمارەی بەشە ناوخۆییەکانی بۆ قوتابخانەکان زیاتر کرد و وێستگەی رادیۆی زیاتریشی لە ڕۆژهەڵات دانا. ئەمانە لە نموونەی ئەو ڕێوشوێنانەن. بەڵام کاتێک ئەوە ئەنجامی پێویستی نەبوو، ئیدی دەسەڵات دەستی بە چاوسوورکردنەوە و بەکارهێنانی کۆماندۆ کرد [131]. هەڵبەت دینامیکی بەنەتەوەبوون، تەنیا گۆڕانی دەربەگایەتی بۆ کاپیتاڵیزم لە ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا نییە، بەڵکو لە دژی سیاسەتی نەژادپەرستانەی دەسەڵاتە سیاسییەکانیش، هۆشیاریی نەتەوەیی بە خێرایی گەشە دەکات.

## 4. لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری کوردی

یەکێک لە گرنگترین پرسەکان کە لەگەڵ بابەتی بەنەتەوەبووندا دەردەکەوێت، ئەوەیە کە ئایا زمانی نەتەوەیی دەبێت چۆن بێت؟ وەک دەزانرێت زمانی کوردی چەندین شێوەزاری هەیە [132]، تەنانەت هەر

131 - İsmail Beşiki, Doğu Anadolunun düzeni,s.35ç398-436

132 - کوردناس کەمال باجللی زمانی کوردی بۆ چەند لقێکی گەورەی وەك لوڕی، گۆران، کەڵهوڕ، سۆرانی و کورمانجی دابەشدەکات. ئەو کوردانەی بە لوڕی قسە دەکەن، بەگشتی لە ئێران دەژین. گۆران بەو شێوەزارە دەگوترێ کە گۆران و زازاکان پێی دەئاخڤن. گۆرانەکان لە مووسڵ و زازاکانیش لە دەوروبەری دیاربەکر، سیوەرەك و دێرسیم هەن. ئەوانەی بە سۆرانی قسە دەکەن، زۆر پەرتوبڵاون. ئەو کوردانەی لەو گرووپەدان لە رووبەرێکی گەورەی کوردستاندا هەن. کورمانجی کە گەورەترین شێوەزاری کوردییە، تەواوی کوردەکان لە تورکیا، ئەرمەنستانی سۆڤیەت، باکووری سووریا و باکووری عێراقیش لەو لقەدا جێدەگرن. ئەو چوار زاراوەیە لە نێوخۆیاندا بەسەر شێوەزاری جۆراوجۆردا دابەش دەبن. بۆ نموونە زاراوەی کورمانجی، لەسەر بنەمای قەومی کورمانج بەسەر شێوەزارەکانی بۆهتی، محممەدی، سیلیڤی و لەسەر بنەمای سیاسەتیش بەسەر باکوور- ڕۆژئاوا، باشوور- ڕۆژهەڵاتدا دابەشبووە. ئەو شێوەزارانەش بەسەر شێوەزاری دیکەی وەك دیاربەکر ( سوروچ)، سیوەرەك (سۆرەگ) و ویرانشەهیردا دابەشبوون. بۆ نموونە ئەو شێوەزارەی ئەمڕۆ لە دەوروبەری ئورفا قسەی پێدەکرێت، سەر بە زاراوەی کورمانجی- شێوەزاری باکوور- ڕۆژئاوا و ئورفایە.
Urfa Kemal Badılli, Fürtçe Izahlı Kürtge Grameri, (Kürmangça Lehçesi), Ankara Basim Ciltevi, 1965
ئەو کوردییەش کە جاران بۆ زمانی ئەدەبیات بەکاردەهات ئەوەیە کە لە دەوروبەری جزیرە بەکارهاتووە.. س.پ.ل1.

خێڵێک بەشێوەزاری خۆی قسە دەکات و دیالێکتی تایبەت بەخۆی هەیە، بەوهۆیەشەوە لە تێگەیشتندا هەندێک جار ئاستەنگ پەیدا دەبێت، هۆکاری سەرەکی ئەمەش ڕێکخستنە خێڵەکییەکانن. هەر میرنشینێکی دەرەبەگی بەهۆی داخراوی بەڕووی میرنشینەکانی دەرەوەیدا، ڕێی بۆ ئەوە خۆشکردووە کە هەر خێڵێک دیالێکتێکی تایبەت بەخۆی هەبێت. لەگەڵ ڕووخانی پێکهاتە خێڵەکییەکانی دەربەگایەتیدا، جۆرێک لە ناوەندیبوون دەرەخسێ و بەوجۆرەش ناوەندیبوونێک لە بابەتی زماندا پەیدا دەبێت. کەواتە ئیدی نەک بەو شێوەزارەی کە هەر خێڵێک بۆخۆی بەشێوەی جیاواز قسە دەکات، بەڵکو بە زمانی کوردی قسە دەکرێت. زمانی نەتەوەیی، نووسینی نەتەوەیی و زمانی ئەدەبی ئەوکاتە پەیدا دەبێت کە خێڵ و پێکهاتە دەرەبەگییەکان دەڕووخێن و قۆناخی بەنەتەوەبوون چڕدەبێتەوە. تۆماس بۆیس لە کتێبێکی خۆیدا بەناوی ناسینی کوردەکان، لە بەشی ئەدەبیاتدا بەم ڕستانە دەست پێدەکات: "لەوانەیە سەردێڕی ئەم بەشە ئەو کەسانە تووشی سەرسوڕمان بکات کە ئاگاداری ئەدەبیاتی کوردی نین. دیارە هەر پێویست بەوەش ناکات بڵێین ئەوجۆرە کەسانە لەم بابەتەدا بەتەواوی بەهەڵەدا چوون. زمانی کوردی بە سەربەخۆیی و هەموو شیرینییەکی خۆیەوە هەیە و سەتان ساڵە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و لەلایەن زاناکانەوە باسی ڕەسەنایەتییەکەی دەکرێت [(133)].

ئەدەبیات و فۆلکلۆری کوردی زۆر زەنگین و ڕەنگینە. هەندێک لەوانەی لەسەر سەرچاوەکانی ئەم فۆلکلۆر و ئەدەبیاتە کاریان کردووە ئەمانەن: ئەی سۆکین (1980 ـ SCOIN 1903)، ئۆسکارمان 1909 - 1968، هۆگۆ ماس 1926، ڕۆجەر لیسکۆت 1942، جابا، لۆرچ، ڕین، هادانک، نیکیتین، مەکینزی، بێجگە لەمانەش حەجی جندی، ئەمینێ عەڤداڵ، جاسمێ جەلیل و هەندێک لە زانایانی کورد لە یەکێتی سۆڤیەت سەبارەت

133 - Zikreden, S.A. Şvan, Kurt Millet Hareketleri ve Irakta Kirdistan ihtilali, (Coğaltma), 1970, s. 31

بـە زمانــی کــوردی، ئەدەبیــات، فۆلکلــۆر و مێــژووی کــورد بەرهەمیــان بڵاوکردووەتــەوە [134]. لــە ئەدەبیاتــی کوردیــدا داســتان زۆر بەربــڵاوە، دیارتریـن ئـەو داسـتانانەش: مەمـێ ئـالان، هـۆز بـەگ، سـیامەند و خەجـێ ، لەیـلا و مەجنـوون، خورشـید و خـاوەر، فەرهـاد و شـیرین و خوسـرەو، فاخـر و سـتێ، مانیـکا و بیـژان و..هتـد. هەندێـک لەوانـە چوونەتـە نێـو ئەدەبیاتـی دراوسـێیەکانی کوردیـش وەکـو عەجـەم، ئەرمـەن و تـورک. دەکرێـت زۆر لەوانــە لەنێــو کتێبــی مێــژووی ئەدەبیاتــی کــوردی کــە ســاڵی 1953 بــە قەڵەمـی عەلائەدیـن سـەجادی نووسـراوە، بەدواداچوونـی بـۆ بکرێـت. لـەو بەرهەمـە گەورەیـەدا، دەقـی هەڵبژێـردراوی 50 مەلا، 31 شـێخ، 5 مەولانا، 4 فەقــێ، 9 خــان و 3 ئەمیــر و 11 بــەگ هــەن. هەروەهــا باســی 5 ژنــە نووســەریش دەکات.

لــە ســەدەی هەشــتی دوای زاییــن، بــاج باراکــی مەمەزانــی، جەنــگ و بەرەنگاریـی گەلـی کـوردی لـە دژی فراوانخوازیـی عـەرەب بـە زمانـی کوردی نووسـیوەتەوە. لـە سـەتەی 10 دا باباتاهیـری هەمەدانـی بـە شـیعرەکانی خـۆی (چوارینـە) نێوبانگـی دەرکردووە، عەلـی تەرمکی کە لە سـەدەی 11دا ژیـاوە، وەک رۆنسـاردی کـورد دادەنرێـت، کەسـانی وەک عەلی شـەمدیینانی لەنێـوان 1009 - 1079، فەقـێ تەیـران، شـێخ ئەحمـەدی نیسـاڤی، مـەلای جزیـری و مـەلا ئەحمـەدی باتـێ لـە نووسـەرەکانی ئـەو سـەردەمەن.

سـوڵتان حوسـێنی بادینـان لـە سـەدەی 16دا بـەوە نێوبانگـی هەبـووە کـە لـە کتێبخانەکەیـدا زیاتـر لـە دوو هـەزار کتێبـی هەبـووە. لـە سـاڵی 1596دا شـەرەفخانی بەدلیسـی یەکێکـە لـە کەسـایەتییە بەنێوبانگەکانـی ئەدەبیاتی کـوردی کـە بەرهەمێکـی گـەورەی مێژوویی وەک شـەرەفنامەی نووسـیوە. ئەحمــەدی خانــی کــە لــە ســەدەی 17دا ژیــاوە، بــە ئیلهــام وەرگرتــن لــە مەمـێ ئـالان، بەرهەمێکـی گـەورەی بەنـاوی مـەم و زیـن نووسـیوە. مـەم و زیـن تەنیـا بەرهەمێکــی ئەدەبیاتــی کــوردی نییــە، بەڵکــو بەرهەمێکــی

134 -S.A.Şıvan, ,age., s. 32

نەمر و هەمیشـەیی ئەدەبیاتـی دنیاشـە. لەهەمان ئەو سـاڵانەدا، کەسـانی وەکـو سـمایلی بایەزیـدی 1709-1654 و شـەرفخانی جۆلەمێرگـی -1688 1748 بەتایبەتـی بەهـۆی غەزەلەکانیانـەوە ناوبانگیـان دەرکـردووە. مورادی بایەزیـدی لـە 1790دا کتێبێکـی مێژوویـی بـە زمانـی کـوردی نووسـیوە و مـەلای ئەرقاسـی، خانـای قوبـادی کـە بـە زاراوەی گـۆران سـڵاوەتنامەی نووسـیوە، دیسـان لـە کەسـایەتییە بەنێوبانگەکانـن. لـە شـاعیرانی کـورد لـە سـەدەی 19دا نالـی ئەفەنـدی 1856-1797، حاجـی قـادری کۆیـی 1894-1817 لـە کەسـایەتییە دیارەکانـی ئـەو سـەردەمەن. ئەمانـە لـە نووسـینەکانی خۆیانـدا بەشـێوەیەکی بەربـڵاو شـوێنیان بـۆ نەتەوەگەرایـی کـوردی کردووەتـەوە، هەندێـک لـەو ژنانـەش کـەوا لـە مێـژووی ئەدەبیاتـی کـورددا شـوێنی خۆیـان کردووەتـەوە، ئەمانـەن: مەسـتوورە خانمـی ئـەردەڵان 1847-1800، سـیارە خانمـی دیاربەکـری 1865-1814، پیـرۆزی خاتـوو خورشـید 1881 - 1915 [135]، جگەرخویـن کـە یەکێـک لـە گەورەتریـن مامۆسـتا و شـاعیرانی هاوچەرخـی کـوردە و لـە کوردسـتانی سـووریا ژیاوە، نـەک تەنیا ناوێکـی ئەدەبیاتـی کوردییـە، بەڵکـو لـە کەسـایەتییە دیارەکانـی ئەدەبیاتـی دنیایـە. جگەرخویـن وەک نـازم حیکمەتـی کـورد وایـە.

وەکـو دەبینرێـت ئەدەبیـات و فۆلکلـۆری کـوردی زۆر لەپێشـتر و دەوڵەمەندتـرە لـەوەی کـە دەزانرێـت. کاتێـک پرۆسـەی بەنەتەوەبـوون خێراتـر دەبێـت، ئیدی لێکۆڵینەوە لەسـەر ئەدەبیات و فۆلکلۆریش دەکرێت و تیشـکی دەخرێتـە سـەر و بەهـای زیاتـر پەیـدا دەکات. تورکیـا تاوەکـو ئێسـتا بـۆ ڕێگرتـن لـە گەشـەکردنی زمـان و ئەدەبیاتـی کـوردی، پەنـای بـۆ هەمـوو ڕێگایـەک بـردووە بـە هێـزی چەکداریشـەوە. فۆلکلـۆری کـوردی وەکـو گۆرانـی، ئاهەنـگ و یارییـەکان و هەمـوو جـۆرە نەریتێکـی کـوردی، چ لەنـاو تورکیـا و چ لـە ئەوروپا، ئەمریـکا و شـوێنە جیاوازەکانـی دیکـەی دنیـا کـە پێشـاندرابن، وەکـو فۆلکلـۆری تورکـی پێشـاندراون و بـەوەش

135 - S.A.Şıvan, ,age., s. 34

نمرەیان وەرگرتووە. ئەمە جگە لە داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی فۆلکلۆر و کولتووری کوردی شتێکی دیکە نییە. بەڵام ئەو گوشارانە نەیانتوانیوە رێ لە گەشەکردنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بگرن. بەپێچەوانەوە ئەمە خواستی نووسینی بە زمانی کوردی زیاتر کردووە. بۆ نموونە بەرهەمەکانی مووسا عەنتەر وەك کمڵ (چاپخانەی یەنی، 1962)، برینا رەش (ئیستەنبووڵ، 1965) لەنێو رۆشنبیرانی کورددا دەنگدانەوەی زۆریان هەبوو. کتێبی روونکردنەوەی رێزمانی کوردی بە تورکی کە لەلایەن کەمال بادڵی نووسراوە (زاراوەی کورمانجی. ئەنکەرە 1965)، هەروەها فەرهەنگی کوردی ـ تورکی مووسا عەنتەر (چاپخانەی یەنی، ئیستەنبووڵ 1965)، لەلایەن لێکۆڵەرانەوە کەڵکی زۆریان لێوەرگیراوە[136].

## 5. ئەنجام

لێکۆڵینەوە فۆلکلۆرییەکان لە قۆناخێکی دیاریکراوی گەشەکردنی مێژووی کۆمەڵگەکاندا زیاتر دەبن و بایەخ پەیدا دەکەن، لە ئەنجامی کارکردنی داینامیکە نێوخۆییەکانی کۆمەڵگەدا، پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دەرەبەگی بەرەو کاپیتاڵیزم دەگۆڕێت و لەو قۆناخەشدا نەتەوە دروستدەبێت. نەتەوەگەرایی بەر لە هەموو شتێک لە بوارەکانی

---

136 - سەبارەت بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی بڕوانە:

- Musa Anter, Doğu Kalkınması Üzcrine, Barış Dünyas, Sayı 4 Termmuz 1962
- Musa Anter, Kürt Edebiyatı, Barış Dünyası, Sayı 7
- Musa Anter, Doğu' dan Portreler Mela Ehmede Cizin, Barış Dünyası, Sayı 10
- Musa Anter, Kürt Dili Uzerine, Doğu, Aralık 1969, Sayı 1 Musa Anter, Küirt Dili Uzerine, Doğu, Ocak-Şubat 1970, Sayı 1
- Ferit Ongören. Doğu Anadolu da Tüten Kültür, Karakoçan, Nisan 1969 İstanbul
- Mehmet Emin Bozarslan, Mem u Zin. Türkçe çevirisinin Önsözü, Gün Yayınevi, İstanbul 1968

-Melmet Emin Borarslan, Alfalbe, Gün Mathaachk, İstanbul 1963

- دیسان دەتوانرێت سەیری گۆڤارەکانی یەنی ئاکش، کە لە ساڵی 1966دا لە ئەنکەرە 4 ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، هەروەها گۆڤاری دەنگ کە لە ساڵی 1963 لە دیاربەکر و گۆڤاری دیجلە- فرات بکرێت کە لەوەو پێش بڵاوکراوەتەوە.

زمان، ئەدەبیات، هونەر و فۆلکلۆردا دەردەکەوێت و هەموو ئەمانەش وادەکەن کە نەتەوەکان خۆیان بدۆزنەوە و لەنێو نەتەوەکانی دیکەدا شوێنی خۆیان بگرن و بەرامبەر بەوان متمانە بەخۆیان بکەن. کاتێک لەسەر ئەو بنەمایانە تەماشای کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دەکەین، ئەمانە دەبینین: دەربەگایەتی خەریکە بەشێوازێکی ناشۆڕشگێڕانە دەڕووخێت، واتە چینی باڵادەستی دەرەبەگی خەریکە خۆی نوێ دەکاتەوە و دەبێتە سەرمایەدار، بەڵام ئەمە هەر خۆی لەخۆیدا شتێکی شۆڕشگێڕانەیە، چونکە ڕێکخستنێکی سەرەتایی کە خێڵە، لەنێودەبات و لە شوێنی ئەوەدا نەتەوە دروست دەکات. مرۆڤەکان لە وابەستەبوون بە ڕەنجەوە ڕزگار دەکات و ئازادیان دەکات. ئەمە ڕێگە بۆ ئەوە دەکاتەوە کە ئیدی گوتەی (من لە خێڵی دوودەرانم)، (لە خێڵی مام خۆرانم) یان (لە خێڵی ژیرکیم) نەمێنێ. لە شوێنی ئەوەدا بیرۆکەی "من کوردم" ریشە دادەکوتێ. لیکۆڵینەوەکان لەسەر فۆلکلۆری کوردی ئەوکاتە زیاتر دەبن و چڕدەبنەوە کە بیرۆکەی "من کوردم" پەیدا دەبێت، ئەوانەش وادەکەن گەلی کورد خۆی بدۆزێتەوە و هۆشیاری نەتەوەیی پەیدا بکات و وەک کولتوورێکی زیندوو خۆی لە کاریگەرییەکانی ئیمپریالیزم ڕزگار بکات.

لەو ڕوانگەیەوە پێویستە بە وردی چاودێریی ئەو پرۆسەی بەنەتەوەبوونە بکەین کە لە ئەنجامی گۆڕانی دەربەگایەتی بۆ سەرمایەداری لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ڕوودەدات و لەو قۆناخەشدا بە وردی لە ڕۆڵی فۆلکلۆر تێبگەین. لە ماوەی ساڵانی داهاتوودا و لە ئەنجامی ئەو کارانەی لەسەر فۆلکلۆری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دەکرێن، بەرهەمی زۆر دەردەکەون. ئالێرەدا پێویستە باسی ئەوە بکەین کە مەرج نییە نەتەوەگەرایی جیاخوازی لەگەڵ خۆیدا بهێنێ. دەبێت هیچ کات ئەوە لەبیر نەکەین کە دەوڵەتی ناوەندیی مۆدێرن، دەتوانرێت بەجۆرێک پێکبهێنرێت نەتەوەکان ڕێز لە تایبەتمەندی نەتەوەیی و کولتووریی یەکتر بگرن. واتە لەسەر بنەمای فرەڕەنگی و برایەتی نەتەوەکان وەک

پرەنسـیپێکی سـەرەکی دابمەزرێـت. مومکیـن نییـە تـۆ گەلانـی جۆراوجـۆر لەڕێـی ئایدیۆلۆژیـای نەتـەوەی سەردەسـتەوە یەکبخەیـت و هەرچـی بچێـت بـەرەو دروسـتکردنی دەوڵەتێکـی یـەک نەتەوەیـی بڕۆیـت. ئـەم رەفتـارە لـە دژی یاسـا و رێسـا کۆمەڵایەتییەکانـە و بچووکتریـن چانسـی سـەرکەوتنی نییـە. هەڵبـەت ئامانجی یەکێتی و یەکخسـتن ئامانجێکی راسـتە، بـەڵام ئەوە شـتێکی خەیاڵییـە کـە پێتوابـێ نەتەوەیـەک دەتوانێـت نەتەوەیەکـی دیکـە رەتبکاتـەوە و لەڕێـی تواندنـەوەوە لەنێـوی ببـات. یەکێتـی و یەکرِیـزی تەنیا لەڕێـی فرەجـۆری و یەکسـانییەکی دەسـتووری و کردەنییـەوە سـەبارەت بە مـاف و ئازادییەکانـی گەلانی کـورد و تـورک و نەتـەوەی دیکـەش پێکدێـت. ئەمـەش لەڕێـی لێکۆڵینـەوە زانسـتییەکانەوە سـەلمێنراوە کـە لەوانەیە لە قۆنـاخ و پرۆسـەیەکی تێکۆشـانی سۆسیالیسـتیدا بەدیبێـت. دیـارە لەڕێـی ئـەو ئەزموونانـەی کـە لـە شـوێنە جۆراوجۆرەکانـی دنیـادا هەیـە، ئەمـە بینـراوە.

## بەشی حەوتەم

# ڕەخنەیەك لە کتێبی مێژووی دواکەوتوویی لە تورکیا

# دواکەوتوویی
# لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ *

لێکۆڵینـەوەکان سـەبارەت بـە پێکهاتـەی ئابـووری و کۆمەڵایەتیـی تورکیـا رۆژ لـە دوای رۆژ زیاتـر و واتادارتـر دەبـن. ئـەو کتـێب، گۆڤـار ، رۆژنامـە و وتارانـەی لـە مـاوەی ئـەم چەنـد سـاڵەدا بڵاوکراونەتـەوە، دەریدەخـەن کـە ئـەم بابەتـە چەنـدە بایەخـی پەیداکـردووە. ئـەم لێکۆڵینەوانـە لەلایـەن کەسـان و دامـەزراوەی دەرەوەی زانکـۆ وادەکات کـە لەلایەن جەماوەرێکی فراوانتـر و لەلایـەن رۆشـنبیرانەوە چاودێـری بکرێـن و گفتوگـۆی چڕوپڕیـان لەسـەر بکرێـت. بـەم جـۆرە هەرچـی بچێ، رای گشـتی زیاتـر ئـاگادار دەبێت و ئەمـەش تێڕوانینـەکان سـەبارەت بـە کێشـەکانی تورکیـا دەگۆڕێـت.

ئەنجامێکـی چاوەڕوانکـراوی ئەمـەش ئەوەیـە کـە لێکۆڵینـەوەی زانسـتی و تێگەیشـتن لـە پرسـەکانی تورکیـا و دانانـی رێگەکانـی چارەسـەری ئیـدی

---

*ئـەم نووسـینە سـاڵی 1970 ئامـادە کـراوە، بـەڵام دەرفەتـی بڵاوکردنـەوەی نەبـووە و کۆپییەکیشـی بـۆ ئیسـماعیل جـەم نێـردراوە.

بە تەنیا کاری دەربەگایەتیی زانکۆکان نییە کە لەلایەن کەسانێک بە نازناوی درێژەوە دەستیان بەسەرداگرتبێت. لێکۆڵینەوە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان براوننە دەرەوەی دەربەگایەتیی زانکۆکان، چونکە تاوەکو ئێستا زانکۆ ئەو ئەرکە شۆڕشگێڕیەی جێبەجێنەکردووە کە دەکەوێتە سەرشانی. دەبووایە لە بەرەی گەل بێت، بەڵام زیاتر ئەرکی بەکرێگیراوی بۆ سەرمایە و ئیمپریالیزم خستووەتە سەرشانی خۆی و ڕۆڵی گوتەبێژی دەربەگایەتیی وەرگرتووە. لە بارودۆخێکی بەوشێوەیەدا لێکۆڵینەوەکان وەک ئەرکێکی دەرەوەی زانکۆکان گەشەیان کردووە. نووسەرە شۆڕشگێڕەکانمان بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە پەرە بەوە دەدەن. لەڕاستیشدا ئەو هەوڵانەی نووسەرە شۆڕشگێڕەکان سەبارەت بە پرسە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و تێگەیشتن لەوانە بە قازانجی جەماوەر، زۆر لە کارەکانی ئەو دەربەگانەی زانکۆ گرنگترە کە نازناوی درێژیان بۆ خۆیان داناوە و زنجیرێکی پارێزبەندییان بە دەوری خۆیاندا تەنیوە. ئاغای زانکۆکان تاوەکو ئەوکاتەی لە ڕوانگەیەکی جەماوەرییەوە تەماشای ئەو پرسە نەکەن، شایەنی ئەو پارێزبەندییە نین. لەلایەکی دیکەشەوە، هەر بۆخۆی پارێزبەندی بۆ ئەو جۆرە کەسانە پێویست نییە[137].

## 1.دواکەوتوویی بە دیمەنەکان روون ناکرێتەوە

کتێبی (مێژووی دواکەوتوویی لە تورکیا) کە ئیسماعیل جەم نووسیویەتی (خانەی جەم، 1970) یەکێکە لەو لێکۆڵینەوانەی لەم ماوەیەی دواییدا زیاتر بوون. نووسەر بەر لە هەموو شتێک دەیەوێت

137 - بێگومان ئەو ڕوانگەیە هەموو کەسانی ناو زانکۆ ناگرێتەوە. ئەمڕۆ گەلێ پرۆفیسۆر هەن کە خۆیان نوێ کردووەتەوە و پیشەنگایەتی گەل دەکەن و بۆ خوێندکار و یاریدەدەرەکانی خۆیان بوونەتە نموونە. هەرچەندە ژمارەی ئەو پرۆفیسۆرانە لە زانکۆکاندا کەمیش بن، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبن. ڕووی قسەی ئێمە لەوان نییە. بەڵام ئەوەش ڕوونە کە ژمارەی ئەوانەی لە ناوکەوە خۆیان بە ئیمپریالیزمەوە بەستووەتەوە و سوود لە نیعمەتەکانی وەردەگرن، زۆرینەن.

ڕوونکردنەوەیەک بدات سەبارەت بە دواکەوتوویی و لەو ڕوانگەیەشەوە بەرهەمەکەی شتێکی بۆ کارە زانستییەکانی تورکیا زیاد کردووە.

"کاتێک لە مێژووی دواکەوتوویی دەکۆڵینەوە، خۆمان لە هەندێک لەو میتۆد و پێوەرانە دەدزینەوە کە زۆر بەکارهێنراون. نەریتێکی باوە کە لە پرسەکانی تایبەت بە تورکیادا، وا وێنا دەکرێ کە کۆمەڵگە لە قۆناخێکدا گیری خواردووە و تایبەتمەندییەکانیشی بە سوودوەرگرتن لە سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان لێکدەدرێنەوە، بەڵام کاتێک هەڵسەنگاندنێکی وەها، ئەویش لە وڵاتێکی وەک تورکیا بەکاردەهێنیت کە جیاوازیی زۆری هەیە، دەگەیە ئەنجامی هەڵە. وەک میتۆدێک بەکاربێت کە داهاتوو ڕوونبکاتەوە، زیاتر بە کەڵکی ڕیزکردنی نیشانەکانی دواکەوتوویی دێت، ئەویش بە ناتەواوی و بەبێ ئەوەی بچێتە نێو قووڵایی بابەتەکە، ئەنجامەکانی دەردەخات. بۆ نموونە لەڕووی کەمیی داهاتی نەتەوەیی، بەدخۆراکی و لاوازیی پیشەسازییەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە وڵاتەکە گەشەی نەکردووە و بە دواکەوتوویی ماوەتەوە. وەڵامی ئەو پرسیارەش ناداتەوە کە بۆچی وەهایە و چۆن چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە... ئەوە لەکاتێکدا وەک هەر دیاردەیەکی ئابووری، بابەتی دواکەوتوویی شتێکی پڕ جوڵەیە و تەنیا بە هەندێک تێبینی کە لە هەندێک کاتی سنووردار و دیاریکراودا، لە بارودۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتدا کرابێت، ڕوون ناکرێتەوە. پێویستە لێکۆڵینەوە لە پرسی دواکەوتوویی هۆکارەکانی ئەوە دەربخات و بە دوای چارەسەرەکانیشدا بگەڕێت و بەپێی تایبەتمەندییەکانی دیاردەکە، میتۆدێک بگرێتەبەر کە لە مێژووەوە تاوەکو ئەمڕۆ و تەنانەت دواڕۆژیش بگرێتەوە" (ل.14)

وەکو دەبینرێت، نووسەر هەر لە لاپەڕە یەکەمەکانی کتێبەکەیدا، زۆر بە ڕوونی باسی ئەوە دەکات کە پرسی دواکەوتوویی تەنیا بە نیشانەکانی ڕوون ناکرێنەوە و، پێویستە لەنێو ڕەوتێکی مێژووییدا تەماشای بکرێت.

## 2. دواکەوتوویی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ

کاتێک ئیسماعیل جەم بەم شێوەیە باسی دواکەوتوویی دەکات، مرۆڤ ئەو پرسیارەی لەلا دروست دەبێت کە بۆچی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بە دواکەوتوویی ماوەتەوە؟ ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین رەخنە لەم کتێبە بگرین. ئیسماعیل جەم لە کتێبەکەیدا، لە ناونیشانی شەشەمی بەشی چوارەم (ل. 373-367)، باسی ئەم پرسە دەکات. شتێکمان نییە لەسەر ئەم بەشە بە نووسەری بڵێین، هەمووی راستە، بەڵام کاتێک میتۆدێکی پتەو سەبارەت بە پرسی دواکەوتوویی خراوەتەڕوو، دەکرا ئەمە بۆ تێگەیشتن لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بەکاربربرێ [138]. ئێمە دەمانەوێ ئەوە بکەین و بۆ ئەوەش: یەکەم بە میتۆدەکەی ئیسماعیل جەم دەجوڵێینەوە و دووەم هەر هەمان ئەو هۆکارانەی لە کتێبی مێژووی دواکەوتوویی لە تورکیا باسکراون، بەرەو رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ شۆڕدەکەینەوە. واتە هەمان میتۆد و سەرچاوەکانی ئەو بەکاردەهێنین بۆئەوەی پەیوەندییەکی ئۆرگانیک لەنێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوای تورکیا دروست بکەین.

**لە باسی دواکەوتوویی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا باسی دوو هۆکار کراوە:**
یەکەم، رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە پشتگوێخراوە. دووەم، هێشتا ئاسەوارەکانی سەردەمی چاخەکانی نێوەڕاست وەک خێڵ، شێخایەتی و ئاغایەتی، بەسەر پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ناوچەکەدا زاڵە. پارتی گەلی کۆماری لە بەیاننامەی هەڵبژاردنی 12ی ئەیلوولی 1969، ئەم بۆچوونەی بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا هێناوەتە سەرزمان [139]، هەندێک زانا و نووسەریشمان لە بابەتەکانی خۆیاندا شتی وایان باسکردووە [140].

138 - هەرچەندە کتێبەکەی ئیسماعیل جەم ناونیشانی مێژووی دواکەوتوویی لە تورکیایە، بەڵام زیاتر لێکۆڵینەوەی لەسەر ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ کردووە.
139 - CHP'nin Düzen Değişikliğ pogramı, Doğuda Yeni ve Halkçı Düzen, Ankara 1969, Bölüm 5, s. 45
140 - Özer Ozankaya, Doğu Anadolu Sorunu, SEFD, Cit 24 Sayı 3 s. 75 vel.

بەڵام راستییەکەی، ئەو هۆکارانەی بۆ روونکردنەوەی پرسی رۆژهەڵات ریزکراون هۆکاری دواکەوتوویی ئەو ناوچەیە نین. ئیسماعیل جەم لە شوێنی خۆی و بە شێوەیەکی راست ئەوەی هێناوەتە سەرزمان و گوتوویەتی، ئەوانەی باسدەکرێن تەنیا رواڵەت و ئاماژەکانی دواکەوتووین، پێویستە لە رەهەندەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ئەمە بە روونی دەربخرێت و لێی بکۆڵرێتەوە. لەڕاستیدا ئەوانەی سەبارەت بە دواکەوتوویی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ باسکراون، نەک هۆکاری دواکەوتوویی، بەڵکو بەرئەنجامی کۆمەڵێک سیاسەتی ئابووری و کولتوورین کە لەوێ پەیڕەو کراون. ئاغایەتی، شێخایەتی و خێڵ کە دامەزراوەی تایبەت بە چاخەکانی نێوەڕاستن، هۆکاری دواکەوتوویی رۆژهەڵات نین. لەسەرپێ مانەوەی ئەو دامەزراوانە دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتیانەیە کە دەسەڵاتی سیاسی پەیڕەوی کردوون. پشتگوێخستنی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیش لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە دیسان هەر بەرهەمی ئەو سیاسەتەیە. چونکە دیاردەی دواکەوتوویی ئیدی تەنیا بە کەمیی داهاتی نەتەوەیی یاخود خۆراک (بەدخۆراکی)، لاوازیی پیشەسازی و کەمیی خوێندەواری روون ناکرێتەوە. پێویستە بابەتی دواکەوتوویی و پاشڤەرۆیی لەنێو پێکهاتەیەکی مێژووییدا و بەشێوەیەکی دینامیک لەبەرچاو بگیرێت. لێرەدا پێویستە زۆر ئازایانە و دوور لە هەر جۆرە هەست و سۆزێک، بەشێوەیەکی زانستیانە وەڵامی ئەم دوو پرسیارەی خوارەوە بدرێتەوە:

1. ئەگەر لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان و پەیوەندییەکی سەرمایەداری پێشخرابا، ئەوکات ئاغایەتی، شێخایەتی، خێڵ و دامەزراوە دەرەبەگییەکان دەمانەوە؟
2. بۆچی دەسەڵاتی ناوەندی لەجیاتی رووخاندنی دەربەگایەتی و هێنانی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان، بووە هاوپەیمانی دەربەگەکان و ئەمانەی لەگەڵ چینە سەردەستەکانی رۆژئاوای ئەنادۆڵ یەکخست؟

لێرەدا پێویستە شتێکی زۆر گرنگ روونبکەینەوە. ئەوە شتێکی ئاشکرایە

کـە هەمـوو دەسـەڵاتە ناوەندییەکان لەگـەڵ چینە سەردەسـتەکاندا دەبنە هاوپەیمـان، بـە واتایەکـی دیکـە دەسـەڵاتی ناوەنـدی لـە ژێردەسـتی خـودی چینـە باڵادەسـتەکاندایە (141)، بـەڵام بۆچی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ یەکسـەر کەوتە نێـو پەیوەندییەکـی سـەرمایەداری و لەگــەڵ بـازاڕە ئیمپریالیسـتیەکاندا پەیوەنـدی دروسـتکرد، بـەڵام ڕۆژهـەڵات لـە سیسـتمێکی دەرەبەگیـدا ماوەتـەوە؟ بۆچـی تائێسـتا چینـە سەردەسـتەکانی ڕۆژهـەڵات درکیـان بـەوە نەکـردووە کـە ئـەو بەرهەمـە زیادەیـەی لـە شـێوازی بەرهەمهێنانی دەرەبەگیـدا هەیـە بەرهەمێکــی کەمــە و شــێوەی چەوســاندنەوەی دەرەبەگـی دەسـتکەوتێکی کەمتـری هەیـە، بـەڵام لـە ڕۆژئـاوای ئەنـادۆڵ، خـاوەن موڵکـەکان یاخـود خاوەنـی زەویـوزار بەرهەمـی زیاتریـان دەسـت دەکەوێـت و سـەروەت و سـامانێکی زۆرتریـش کۆدەکەنـەوە؟ بۆچـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی هێشـتوویەتی ئـەوان بـە دەرەبەگـی بمێننـەوە و لەگەڵیانـدا، نـەک وەک سـەرمایەدار، بەڵکو وەک دەربەگ بـووە هاوپەیمان؟ بـۆ ئـەوەی وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە بدەینـەوە، کەڵـک لـە کتێبـی مێـژووی گەشەنەسـەندوویی لـە تورکیـا وەردەگریـن و هەمـان ئـەو هۆکارانـەی ئیسـماعیل جـەم بـۆ دواکەوتوویـی پیشـانیداون، لەگـەڵ دۆخـی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ دەخەینـە بەر لێکۆڵینـەوە و هەوڵـی وەڵامدانەوەی ئەو پرسـیارانە دەدەیـن.

## 3. ڕەوتی مێژوویی

"زۆر لــە زەویوزارەکانــی ســەردەمی عوســمانی موڵکــی میــری بــوون. بەتایبەتـی لـە دوای ئـەو زەویوزارانـەی کـە لـە سـەردەمی ئۆرهـان بـەگ (1326-1324) دەسـتیان بەسـەرداگیرا، هەمـوو ئەوانـەی کاریـان لەسـەر ئـەو زەوییانـە دەکـرد، ئینجـا موسـڵمان بووبـن یـان کریسـتیان، دەبـوو

141 - لـە داهاتـوودا باسـی قورسـایی و کاریگـەری چینـی سەردەسـتی ڕۆژهـەڵات لـە دروسـتبوونی دەسـەڵاتی ناوەنـدی تورکیـا دەکەیـن.

بـە ناچـاری ملکەچـی یاسـای زەویـوزاری عوسـمانی بـن کـە بەپێـی ئـەو یاسـایە خاوەنداریـی زەوی بـۆ دەوڵـەت دەگەڕایـەوە. ئەگـەر هەندێـک لـە زەویوزارەکانیـش لــە دەرەوەی سیســتمی خاوەنداریــی میــری مابنــەوە، ئەمـە زیاتـر پەیوەنـدی بە تایبەتمەندیـی ناوچەیی و نەتەوەیـی خەڵکەکەیەوە هەبـووە. هەندێـک لـە ویلایەتەکانـی وەکـو ئەفلاک و بۆغـادان لـە ڕۆژئاوا و بەگـە کوردەکانـی ڕۆژهەڵاتیـش کـە بەهێـز بـوون، لـەو نموونانـەن کـە بـە شـێوەیەکی جیـاواز مامەڵەیـان لەگـەڵ کـراوە". (ل. 46)

"لـە هیـچ قۆناخێکـی مێژوویـدا ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ بەشـێک نەبـووە لـە یاسـاکانی دەوڵەتـی عوسـمانی. ئـەو زەویانـەی دەکەوتنـە ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپراتۆرییەکـە، سیسـتمی خاوەنداریـی دەوڵەتیـان بەسـەردا دەسـەپێنرا و دەسـەڵاتی ناوەنـدی لەڕێـی خاوەنەکانـی تیمـارەوە دەگەیێنرایـە شـوێنە دوورەدەسـتەکان، بـەڵام ئەمـە لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ جیـاواز بـوو، لـەوێ دۆخێکـی تایبـەت هەبـوو. سـەرەڕای ئـەوەی کـە ئـەو ناوچەیـە بـە ئیمپراتۆرییەکـەوە لکێنرابـوو، بـەڵام سیسـتمی خاوەنداریـی موڵـک و زەوی نەگـۆڕا و ئـەو بەگانـەی کـە تایبەتمەندیـی دەرەبەگیـان هەبـوو، دەسـەڵات و سەردەسـتەیی خۆیـان درێژەپێـدا. بەخشـینی ئـەو تایبەتمەندییـە بـە ڕۆژهـەڵات لەلایـەن عوسـمانییەکانەوە هـۆکاری جۆراوجـۆری هەبـوو. ڕۆژهـەڵات لـە ڕوانگـەی نەژاد و مەزهەبەوە هەمـوو کات ماتەوزەی ئەوەی تێدایـە لـە دژی دەوڵەتـی ناوەنـدی ڕاپـەڕێ و عوسـمانییەکانیش ناچاربـوون هاوپەیمانـی جێـی متمانـە بـۆ خۆیـان بدۆزنـەوە. ئـەو هاوپەیمانـەش بەگـە کـورد و تورکەکانـی ناوچەکـە بوون. دەوڵەتی عوسـمانی بۆ سـەرکوتکردنی ڕاپەڕینـی شـیعی کەڵکـی لـە بەگـەکان وەرگرتـووە و هەمیشـەش لـەوان ترسـاوە، بۆیـە وەک جۆرێـک لـە خـەڵات و ئیمتیـاز، دەرفەتـی پێـداون بـە دڵـی خۆیـان خـاک و زەوییەکانـی ژێـر کۆنترۆڵـی خۆیـان بەڕێوەبـەرن و دەسـتی لـە کاروباریـان وەرنـەداوە. لـە بەرامبـەر ئـەو خەڵاتەشـدا، خێڵـە شـەڕکەرەکانی کـورد لـە دژی دەسـەڵاتی ناوەنـدی ڕانەپەڕیـون و هەلومەرجـی جوگرافیـی ناوچەکـە، خراپیـی ڕێگەوبـان و دووریـی دەسـەڵاتی ناوەندییـان بـە هـەل

زانیـوە. دەتوانیـن بڵێیـن لەنێـوان دەوڵـەت و بەگەکاندا جـۆرە رێککەوتنێکی نەنووسـراو هەبـووە" (ل 369-368).

وەکـو لـە سـەرەوە دیاردەبێـت، کۆشـکی عوسـمانی هیـچ کات هەوڵـی نـەداوە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ بەشـێوەیەکی ئۆرگانیـک بەخۆیـەوە ببەسـتێتەوە. لـە بارودۆخێکـی وەهاشـدا پەیوەندییـە دەرەبەگییـەکان بـۆ مـاوەی سـەتان سـاڵ لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ درێژەیـان کێشـاوە و ئـەو ناوچەیـە کاریگەرییەکـی ئەوتـۆی لـە رووداوەکانـی نێـو ئیمپراتـۆری وەرنەگرتــووە.

وەکــو دەزانرێــت، یەکێــک لــە ئەنجامەکانــی پەیوەنــدی بەرهەمهێنانــی دەرەبەگـی ئەوەیە کـەوا بەرهەمـی زیـاد و کەڵەکەبـووی کەمـە. ئەمـەش هۆکارێکـی گرنگـە کـە کاریگـەری لەسـەر کرانـەوەی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ بـەڕووی دەرەوە و یەکگرتـن لەگـەڵ هـۆکارە دەرەکییـەکان و کارتێکـەری لەگــەڵ ئەوانــە دادەنێــت. ئــەو بەرهەمــە زیادەیــە کــە لــە ئاژەڵــداری دەسـتکەوتووە، زیاتـر لـەوەی کـە بـەرەو رۆژئـاوای ئەنـادۆڵ بچێـت، بـەرەو رۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت رۆیشــتووە. بەوجــۆرەش رۆژهەڵاتــی ئەنــادۆڵ سیسـتمێکی تایبەتـی ئابـووری هەبـووە. ئـەم پەیوەندییە لەو قۆناخانەشـدا کـە ئیمپراتۆرییەکـە لەوپـەڕی هێـزدا بـووە، هـەر بەوجـۆرە بـەردەوام بـووە، بـەڵام لەگـەڵ هاتنی سـەردەمی تەنزیمات بەهـۆی کاریگەرییەکانی جیهانی رۆژئــاوا، هەندێــک شــت گــۆڕان. لــەم قۆناخــەدا ئیمپراتۆریــی عوســمانی کەوتووەتـە ژێـر کاریگـەری ئـەو بزاڤـە نەتەوەگەراییانـەی کـە لـە رۆژئـاوا پەیدابـوون و لـە ئەنجامـی ئەوەشـدا، گەلانـی بەڵـکان بـە شـێوەیەکی خێـرا سـەربەخۆییان وەرگــرت.

 لـەو قۆناخـەدا کـە بزاڤـە نەتەوەگـەراکان گەشـەیان دەکـرد، کۆشـکی عوسـمانی سیاسـەتێکی زۆر سـەرکەوتووانەی لەسـەر رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵ پەیڕەوکــرد کــە رێــی لــەوە گــرت گەلــی کــورد بــەرەو ناوەندیبــوون و یەکرێـزی بـڕوات و، هەروەهـا کـورد و ئەرمەنەکانـی بەگـژی یەکتـردا کـرد و بەوجـۆرەش رێـی لـە دامەزراندنـی ئەرمەنسـتانی گـەورە گـرت. ئـەو تاکتیکە

پەیوەنـدی بـە دامەزراندنـی فەوجەکانـی حەمیدییـەوە هەبـوو کـە سـاڵی 1891 لەلایـەن سـوڵتان عەبدولحەمیـدەوە دامـەزرا و لـە دوو روانگـەوە قازانجـی بـۆ کۆشـکی عوسـمانی هەبـوو:

یەکـەم، ئـەو ناکۆکییەی لەنێـو کوردەکاندا هەبوو، ئەم جارە بە شـێوەیەکی فەرمـی و چەکـداری درێـژەی پێـدرا و بـەوەش رێ لـە ناوەندیبـوون و یەکبوونی گەلـی کـورد گیـرا. ئـەو سیاسـەتەی سـوڵتان عەبدولحەمیـد کـە لـەم تایبەتمەندییـەی خێڵە کوردەکان تێگەیشـتبوو، بۆ کۆشـکی عوسـمانی سـەرکەوتن بـوو.

دووەم، لەڕێـی دامەزراندنـی فەوجەکانـی حەمیـدی، ئەمجارەیـان لەنێـوان گەلانـی موسـڵمانی عوسـمانیدا، لەنێـوان تـورک و عـەرەب و کـورد و هتـد، یەکێتییەکـی دروسـتکرد و بـە سـوودوەرگرتن لـە ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی، شـەڕێکی بێئامانـی لـە دژی ئەرمەنـەکان دەسـتپێکرد. کۆشـکی عوسـمانی کەڵکـی لـەو هاوسـەنگییە وەرگـرت کـە لـە ئەنجامـی پێکدادانـی گـەلان لـەدژی یەکـدی دەرکـەوت و بەوجـۆرەش رێـی لـە راپەڕینێکـی گریمانەیی لە دژی خـۆی گـرت. دەتوانین نموونەی ئەو سیاسـەتی پاراسـتنی هاوسـەنگییە نـەک تەنیا لـە رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵ، بەڵکـو لـە شـوێن و پرسـی جۆراوجـۆری سیاسـی دیکـەی ناوخـۆی دەوڵەتـی عوسمانیشـدا ببینیـن [142].

وەکـو دەزانرێـت لـە سـاڵانی کۆتایـی ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا و لـە سـاڵی 1858، سـەرەڕای دەرچوونـی یاسـای زەویوزار، زەوییـەکان بەتەواوی کەوتنە ژێـر دەسـەڵاتی دەربەگـە لۆکاڵـەکان و ئەم قۆناخـەش بە گوێـرەی لاوازی و دەسـەڵاتی ناوەندی بـوو. لەگەڵ دامەزراندنـی کۆمار، رووبەڕووی رووداوی زۆر گرنـگ دەبینـەوە. تاوەکـو ئەوکاتـە، ئاغـا و شـێخ و سـەرۆک خێـڵ و چینە سەردەسـتەکانی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ وەکـو دەرەبـەگ حوکمیـان بەسـەر زەویوزارەکانـدا دەکـرد، بـەڵام لەگـەڵ هاتنـی کۆمـار، بەتایبەتـی لەگـەڵ پەسـەندکردنی یاسـای مەدەنـی، ئیـدی خاوەنداریـی زەویـوزار روویەکـی

142 - Tevfik Çavdar, Osmanlıların Yarı Sömürge Oluşu, Ant Yayınlarn, Istanbul 1970O, s. 49

یاسایی وەرگرت و بە فەرمی قبووڵکرا. گرنگە لەم رووداوە بە باشی تێبگەین: بۆچی لەکاتی دەربازبوون لە سیستمی زەویوزاری عوسمانی بۆ خاوەندارێتی تایبەت، لەگەڵ پەسەندکردنی یاسای مەدەنی و راگەیاندنی کۆماردا هیچ نارەزایيەک نەبوو؟ بۆچی گۆڕانکارییەکی وای نەکرد کە خاوەنداریی زەوی بدرێت بە خەڵک؟ لەڕاستیدا پێویست بە شتێکی وەها نەبوو، چونکە لە ساڵانی دوای ئیمپراتۆریدا، خاوەنداریی زەویوزار کەوتبووە دەستی دەرەبەگەکان. دەرەبەگە لۆکاڵەکانیش ئەمەیان بە زۆر و بە چاوسوورکردنەوە لە خەڵک وەرگرتبوو. لەو روانگەیەشەوە ئیدی پێویستی بەوە نەدەکرد لەگەڵ راگەیاندنی کۆماردا خاوەنداریی زەویوزار بداتە خەڵک و بۆئەوەش یاسایەکی نوێ دەربکات. یاسای مەدەنی تەنیا قبووڵکردنی ئەو راستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە بوو، هەروەها رووپەکی یاسایی پێدا و رەوایی پێبەخشی.

لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، لە ساڵی 1923 و تاوەکو ئەم ساڵانەی دواییش، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە خاوەنداریی زەویوزاردا روونەداوە و هەموو شتێك وەك رۆژگاری کۆتایی سەردەمی عوسمانی بەردەوامە [143]. ئەو راپەڕینانەش کە لەدوای هەڵوەشانەوەی خەلافەت و راگەیاندنی کۆمار کران و دوورخستنەوەکان کە بەرئەنجامی راپەڕینەکان بوون، گۆڕانێکیان لەو دۆخەدا دروست نەکرد.

لە قۆناخی تێپەڕبوون بۆ سەردەمی فرەحیزبی لە ساڵی 1945، ئەو بارودۆخە زیاتر پتەوتر بووە و ریشەی داکوتاوە و جارێکی دیکە دەربەگایەتی بەهێز بووەتەوە، ئەوەش رێگەی کردەوە بۆ ئەوەی ئەو

143 - پ. موجەبەل کرای دەڵێ "تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی عوسمانی رۆڵی لەوەدا نەبووە کە چینی گوندی لە تورکیا تایبەتمەندییەکانی ئەمڕۆی وەربگرێت. Bugünkü ve Yarınld Türk Toplumu, Devrim, Sayı 10, 29 Aralik 1969, s. 8 لەوانەیە ئەو بۆچوونە بۆ رۆژئاوا و ناوەڕاستی ئەنادۆڵ راست بێت کە لە قۆناخی هەڵکشانی ئیمپراتۆری بۆ رۆژئاوا، کاریگەرییەکی زۆری لە رۆژئاوا وەرگرتبوو. هەرچۆنێک بێت، بۆ رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ راست نییە کە لە دەرەوەی هەموو گۆڕانێکدایە، زۆر بە کەمی کاریگەری لە دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەرگرتووە و لە دۆخێکی تەواو دەرەبەگایەتیدایە. پرۆسەی گۆڕینی پێکهاتەی چینی گوندییەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ تازە دەستیپێکردووە. ئەم پرۆسەیەش وەک چۆن لە داهاتوودا باسی دەکرێت، ئەوەیە کە چینی دەرەبەگی دەسەڵاتدار دەکات بە سەرمایەدار، واتا وەك چینی دەسەڵاتداری سەرمایەداری لێهاتووە.

دەربەگایەتییـە لەگـەڵ چینـە سەردەسـتەکانی ڕۆژئـاوادا یەکبگرێـت.

## 4. ئایدیۆلۆژیای جەنگی ڕزگاری

جەنگـی ڕزگاری جەنگێکـی دژە ئیمپریالیسـتییە لـە بەرامبـەر ئـەو هێزانـەی کـە دەیانویسـت ئیمپراتۆریـی عوسـمانی داگیربکـەن. بۆیـە دروشـمی دژە ئیمپریالیسـتیی زۆری تێـدا دەگوترایـەوە، بـەڵام ئـەو شـەڕە هیـچ کات شـەڕێکی دژە دەرەبەگـی نەبـوو، بۆیـە زۆر جێگـەی ئـەو دروشـمانە نەکرایـەوە کـە تییـدا باسـی مافـە دیموکراسـییەکان دەکـەن. مـادام کـە شـەڕەکەش شـەڕێکی دژە دەرەبەگـی نەبـوو، بـە واتـای بەدەسـتهێنانی پشـتیوانیی دەربەگـەکان بـوو. ئەمـەش بەهەمـوو ئاشـکرایی خۆیـەوە لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـدا دەبینرێـت. هـەر لێـرەدا پێویسـتە لێکۆڵینـەوە لەسـەر ئـەوە بکرێـت کـە مستەفا کەمـال لەنێـوان ساڵانی 1919 ـ 1922 کام ئایدیۆلۆژیـای "شۆڕشـگێڕ"ی بەکارهێنـاوە بـۆ ئـەوەی پشـتیوانی لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ وەربگرێـت؟ لـەو ڕوانگەیـەوە پێویسـتە لێکۆڵینـەوە لەسـەر ئایدیۆلۆژیای ئایینی بکەین. لەبەرئەوەی کە شـەڕەکە شـەڕێکی دژە دەرەبەگـی نەبـوو، ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی بەشـێوەیەکی فـراوان بەکارهـات. لەکاتـی شـەڕدا و بەتایبەتـی لـە کۆنگرەکانی ئەرزڕووم و سـیواس، مسـتەفا کەمـال ئایدیۆلۆژیـای ئایینی بەشـێوەیەکی فـراوان بەکارهێنـا و بەوجۆرەش توانـی خێڵەکانـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ بـەرەو بزاڤـی شۆڕشـگێڕی ڕابکێشـێت. مسـتەفا کەمـال لـە نامەکانیـدا بـۆ حاجـی مسـتەفا بـەگ سـەرۆکی خێڵـی موتکـی، حەزرەتی شـێخ عەبدولباقـی ئەفەنـدی، کوفرەوی زادەی بتلیـس، حەزرەتـی عەبدولڕەحمـان ئاغـای شـڕناخ، حەزرەتـی عومـەر ئاغـای دەرشـەڤلی، حەزرەتـی ڕەسـوڵ ئاغـای موساشـڵی، حەزرەتـی شـێخ مەحمـوود ئەفەنـدی شـێخی گـەورەی نورشـین، حەزرەتـی شـێخ زیائەدیـن ئەفەنـدی و جەمیـل چەتـۆ بەگ لـە سـەرۆکەکانی گارزان [144]، باسـی ئەوەی

144 -Nutuk, Cilt 3, Vesikalar, Vesika 47, 48, 49, 50, 51, 52, 53

کـردووە کـە سـەڵتەنەت و خەلافـەت و دنیـای ئیسـلام لـە مەترسـییەکی گـەورەدان و بـۆ ئـەوەی دەسـەڵاتی خەلافـەت درێـژەی هەبێـت، پێویسـتە لـە بەرامبـەر دووژمـن شـەڕ بکرێـت. مسـتەفا کەمـال لـە نامەکانیـدا بـۆ سـەرۆک خێڵەکانـی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ ئـاوای نووسـیوە: "ئـاگادارم کـە زاتـی فازیلانـەی ئێـوە لـە مـاوەی جەنگـی گشـتیدا، یارمەتـی زۆر باشـی سـوپای عوسـمانیتان داوە و پەیوەندییەکـی لـە دڵەوەتـان بـۆ خەلافـەت و سـەڵتەنەت پیشـانداوە. لەبەرئـەوە، لـە دڵـەوە رێزێکـی زۆرم بـۆ ئێـوەی پایەبـەرز هەیـە". "روون و ئاشـکرایە کـە ئەمـڕۆ دووژمنـان، چـۆن خەریکـن پێگـەی خەلافـەت و سـەڵتەنەتی عوسـمانی و وڵاتـی پیرۆزمـان دەڕەنجێنـن و پێداگـری دەکـەن لەسـەر ئـەوەی پارێزگاکانـی رۆژهەڵاتمـان پێشکێشـی ئەرمەنـەکان بکـەن..."

بەکارهێنانـی ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی تەنیـا لـە قسـە و نووسـینەکانی مسـتەفا کەمالـدا نیـن، ئەمـە لـە نووسـینی جۆراوجـۆری کازم قـەرە بەکیـر فەرمانـدەی سـوپای شـەرق و فەرمانـدەی سـوپای پـازدە لـە جەنگـی رزگاریشـدا هەیـە[145].

وەکـو دەبینرێـت، بۆئـەوەی خێڵەکانـی کـورد لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ بەشـداری لـە شۆڕشـدا بکـەن، یاخـود کارێـک بکـەن بێلایـەن بمێننـەوە و مەترسـی دروسـت نەکـەن، زۆرجـار ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی بەکارهاتـووە و لـەو روانگەیەشـەوە، تانـەر تەیمـوور، زانـای بـواری زانسـتی سیاسـی دەڵێت: "نیوەڕۆکـی ئیمپریالیسـتانەی جەنگـی رزگاری نەتەوەیی وایکـرد کە ئەو بکاتە هاوپەیمانێکـی سرووشـتیی یەکێتـی سـۆڤیەت. ئەتاتـورک لـە سـەردەمی داگیرکردنـی ئەنادۆڵدا دروشـمە ئیمپریالیسـتییەکانی زوو زوو بەکارهێناوە. لەبەرئـەوەی لـە تورکیـا و لـە سـاڵی 1920 دا ئایدیۆلۆژیـای زاڵ ئیسـلام بـووە، دەبینیـن کـە لـەو قۆناخـەدا ئاییـن نیوەڕۆکێکـی شۆڕشـگێڕانەی وەرگرتـووە. لـەو سـاڵانەدا ئەتاتـورک کاتێکـی زۆری بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە

145 - Kazm Karabakir, İstiklal Harhimiz, 2. Bs., Türkiye Yayımevi, İstanbul 1969, s. 155

مێــژووی ئیســلام تەرخــان کــردووە، لەســەر داگیرکردنــی ئیســتەنبووڵ بەیاننامــەی جۆراوجــۆری بــۆ دنیــای ئیســلامی نــاردووە. لــە شــوباتی ســاڵی 1921 دا داوای کۆبوونــەوەی کۆنگــرەی ئیســلامیی کــردووە و، تەنانــەت بــە بۆنــەی تەشــکیلاتی یاســای بنەڕەتــی ســاڵی 1921یــش گــوتبــووی، ئێمــە لــە پرەنســیپدا خەلافــەت و ســەڵتەنەتمان قبووڵــە" [146].

گومــان لــەوەدا نییــە کــە تانــەر تەیمــوور لەکاتــی روونکردنــەوەی شــەڕی رزگاریــدا خاڵــی زۆر گرنــگ بــاس دەکات، بــەڵام ئێمــە لەگــەڵ ئەوەدانیــن کــە ئایدیۆلۆژیــای ئایینــی نێوەڕۆکێکــی شۆڕشــگێڕانەی وەرگرتبــێ، چونکــە ئاییــن لــە دامەزراوەکانــی وەک شــێخایەتی و تەریقەتــدا رۆڵــی زیاتــر دەبێــت. لەڕاســتیدا ئــەو دامەزراوانــەش رەنگدانــەوەی شــێوازی بەرهەمهێنانــی دەرەبەگیــن. کاتێــک لــە شــەڕێکدا پشــت بــە دامــەزراوە دەرەبەگییــەکان دەبەســتی، بتــەوێ و نەتــەوێ ئیمتیازیــان پێــدەدەی، بــەڵام ئایــا لەنێــوان 1919 ـ 1922 لــە هەلومەرجــی ئەوکاتــەی تورکیــادا هیــچ رێگەیەکــی باشــتر هەبــوو بــۆ ئــەوەی خێڵەکانــی کــورد بەشــداریی "شــۆڕش" بکــەن؟ بــەڕای مــن نەخێــر. چونکــە لەکاتــی شــەڕی رزگاریــدا ئیمپیریالیزمــی ئینگلیــز بەهەمــوو شــێوەیەک هەوڵیــدەدا کــورد بــەرەو لای خــۆی رابکێشــێ و رێ لە بزاڤــی رزگاریــی ئەنــادۆڵ بگرێــت. لێــرەدا ریگرتــن لــەو کارانــەی ئیمپریالیــزم لەڕێــی بەکارهێنانــی ئایدیۆلۆژیــای ئایینــی، واتــە ئایدیۆلۆژیــای ئوممەتــەوە مومکیــن بــوو. کۆکردنــەوەی مــەلاکان و پێکهاتــە دەرەبەگییەکانــی دیکــە لــە دەوروبــەری خــۆی، واتــای ئەوەیــە کــە مســتەفا کەمــال بــە ئەنــدازەی ئیمپریالیــزم ئــاگای لــە پێکهاتــەی خێــڵ بــووە و ئەوانــەی لــە قازانجــی ئایدیۆلۆژیاکەیــدا بەکارهێنــاوە.

نووســەر ئیســماعیل جەمیــش بەوشــێوەیە باســی ئەمــە دەکات: "هەمــوو ئەگەرێــک هەبــوو بــۆ ئــەوەی تێکۆشــانی نەتەوەیــی لــە ســەرەتاوە نەگاتــە ســەرکەوتن، بــەڵام کەســێکی وەک ئەتاتــورک کــە لــە تەکتیکــدا زرنــگ بــوو،

---

146 - Taner Timur, Dinci Iderlojnin Gelişme Çizyisi ve Sunıfsal Anlamı, Emek Dergisi, Sayn 13, 20 Ekim 1969, s. 3

توانـی بەرژەوەندییـە ناکۆکـەکان کۆبکاتـەوە و بـە ئاراسـتەیەکدا بیانبـات و دەرفەتـەکان بەکاربهێنێـت. بەگوێـرەی هەلومەرجەکانیـش زانیویەتی چۆن سـازش بـکات. وەکـو جامبـاز یاخـود مامەڵەکەرێکـی سیاسـی توانیبـووی مـەلاکان لـە دەوری خـۆی کۆبکاتـەوە و دەوروبەرەکـەی خـۆی بهێنێتـە قەناعـەت کـە مەبەسـتی ئەوەیـە خەلیفـەی داماو لـە دەسـتی بیانییـەکان رزگار بـکات. لـە هەمانکاتیشـدا بەشـێوەیەکی وەسـتایانە پەیوەندییەکانـی خـۆی لەگـەڵ یەکێتـی سـۆڤیەت بەڕێوەبـردووە کـە تاکـە سـەرچاوەی یارمەتـی دەرەکیـی ئـەو بـووە و هەندێـک قسـەی کـردووە کـە بـە دڵـی ئـەوان بـووە، تەنانـەت پارتـی کۆمۆنیسـتی ساختەشـی دامەزرانـدووە، بەڵام لـە هەمـان کاتیشـدا هەوڵیـداوە خـۆی لـە کاریگـەری مۆدێلـی ئابووریـی یەکێتـی سـۆڤیەت بدزێتـەوە" (ل. 207)

کۆکردنـەوەی مـەلاکان و دواتریـش دەربەگـەکان لـە دەوری خـۆی، ئـەوە دەردەخـات کـە مسـتەفا کەمـال بـە ئەنـدازەی ئیمپریالیـزم لـە پێکهاتـەی خێـڵ تێگەیشـتووە و توانیویەتـی ئـەوە بـە کردەوە بـۆ ئایدیۆلۆژیاکـەی خۆی بەکاربهێنـێ، بـەڵام لێـرەدا دوو خـاڵ هەن کە نووسـەر نەیتوانیـوە بیانبینێ:

## ا. هەڵوێستی مستەفا کەمال و ئیمپریالیزم لەهەمبەر پێکهاتەی خێڵ

هیـچ جیاوازییـەک نییـە لەنێـوان ئـەو گوتەیـەی سـەرۆك خێڵـەکان بـۆ مسـتەفا کەمـال کـە "بەڵـێ ئێمـە لەگـەڵ ئێوەیـن و لە بـەرەی ئێوەدا شـەڕ دەکەیـن"، لەگـەڵ ئـەوەی بـە ئیمپریالیزم بڵێـن "بەڵێ ئێمە لەگـەڵ ئێوەین". چونکـە لە رێکخسـتنی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی خێڵدا، هۆشـیاری نەتەوەیی نییـە و کاتێـک ئـەو هۆشـیارییەش نەبـوو، ئیتـر قەناعەتـی سـەرۆک خێـڵ دەبێتـە بنەمـا. خـۆی لەخۆیدا و لە سیسـتمی خێڵەکیدا پلەبەندییەك هەیە و خێڵەکـەی ملکەچـی دەسـەڵاتی سـەرۆکی خێڵـە. لـەو روانگەیـەوە، لـە پێکهاتەیەکـی کۆمەڵایەتـی و ئابووریـدا کـە هۆشـیاریی نەتەوەیـی گەشـەی

نەکـردووە و تەنیـا بەرژەوەندیـی خێـڵ لـە پێشـە، ئیـدی هیـچ جیاوازییـەك نییـە لەنێـوان ئـەوەی سـەری بەڵـێ بۆ مسـتەفا کەمـال یاخود ئینگلیـزەکان بلە قێنن.

مسـتەفا کەمالیـش بـە ئەنـدازەی ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز ئـاگای لـەم تایبەتمەندییـە ناوازەیـەی پێکهاتـەی خێـڵ هەبـوو، بۆیـە هەوڵیـداوە کـە ئـەوان بـەرەو تێکۆشـانی "شۆڕشـگێڕانە" رابکێشـێ و بـۆ ئـەوەش پەنـای بـۆ ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی بـردووە. بـەو جـۆرەش رێـی لـە بەشـداریکردنی خێڵەکانـی کـورد لـە ریزەکانـی ئیمپریالیزمـدا گرتـووە. چونکـە خێڵەکانـی کـورد موسـڵمانن و سـوورن لەسـەر پابەندبـوون بـە سـەڵتەنەت و خەلافـەت. لـە سـایەی ئایدیۆلۆژیـای ئیسـلامدا، کـورد نەبوونـە هاوپەیمانی ئەرمـەن. هاچـادۆر ئاغـای ئەرمەنـی نامەیەکـی بـۆ سـەرۆک خێڵەکانـی کورد نووسـیوە و ویسـتوویەتی بـەرەو لای خۆیـان رایانبکێشـێ. لـە نامەکەیـدا دەڵـێ: "پێکەوەژیانـی ئاشـتیانە و برایانـە لەگـەڵ کـورد و دامەزراندنـی دەوڵەتـی خۆمـان و پەیوەندییەکی باش و پێکەوە ژیانێکی ئاشـتیانە و برایانە لەگـەڵ کـورد، ئامانـج و ئـارەزووی گـەورەی ئێمەیـە... ئەمڕۆ نەبێت سـبەی، سـبەی نەبێـت دوو سـبەی، هـەر رۆژێـک دێـت کـە ببینە دۆسـتی یـەک. ئێمە میللەتـی کـورد بـە رەسـەن و پلەبەرز تەماشـا دەکەیـن، بـەڵام نازانین بۆچی ئـەوان نەیانویسـت لەگـەڵ ئێمـە رێکبکـەون؟ هەمـوو بەرپرسـانی ئەرمـەن ئارەزوویـان ئەوەیـە پەیوەندییەکـی برایانەیـان لەگـەڵ بـەگ و خێڵـەکان و میللەتـی کـورد هەبـێ" [147].

وەڵامـی سـەرۆک خێڵەکانـی کوردیـش بـەم جـۆرە بـوو: "... نامەکەتـان گەیشـت. تەنانـەت ئەوکاتەش کـە ئەرمەنەکان بەختەوەر بـوون، بۆ ئامانجی خۆیـان هەمـوو شـتێکی خراپیـان کـردووە. بـۆ نموونـە لەکاتـی شـەڕدا بـە چەکـەوە رایانکـرد و تێکەڵـی سـوپای رووس بـوون. ئێـوە ناتوانـن نکۆڵـی لەمـە بکـەن. ئامانجـی ئەرمەنـەکان روونـە و دەرفەتـی پێکەوەسـازانیان

147 - Kazm Karabekir, a.g.e, s 345

لەگـەڵ میللەتـی کـوردی موسـڵمان نەمـاوە. ئـەوە مـاوەی پێنـج سـاڵە دەیانەوێـت ئیسـلام لەنێوبـەرن و هـەر دەرفەتێکیـان دەسـتکەوێت، بەپێچەوانـەی هەسـتی موسـڵمانەکان، دەسـتدرێژی بـۆ سـەر دەوڵەتـی عوسـمانی دەکـەن و ئـەو شـتانەش بـە ڕەوا دەبینـن. بۆیـە ناتوانـن لەگـەڵ میللەتـی کـورد پێکـەوە بـن. کـورد کـە بەسـەر دە قاتـی ئەرمەنەکانـدا زاڵ بـوون، ناچنـە ژێـر ڕکێفـی ئـەوان و شـتی وا مومکیـن نییـە" [148].

وەکـو دەبینرێـت لە سـاڵانی شـەڕدا زیاتر لە نەتـەوە، ئایدیۆلۆژیـای ئوممەت زاڵ بووە.

## ب. برایەتی کورد و تورک و برایەتی هەموو گەلان

لـە سـاڵانی شـەڕدا، چەنـدە سـوود لـە ئایدیۆلۆژیـای ئوممـەت وەرگیرابـێ، ئەوەنـدەش سـوود لـە برایەتیی گـەلان و برایەتیی کورد و تـورک وەرگیراوە. مسـتەفا کەمـاڵ لـە ئایـاری 1920 دا و لـە کۆبوونـەوەی پەرلەمانـدا گوتبـووی: "ئەوانـەی مەجلیسـی بـاڵای ئێمەیـان پێکهێنـاوە تەنیا تـورک و لاز نیـن، بەڵکـو تێکەڵەیەکـە لە هەموو پێکهاتەکانی ئیسـلامی و دەسـتەیەکی نیازپاکـە. بۆیـە ئـەو میللەتـەی کـە دەمانەوێـت بەرگرییـان لێبکەیـن و بیانپارێزیـن تەنیـا یـەک پێکهاتـە نیـن. بەڵکـو لـە پێکهاتـە جیاوازەکانـی دنیای ئیسـلامی پێکهاتـووە و هـەر پێکهاتەیەکیـش لەنێو ئـەم دەسـتەیەدا، برای ئێمەیـە و بەرژەوەندیمـان هاوبەشـە و هاووڵاتیـی ئێمـەن" [149].

لـە هەندێـک بڵاوکـراوەی دیکـەدا دەتوانیـن ئـەو نووسـینانەی ببینیـن کە لە مـاوەی سـاڵانی شـەڕدا بـە پێداگیرییـەوە سـەبارەت بـە برایەتی گەلـی کورد و تورک باسـکراون.

"سـەرەڕای ئـەوەی میللەتانـی دیکـە بـە شـەو و ڕۆژ هەوڵـدەدەن لـە وڵاتەکەمانـدا فیتنـە بنێنـەوە، کـورد و تورک گرێدراوی یەکـن و بە موحیبەت

148 - Kazm Karabekir, a.g.e, s 345
149 - Atatürk in Söylev ve Demeçleri, Cilt I, s. 28 14. Kzm Karabekir, a.g.e., s. 352

و رێزێکــی زۆرەوە لــە چوارچێــوەی حکومەتــی عوســمانیدا لێــك دانابڕێــن. پیشـاندانی نەبوونـی حکومـەت لـە هەندێـک شـوێن، واتـای سـەرکەوتن بـۆ دووژمنەکانمــان دەدات". [150]

## 5. واتای سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەلافەت

ئیســماعیل جــەم ئــاوا باســی ژێرخانــی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی سیســتمی عوســمانی و ســەرخانی گونجــاو لەگــەڵ ئــەو ژێرخانــە دەکات:

" ئــەو کۆمەڵگەیانــەی ئیمپراتۆریــی عوســمانییان دروســت کــردووە، وەك پارچەکانــی مۆزایکێکــن کــە لــە رەنــگ و قەبــارەی جۆراوجــۆر پێکهاتبــن. دەوڵــەت لەڕێــی شــتێکی ســەیری وەك نامەرکەزییــەوە دەســەڵاتی خــۆی بەســەر ئــەو کۆمەڵگــە جیاوازانــەدا ســەپاندووە". (ل 80)

"لیبووردەیــی ئایینــی هۆکارێــك بــووە بــۆ رێگرتــن لــە دابەشــبوونی ئــەو ئیمپراتۆرییــەی کــە لــە یەکــەی جۆراوجــۆر پێکهاتبــوو. لەکاتــی مردنــی عوسـمان بەگدا (1325)، لەو 3 ملیۆن دانیشـتووانەی دەوڵەتی عوسـمانی، ملیۆنێکیــان کریســتیان بــوون، ئەمــەش شــتێکی سەرنجڕاکێشــە. لــە ناوەندیبوونــەوە تاوەکــو جۆرێــك لــە ســازان و فرەیــی ئایینــی و لێبووردەیــی، ناکۆکییەکــی ســەیرە کــە توانیویەتــی جەماوەر بــە دەوڵەتەوە ببەســتێتەوە و وابـکات کـە دژی دەسـەڵاتی ناوەنـدی رانەپەڕن و قەبووڵی بکـەن". (ل84)

"چەمکــی ئاســایش لــەلای مرۆڤــی عوســمانی کــە پێویســتە وەك تایبەتمەندییەکــی بنەڕەتــی هەبێــت، تاکانــە نییــە بەڵکــو کۆمەڵایەتییــە. کاتێــک ئاســایش دابیــن دەکــرا کــە ســەر بــە گرووپێــك بیــت نــەك وەك تــاك بمێنیتــەوە. وەك: ئاسایشــی گونــد و خاوەنــی گونــد و گونــدی، پاراسـتنی خەڵکـی کاسـب لەڕێـی تەشـکیلاتی ئاهـی (و: جۆرێك سـەندیکا و رێکخـراوی پاراسـتنی پیشـەگەر و خەڵکـی کاسـب بـووە کـە لـە سـەدەی 13 داهێنــراوە.)"(ل.90)

---

150 - Kazm Karabekir, a.g.e, s 352

وەکــو دەبینرێــت، دامــەزراوە ســەرخانییەکان لــە سیســتمی عوســمانیدا بەشــێوەیەکی گونجــاو لەگــەڵ ژێرخانــی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی، دامــەزراوەی خەلافــەت و ئــەو دامەزراوانــەدان کــە لــە کۆمەڵگەیەکــی دەرەبەگیدا ئاسایش دابیـن دەکـەن. ئیسـماعیل جـەم، چ لـە نموونەکانـی سـەرەوەبێت یـان لـە بەشـەکانی دیکـەی لێکۆڵینەوەکەیـدا (ل 70)، بـە باشـی دامەزراوەکانـی ئاسایشـی کۆمەڵایەتـی لـە کۆمەڵگـەی دەرەبەگیـی عوســمانیدا شــیکردووەتەوە.

"پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان لـە دەوڵەتـی عوسـمانیدا لـەوەی ئەوروپا پێشـکەوتووتر نەبـوو، بـە پێچەوانـەوە لـە دواتر بوو، بـەڵام لەبەرئـەوەی لەو باشـتر رێکخرابـوو، دەرفەتـی هەبـوو تاوەکـو بـە ئەوروپـادا بڵاوببێتـەوە... ئـەو سـاڵانەی کـە عوسـمانی لـەوێ بڵاودەبـووەوە، ئەوروپا لەنێـو ژانـی پەیدابوونــی شــێوازێکی نوێــی بەرهەمهێنــان و پاشــاگەردانییەکدا بــوو کـە لـە ئەنجامـی ئـەوەدا پەیدابـوو. ئیـدی پاڵنـەری قازانـج وەك رەگـەزە ســەرەکییەکەی ســەرمایەداری لەگــەڵ داگیرکاریــی ســەرمایەداری دەســتپێکردبوو. کرێــکار و بــوورژوا و گوندییــەکان لەنێــو سیســتمە نوێیەکانـدا شـوێنی خۆیـان گرتبـوو. لـە کاتێکـدا ئەوروپا لە دۆخێکـی تێکەڵ و پێکەڵـی وەهـادا بـوو، عوسـمانی چەمکـی ئاسایشـی کۆمەڵایەتـی و یاسـا و رێســای دەرەبەگــی و دامــەزراوە کۆمەڵایەتییەکانــی خــۆی بــۆ ئــەوێ بــرد. ئازادهێشــتنەوەی ئاییــن و زمــان و نــەژاد و کولتــووری خەڵــك لــەو شــوێنانەی کــە عوســمانی داگیــری دەکــردن، لەبــەر دلۆڤانیــی دەوڵەتــی عوسـمانی نەبـوو، بەڵکـو لەبەر پێداویسـتییەکانی ئاسایشـی کۆمەڵایەتی لە داوونەریتـی دەرەبەگـی بـوو. لەبەرئـەوەش، عوسـمانی دەرفەتـی هەبـوو تاوەکـو ماوەیەکـی درێـژ بـە ئەوروپـادا بڵاوببێتـەوە و لـەو شوێنانەشـدا کـە داگیــری دەکــردن، ســەروەریی خــۆی بســەپێنێ" [151].

لێــرەدا ناتوانیــن بڵێیــن ئیســماعیل جــەم بــە ئەنــدازەی دامەزراوەکانــی

151 - Ismail Beşikci, Doğu Anadolu'nun Düzeni, Sosyo-Ekonomik ve Emik Temeller, E Yayınevi, Istanbul 1969, s. 70

ئاسایشــی کۆمەڵایەتــی کــە لەســەرەوە ویســتمان روونــی بکەینــەوە، لــە دامــەزراوەی خەلافــەت تێگەیشــتووە. بــەڕای ئێمــە، عوســمانلی بــە سیســتمە ئابــووری و کۆمەڵایەتییەکەیــەوە، زیاتــر لەگــەڵ دامــەزراوەی خەلافــەت و ئایدیۆلۆژیــای خەلافــەت و ســوڵتانیزم و تەنانــەت خــودی دەســەڵاتی سیاســیدا تەبا بــووە. لــەو روانگەیــەوە، کاتێــک لێکۆڵینــەوە لــە پەیوەندیــی سیســتمی زەوی و ســوپا دەکرێــت (ل 44)، دیســان پێویســتە پێکــەوە گونجانــی سیســتمی زەویــوزار لەگــەڵ دامــەزراوەی خەلافــەت لەبەرچــاو بگیرێــت.

وەکــو دەزانرێــت ئیمپراتۆریــی عوســمانی دەرفەتــی بڵاوبوونــەوەی بــە ناوچەیەکــی فراوانــدا هەبــوو. خەڵکــی جۆراوجــۆری لــە نــەژاد و ئایینــی جیــاواز لــە ژێــر کۆنترۆڵــی خۆیــدا کۆکردبــووەوە. گەلانــی ناموســڵمانی لــە ڕێگــەی دامــەزراوە ئەمنییەکانــی ئــەو سیســتمە دەرەبەگییــەوە کۆنتــرۆڵ دەکــرد کــە گرێــدراوی دەســەڵاتی ناوەنــدی بــوو، گەلانــی موسڵمانیشــی لــە دەوری خەلافــەت کۆدەکــردەوە و لەڕاستیشــدا دامــەزراوەی خەلافــەت ئــەو هــۆکارە کاریگــەرە بــوو کــە دەیتوانــی یەکڕیزییەکــی وەهــا دروســت بــکات. ئــەوەی کــە دەیتوانــی گەلانــی موســڵمانی وەکــو تــورک، کــورد، عــەرەب، چەرکــەز و گورجــی لەنێــو ئیمپراتۆرییەکدا بــەرەو ئامانجێــک بەرێت، ئایدیۆلۆژیــای خەلافــەت بــوو. ئــەو ئایدیۆلۆژیایــەش لــە کەســایەتی خــودی ســوڵتاندا بــە دامەزراوەیــی کرابــوو. ئــەو هــەر بــۆ خۆیشــی دەســەڵاتە سیاســییەکە بــوو. ئــەو دامەزراوەیــە توانیبــووی نەتــەوەی جیــاواز لەژێــر ئایدیۆلۆژیــای ئیســلامدا کۆبکاتــەوە و بەشــێوەیەکی تایبەتیــش، ڕێگــەی لــە گەشــەکردنی بیــری نەتەوەیــی لەنێــو گەلانــی موســڵماندا دەگــرت.

**ئیسماعیل جەم بەم جۆرە باسی ئەو دۆخە دەکات:**

"لــەو ســەردەمەدا کــە چەمکێکــی وەك نەتەوەگەرایــی لــە ئــارادا نەبــوو، دەوڵەتــی عوســمانی لەڕێــی دامەزراندنــی دەســەڵاتێکی بەهێــزەوە، لــەو شــوێنانەدا کــە پەلــی بــۆ هاویشــتبوون، ئاسایشــی دابیــن کــردووە..."(ل

100)،"... ئـەو پێشـکەوتنە پێچەوانەیـە، بـە تیپەڕبوونـی کات، یەکێکـی دیکـە لـە کۆڵەگـە سـەرەکییەکانی دەوڵەتـی عوسـمانی سسـت کـردووە کـە ئەویـش ئازادیـی ئایینـی بـوو. لـە کاتێکـدا کـە دەوڵەتـی عوسـمانی 72 نەتـەوەی لـە هەنـاوی خۆیدا بەبـێ جیـاوازی ئاییـن و نـەژاد کۆکردبـووەوە، وردە وردە بەپێچەوانـەی نێوەڕۆکەکـەی خـۆی دەجوڵایـەوە و دابەشـبوون و جیاوازییەکانـی هانـدەدا. لـە ئەنجامـی ئـەو سیاسـەتە هەڵەیـەدا، ئیـدی لەجیاتـی گوتـەی مـن عوسـمانلیم، دەسـتەواژەی وەك مـن عەرەبـم، مـن کریسـتیانم، من ئەلبانیم دەگوترانەوە و ئەمەش هەلومەرجی دابەشـبوون و پەرتەوازییەکانـی داهاتـووی ئامـادە کـرد" (ل. 168).

### 6. هەڵوەشانەوەی خەلافەت و دەرئەنجامەکانی

وەکـو لـە بەڵگەکانـی سەرەتاشـدا باسـمان کـرد، مسـتەفا کەمـال لەکاتـی جەنگـی رزگاریـدا بـۆ راکێشـانی خێڵەکانـی کـورد و گەلـی کـورد لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ بـۆ نـاو "شـۆڕش"، بەشـێوەیەکی فـراوان سـوودی لـە ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی و ئایدیۆلۆژیـای ئوممەتچێتـی وەرگـرت و نەیهێشـت بـەلای ئیمپریالیزمـدا بـڕۆن، بـەڵام ناتوانیـن باسـی ئـەوە بکەیـن کـە بەکارهێنانـی ئایدیۆلۆژیـای ئایینـی لـە بزاڤی رزگاریـدا لەنێوان سـاڵانی 1919 -1922 رێگەیەکـی شۆڕشـگێڕانە بـووە و ئەرکێکـی "شۆڕشـگێڕانە" بـە ئایین دراوە، بـەڵام هەمـووکات دەتوانیـن بڵێیـن کـە تاکتیکێکـی زۆر لەجێـی خـۆی بـووە بـۆ ئـەوەی کاریگەریـی ئیمپریالیزمـی ئینگلیـز کاڵ بکاتـەوە. مسـتەفا کەمـال بەباشـی دەیزانـی کـە خەلافـەت و سـەڵتەنەت ناتوانـن ئەرکێکـی شۆڕشـگێڕانە جێبەجێبکـەن، لەبەرئـەوەش بـوو کـە لـە دوای راگەیاندنـی کۆمـار، بـە کـردەوە بیرۆکـەی هەڵوەشـانەوەی خەلافەتـی خسـتە گـۆڕێ و لەگـەڵ هەڵوەشـانەوەی خەلافەتیشـدا ئەندامانـی کۆشـک بـۆ دەرەوەی وڵات دوورخرانــەوە.

هەڵوەشـانەوەی خەلافـەت و هێنانـی ئایدیۆلۆژیایـەک لـە شـوێنی ئـەو کـە

بتوانێت ئـەو ئەرکـەی خەلافەت جێبەجێ بـکات، هەروەهـا دەرئەنجامەکانی هێنانـی ئـەو ئایدیۆلۆژیایـەش بابەتـی گرنگـن کـە پێویسـتە لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر بکرێـت. ئیسـماعیل جـەم لـە کتێبەکەیـدا تەنیا ئاماژەیەکـی پێـدەدا و بەسـەریدا دەڕوات (ل.207 و...) چونکـە ئـەو گۆڕانکارییـەی لـە دامەزراوە سـەرخانییەکاندا کـراوە، بەهـۆی نەگۆڕانـی پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ، کاریگەرییەکـی زۆر گـەورەی دانـا. لەبەرئەوەیە کە پێویسـتە دواکەوتوویـی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ لـە دووتوێـی ئـەم ڕووداوەدا سـەیر بکرێـت و پەیوەندیـی نێـوان سـەرخان و ژێرخـان لـەو پرۆسـەیەدا بخرێتـە ژێر لێکۆڵینـەوە.

## 7. دوو مستەفا کەمال

هەڵوەشـانەوەی کتوپـڕی خەلافـەت کاریگەرییەکـەی قـووڵ و نێگەتیڤـی لەسـەر سـەرۆک خێڵـەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ دانـا. چونکـە ئـەوان وەک سـاڵانی شـەڕ، پێیانوابـوو مسـتەفا کەمـال پارێـزەری سـەڵتەنەت و خەلافەتـە و ڕزگارکـەری دنیـای ئیسـلامە. هێشـتا ئـەو نامانەیان لـەلا مابوو کـە دوو سـێ سـاڵ بـەر لـەوە ناردوونـی و تێیانـدا باسـی ئـەوەی کردبـوو گوایـە بـۆ ئـەو ئامانجانـە شـەڕ دەکات و لەسـەر ئـەو بنەمایـەش داوای هاوکاریـی لـەوان کردبـوو. بەهیـچ جۆرێـک بڕوایـان بـەوە نەدەکـرد کـە خەلافـەت و سـەڵتەنەت هەڵبوەشـێنێتەوە. کاتێکیـش ئەمەیـان بەتـەواوی بـۆ ئاشـکرا بـوو، ئیـدی ئـەو خۆشەویسـتی و متمانەیـەی جارانـی لـەلای سـەرۆک خێڵـەکان نەما. هەڵوەشـانەوەی خەلافەتیـش وردە وردە نائارامی دروسـت کـرد [152].

152 - ئەمـڕۆ لـە هەندێـک شـوێنی ڕۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـدا، کاتێـک پرسـیاری موسـتەفا کەمـال لـە کەسـانی بەتەمـەن دەکەیـت پێـت دەڵێـت: "پرسـیاری کامیـان دەکەیـت؟ دوو دانـە موسـتەفا کەمـال هەیـە. دانەیەکیـان ئەوەیـە کـە هەوڵـی پاراسـتنی خەلافـەت و سـەڵتەنەت و پادشـا و دیـن و ئیمانـی دەدا و دەیگـوت لـە دژی گاورەکان شـەڕدەکەین و داوای یارمەتـی لـە سـەرۆک خێڵـەکان دەکـرد، ئـەوی دیکـەش، موسـتەفا کەمالێکە کە پادشـای ڕاونـا و حوجرەکانـی داخسـت و گرنگـی بـە قورئـان و دیـن نـادا."

## 8. نەتەوەگەرایی تورکی لە شوێنی خەلافەت و سەڵتەنەت

وەکـو دەزانرێـت لـە سـەردەمی ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا تاکـە هێـز و ئایدیایـەک کـە دەیتوانـی لەنێـو ئیمپراتۆرییەکـەدا گەلانـی موسـڵمان لـە دەوری یەکـدی کۆبکاتـەوە خەلافـەت و دامـەزراوەی سـەڵتەنەت بـوو. لـە شـوێنی ئەوەش پێویسـت بـە ئایدیۆلۆژیایەک هەبوو کە بتوانـێ جەماوەر لە دەوری خـۆی کۆبکاتـەوە و ئـەو ئەڵتەرناتیڤـەش "نەتەوەگەرایی تورکی" بوو، بـەڵام لەبەرئـەوەی کـە نێوەڕۆکێکـی کۆمەڵایەتی بـەم بیـری نەتەوەگەراییە نـەدرا (ئەمـە پەیوەنـدی بـەو کێشـەیەوە هەیە کـە نەتەوەگەرایی شۆڕشـی ریشـەداری کۆمەڵایەتـی و ئابـووری دروسـت نـاکات)، رێگـەی بـۆ هەندێـک رووداوی نەژادپەرسـتانە خۆشـکرد. دەتوانیـن کاریگەرییەکانـی جێگیرکردنـی ئایدیۆلۆژیـای نەتەوەگـەرای تورکـی لـە شـوێنی خەلافـەت و سـەڵتەنەت لـە سـێ گرووپـدا کۆبکەینـەوە:

ا. کـورد کـە لـە سـایەی دامەزراوەکانـی خەلافـەت و سـەڵتەنەت دا و لەژێـر کاریگەریـی ئایدیۆلۆژیـای ئایینی، لـە قۆناخـی ئیمپراتۆریی عوسـمانیدا لەگەڵ تورکـەکان یەکیانگـرت، بـەڵام لـە دەرەوەی کاریگـەری ئایدیۆلۆژیـای نـوێ مانـەوە. ئـەو ماددەیـەی دەسـتووری سـاڵی 1924 کـە دەڵێـت: "هەمـوو دانیشـتووانی تورکیـا بەبـێ جیـاوازی ئاییـن و نـەژاد تورکـن..." ئەمـە هیـچ گۆڕانێکـی لـە بارودۆخەکە دروسـت نەکـرد، چونکە خەلافەت و سـەڵتەنەت کـە پشـتی بـە ئایدیۆلۆژیـای ئیسـلام و بابەتـی ئوممـەت دەبەسـت، بازنەیەکـی فراوانـی لەخـۆی دەگـرت، بـەڵام ئـەو ئایدیۆلۆژیایـەی کـە پشـت بـە نەتەوەگەرایـی دەبەسـتێ، سـنوورەکەی زۆر بەرتەسـکە و تەنیـا ئـەو نەتەوەیـە لەخۆدەگـرێ کـە نوێنەرایەتـی دەکات.

ب. کاریگەریـی ئایدیۆلۆژیـای نەتەوەگـەرای تورکـی ئەوەبـوو کـە پرۆسـەی بەنەتەوەبوونـی گەلـی تورکـی خێراتـر کـرد. بەوجـۆرەش گەلـی تـورک کـە لـە سـەردەمی عوسـمانیدا بـە چـاوی کـەم تەماشـا دەکـران، بوونـە خاوەنی

پێگەیەکی باڵا. بەهاتنی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەگەرای تورکی، پرۆسەیەکی خێرای بەنەتەوەبوون لەنێو گەلی تورکدا گەشەی کرد، بەڵام ئەم بەنەتەوەبوونە لە ئەنجامی وەرگۆڕانی سەرمایەداری رووینەدا، بەڵکو بە هێنانی ئایدیۆلۆژیایەک روویدا. دروشمەکانی وەک تورکێك هەموو دنیا دێنێ، تورکەکان رەسەنترین نەژادی دونیان، چەند بەختەوەرە ئەوەی کە دەڵێت من تورکم، لە نموونەکانی ئەو ئایدیۆلۆژیایە بوون.
تیۆری مێژووی تورک و تیۆری هەتاو-زمان، جۆرە تەقەلایەك بوو بۆ ئەوەی کە بەرگێکی زانستی بەبەر ئەم ئایدیۆلۆژیایەدا بکات.
ج. سێیەمین کاریگەری ئەم ئایدیۆلۆژیایە لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیمان، لەنێو هۆکاری دووەمدا شاراوەیە.
وەکو گوتمان بەنەتەوەبوونی گەلی تورک لە ئەنجامی وەرگۆڕانی خێرای سۆسیالیستی لە پێکهاتەی ئابووریدا رووینەدا، ئەمە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەیە کەوا لە دامەزراوە سەرخانییەکاندا روویدا. ئەمەش بێگومان لە کۆمەڵگەیەکدا کە زیاتر لە گەلێکی لەخۆدەگرت، رێی بۆ هاتنی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەی سەردەست خۆشکرد. بەم جۆرە لە ماوەیەکی کورتدا، گەلی تورك بە ئایدیۆلۆژیایەکی نەتەوەگەرایی بوو بە نەتەوە کە نێوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی نەبوو، ئەمە ئایدیۆلۆژیای نەتەوەی سەردەستی لێکەوتەوە و کاراکتەرێکی نەژادپەرستانەی وەرگرت، بەڵام لەولاوە بەنەتەوەبوونی گەلی کوردی دواخست و تەنانەت رێگەی گەشەکردنیشی لێگرت.

## 9. گەلی کورد و بیرۆکراسی

بیرۆکراسیی چینی سەردەست بە ئاراستەی ئایدیۆلۆژیای چینە سەردەستەکان دا دەجوڵێتەوە. ئەمە لە کۆمەڵگە چینایەتییەکاندا هەمیشە بەو جۆرەیە. بیرۆکراسی تورکی لەنێوان ساڵانی 1923 1925- وازی لە خزمەتکردنی چینە سەردەستەکانی رۆژهەڵات هێنا و

بەپێچەوانـەوە ڕێگەی پێکدادانی لەگەڵ ئـەوان گرتەبەر. چونکە ئایدیۆلۆژیای نەتـەوەی سەردەسـت بەخێرایـی بیرۆکراسـیی تورکـی بەخۆیەوە بەسـتەوە. ئـەو پێکدادانـە، سـەرەڕای ڕاپەڕیـن و دوورخسـتنەوەکانی دوای ئەوانیـش، لـە دژی هێـزی کۆمەڵایەتـی و ئابووریـی دەرەبەگـی نەبـوو، بەڵکـو لـە دژی کولتـووری دەرەبەگـی و بەتایبەتـی دژی زمـان و کولتـووری کـوردی بـوو. دەگوتـرا "کـورد واتـا گـورگ (چیایـی)، کـورد نییـە و تەنیـا نەتـەوەی تـورک هەیـە" ، بەوجـۆرە سـووکایەتی بـە کـورد دەکـرا و بەچاوێکـی کـەم سـەیر دەکـران و زمـان و کولتوورەکـەی ڕەتدەکرایـەوە.

وەکـو گوتمـان، ڕزگاری ڕاسـتەقینەی جەمـاوەری ئەوەیـە کـەوا چاکسـازی ریشـەیی لـە پێکهاتـەی ژێرخانـدا بکرێـت. ئەگـەر ئـەوە نەکرێـت، هیـچ شـتێک بـۆ ڕزگاری گـەل نییـە. لـە تورکیـای کۆماریشـدا، شۆڕشـێک لـە ژێرخانـدا ڕووینـەدا، هۆکارەکـەش ئەوەبـوو کـە شـەڕی ڕزگاری نەتەوەیـی نێوەڕۆکێکـی دژە دەرەبەگـی نەبوو. بە واتایەکی دیکە دەسـەڵاتی سیاسـیی دوای کۆمـار بەشـێوەیەکی فـراوان پشـتی بـە دامـەزراوە دەرەبەگییـەکان و چینـی بـۆرژوازی دەبەسـت. بەهـۆی ئـەوە و چەندیـن هـۆکاری جۆراوجـۆری دیکـە، شـۆڕش ڕووینـەدا و گۆڕانێکـی وەهـا بەدینەهـات کـە بـۆ ڕزگاریـی گەلانـی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ یاخـود گەلانـی دیکـەی تورکیـا بێـت. کاتێـک بارودۆخەکـە بەوشـێوەیە، ئـەو مسـتەفا کەمالـەی لە سـاڵانی 1920 باسـی لـە برایەتـی گەلـی کـورد و تـورک دەکـرد، لـە سـاڵی 1937دا بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد گوایـە شـوێنێکی وەکـو دیاربەکـر کـە کـورد بـە چـڕی لـەوێ نیشـتەجێن، بـە تـەواوی تورکـە. دیـارە تێگەیشـتن لەمـە بـە پێوەرێکـی ئاسـایی زۆر ئەسـتەمە [153].

بۆچـی مسـتەفا کەمـال لەجیاتـی ئـەوەی بـە چاکسـازی ریشـەیی ژێرخانـی گەلـی کـورد و تـورک پێکـەوە ببەسـتێتەوە، هەوڵیـداوە لەڕێـی ئایدیۆلۆژیای نەتـەوەی سەردەسـتەوە ئەوانـە پێکـەوە گرێبـدات؟

153 - Atatürk'ün Tamim Telgraf ve Beyannameleri, s. 531 Güneydoğu Birinci Genel Müfettişlik Bölgesi, Curmhuriyet Mathaası, Istanbul 1939, s. 58, Kadri Kemal Kop, Atatirk Divarbakır'da, İstanbul 1938, s. 88

دیارە یەکەمیان کارێکی زۆر زەحمەتە و پێویستی بە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر هەیە. دووەمیشیان زۆر هەڵەیە و کارێکە سەرناگرێ. چونکە هەوڵدان بۆ یەکخستنی گەلە جیاوازەکان لەڕێی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەی سەردەستەوە، پێچەوانەی گەشەکردنی بابەتیانەی کۆمەڵگەکانە و مومکین نییە سەربکەوێت.

ئیسماعیل جەم دەڵێت پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە دوای کۆماریش وەك خۆی مایەوە: "بایەخ و کاریگەریی ئەم تایبەتمەندییە مێژووییەی رۆژهەڵات و رێککەوتنە نەنووسراوەکەی لەگەڵ ناوەند، لە دوای کۆماریش بەردەوام بوو. دەوڵەت لە رۆژئاوای تورکیا بە ئاسانی دامەزراوە و یاساکانی خۆی دەسەپاند، بەڵام لە رۆژهەڵات کە نەریتی دەوڵەتداری نەبوو، بارودۆخەکە جیاواز بوو. لە رۆژئاوا دەوڵەت وەك هێزی رێکخراوی کۆمەڵگە و نوێنەری دەستەبژێری دەسەڵاتدار دەرکەوت، بەڵام لە رۆژهەڵات، دەستەبژێری باڵادەست، دەسەڵاتی دەوڵەتیان لە مەیدانێکی سنووردار‌دا قەبووڵ کردووە و ئەو نەریتەیان درێژە پێداوە کە خۆیان دەوڵەتی ناوچەی خۆیان بن.

کاتێک لەو روانگەیەوە سەیر دەکرێت، جیاوازیی چەمك و رۆڵی دەوڵەت لەسەر بنەمای رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەردەکەوێت. رۆژئاوا و چینە سەردەستەکانی ئەوێ لەگەڵ دەوڵەت یەکانگیر و تێکەڵ بوون، بەڵام رۆژهەڵات و چینە سەردەستەکانی، دوور لەو سنوورانەی دەوڵەت دایاندەنێ، سەربەخۆ ماونەتەوە و لە نیعمەتەکانی دەوڵەت بێبەش بوون. بەپێی رێککەوتنێکی نەنووسراو، دەوڵەت خۆی لە قەرەی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بەگەکان لە رۆژهەڵات نادات. چاوی لەوە گرتووە کە ئەوان لەوێ یاسای تایبەت بە خۆیان هەبێت و تەنانەت یاساکانی دەوڵەتیش پێشێل بکەن. زۆر وریا بووە و خۆی بواردووە لەوەی شتێك بکات کە زیان بە بەرژەوەندیی بەگەکان بگەیێنێت. بەهۆی رووداوەکانی رابردوو، زانیویەتی کە بەگەکانی رۆژهەڵات بە ئاسانی دەبنە ئامرازی بەرژەوەندییە دەرەکییەکان و لەودیوی سنوورەکانیشەوە راپەڕینی کورد

هەبـوو، بـەڵام ئـەو ڕێککەوتنـەی نێـوان دەسـتەبژێری زاڵ و دەوڵـەت لـە ڕۆژهـەڵات، هەمـوو کات لـە دژی بەرژەوەندیـی خەڵکـی ئەوێ دەشـکایەوە. هاووڵاتـی ڕۆژهەڵاتـی لـە نیعمەتەکانـی دەوڵـەت و لـە هەمـووی گرنگتـر لـە ڕۆڵـی پارێزگارانـەی دەوڵەت بێبـەش دەمـا و وەك زڕمنداڵیـك لەبەردەم کەیـف و خواسـتی بەگەکانـدا بەجـێ دەهێڵـرا" (369-368).

لێـرەدا بـە پێویسـتی دەزانیـن ئامـاژە بـە دوو خاڵـی زۆر گرنـگ بکەیـن کـە ئیسـماعیل جـەم باسـی کـردوون. یەکەمیـان پەیوەنـدی ڕۆژهەڵاتـە لەگـەڵ ناوەنـد. واتـە ڕێککەوتنـی نەنووسـراوی چینـی سەردەسـت (دەربـەگ)ی ڕۆژهـەڵات لەگـەڵ ناوەنـد. ئەویدیکەشـیان ئـەو ڕوانگەیـە کـە پێیوایـە بەگەکانـی ڕۆژهـەڵات بـە ئاسـانی دەبنـە داردەسـتی بەرژەوەندییـە دەرەکییـەکان.

## 10. ڕاپەڕینەکانی ڕۆژهەڵات

وەکـو لە سەرەتاشـدا باسـمان کرد، دامـەزراوەی سیاسـیی دەربەگایەتی لە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ خێڵـە، خێڵیـش شـێوەیەکی سیاسـی پێـش نەتەوەیـە. جەمـاوەر بەسـەر خێڵـەکان دابەشـبوون و ئامانجێکـی هاوبەشـیش لەنێـو خێڵەکانـدا نییـە. بـە پێچەوانـەوە کێبڕکێـی سەردەسـتەیی و ڕەسـەنایەتی لەنێوانیانـدا هەیـە. لـە هەلومەرجێکـی بەوشـێوەیەدا زۆر ئاسـانە کـە سـەرۆکی خێڵێـک ببێتـە داردەسـتی بەرژەوەندییەکـی دەرەکـی. لـە دوای ساڵی 1923وە، بابەتـی سـەرەکی ئـەوە نییـە کـە بۆچـی سـەرۆک خێڵـەکان بـە ئاسـانی بوونەتـە داردەسـتی ئـەم و ئـەو، بەڵکـو ئەوەیـە کـە بۆچـی خێڵـەکان نەیانتوانـی هەنگاوێـک بچنـە پێشـەوە و بـۆ نەتـەوە وەربگـۆڕێـن. لەلایەکـی دیکـەوە ئەگـەر بـۆ ڕاپەڕینەکانـی نەسـتووری لـە 1924، ڕامـان و ڕاچکۆیـان لـە 1925، شـێخ سـەعید لـە 1925، بەدوای ڕۆڵـی ئیمپریالیزمـدا بگەڕێیـن کـە کارێکـی دروسـتە، بـەڵام بـۆ ڕاپەڕینەکانـی کوچـک ئوچاغـی لـە 1926، بیجـار لـە 1927، زیـلان لـە 1930 و ئاگـری لـە ساڵەکانی 1926

و 1927، 1932-1930 [154]، 1937 و 1938ی دێرسـم، گـەڕان بـەدوای شوێندەسـتی ئیمپریالیـزم شـتێکی راسـت نییـە و لەوەدەچـێ بتەوێ بـە زۆر شـتێك بنێیتـە ملیـان. لـەو روانگـەیـەوە پێویسـتە لـەو گۆڕانـی ئایدیۆلۆژیا و پێکهاتـەی دەسـەڵاتە کـە لـە سـاڵی 1923 بـەدواوە لـە تورکیـا روویـداوە، بـە دوای هـۆکاری راپەڕینەکانـی رۆژهەڵاتـدا بگەڕێیـن.

## 11. دەستوەردانی دەرەکی لە دەربەگایەتی

وەکـو گوتمـان لـە سـەردەمی ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا، بـە تـەواوی شـێوازێکی بەرهەمهێنانـی دەرەبەگـی و پێکهاتەیەکـی دەرەبەگـی لـە رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ زاڵ بـوو. ئەوەشـمان گـوت کـە هیـچ گۆڕانێکـی گرنـگ لـەو پێکهاتەیـەدا روونـەداوە و بەپێچەوانـەوە، بەهـۆی دەرچوونـی یاسـای مافـی خاوەنداریـی تایبـەت، موڵکداریـی دەرەبەگـی رەهەندێکـی فەرمیانەی وەرگـرت، بـەڵام لەگـەڵ کۆمـاردا، هەندێـک کاریگەریـی دەرەکیـش لەسـەر ئـەو دامـەزراوە دەرەبەگیانـە دروسـتبوون. لـە سـەردەمی ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا کۆشـک، واتـە حکومەتـی ناوەنـدی دەسـتی لـە کاروبـاری حکومەتـە دەرەبەگییەکانـی رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ وەرنـەدەدا و ئەوانـی ئازاد هێشـتبووەوە، هیـچ پەیوەندییەکـی ئۆرگانـی لەنێـوان حکومەتـی ناوەنـدی و ئـەو حکومەتـە دەرەبەگیانـە نەبـوو. نەبوونـی ئەمـەش وایکردبـوو کـە حکومەتـە دەرەبەگییـەکان بـە ئـارەزووی خۆیـان رەفتـار بکـەن، بـەڵام لـەدوای دامەزراندنـی کۆمـار بارودۆخەکـە گـۆڕا. ئـەوکات سـەرەڕای ئەوەی شـێوازی بەرهەمهێنانـی دەرەبەگـی و پێکهاتـەی کۆمەڵگـەی دەرەبەگـی وەک خـۆی بـەردەوام بـوو، حکومەتـی ناوەنـدی دەیویسـت پەیوەندییەکـی ئۆرگانیـک لەگـەڵ ئـەو سـەرۆک خێڵانـە دروسـت بـکات و ئەوانـە بـە

154 -لـە گۆشـەکانی رۆژنامـەی کۆمـار لـە مانگـی تەمـووز- ئابـی 1969 دا (40 سـاڵ پێـش، رۆژێکـی وەك ئەمڕۆ) زانیـاری گرنـگ لەبـارەی راپەڕینـی ئاگـری هەن.

تـەواوی بـە دەسـەڵاتی ناوەندییـەوە [155] ببەسـتێتەوە. ئـەوە لەکاتێکـدا کـە پێویسـتبوو ئـەو چاکسـازیانەی لـە پێکهاتـەی سـەرخاندا کرابـوون، لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵیـش بکرێـن. لەوانـەش: بـاج، ژەندرمـە، پـەروەردەی ناچـاری، قسـەکردن بـە تورکـی و.. هتـد. دەربەگەکانـی ڕۆژهـەڵات کـە لـە سـەردەمی عوسـمانیدا دەیانتوانـی خۆیـان بـاج کۆبکەنـەوە و خەرجـی بکـەن، ئیـدی پێویسـت بـوو بـاج بدەنـە دەسـەڵاتیك لـە دەرەوەی خۆیـان. لێـرەدا پێویسـتە ئـەوەش بڵێـم کـە ئـەو بابەتـی باجـە بەهیـچ جۆرێـک پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانـی لـە ڕۆژهـەڵات نەگۆڕیوە. پەیوەنـدی نێوان سـەرۆک خێـڵ و ئاغـای زەویـوزار و شـێخەکان لەگـەڵ گوندییـەکان هـەر پەیوەندییەکـی دەرەبەگـی بـوو. لـە هەندێـک شوێنیشـدا ئەو پەیوەندییـەی بەرهەمهێنـان تۆزێـک لـە خـوار دەربەگایەتییشـەوە بـوو، بـەڵام پەیوەنـدی چینـی سەردەسـت لەگـەڵ هـۆکارە دەرەکییـەکان وایکـرد کـە تەنیـا ڕووبـەڕووی جۆرێـک لـە سـەرمایەداری سـەرەتایی ببنـەوە. لـە دوای بـاج، دووەمیـن دەسـتوەردان پەیوەنـدی بـە ژەندرمـەوە هەیـە. وەک دەزانرێـت لـە سـەردەمی عوسـمانیدا ئـەوەی بەرپرسـی ئاسـایش بـوو، دیسـان هـەر دەربەگەکانـی ناوچەکـە بـوون، بـۆ هەمـوو شـتێک هـەر پـرس بـەوان دەکرا و ئـەوان بەرپرسـیار بـوون، بـەڵام لەگـەڵ هاتنـی کۆمـار و جێگیربوونـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی، ئیتـر دەرفەتـی جموجۆڵـی ئازادانـەی دەربەگـەکان لـە ناوچەکـەدا سـنووردار کـرا و وەکـو جـاران نەیاندەتوانـی کەڵـک لـەو نـاز و نیعمەتـە وەربگـرن کـە پێشـتر خاوەنـی بـوون و ئـەو کارانـە بکـەن کـە پێشـتر دەیانکـرد. ئـەو ئەرکـەی دەربەگـەکان بـۆ ژەندرمـە گوازرایـەوە و ئەمـەش دەربەگەکانی لـە دڵـەوە تـووڕە کرد. سـێیەمین دەسـتوەردانیش لـە دامـەزراوە دەرەبەگیەکانـی ڕۆژهەڵاتـدا، لەڕێگـەی پـەروەردەوە بـوو. لە سـەردەمی عوسـمانیدا دەربەگەکان دەیانویسـت لە هەرشوێنێک بیانەوێت

155 - بـە گوێـرەی ئیسـماعیل جـەم، ئـەو چینـە سەردەسـتانەی کـە دوای 1923 دەسـەڵاتی ناوەندییـان پێکەوەنـاوە، خانـەدان ( ئاغـای موڵکـدار و بازرگانـی ئەنـادۆڵ)، بازرگانـی گـەورەی هـاوردە و هەناردەکار، ئەفسـەر و بیرۆکراتەکانـن. (ل. 232-226)

مەدرەسـە و قوتابخانـە بکەنـەوە و، بـە هـەر زمانێـک کـە بیانەوێـت بخوێنن، بـەڵام لەگـەڵ هاتنـی کۆمـاردا تووشـی گرفـت بـوون. لـەم قۆناخـەدا ئیتـر کردنـەوەی مەدرەسـەکان قەدەخەکـرا و فێربوونـی زمانـی تورکـی بـوو بەناچـاری. گرێـدراوی ئـەوەش، هەرچەنـدە ناچارییەکی دەسـتووریش نەبوو، بـەڵام ئیـدی خەڵـك ناچاربـوون بـە زمانـی تورکـی قسـە بکـەن.

لەگـەڵ هاتنـی کۆمـاردا، هیـچ گۆڕانێکـی گرنـگ لـە ژێرخانـدا، واتـە لـە شـێوازی پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان ڕووینـەدا، بـەڵام بەهـۆی ئـەو چاکسـازیانەی لـە دامـەزراوە سـەرخانییەکاندا کـران، هەوڵـی ئـەوە دەدرا کـە دامـەزراوە دەرەبەگییـەکان لـە ڕۆژهـەڵات تێکەڵـی دەسـەڵاتی ناوەندی بکرێـن و لـە دەسـەڵاتی ناوەندیـدا بتوێنرێنـەوە. بەهـۆی هەمـوو ئەوانـەوە بـوو کـە ڕاپەڕینەکانـی ڕۆژهـەڵات ڕوویاندا. ئـەو دەربەگانـەی کەوتبوونە ژێر گوشـاری حکومەتـی ناوەنـدی، وەک کاردانەوەیـەک دەسـتیان بـە جموجـۆڵ کـرد. لـەو ڕاپەڕینانـەدا، لـە تەنیشـت هـۆکارە جۆراوجۆرەکانـی دیکـە، دەکرێـت بـاس لـە ڕۆڵـی هەسـتی نەتەوەییـش بکرێت، بـەڵام ئـەم ڕوانگەیە ڕاسـت نییـە. چونکـە پرسـی نەتەوەیـی هیـچ کات پرسـی دەربەگایەتـی نەبـووە و ئـەو پرسـە لەگـەڵ سـەرمایەداریدا دەردەکەوێـت.

## 12. ئەنجامی ڕاپەڕینەکانی ڕۆژهەڵات

یەکێـک لـە گرنگتریـن ئەنجامەکانـی ئـەو ڕاپەڕینانـەی ڕۆژهـەڵات ئەوەیـە کە ئـەو نەتەوەگەراییـەی لـە سـاڵی 1923دا لەجیاتـی ئایدیۆلۆژیـای خەلافەت و سـەڵتەنەت داهێنـرا، بـەرە بـەرە بـووە ئایدیۆلۆژیـای نەتـەوەی سەردەسـت و بەوهۆیەشـەوە لەنێـوان گەلانـی تـورک و کـورددا ناکۆکـی و درزێکـی گـەورەی دروسـت کـرد. لەڕاستیشـدا ئـەو ناکۆکییـە نـەک تەنیـا لەنێـوان گەلـی کـورد و تـورک، بەڵکـو لەنێـوان چینە سەردەسـتەکانی ئـەو دوو گەلە و دواتریـش لەنێـوان ئیمپریالیـزم و چینـە چەوسـێنراوەکانی ئـەو گەلانـە بـوون.

لەگـەڵ ئەوەشـدا بیرۆکراسـیی تورکی کەڵکی لـە نێوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی وەرنەگـرت و زیاتـر بەگوێـرەی ئایدیۆلۆژیـای نەتـەوەی سەردەسـت ڕەفتـاری کـرد. بـەو جـۆرەش، هەمـوو کاتێـک پێکـدادان و ناکۆکیـی گەلـی کـورد و تـورک بـە قازانجـی چینـە سەردەسـتەکانی کـورد و تـورک و، لـە قۆناخـی دواتریشـدا لـە قازانجـی ئیمپریالیـزم شـکایەوە. لـەدوای هـەر ڕاپەڕینێـک ڕووداوێکـی دوورخسـتنەوە هەیـە. لـە دوای ڕاپەڕینـەکان، دەسـەڵاتی ناوەنـدی هەندێـک ناوچـەی ئەنادۆڵـی چـۆڵ دەکـرد و خەڵکەکـەی بـەرەو ناوچەکانـی ڕۆژئـاوای ئەنـادۆڵ دووردەخسـتەوە. بەتەنیـاش سـەرۆکی خێـڵ یاخـود ئاغـاکان و شـێخە دەربەگـەکان دوورنەدەخرانـەوە، بەڵکـو هەندێـک جـار خێـڵ، گونـد یـان موریدەکانـی شـێخێک بەتـەواوی دووردەخرانـەوە. پێویسـتە بـە وردی لەسـەر ئـەم بابەتـە هەڵوەسـتە بکرێـت، چونکـە لەگـەڵ کۆمـاردا پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان گۆڕانێکـی ریشـەیی بەسـەردا نەهـات، بەڵکـو تەنیـا هەندێـک چاکسـازی لـە دامەزراوەکانـی سـەرخاندا کـران. ئـەو چاکسـازیانەش لەگـەڵ پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـی دەرەبەگـی لـە ڕۆژهـەڵات و دامـەزراوە سـەرخانییەکانی وەک ئاییـن، شـێخایەتی و سـەرۆکی خێـڵ کـە ئایدیۆلۆژیـای سیاسـی هەبـوو، تووشـی بەریەککەوتـن دەهـات و زۆرجـار تاوەکـو ئاسـتی پێکدادانـی چەکـداری دەڕۆیشـت. بـۆ سـزادانی دەربەگـەکان، هەندێکیـان دووردەخرانـەوە، بـەڵام لەبەرئـەوەی گۆڕانێـک لـە پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـدا نەکرابـوو، ئـەو دوورخسـتنەوانە درێژخایـەن نەبـوون. پـاش ماوەیەک سـەرۆکی خێڵ، شـێخ و ئاغـاکان دووبـارە دەگەڕانـەوە سـەر ماڵوموڵکـی خۆیـان، بـەڵام ئـەوە بـۆ ئـەو جەمـاوەرەی کـە دوورخرابوونـەوە بەوجـۆرە نەبـوو. ئـەو خەڵکـە ئاسـاییە ئەگـەر ڕێگـەی گەڕانەوەشـیان پێدرابـا، دوای ئـەوەی دەگەڕانـەوە بارودۆخیـان لـە جـاران خراپتـر دەبـوو. لەوبارەیـەوە کتێبێکـی کەمـال تاهیـر بەنـاوی (سیاسـەتی دانـان) حیکایەتـی سەرنجڕاکێشـی تێدایـە [156].

---

156 - Kemal Tahir, Göl Insanları, Bilgi Yaymevi, Ankara 1969, s. 281-335

کەمـال بیلباشـاریش لـە زنجیـرەی جەمـۆ - مەمـۆ (سـەرەڕای ئـەوەی تێـزی ڕۆمانەکـەی هەڵەیـە)، سـەبارەت بـەوەی کـە دۆخـی خەڵـک لـەدوای ڕاپەڕینـەکان چـۆن بـووە، تێبینـی زۆر گرنگمـان پێـدەدات [157].

گەڕانـەوەی ئاغـا، شـێخ، سـەید و بەگـەکان بـۆ شـوێنەکانی خۆیـان و وەرگرتنـەوەی پێگەکانـی جارانـی خۆیـان، پەیوەنـدی بـە هێـزی ئابووریـی ئەوانـەوە هەبـوو. ئـەو هێـزە ئابوورییـەش، سـاڵانێکی دواتـر ڕێگـەی دەکـردەوە بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ سـەرمایەدارەکانی ڕۆژئـاوای ئەنادۆڵـدا یەکبگـرن. پێویسـتە ڕاپەڕینەکانـی ڕۆژهـەڵات وەک بزاڤێکـی خۆڕاگـری بەرامبـەر دەسـەڵاتی ناوەنـدی سـەیر بکرێـت. لەمـەدا ئـەوە دەردەکەوێت کـە لەسـەر هـەر خاکێـک گەلـی جۆراوجـۆر بژیـن، هەوڵـدان بـۆ زاڵکردنـی ئایدیۆلۆژیـای نەتـەوەی سەردەسـت و ڕێکخسـتنی ئـەوان لـە چوارچێـوەی ئـەوەدا، پێچەوانـەی یاسـا و ڕێسـا ئابـووری و کۆمەڵایەتییەکانـە. گـەلان تەنیـا لەڕێـی گۆڕانـی بنەڕەتـی لـە شـێوازی پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان و ڕێزگرتـن لـە کولتووریـان یەکدەخرێـن. ئایدیۆلۆژیای نەتەوەی سەردەسـت نـەک هـەر ناتوانـێ گـەلان یەکبخـات، بگـرە جگـە لـە زیاترکردنـی ناکۆکـی و پێکـدادان هیـچ بەرهەمێکـی دیکـەی نییـە. ناکۆکـی و پێکدادانیـش بـە قازانجی چینە سەردەسـتەکانە و هەرچی دەڕوا، بە قازانجی ئیمپریالیزمیش دەشـکێتەوە.

## 13. "ڕێککەوتنی نەنووسراو"

ئیسـماعیل جـەم باسـی ڕێککەوتنێکـی نەنووسـراو لەنێـوان چینـە سەردەسـتەکانی ڕۆژهـەڵات و دەوڵـەت دەکات و دەڵێـت: "بـە گوێـرەی ئـەو ڕێککەوتنـە، دەوڵـەت خـۆی لـە کاروبـاری ناوچـەی بەگـە کـوردەکان هەڵناقورتێنـێ" (ل 369) و لەبەرامبـەر ئەوەشـدا، "خێڵـە شـەڕکەرەکانی

---

157 - Kemal Bilbaşar, Cemo, Tekin Yayınlan, 3. Bs. Istanbul 1969;, Memo, Cik I, Istanbul 1969, Memo, Cilt II, Istanbul 1969

کـورد لـە دژی ناوەنـد رانەدەپەڕیـن" (ل 368). ئـەم دیدگایـەی ئیسـماعیل جـەم راسـتە. هەرچەنـد ئـەو رێککەوتنـە لەنێـوان سـاڵانی 1923- 1945 لەکاتـی جێبەجێکردنـی ئایدیۆلۆژیای نەتـەوەی سەردەستیشـدا تێکچووبێت، بـەڵام لـە دوای 1945وە دیسـان کەوتـەوە سـەر هێڵـی خـۆی و لـە هەلومەرجـی ئەمڕۆشـدا بەشـێوەی جیاواز بەردەوامـە. ئێسـتا بـا هەوڵـی شـرۆڤەکردنی ئەمـە بدەیـن.

## 14. سیستمی دیموکراسیی فرەحیزبی و بەدامەزراوەبوونی ئاغایەتی و شکستی بیرۆکراسی

لەڕاسـتیدا بیرۆکراسـی کـە بنچینەیەکـی لەرزۆکـی هەبـوو، تاوەکـو سـاڵی 1945 بارودۆخێکـی نائاسـایی و پـڕ لـە ململانێـی بەڕێکـرد. لـە دوای ئـەوە، ئیـدی سیسـتمی دیموکراسـیی فرەحیزبـی دامـەزرا و دەنگـی جەمـاوەر بایەخـی پەیداکـرد. ئـەو ئاغـا، شـێخ و سـەرۆک خێڵانـەی کـە پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـی دەرەبەگییـان کۆنتـرۆڵ دەکـرد و لەنێو خەڵکیش قسـەیان دەڕۆیشـت، بایەخیـان پەیـدا کـرد. ئیـدی رژێمێکـی دیموکراسـیی فرەحیزبـی هاتبـوو، واتـە دیموکراسـییەکی بوورژوازیـی رواڵەتـی بەبـێ ئـەوەی هیـچ گۆڕانکارییەکـی ریشـەیی لـەو پێکهاتەیـەدا کردبـێ. ئەمـە لەکاتێکـدا کـە لە دنیـای رۆژئـاوا، واتـە لـە ئەوروپا، دیموکراسـیی بـوورژوازی لـە خوتوخۆڕایـی دەرنەکـەوت، بەڵکـو لـە دوای پێکدادانـی توندی نێوان چینـەکان دەرکەوت، بۆیـە نیوەڕۆکێکـی کۆمەڵایەتـی هەبـوو. ئـەو نێوەڕۆکـە کۆمەڵایەتییـەش تەنیـا بـۆ وڵاتـە سـەرمایەدارە پێشـکەوتووەکان واتـای هەیـە. کاتێـک ئـەو دیموکراسـییە بوورژوازییـە کـە لـە ئەوروپـا بەهـۆی پێکدادانـی چینەکانـەوە دروسـتبووە، لـە شـوێنێک جێبەجـێ دەکەیـت کـە دەربەگایەتی تێیـدا باڵادەسـتە، دیـارە کـە بەرژەوەندیـی رەگـەزە دەربەگـەکان و ئـەو بورژوایانـەی دەیانەوێـت هاوپەیمانییـان لەگـەڵ بکـەن، دەپارێزرێـت. شـەرە سـیار کـە رۆژنامەنووسـێکی کاروبـاری کۆمەڵایەتییـە و لـە دۆغوبایەزیـد

هەڵکەوتـووە، بارودۆخەکـە بـەم جـۆرە بـاس دەکات: "... رۆژی خـۆی هـات کـە فەوجەکانـی حەمیدیـە لـە نێوچـوون و خێڵـەکان بەسـەر هۆزەکانـدا دابەشـبوون و هۆزەکانیـش بەسـەر بنەماڵەکانـدا و خەڵکیش بـەرە بەرە لە شـاخەوە بـەرەو دەشـتەکان هاتـن. بەگـزادەکان لـە گوندەکانـەوە چوونـە نێـو شـارەکان و شـەپقەیان کـردە سـەر و بۆینباخیـان بەسـت، سـمێڵیان تاشـی و خۆیـان لەگـەڵ مـۆدە گونجانـد. تەنانـەت هەندێـک لـەو بەگزادانـە کـە لـە قۆناخـە جۆراوجۆرەکانـدا دوورخرابوونـەوە، ئیتـر لـە شـارەکاندا جێی خۆیـان کـردەوە و لەنێـو چینـە باڵادەسـتەکانی شـاردا جێـی خۆیان کـردەوە. روویـان سـپی بێـت".

"بەگــزادەکان لــە ســاڵی 1950وە تاوەکــو ئێســتا لــە زەویوزارەکانیانــدا، تراکتـۆر، گاسـن و ئامێـری دروێنەیـان بەکارهێنـاوە و، خۆیـان خسـتووەتە نێـو ژیانـی بازرگانـی. بۆئـەوەی پـارە پەیـدا بکـەن، بـە حـەوت جـۆر رەنگـی خۆیـان گۆڕیـوە و ئاییـن و ئیمانیـان بـووە بـە پـارە و فێـری ئەوەبـوون کـە چـۆن حسـاب و کتابـی پێنـج قـوروش بکـەن. لـەو کاتەشـەوە کـە فرەحیزبی هـات، ئیـدی دەنگیـش وەکـو لیـرەی رەشـادی نرخـی پەیـدا کـرد. بەوجـۆرە، ئەوانیـش وەکـو گەنـە خۆیـان بـە سیاسـەتەوە لکانـد" [158].

ئـا لـەم گەمـەی دیموکراسـییەدا، چینـە سەردەسـتەکانی رۆژهـەڵات و ئاغـا و شـێخ و سـەرۆک خێڵـەکان، بـەرە بـەرە لەگـەڵ دەسـەڵاتی ناوەنـدی و چینـە سەردەسـتەکانی رۆژئـاوا یەکیانگـرت. ئیـدی ئـەو جیاکاریـەی نێـوان ئەوانـەی لەگـەڵ دەسـەڵاتی ناوەنـدی ناکـۆک بـوون و ئەوانـەی لەگەڵـی دەگونجـان، نەمـا و هەموویـان پێکـەوە هەوڵیانـدا لەگـەڵ دەسـەڵاتی ناوەنـدی بگونجێـن. وەک دەزانرێـت لەکاتـی راپەڕینەکانـی رۆژهەڵاتـدا، هەمـوو سـەرۆک خێـڵ، ئاغـا، بـەگ و شـێخەکانی کـورد بەشـدارییان نەکـرد. بەشـێک لەوانـە لـە بـەرەی دەسـەڵاتی ناوەنـدی مانـەوە، یاخـود بێلایـەن مانـەوە. لەگـەڵ دەسـەڵاتی فرەحیزبی، ئیـدی هەمووان وازیـان لە پێکدادان

---

158 - Şeresiyar, Sayı 2, Ocak 1970, & 1

لەگـەڵ دەسـەڵاتی ناوەنـدی هێنـا و لەگـەڵ ئەوانـەی ڕۆژئـاوادا چوونـە نێـو هاوپەیمانییەکـی چەوسـاندنەوەوە. یەکێـک لـە تایبەتمەندییەکانـی ئـەم پێکهاتـە تازەیـە ئەوەبـوو کـە ئـەو بیرۆکراسـیەی لـە سـاڵی 1923 - 1945 دۆخێکـی پـڕ لـە ناکۆکـی هەبـوو، ئیـدی دۆخێکـی ئاسـایی وەرگـرت. لێـرەوە نامانەوێـت بڵێیـن ناکۆکیـی نێـوان بیرۆکراسـی و گەلـی کـورد نەمـا، بـەڵام ئـەوە ڕاسـتییە کـە ناکۆکیـی ئـەوان لەگـەڵ چینـە سەردەسـتەکانی کـورد و پاشـماوەکانی سـەرخانی کۆمەڵگـەی دەرەبەگـی وەکـو سـەرۆکی خێـڵ، شـێخایەتی و ئەوانـە نەمـا. لـە دوای ئـەم قۆناخـە، ئیـدی بیرۆکراسـی زیاتر لە جـاران کەوتـە خزمەتـی چینـە سەردەسـتەکان و بـە ئاراسـتەی بەدیهێنانـی ئایدیۆلۆژیاکـەی کەوتـە کار. هەرچەنـدە لەکاتـی دوورخسـتنەوەی 55 ئاغـا لـە ئایـاری 1960، بیرۆکراسـی لەگـەڵ چینـە سەردەسـتەکانی ڕۆژهـەڵات نەکەوتـە پێکـدادان، بـەڵام جارێکـی دیکـە یاسـاکانی کۆمەڵگـە قورسـایی خۆیـان پیشـاندا و ئاغـا و شـێخەکانیش بـۆ شـوێنەکانی خۆیـان گەڕانـەوە. ئەمـڕۆ ئیـدی چینـە سەردەسـتەکانی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا لەنێـو بەرژەوەندییەکـی هاوبەشـدان و، ئـەم قۆناخـەش بـە چـڕی بەردەوامـە.

## 15. داینامیکی گۆڕان

دەتوانیـن ئـەو باسـەی لـە سـەرەوە سـەبارەت گـۆڕان کردمـان، فراوانتـر بکەیـن. وەک دەزانرێـت تورکیـا لـەڕووی ئابوورییـەوە وڵاتێکـی گرێـدراوی دەرەوەیـە، ئـەم گرێدراوییـە ئابووریـەش وادەکات نـەک لـە ناوخـۆی تورکیـا، بەڵکـو لـە دەرەوە بـە دوای داینامیکەکانـی گۆڕانکاریـی کۆمەڵایەتـی لـە تورکیـا بگەڕێیـن. وەکـو دەزانرێـت لەنێـو کۆمەڵگـەکان و لەنێـو ڕەوتـی گەشـەکردنی هێزەکانـی بەرهەمهێنانـدا، تاکـە هێزێـک هەیـە کـە بتوانێـت دەربەگایەتـی بڕووخێنـێ، ئەویـش لەڕێی ئـەوەوە دەکرێت کە ئـەو بەرهەمە لەنێـوان کەسـی خـاوەن زەوی و گوندیـدا دابـەش بکرێـت و گوندییەکـەش بەشـێک لـە زیـادەی بەرهـەم لـە دەرەوەی ناوچـە گوندنشـینەکان و لـە

بازاڕە گەورەکان بە کەسانی بازرگان و سوودخۆر بفرۆشێ و بەوجۆرەش بەرهەمەکەی بۆ سەرمایە بگۆڕێت، بەڵام ئەو گۆڕانەی لە رۆژهەڵات دەستیپێکردووە بە دینامیزمێکی وەها نەبووە. بەڵکو ئەو سەرۆک خێڵ و دەربەگەی لەوێ هەیە، راستەوخۆ بووە بە کەسێکی سەرمایەدار. چینە سەردەستەکانی رۆژهەڵات لە پرۆسەی تێکەڵبوون و یەکگرتن لەگەڵ چینە سەردەستەکانی رۆژئاوادا بۆخۆیان بوونەتە سەرمایەدار و بەوەش زیاتر توانیویانە خەڵک بچەوسێننەوە. ئەمەش زیاتر لەوەی کە ئەنجامی داینامیکێکی ناوخۆیی بێت، بەهۆی داینامیکێکی دەرەکییەوە روویداوە. چونکە چینە سەردەستەکانی رۆژئاواش بۆخۆیان لە ئەنجامی شۆڕشێکی بوورژوازی دەرنەکەوتوون، بەڵکو ئەوانیش لە ئەنجامی یەکگرتنیان لەگەڵ ئیمپریالیزم توانیویانە سامانی خۆیان کۆبکەنەوە. دەشێ بڵێین ئەوەی لە رۆژهەڵات دروستبووە بە ئاراستەی گرێدراوبوونەوەی بە دەرەوە دەڕوات کە لە سەردەمی تەنزیماتەوە هەیە.

لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو موڵکدارانەی لە گوند و شار و قەزاکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دادەنیشن و ئەو رووبەری زەویوزارەی کۆنترۆڵی دەکەن، ئەنجامی سەرنجڕاکێشمان پێدەدات. جارێ پێش هەموو شت زۆربەی زەویوزارەکان موڵکی ئەو کەسانەن کە لە شار و شارۆچکەکان نیشتەجێن. رێژەی ئەمانە لە دیاربەکر ٪88 و لە ئورفا ٪77ـە، ئەمە لەکاتێکدا ئەو خێزانانەی لە گوندەکان دادەنیشن و کشتوکاڵ دەکەن خاوەنی تەنیا ٪12 بۆ ٪23ی زەوییەکانن، جگە لەوە زۆرینەی ئەو بنەماڵانەی خاوەن موڵکن، ٪6 لە ئورفا و ٪3 لە دیاربەکر لە شارەکان دەژین، بەشێوەی رێژەیی ٪70ی زەوییەکانی ئورفا، ماردین، دیاربەکرو گازی عەنتاب، ٪30 ی زەوییەکانی 18 پارێزگای رۆژهەڵات بەگشتی موڵکی ئەو کەسانەن کە لە شارەکان دادەنیشن (159)

هەموو ئەوانەی لە شار دادەنیشن، کرێکاریان هەیە و کەسانێکیان

159 - Ismail Beşikci, Doğu Anadolu'nun Düzeni, s. 84

هــەن کــە سەرپەرشــتی کارەکانیــان دەکــەن و خۆیشــیان کاری بازرگانــی دەکـەن، ئەمـە یەکگرتنی ئەرستۆکراسـی دەرەبەگـی و بوورژوازییـە لە قەزا و شـارەکاندا و نیشـانەی ئەوەیـە کـە ئاغـا دەربەگـەکان بـەرە بـەرە لەگـەڵ چینـە سەردەسـتەکانی رۆژئـاوا یەکدەگرن و پێویسـتە بەدواداچـوون بۆ ئەم یەکگرتنـەش بکرێـت. لەلایەکـی دیکـەوە، گواسـتنەوەی موڵکـی دەرەبەگی و پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان لە گوندەکانەوە بۆ شـارەکان، واتای ئەوە دەدات کــە هاوشــێوەی ئــەوەی لــە گوندەکانــدا هەیــە، ئــەو باڵادەســتییە بــۆ قــەزا و شــارەکانیش دەگوازرێتــەوە. ئەمــەش پێچەوانــەی سرووشــتی شــارە کــە ناوچــە گوندییــەکان کۆنتــرۆڵ دەکات، لێــرەدا بەپێچەوانــەوە گوندنشــین شــارەکان دەخاتــە ژێــر کۆنترۆڵــی خــۆی. ئەمــەش ئەوەمــان بــۆ رووندەکاتــەوە کــە بۆچــی ســەرەڕای گەشــەکردنی خێــرای دانیشــتووان لــە رۆژهەڵاتــی ئەنــادۆڵ، هێشــتا ســەرمایە کەڵەکــە نابێــت و سیســتمێکی بەرهەمهێنانــی نــوێ دانامــەزرێ. چونکــە بــۆ ئــەو بنەماڵــەی ئاغایانــەی لــە شــارەکاندا نیشــتەجێن، تەنیــا زەویوزارەکــە گرنــگ نییــە، بەڵکو ئــەو داهات و رانتــە گرنگــە کــە بــۆ ئەوانــی دابیــن دەکات.

## 16. ئەنجام

ئیســماعیل جــەم لــە کتێبەکەیــدا بەشــێوەیەکی روون و ئاشــکرا باســی لەوە کــردووە کــە ناتوانیــن بابەتــی گەشــەنەکردن تەنیــا بــە نیشــانە و ئاماژەکانــی روون بکەینــەوە، بەڵکــو پێویســتە ئەمــە لەنێــو رەوتێکــی مێژووییدا تەماشــا بکرێــت، بــەڵام ئــەو لــە هــۆکارە بنەڕەتییــە مێژووییەکانــی دواکەوتوویــی رۆژهەڵاتــی نەکۆڵیوەتــەوە. ناکرێــت تەنیــا لەڕێــی شــیکردنەوەیەکی چینایەتییــەوە هــۆکاری دواکەوتوویــی رۆژهەڵاتــی ئەنــادۆڵ راڤــە بکرێــت و لەلایەکــی دیکــەش، تاوەکــو ئەوکاتــەی هــۆکارە ئەتنیکییــەکان لەبەرچــاو نەگریــت، ناتوانــی شــیکردنەوەیەکی چینایەتــی بکــەی. ئەگــەر بمانــەوێ لێکۆڵینــەوە لــە پێکهاتــەی چینایەتی لــە رۆژهەڵاتــی ئەنادۆڵ لە دوای ساڵی

1923 بکەیـن، بمانـەوێ و نەمانـەوێ رووبـەڕووی هـۆکارە ئەتنیکییـەکان دەبینـەوە. گۆڕانـی ئایدیۆلۆژیا لـە سـاڵی 1923 دا رووداوێکـی زۆر گرنگـە و ئـەو گۆڕانکارییە، بیرۆکراسـیی تورکیای لەنێـوان سـاڵانی 1945-1923دا خسـتە ناکۆکییەکـی گەورەتـرەوە و وایکـرد، رووبـەڕووی دامـەزراوە سـەرخانییەکانی دەربەگایەتیێـك ببێتـەوە کـە ژێرخانەکـەی نەگۆڕابـوو. نەتەوەگەرایـی تورکـی کـە هەرچـی دەچـوو وەک ئایدیۆلۆژیـای نەتـەوەی سەردەسـتی لێدەهـات، بـۆ رێگرتـن لـە بەنەتەوەبوونـی گەلـی کـورد، لەگـەڵ چینـی سەردەسـتی دەرەبەگـی رۆژهەڵاتـدا بـووە هاوپەیمـان. چونکـە تاوەکـو ئەوکاتـەی چینـی سەردەسـتی دەرەبەگـی جەمـاوەر و پەیوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان لەرۆژهـەڵات کۆنتـرۆڵ بـکات، شـتی وا دەرناکەوێـت.

ئـەم رووداوە دەریدەخـات کـە چـۆن لەڕێـی گۆڕانکارییەکـەوە لـە پێکهاتەیەکـی سـەرخانیدا، دەتوانـی رێ لـەو پێشـکەوتنە بگریـت کـە لـە ژێرخانـەوە روودەدات. لـە رۆژهەڵاتـی ئەنادۆڵـی ئەمڕۆمانـدا، خەریکـە پێکهاتـەی چینـەکان دەگۆڕێـت. چینـی سەردەسـتی دەرەبەگـی بەرەبـەرە دەبێتـە سـەرمایەدار و هاوتەریـب لەگـەڵ ئـەو گۆڕانـەی کـە لـە ژێرخانـی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـدا روودەدات، پرۆسـەی بەنەتەوەبوونیـش خێراتـر دەبێـت.

# لەبارەی کۆمەڵگەی کورد

ئیسماعیل بێشکچی

هەرجۆرە سیستمێکی یاسایی، نەتەوەی کورد، زمانی کوردی و کوردستان رەتبکاتەوە، لای ئێمە نارەوایە. لەلایەکی دیکەشەوە، پڕوپاگەندە جۆرێکی گوزراشتکردن و دەربڕینە و تاوان نییە. جیاوازییەکی گەورە لەنێوان تێگەیشتنی ئێمە و سیستەم سەبارەت بە تاوان و سزا هەیە. بۆ نموونە نکۆڵیکردن لە زمان و مێژووی گەلێك تاوانە. تاوانێکی مرۆڤایەتییە. ئەو پێوەرانەی تاوان و سزا کە 70 ساڵە بوونی نەتەوەی کورد رەتدەکەنەوە، رەوا نین. ئەمە رەفتارێکی ناسەردەمیانەیە و بە پێچەوانەوە، باسکردنی کورد و مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی کورد یەکێك لە پێداویستییەکانی رەفتاری سەردەمیانەیە.

İSMAİL BEŞİKCİ VAKFI